# پەنجاو دوو رۆژ لە دۆزەخدا

**یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**مەڵبەندی گشتی ١٣٧**

**ناوی کتێب: پەنجاو دوو ڕۆژ لە دۆزەخدا**

**بابەت: ڕۆمان**

**ناوی نووسەر: ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی**

**دیزاینی ناوەڕۆك: سەید ئارام**

**دیزاینی بەرگ: ئاکار جەلیل**

**چاپی یەکەم– ٢٠١٤ هەولێر**

**تیراژ: ٥٠٠ دانە**

**چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (    ) ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە**

**مافی چاپکردنەوەی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد پارێزراوە**

# پەنجاو دوو رۆژ لە دۆزەخدا

**رۆمان**

**رەزا سەید گوڵ بەرزنجی**

**پێشکەشە بە:**

* نەوەکانم کە لە چاوەکانیاندا خۆشیی دنیا دەبینم.

* بەو کەسەی کە بووە ئیلهامی نووسینی رۆمانەکە.

# هەتاو

هەتاوی ڕۆژێکی نوێ لەخەڵکی شارەکە وەکو هەموو ڕۆژەکانی تـر سـەری لـە کەل دەرکێشا، بۆ هێندێکیان موژدەی خۆشـیو غـەمڕەوێن بـوو، بـۆ هێنـدێکی کەشیان کانگای بەڵاو غەمان بوو، کەسگەلێك لە شـەوەوە بەرنامـە ڕێـژییان بـۆ سبەینێکەیان کردبوو، کەسانێکیش ئەڵڵا ورمان لـە جێـی نـەرمان دەسـتیان بـە خۆیاندا شۆڕکردبووەوەو بەتەمای پێشهات خۆیان بۆ سـبەینێکەیان جێهێـشتبوو، هەزاران هەزار ساڵە هەتاو هەڵدێتو ئاوا دەبێتو ڕێی خۆی بەرنـەداوەو ڕێگـۆڕی نەکردووە، جار جار ڕێ لە تیشکی دەگیرێتو دەفو تەنەکەی بۆ لێدەدرێو تەقـەی بووکانەشی بۆ کراوە، وەلی ئەو هەر تەقەی سەری هاتووە.

هەتاو بە بێ جیاوازیو بەیەك چاو کە پرچی زێڕینی بەسەر خانووەکـانی قـەڵاو خانووو دووکانەکانی خوار قەڵای شارەکە پەخشو بڵاو کردەوە.. خـاتوون لـە نێـو جێگەکەیدا بەجووڵە جووڵ کەوت، لەپێش چـاو هەڵهێنانیـدا بەدەسـتو بـە قـاچ تەنیشتە خۆی سەحکردەوە، دەسـتو قاچـەکانی بـە جێگـەییێکی بەتاڵـدا هـاتو چـوون، پـێش ئـەوەی چـاوەکانی هـەڵبێنێت دەمێکبـوو هـەتاو چـاوی بەسـەر

دانیشتووانی شارەکەدا هەڵهێنابوو، لەگەڵ یەکەم چاو هەڵهێنانیدا شتێك تیخ تیخەی داو پێی راگەیاند کە ئەم بەیانییەت لە بەیانییەکانی پێشترت ناچێت، هەستی بە جەستەی خۆ کرد وەکو رۆژان سووكو خۆش نییە، وەکو لەبانێکی بەرز فڕێدرابێتە خوارەوە وەها گیانی تێك شکابوو.. یا بەخواردنی ئێوارێکەی گەدەی ئیمتیلای کردبووو هەرسی نەکردبوو.. لەش قورسو لەخۆ بێزارو دڵتوندییەکەش سەر باری هەموویان بوو، بەم بەیانییە صالحانە دڵی قورەپەست کرابوو، تەپەسوورییەكو دڵگوشران دایگرتبوو.

لە نێو جێگەکەیدا قسەکانی شەوی رابوردووی تاوتۆکردن.. باس لە هیچ شتێكو قسەیەكو رووداوێکی ناجوور نەکرابوو ونەهاتبووە گۆڕێ.. تا بە غەمەوە چووبێتە نێو جێگەوەو ماكو کاریگەریەکەی پێوە مابێت، ئەو هەردەم سەری لە باوەشی گەرمو خۆشی دادەناو گەلێ شەوانیش حەمامی تەڕی دەکرد، هەر چەندی لەگەڵ خۆیدا هێنایو بردیو ئەمسەرو ئەوسەری کرد، هیچ سەرە داوێكو هۆکارێکی بۆ ئەم دڵتوندییەی ئەم سبەینە صالحانەی نەدۆزییەوەو سەرەدەری لێدەرنەکرد، لێی عەیانو ئاشکراش بوو دڵی درۆی لەگەڵدا ناکاتو مەرگەمووشی رووداوێك.. غەمێك.. ئاریشەیەك.. مەراقێك خۆی لێ لەپەنا ناوەو ئەم دڵتوندیو بێزارییە بێ هۆکارنییە!لەگەڵ خۆیدا بۆ پەڕاندنو لە باربردنی دڵتوندییەکەی کە مایەی غەم و مەراقبوو خێرێکی قەرار داو لە پێشە خۆیدا گوتی:

"خودایە بەخێر تێپەڕێتو خراپ نەیێتە رێمان"

خاتوون ژنێکی ژنانەو ژنی ناو ژنان بوو، لەناو دەستە خوشکەکانیو ژنە هاوسێکانیدا بە کامیل مواسەفات دانرابوو، کامیل بە گوێرەی روانگەی پیاوان بۆ

ژنان، هەر پیاوێك بیدیایە لە دڵەوە خۆزگەی بەوە دەخواست لە جێگەی پیاوەکـەی بووایە، هیچ کەموکوڕییەك لە خاتوون دا بەدی نەدەکرا، هەرچی پیاو دەیویست لە ژندا هەبێتو لێی بزانێت لەکنەویدا هەبوون. بەژنو بـاڵا ًلاولاوی.. رووەمەتـەکانی خڕو پڕ.. دوو لێوی تەنكو دەمێکی بچووكو چاو گەورەو بـرۆ قـەیتانی.. گـەردن بلووریو سنگ پڕ، ئەگەرچی تەمەنی لەنێوان چلو پەنجا ساڵی دابوو.. دە تگـوت نەگەچراوەو بەرواڵەت کەمتر دەهاتە پێش چاو، قەڵەوی لە جەستەیدا نـەبوو، وەلی ئەو شوێنانەی پیاو حەزی لێدەکردن گۆشتن بێت.. هەیبوو، شارەزا بوو لە خواستی پیاوەکەی.. دەیزانی پیاوەکەی چۆنو چی دەوێت!، بەلایەنی کـەم مـانگی جارێـك سەردانی ئارایشگای دەکردو لەخۆی دەخەفت، هەردەم وادەهاتە پێش چاو کە خۆی بۆ چوونە سەر شایی دەڕازێنێتەوە، لەوەتەی شووی کردبووو گوزەرانیان باش ببـوو هیچ شەوێك بێ دووش وەرگرتن نەچووبووە نێو جێگاوە. بەرێگادا خانمو خاتوون.. لەنجەو لارێکی نەرم.. بێ لەخۆ هەڵدان بە رێگادا دەڕۆیشت، حەزی بە ورووژانـدنی دەورو بەرەکەی نەدەکرد، عەقڵمەند.. لە قسە کردندا هێمنو لەسەر خۆو نۆرە بڕی لە قسە کردندا نەدەکردو دەنگی بەرز نەدەکردەوەو لە قساندا حازر بەدەست بـووو حەزی بە قسەی بێ ئایدەو فایدە نەدەکرد، لە ماڵە باوانو ماڵە خۆیدا راو تەگبیری بەهەند وەردەگیراو پرسو رای پێدەکرا.

لە ئیشی سەر جێگادا توانیبووی حەزی رەسوولی مێردی کفت بکـاتو لـەوان کاتانـدا نـەئی بـۆی بەسـەر زمانـدا نـەدەهات.. ئـەم رەفتارانـەی نەیهێـشتبوو مێردەکەی بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی کە خودا ئێستا سەروەتو سـامانێکی زۆری پێـدا بـوو بـیر لـە ژنهێنـانی دووەم بکاتـەوە، ناوەکـەی لەگـەڵ کابـانیو

عەقلمەندیو شارەزایی ژنانەیو قسەزانیدا پڕ بە پێستی بوو، بگرە بۆ خاتوون هێشتاش کەمبوو.

هەر چۆنێك بوو خاتوون خانم غیرەتی دایە بەر خۆیو ملی شەیتانو غایلەی شکاند، وەکو کەسێکی کەلەش گران کە چۆكو جومگەکانی سەوەفان لێیدابێت.. هەردوو دەستی خێوانده عاردەکەو ئەوجا سمتەکانی بڵندکرد، لەپاشاندا هەر دەستەی لە قولە پێیەك گیرو توند کردو بە چەند تەکانێك بۆ چۆکەکانو هەردوو نەرمەی رانەکانی گواستنیەوە، کە هەموو جار رەسوول بۆ هەوەس بزواندن.. رانەکانی دەگرتو دەیگوشیو هەورازتریش دەچوو، هەڵسایەوە، تەماشایەکی ستیانەکەی کرد کە شەو بۆ دەستبازیو شتی کە داینابوو، بە پێیەکی خستییە بن نوێنەکەوەو بەرەو شوێنی خۆ گۆڕینەکەی چوو، چونکە لەسەردەمی بووکێنییەوە کە لەماڵە خەزووری بوو لەسەر ئەوە راهاتبوو بەجلی خەوەوە نەچووبووە ناندین یا هۆڵ، ئێستاکەش کە لەماڵە خۆیەتی منداڵەکانی گەورە بوونو فام دەکەن، نەیهێشتبوو بەجلی خەوتنەوە بیبینن.. هەموو بەیانیانەکیش لەپێش ئەوەی مێردو کوڕەکەی بۆ کارو کاسبییان لەماڵەوە دەرچن ئەو دەمێکبوو هەڵسابوو.. ئەم بەیانییەیان نەبێت خاتوون پاش قەرەوریان بوو، دیسان رێچکەشکێنی خۆی نەکرد.. نیگەرانیو دڵتوندییەکەی لیّ شاردنەوە، کاتێك مێردو کوڕەکەی بەرەو دەرەوە بەرێخستن، لە پشتیانەوە بەدەم خوێندنی ئایەتەلکورسی یەوە دەرۆیشتو بە ئومێدی پاراستنیان لە دەردو بەلاّیان فووی بەدەوردا دەکردن.

# نەفتاو

شار بۆنی نەوتو بۆنی گێچەڵ گرتبووی، بە بەرۆکی خەڵکەکەو دارو دیواری خانووەکانەوە دیاربوو، هەورێکی بۆریش بە ئاسمانی شارەکە لە هاتوچووندابوو، کە پێیان وابوو رەشاتیو پیسی دووکەڵی بیرە نەوتەکانە هەورەکەی خەست کردۆتەوە، جار جار بۆن دووکەڵەکە خۆی دەگەیاندە کونە لووتەکانو مێشکی تێکدەدانو دەبووە هەوێنی هەڵگیرسانی فتیلەی ئاگری گێچەڵو ناخۆشیو یەکتر بوغزاندن، پڕووشكو تروسکەی بەملاو بەولای خۆشیەوە دەگەیاند، خەڵکەکەی جارێك تەباو دوو جاران ناتەبابوون، شەیتانیش دەستی خۆی لێ وەشاندبوونو زۆر لە شارەکە دوور نەدەکەوتەوە.. گەر دووریش کەوتبایەتەوە هەر لە دەورو بەرو کەمەربەندییەکەی دا هەواری دەخست، تا زوو بە زوو لە کاتی پێویست کلکی ژەهراوی خۆی لەناو نمەکی شارەکە وەربدات.

کانی بەلا.. کانی غەزەب.. جۆگەلەی بوغزاندنو یەکتر قبوولنەکردن، لەگەڵ دەرهێنانی نەوت لە شارەکە سەریهەڵدا.. سەری هێرانو بنی گەوالانبوو، هەڵقەی

تەبایی‌و یەکریزی لێکترازاند، بۆنی زێڕی ڕەش بە لووتی حکوومەت داچــوو بــوو.. گۆڕەپانی دووبەرەکی‌و ململانێ‌و فیتنەو گێــچەڵیش دەرکێــی لێبــووەوە، ئاسمــانی شارەکە وەکو بارانە دەستکردەکەی کابرا.. بارانی ناتەبایی بەسەر کوردو عارەب‌و تورکمانەکاندا باراند، ڕکابەرایەتی توندو خەستر بووەوە، جار ئاریــشەکە دەکەوتــە نێــوان کــوردو عــارەب.. جــار مەوجەکــەیان دەگــۆڕی‌و دەکەوتــە نێــوان کــوردو تۆرانییەکان، جاریش دەکەوتە نێوان کورد لە لایەك‌و عارەب‌و تۆرانییــەکانیش لــە لایەکەی تر ڕەچاوی دوژمنی دوژمنم دۆستمە لە دژی کوردەکە یەکتریان دەگرت.

شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ دەرکەی شۆڕش‌و کودەتایانی کــردەوە، بەغدا وای لێهاتبوو.. هەر کۆمەڵە ئەفسەرێك.. هەر گرووپ بوو خــۆی دەگــرت‌و بەشەوو ڕۆژێکدا بەناوێکەوە دەستی بەسەر حوکمڕانی دادەگــرت‌و حکوومەتەکــەی پێشەخۆیان رادەماڵی‌و هێندێکیان لە کونە ڕەشە دەپەستان. عێراق وای لێهــاتبوو گــەر رادیــۆی بەغــدا کاژمێرێــك پەخــشەکەی بووەســتایە خەڵکەکــە مەزەنــدەی شۆڕشێکیان بە مێشکدادەهات.

ماکی زوو زوو شۆڕشکردن بــە ئاشــکرا کاریگــەری بەســەر خەڵکەکــەوە دیــار کەوت، وایکرد ناوی شۆڕش‌و سەورە لە ناو لێنانی منداڵاندا پەرەبستێنێت، دواین شۆڕش نــاوی زوربــەی شــارەکانی گــۆڕی.. نــاوی "تــەئمیم"ی بەســەر شــارەکەدا سەپاند.. بەقدومیانەوە ڕەگ‌و ریشەی ئاریشەکە زێــتر بــە نێــو بــیرە نەوتەکانــەوە چەقێندرا.

ڕۆژ بە ڕۆژ حکوومەتەکە کاری بۆ بە میوانکردنی خاوەن ماڵەکە دەکرد، میوان بوو بە خانە خوێ‌و خاوەن ماڵیش بــووە میــوان‌و هــەموو ڕۆژ قــەوانی "بــڕۆ بــڕۆ

مریشکه رەشە میوان هەر رۆژێكو دووان خۆشە"یـان بـە بیانوویێکـەوە بـە پـەنا گوێیان دادەراو هەنجەتیان پێدەگرتنو جێگەیان پێ لەقکردنو ئاوارەیان کردن.

***

دەمێك بوو خەڵکی شارەکان بە دوای ئازادیو سەربەخۆییدا وێڵو سـەرگەردان بوون، مەرەکەبی رۆشنبیران چاوی خەڵکەکەبوو بە تامەزرۆییەوە وەك فانۆسو چراو فتیلە.. شار بەشارو کۆڵان بە کۆڵانو جادە بە جادە بەدوای ئازادیدا دەگەڕا.

دوا بەدوای بەیانی یەکی شۆڕشی چواردەی تەمموز، وشەی ئازادیو سەربەخۆیی جادەو کۆڵانەکانی پڕکرد، جێگە بەنەیارانی شۆڕشەکە لەقبوو، شوێن بـۆ کەسـانی کە نەرمو خۆشبوو، نانو ئاو بە ئازادییەوە دەخورا، قەڵەمی رۆشنبیران کە لەسـەر دەمی پاشایەتی قوڕقوڕاگەی بەسترابوو، لافاوی کردو مەرەکـەبی نووسـینی پێـدا دەچۆڕاو بۆنو بەرامی ئازادی.. سەربەخۆیی.. نیـشتمانپەروەری وەکـو گـوڵاو بـە وڵاتدا بڵاوکردەوە.

ساڵێك بەسەر تەمەنی شۆڕشەکە تێپـەڕیبوو کـە کلکـی ژەهـراوی تێـوەردراو دەستی خراپیشی تێداگەڕا، لە هەردوو شارەکانی موسڵو کـەرکوك کودەتایـەکی سەربازی بەرپابوو، تەمەن درێژی لە چـارەیدا نەنووسـرا.. زوو پووچـەڵ کرایـەوەو سەرکردەکەی کوژراو لاشەکەیان بە زۆربەی جادەی شارەکانی عێراقدا راکێشا.

گەرماییەك لە خۆڵەمێشی کودەتاکەی ئەولا مابوەوەو لـە ئاسمـانی کـەرکوك چەخماخەی داو کردییە هەورە تریشقەو دەنگی لێوە هات، بۆراتی هەورەکە تێکـەڵ بە دووکەڵی بۆڕییە نەوتەکان بوو، هەناسەی شار تەنگ بوو، بارانی ئاژاوە بەسـەر خەڵکەکەدا هاتە خواریو ئەمنو ئاسایـشی لـە گرێژنـە بـرد.. دەسـتی شـاراوەو

عەقڵی تێکبەردان کاریگەری خۆیانکرد، ژێراو ژێرو دووراو دوور دەستیان تێوەر دەداو کلکیان تێدەگێڕا، ئاریشەی شارەکە گەراکانی لە تروکاندن بوونو دەمێکیش بوو راوکەی بۆ جێهێشترابوو، پەنگری نێو خۆڵە مێشەکەش بۆخۆی لە هەنجەتی گڕگرتن دا بوو.. ئاگر خۆشکەرەکان فوویەکیان بەخۆڵەمێشەکەدا کرد، کوردو عارەبو تورکمان بەجادەو کۆلانەکان وەربوون، دەستیان بەخوێنی یەکتر سووربوو، راکە راکە دەستی پێکردو ئەوەی دەگەیشتەوە ماڵەکەی دەرکەی بەسەر خۆیدا کلۆم دەکرد، ئاگرەکە بەخەتاو بێ خەتا.. تەڕو وشکی گرتەوە، دەستی تاوان بۆ کەسانێك درێژ کرا.. ترسو غەم دڵو دەروونی خەڵکەکەی گرتو تووشی دڵەڕاوکێ هاتن، کەس نەیدەزانی کێ دەرکەیان لێدەگرێتو کێ لە خانەوادەکەیان راپێچی مەرگ دەکرێت!؟.. هەواڵی گرتنی کێیان بۆ دێت؟ کەشو هەوای شار لەبار چوو.. سروشتی ناجوور بوو.. سووڕانەوەی گێتی لێیان بەرەواژبووەوە.

سروشت، کارو کاردانەوەی خۆی هەیە، هەموو بوونەوەرێك دەبێ بمرێت، هەتاو کەوتن.. ئاوابوونی هەیە، دروستکردنو بنیاتنان.. تێکچوونو رووخانو کاولبوونی هەیە، سەوزبوون.. زەرد بوونو وشك بوونی بەدواوەیە، رۆیشتن.. گەڕانەوەی هەیە، هەناسە هەڵمژین.. دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەداتەوە، پاش هەموو ناخۆشییەك.. خۆشییەك هەیە، باران بارین.. راوەستانی هەیە، تووڕەبوون.. هێمنیو ئارامبوونەوەی بەدواوەیە، زریانو لافاوو رەشەبا.. رادەوەستێتو دەنیشێتەوە، ئاگر کەوتنەوە.. کوژانەوەی بەدواوەیە، تەقینەوەی گڕکان.. خامۆشیو کپبوونی بە دوادادێت، گریان.. فرمێسك دێنێت، ئاگر.. بێ دووکەڵ نابێت، برین.. خوێنی دەبێت، کرداری سەوز بوون.. ئاوو هەوای گەرەکە، چوونە خەڵوەت.. کۆتاییو

هاتنه دەرەوەی هەیە، منداڵی.. مێرد منداڵیو گەنجیو جوامێریو پیریو مـردنو بە خۆڵ بوونەوەیە، تاریکی.. رووناکی دەیبەزێنێت، شەو.. هەر رۆژی بەدوادادێت، عارد.. ئاسمانی هەیە.. ئاسمانیش ئەستێرەو مـانگو خـۆرو هەسـارەکانی هەیـە، سووڕی گەردوون.. بەهارو پایزو هاوینو زستانی لیٚ پەیدا دەبێت، گەردوون.. لـە سروشـتی ناکـەوێتو لـە سـووڕانەوەی ناوەسـتێت...، وەلی لەوەتـەی ئـاگری بابەگوڕگوڕ لە شارەکە بلێسەی داوە، ئاریشەکە سەریهەڵداوەو گێرمەو کێشە هـەر هەیـەو یاخـەی بەرنـەداوەو نـە بڕاوەتـەوە، ئاسمـانی شـارەکەو دڵو دەروونیـان روونبوونەوە بە خۆیـەوە نابینێـت.. ژیـان تێیـدا لـە ترکزەیـەو لێـوان لێـوی بـیٚ ئومێدیشە.. لە نێوان سووڕانەوەی دوو بەرداشی زلو زەلام، ئاردیان درشتو نـانی مزاش خۆراکیانە، ئاریشەکە رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزترو گریٚ کوێرەکە قەبەتر دەبێتو لـە جێگەی خۆیدا بەتەناش لێدەدات.

***

ئاریشەی شارەکە لە ژێر عاردییەوە بە تەنیشت بیرە نەوتەکانەوە بـۆ خەڵکەکـە خۆی لە مەلاس نابوو، کاتیٚ بیرە نەوتەکان لێدران، بیٚ سیٚو دووو فەرموو لێکردن لە پێش نەفتاوەکە دەرپەڕییە دەرەوەو هەر لەگەڵیدا تووشی ژانە سەر هـاتنو، نـە بە پەنادۆلو نە بە پاراسیتامۆلی دنیا چارەی نەبوو.

خێرو بێر لە خەڵکەکە لایداو شەڕو نەگبەتی دەرکەو بەرۆکی لێگرتن.. رۆژ بـە رۆژو مانگ بە مانگو ساڵ بە ساڵ کوردی شارەکە لە پێش چاوی دەوڵـەت رەزای قوڕس دەبووو هەنجـەتیان پێـدەگیرا.. پـەیتا پـەیتاش دروشمـی "کـەرکووك دڵـی کوردسـتان"و "کـەرکووك قودسـی کوردسـتان"ە ئەترەشـی دەبـردن، پلانـی

شاربەدەریان لێ خستنە سەر پێ‌و ناسنامەی شارێتییەکەیان لێ زەوتکراو لە هەموو رێچکەییێکەوە لە زێدی باب و باپیرانیان دابڕاندن‌و لە گۆڕستانەکانی سەدان ساڵەیان بێبەریکردن، هێمای قەدەغەو بڤەشیان بۆ راگیرابوو کە نابێت مردووەکانیشیان بۆ گۆڕستانەکانیان بێننەوە، دەبوایە دوور بە دوور فرمێسك بۆ مردووی گۆڕستانەکانیان هەڵڕێژن‌و سەردولکەیان بەسەردا بڵێن.

# ترس

پرچی زەردی هەتاو وردە وردە بەرەو نارنجی دەچووو لە رەنگی ئاگری بیرە نەوتەکانی شارەکە نزیك دەبووەوە، لە هەندێ ئاستی شارەکەدا هەر دوو رەنگ ئاوێتەی یەکتر دەبوون و، هەتاو هێور هێور بەرەو نیوەکەی تری گێتیدا شۆڕدەبووەوەو شارو دەوروبەری تاریك دادەهات، ئاگری بیرە نەوتەکان لەگەڵ تاریکیەکەدا لە ململانێدا دەبوون‌و ملی بۆ کەچ نەدەکردو دەوروبەری خۆیان بێ منەت ڕووناك دەکردەوە، لە کەمەربەندی ڕووناکی‌و تاریکیەکەدا ململانێ‌و شەڕی تخووب بەزاندن دەهاتە ڕوودان، جار ڕووناکی ئاگری بیرە نەوتەکان زێدەڕۆییان دەکردو بە نێو هەناوی تاریکیەکەدا دەڕۆیی‌و شەقی دەکرد، جاریش تاریکیەکە فووی بەرەو ڕووناکیەکەدا دەکردو پاشەکشەی پێدەکرد، ئەو ململانێ‌و رکابەریەش لە ململانێی کوردو حکوومەتی بەغدای دەکرد، چەندە گوڕی ئاگرەکە لە لولەکە هەوراز دەبووەوە، سێبەری تلیشە شاخەکان‌و خانووەکانی ڕەحیماوا[1] و گوندی شۆراو[2] و سێنالە[3] کورت دەبوونەوە، کە گوڕییەکەش کورت دەبووەوە سێبەرەکان درێژ دەبوونەوەو گەمەی سێبەرو ئاگر هەر بەردەوام دەبوو.

لەگەڵ ئاوابوونی هەتاو خەڵکی شارەکە دەستیان بەداخستنی دەرکەو دەرابەی کۆگاو چایخانەکانیان دەکردو وردە وردە بازاڕو شەقامەکان چۆڵ دەبوون، تەنیا جەربەزەو چاو قایمو نەترسەکان نەبێت دەنا زۆرینە لە ترسی تەقینەوەو رفاندن پایدۆستیان دەکردو لە ماڵەکانیان دەرگایان لە سەر خۆیان شیش دەدا.. ئاگرە سوورە لێم دوورە تا رۆژی دواتر دەرکەیان لە کەس نەدەکردەوە.

لەو حەلانەی کە خەڵك بەرەو ماڵ دەبوونەوە ئەگەری دڵی خاتوون بە چەقێنو رەقێناندا هەڵدەگژا، چونکە ئەو هەر سەر لە بەیانییەوە دڵی توند بوو.. دڵی بە هەزار نزم لێیدەداو بە زۆر رێو ئاقاراندا گوزەری دەکرد، جار دەهاتە خەیاڵی کە تیرۆریستان کوڕو مێردەکەیان فڕاندبێت.. هەر زوو بەزوو خۆی دڵی خۆی دەدایەوەو دەیگوت نا نا ئەمان گوناهیان بۆ کەس نەبووەو خراپەیان لەگەڵ کەسدا نەکردووەو کاسبی ماڵە خۆیانن.. شتی وا روونادات، هەر هێندەی یەکو دوو غایلەیەکی تر دەکەوتە دڵیو ئەوەی پێشوونەیانی رادەماڵی.. نا نا چییان کردووە تا تەقەیان لێ بکەن، ئەمان مێروولەیان لە ئاو نەکردووە.. لە غەمان خۆی دەخالاتی خواو پێغەمبەر دەکرد، هەر لە ناو ژوورەکە دا بەرەو گۆڕی پیاو چاکان چەند هەنگاوێکی هاوێشتو بۆ سەلامەتیان نزاو پاڕانەوەی دەکردن. دەنگی رێژنەی گوللە رایچلەکاندو غەم و ترسەکەی لێ قەبە تر کردو ترسو لەرز سەرتاپای داگرت.. ژووری کردە سەهۆڵ بەندی سیبیریا.. لەگەڵێدا ترسی هەراکەی ساڵی ١٩٥٩ی لێ رسکایەوە، کە ئەوسا تەمەنی یازدە ساڵێك دەبوو، کە لەوبەری قەلاوە کەوتبووە نێو تەقەوە، لەهەموو لایەکیەوە گوللە وەك برێشکە دەتەقییەوە، لەترسی گوللە جێی پێ جێ نەبوو، گەورەکانیش جێیان پێ جێنەبوو لە ترسان لە

هیچ جێگەیەك ئۆقرەیان بـەخۆ نـەدەگرت.. چ جـای ئـەوی منـداڵ وا سـەری لێ شێوابوو نەیدەزانی روو لە کاملا بکات، کەس بە کەس نەبوو، برا برای نەدەناسی، گوللەش بەزەیی بە کەس نەدەهاتەوە، جەنگی مەغلووبێك بوو بۆ خـۆی، خەڵکـە شەڕ نەکەرەکە لە ترسی گوللەو لە چنگ مردن بەرەو پەناگەیەك.. دیوارێك.. نێـو خاسـە راکـە راکـەیان بـوو، هـاتو هـاواری شـەڕکەرانو زاقو زیقـی خەڵکەکـە تێکەڵاوی یەکتر دەبوون، ئەویش قەدەم شکاوو سەر لێشێواوو داماو کەوتبوو.. لە ناکاو دەستی خدری زیندەیەك بەدوای خۆیدا پەلکێشی کردو ژیانی لـە مردنێکـی مسۆگەر قورتارکرد. لەوساوە هەوێنی ترس لە دەروونـی خاتوونـدا راوکـەی خـۆی دانابوو.

زەنگی دەرکە هاواری لێ هەستا، دەنگی زەنگەکە لەناو مێـشکیدا دەنگێکـی دوو فاقی بوو، یەکیان پێی وابوو هەواڵێکی جـەرگ بـڕەو دنیـای لێ سـەرەو ژوور دەکات.. ئەویکەشیان هاتنەوەی کوڕو هاوسەرەکەیتیو رەواندنەوەی هەوری غەم و تەمو مژی نێو دڵو دەروونێتیو لە کۆڵکردنەوەو لابردنی ئەو ترسو دڵەڕاوکێیەیـە کە شەوو رۆژێکە بەرۆکی لێ گرتووە..

زەنگەکە دووبارە بووەوە، وەکو کەسێکی شەپڵە لێـدراو بـە زۆر لـە خـۆکردنو بەهەنگاوی ئیفلیجانە رووەو دەرکـە هـەنگاوەکانی بـەدوای خۆیـدا راکێـشاو بـە زمانێکی لاڵو پتەوە هەر هـاواری لـە خـواو پێغەمبـەر بـوو، بـەڵکو کردنـەوەی دەرکەکە کردنەوەی دەرکەی خۆشی بێت، کەدەستی لە دەرکەکە گیرکرد، پێیوابـوو چیای سەفین دەترازێنێ ئەوەندە بە گرانی هاتە دەستی.. دڵی وا لێیدەدا گوێی لـە ترپەی لێدانی بوو، کاتێ دەرکەی والاکرد، هەموو گیانی کەوتە هەلەکەسەماو لـە خۆشییاندا داڕماو هەر ئەوەندەی بۆ هاتو گوتی:

- ئای به قوربانتان بم.

مێردو کوڕەکەیشی واقیان وڕماو هەردووکیان چۆن کوڕنووش بۆ پاشا دەبرێت داوەر هاتنەوەو هەر یەکەو لە لایێکەوە دەستێکیان بە بن باڵیەوە گرت ویەکسەر کوڕەکەی گوتی:

- چی بووە دایکە !؟ چی بووە !؟ بۆ واتلێهات.

خاتوون دەتگوت نەخۆشی زەردوویی گرتووە رەنگو رووی وا زەرد هەڵگەڕابوو، کە چاوی پێیان کەوت وەکو زەردەی هەتاو چۆن لە کاتی ئاوابوونی وردە وردە مەیلەو سوور هەڵدەگەڕێت.. ئاوا وردە وردە سووراتی دەتێزایەوەو رەنگو رووی زەردایەتییەکەی کەم کەم دەپەڕاندو، بەدەم هەناسە بڕکێوە وەکو دەستی لە هەوکی نرابێت گوتی:

- دڵم.. دڵم.. ئیمڕۆکە زۆر پێتانەوە مشەوەش بوو، دەستریژەکەش هێندەیتر سەری لێ شێواندمو سەری دنیام لێ وێکهاتبووەوە.

- دایکە تەقە چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟

- کوڕەکەم تۆ هێشتا منداڵەکەی دوێنێی، تۆ هەر ئیمڕۆکەت دیوە، منو باوکت کارەساتی ئەم شارە سەر لێشێواوە دەزانین، ئەی پەنجاو نۆ ! ئەو کوشتارەی لە ناو خەڵکی ئەم شارەدا کرا چ بوو!؟ یەك بە خۆم تێیدا چووبووم گەر ئەو پیاوە نەبوایە، کە بۆ من فریشتە.. یا خدری زیندەیەك بوو رزگاری کردم، ئەوانەی تێدا چوون چیبوون؟ خۆ هەموویان گوناهبارو تاوانبارنەبوون !؟ بیستو نۆ کەسەکەی ئیعدامکران.. لە بنە ماڵەو خوێندەوارو خەمخۆری شارەکە نەبوون؟، چییان کردبوو؟ بە عامودی کارەبایانەوە کردنو چەند رۆژان بە حەواوە دەهەژانەوە، من بۆ خۆم

دڵم توونت بوو دەستڕێژەکەش لە ماڵەکـەمان زۆر نزیکبـوو، گـوتم هـەبێو نـەبێت پەنجاو نۆکە دیسان لێمان ژیاوەتەوە.

سیمای خاتوون حاجی رەسووڵی بێ هەسـتو خوسـت کردبـوو، دەمـی بـەش‌و چاوەکانی زەقببوونەوە، کە تێگەیشت کەر لە کوێ کەوتییەو کوندە لە کوێ دڕاوە، پشووی هاتەوە بەرو هەناسەی ئاسوودەبوون‌و ئارامی بە سییەکاندا هات‌و چـوون‌و سەیرێکی کوڕەکەی کرد، بێئەوەی هیچ بڵێت، کوڕە لە مەرامی تەماشا کردنەکەی باوکی گەیشت، هەر دوو بەیەکەوە کە دەستیان بە بن باڵییەوە بوو، بـە تـەکانێك هێنایانە سەر پێ.. خاتوون وەکو ئەو منداڵەی تازە بە سەر پێیـان دەکـەوێت، بـە لارە لار دەستی بە رۆیشتن کرد.

****

خاتوون خانم ئەو زەوقەی شەوانی پێشووی لە جەستەیدا نەمابووو ئەمشۆی لـە هیچ شەوانی رابوردووی نەدەچوو، شەوانی رابوردوو زۆر گوێی بە هیلاکـی حـاجی نەدەدا، گەر مەبەستی ئیشە گەورەکەش نەبوایـە، ئەوەنـدەی خـۆ تێهەڵدەسـوی‌و گەوز گەوزانێیان دەکرد شتێك لە هێزەی مەبەستەکەدەبوو.

خاتوون لەو ژنانە بوو کـە دەیگـوت ژیـان پێـنج‌و دوو رۆژێکـە، کـە تێپـەڕی ناگەڕێتەوە، ئەوسا دەست‌و پەنجەی خۆزگە هەر بشکێنەوە پەشـیمانی داد نـادات، ئارەزووەکانی مێینەی لێوان لێوبوو، هەمووگیان‌و جەسـتەی.. ئەنـدامی هـەوەس بوو.. نەوسنی ئیشی سەر جێگە بوو، وێڵی دوای خۆزگە نەبوو، کەم وابوو شەو بێر بکات، لەناو جێگەدا وورووژان بازبوو، لـە بـەکارهێنانی جەسـتەیدا پـسپۆڕ بـوو، دەتگوت دەرچووی ئەکادیمیای هەوەس بازییـە، هـەر پیاوێـك چـاوی پێکەوتایـە،

خۆزگەی دەخواست مێردی بووایە، بەژنو باڵاو ئەندام ڕێکو پێك.. ئێسك سووكو خوێن شیرین.. چاو گەورەی ئەبرۆ تاق کیسرایی.. کاتێ زەردەخەنەی دەهاتێ هەر دوو سەر روومەتەکانی دەتگوت لیمۆی کەرت کراون، دوو لێوی تەنكو دەمێکی بچووکی قولینچك تیژ، لووتێکی لووسو بێ گرێ.. باڵا لاولاوی.. ناوقەد باریك.. سینگ خڕو پڕ، خودا هەرچی جوانی لە حەوادا هەبوو، لە جەستەی خاتووندا کۆپی کردبووەوە.

ئەو چەند کاژمێرەی رابوردوویو ئێستای، لە دوێنێو پێریو هەفتەو مانگەکانی پێشووی نەدەچوو، بۆخۆشی سەری لە دڵتوندییەکەی دەرنەدەکرد، هیچ هۆکارێکی نە لەکنە خۆیو نە لە مێردو کوڕەکەی شك نەدەبرد، ترسە نازانێت لە چییەوەیە.. غەمە هۆکارەکەی دیار نییە.. مەراقێکە هێماو نیشانەکانی نازانێت.. ئەوەی دەرکی پێدەکات دنیای لە پێش چاو رەشو تەنگو تاریك بووە، زەوقو هەوەسی پێنەماوە، دەڵێی زەوقو هەوەسو خۆشی.. کراسێك بووە لە بەری داکەندراوە.. هەست بە شتێك ناکات بیدرکێنێ تا هاریکاری بکەنو چارەی بۆ بدۆزنەوە.. ئەمشۆی لە هیچ کام لەو شەوانی رابوردووی نەدەکرد، هیچ هەوەسی بۆ گەمەو دەستبازیو شتیکەش پێنەمابوو، ببووە ژنێك هەرچی حەزو ئارەزوو بوو وشكو بریشك هەڵاتبوو، بۆ خۆشی حەزی لێنەبوو کە ئەم تەمتومانە ئاوا بەری حەزو ئارەزووی ژنانەی پێگرتووەو ناتوانێت دڵی مێردەکەی ئەگەر بە قۆپیەو فێڵ لە خۆ کردنیش بێت رازی بکات، وەکو شەوەکانی دوێنێو پێرێو پارو پێرار هنکە هنكو هەناسە سوارو ئارەقەی پێبکاتو لە سەر پشت بیهێخێت.

***

ڕەسووڵ پتر خۆی پێوە نووساند، لینگێکی بڵند کردو وەکو مەنگەنە ڕانی خاتوونی خستە نێو هەردوو ڕانی.. وەکو دەڵێن دوو لینگانی بە سەر داهێناو باوەشی تێوەراند، مەبەستی ئەوە نەبوو بیگەیەنێتە کاری مەلەوانی، تەنیا دەیویست بەو دەستلەملانێیەو خۆ پێوە نووساندنە، ئەو تەپە سوری‌و بێ زەوقی‌و مەراقەی لێدەرکاتو لە بیری بەرێتەوە، چاکتر.. خۆشتر خۆی بە سنگو بە ڕۆکیەوە نووساندو لەسەرخۆ پێی گوت:

- خاتوونەکەم، قەدو باڵات لە بێ زەوقی ناوەشێتەوە، مەراقو غەم لە چی دەخۆی؟! چیت لە دڵدایە تا هەر ئێستاکە بۆتی جێبەجێ بکەم، هەرچی ماڵم هەیە لە پێناوتو لە پێینگانت دادەنێم..

- گیانی خاتوون.. گومانم لە قسەکانت نییە، دەزانم درێغی ناکەیت، من لە ختو خۆڕایی دڵم توندە، سەر دڵم وەك کوچکە بەردی لێهاتووە، خۆشم هۆکارەکەی نازانم.. دڵم ناڕەحەتە، دنیام لە پێش چاو کەوتییەو ڕەش داگەڕاوە، زەوقو هەوەسم نەماوە، خۆیشم نازانم غەمە.. مەراقە.. ترسە.. شەوەیە.. چییە نایزانم..؟! حەزم لێ نییە واملێهاتووە، ئەوەی دەزانم دڵم دەگوشرێ، گەر شتێك هەبێت لێتی ناشارمەوە، تا ئێستاکە شتێکی شاراوە لە نێوانماندا نەبووەو..

دەتگوت کەسێك لە دووڕا پەنجەی هەڕەشەی لێ هەڵشەقاندو هێمای بێدەنگبوونی بۆ کرد.. قوڕگی نووساو لە قسە کردن وەستاو دەستی بە گریان کرد.

ڕەسووڵ هەر وەکو ئاو بێت بە ئاگردا بکرێت، کەوتە بۆنکردنی‌و لێستنەوەی گەردنو ڕوومەتەکانی‌و فرمێسکەکانیشی بە زمان دەڵێستەوەو پتریش بە خۆیەوەی نووساند، دەستەکانی نەرم نەرم بە پشتی دادەهێناو دەیلاواندەوە، چۆن

شـەوانی پێـشترهەر هـەمان شـوێنی بـۆ دەخورانـدو خورشـتی دادەمرکانـدەوەو پاشانیش.... دادەمراندەوە، لەگەڵ دەست بە پشت داهێنانیدا کەوتە قسە کردن:

- گیانی گیانم.. خاتوونەکەی مـاڵم.. سـاباتەکەی زسـتانو هـاوینم.. گێڵگـەی خۆشیو ناخۆشیم.. سەرو ماڵو حاڵم لە پێناوتدایە، هـەر ئێـستاکە بـەم شـەوە.. کوێت دەوێت.. دڵت کوێی پێ خۆشە.. تا بتبەمە ئەوێ، ئێران وتورانیش بێت هەر ئێستاکە بتبەم.. منو تۆ ژیانو گیانو روحمـان یەکـەو هاوبەشـە، سـەرو ماڵمـان یەکە.. وەکو گۆرانیەکە دەڵێ گیانێکین لە دوو جەستەدا، ئامادەم هەر بە تـەنیا چ غەم و مەراقت هەیە هەڵیگرم، تەنیا تۆ ئاسوودە بە، مـن جەربەزەمـەو بەرگـەی غەمان دەگرم، غەم بۆمن باشەو بۆمنی جێهێڵە، ئەو گرێ کوێرەی لە دڵتدایە پێم بڵێ.. گەر کلیلەکەی لە پشت چیای قافیش بێت دەیهێنم "

هاوتای قسەکان بـەردەوام هێـدی هێـدی.. نـەرم نـەرم هـەر بـۆ هێـورکردنو ئارامکردنەوەی دەستی بە پشتە رووتەکەی دادەهێنا، ئاکامی، بێئاگا لە خۆبـوون چزوویەکی لە زەت دەیویست لە دەمارەکانی حەزی پەیدا بێت.

- خاتوونەکەم، وا لەباوەشی مندایت، ئارام بە، هەوڵدە بخەوە بەڵکو خـۆت لـە بیرکەیت.

من تا رۆژ هەڵدێت پاسەوانت دەبم، خۆت دەزانی چەندەها شەو هەر بـۆ حـەزو ئارەزووی جەستەمان تابەیانی چاومان لێك نەناوە، با ئیمشەو یەکلایەنە بێتو تـۆ بخەوەو من ئێشکت بۆ دەگرم. ئەوەی بۆ تۆیە بۆ منیـشە.. ئـەوەی لـە تۆیـە لـە منیشە، قەدیمان گوتویانە نەجار بخەوە بێ غەمو خەیاڵ خودا یەکەو دەرکە هەزار.

خاتوون خۆی له باوەشیدا شل کرد، کە پەنجەکانی دەستی بەملاو بەولای پشتیدا دەهێنا خۆی بۆ کردبووه ئاقارێکی نەرموشلو بێگرێو قسەکانی لە بن گوێیدا مەرهەمی هێوربوونو غەمرەوێنو چێورمەیەکیش بوو ترسو ئازاری لێدەپاراست.

- ژنە خۆشەویستەکەم لەعنەت لە شەیتان بکەو بخەوە.. من بە دیارتەوە ناخەوم.

- روحەکەم دەزانم تۆ بۆمان قەڵغانو چەتری، زێدە لەوەش بۆمن تیریشی..

لەگەڵ دوایین قسەی بە رووی یەکتردا گرژینەوەو یەکتریان راگوشی.

# خەون

خاتوون لە باوەشی رەسوولێ دا لە نێوان خەوو خەیالاّندا بوو، لە نێوان ئەم دووانەدا پێیوابوو تۆزو بایەکی سوور لە خوار شارەکەوە بۆی دێت، ئەو هاتنەی دەهات بێ ئافات دیار نە بوو، سەرەتای هاتنەکە بەر تەسك بوو، هەر چەند لە کەمەربەندی شارەکە نزیك دەبووەوە، حەزیایەك بوو شەویلاکەکانی پتر دەکرانەوە.. بە قەد پانو پۆڕی شارەکەی لێدەهاتو دەیویست قووتدانی ئەوو بە بنە خۆدانی شارەکە یەکێك بێت، لە ئاسمانی شارەکە رەنگە مەیلەو سوورەکە تێکەڵ بە دووکەڵە پیسەکەی نەوتەکە دەبووو رەنگێکی بۆرو چڵکنی بە خۆوە دەگرت، کاتێ دەستی لە خنخنۆکەی شارەکە وەرینا پاش عەسرێکی درەنگبوو، تیشکی هەتاوی لێگرتنو فزەی لە رووناکی بڕی و.. هەر دەهات خۆی لە خانووو گەڕەکەکانو شەقامەکاندا نزیکتر دەکردەوەو مەودای بینینیشی کورت تر دەکرد، رەنگو رواڵەتو تاریکییەکە لەو گەردەلوولو تۆزو بایەی دەکرد کە هێلیکۆپتەرەکەی عەدنان خەیروڵلاّی سەرانگوم کرد، رەنگەکە وردە وردە رەشمۆر هەڵگەڕا.. ترسو غەم و دڵەڕاوکێی باراندە نێو شارەکە، زریانو لافاوێکی رەش هەڵساو لە " خاسە

" وە سەر ڕێژی بە ناو ماڵەکانو کۆڵانو شەقامەکاندا کرد، حەزیا ئاسا بە یەکجار بیستو نۆکەسی لێ گوڵبژێر کردو لەگەڵخۆیدا ڕاپماڵی، لە سینەمای خەیام رووەو ئەوبەرەوە تێپەڕیکردبوو کەوتە نێو دەستڕێژی گوللەو کوشتارگەکەی ساڵی ١٩٥٩، پێیوابوو دەستی ئەنقەست بۆسەی بۆنابووەوە، سەری لێشێوا.. لە پێشە خۆیەوە گوتی دەمزانی ئەم دڵگوشرانەم لە ختو خۆڕایی نییە، گوللەش بە هەر چوار لایدا دەتەقییەوە، قەدەمی شکاندبوو، بە حاڵ ڕێی بۆ دەکرا.. چاوی بۆ پەناو پەسیوێك گەڕدەدا خۆی بگەینێ، لاشەی مردووو بریندارانیش بە دەوریدا کەوتبوون، لە ترسان خەریکبوو خۆی تەڕ بکات، لە حەلا وەلایەکی خراپ دابوو.. خدری زیندە ئەگەر هەیت لە کوێی؟! قسەکەی لە دەم دەرپەڕیو دەرنەپەریبوو دەستێك پیلی گرتو تەکانێکی پێداو.....

ڕاچڵەکیو چاوی کردەوە، گیانی بە بن ئاوو ئارەقە کەوتبوو، وەکو ئەو شەوە گەرمانەی هاوینی بێ کارەبا کە لەگەڵ مێردەکەی جووت دەبوو، ئاوا بەبن ئاوو ئارەقە کەوتبوو، وەکو یەکێکیش بە زۆرو بە کوڵێکی گرانەوە بە سەر گردێك کەوتبێت هەناسە سوار.. هیلاكو ماندوو ببوو..

مێردەکەی کە دەستێکی هەر بە لای گەردنیەوە بوو هەستی بە شپرزەییەکەی کردو گوتی:

- ها گیانەکەم بۆ وا هەناسەت سواربووە.؟

- ها.. ها..

- پێموایە خەونت دیبێت، هیچ نییە روحەکەم.

لە شپرزەییان هەر ئەوەندەی بۆ هاتو گوتی:

- خودا بە خێر تێیپەڕێنێتو رزگارمان بکات..!!

- ئامیییین....

# ئازادیی رەها

ژوورەکە زۆر گەورە نەبوو، دە دوازدە کەس لە سپی پێستو رەش پێستو ئەسمەر، بە تەمەنو جوامێرو گەنج کە تازە خەتی سمێڵیان دانابوو، هێندێکیان ریشیان درێژو سمێڵیان پاك تاشیبوو، هێندێکی کەشیان دەتگوت کوڕی گەنجن بێ سمێلو ریش دەتگوت دانەوێڵەی مزاشن بە تێکەلاوی دانیشتبوون.

ژوورەکە بە هۆی دووکەڵی جغارەو نێرگەلەوە تەمێکی شینباو دایگرتبوو، هێندێك چوارمشقی لێی پانببوونەوە، هێندێکیشیان لە سەر کورسی دانیشتبوونو مێزی بەردەمیان رازابووەوە، جار وادەبوو دووکەڵی نێرگەلەو جغارەکە بۆنی خواردنەوەکەی دەمژیو نەیدەهێشتو دەبڕا، واشدەبوو بۆنی خواردنەوەکە کەسکوون بووو بۆن دووکەڵەکەی دەبڕیو شەقو پەقو تەفرو توونای دەکردو بۆ خۆی میر کوڕی ژوورەکە دەبوو.

ئازادییەکی رەها لە ناو دانیشتووانی ژوورەکەدا هەبوو، جار دەبوو دەنگی گەنجێکیان هەموو دەنگەکانی نێو ژوورەکەی کپو خامۆش دەکرد، جاریش

وادەبوو پیرە دەنگێك هەموو دەنگەكانی ژوورەكەی قووتدەدا، جاری واشدەبوو دەنگەكان وەكو دووكەڵەكە تێكەڵ بە یەكتری دەبوونو كەس بە كەس نە دەبوو.

لەنێو چوار دیواری ژوورێداو لە نێو ئەو كەسگەلانەی لە ژوورەكەدا دەبوون ئازادییەكی رەهایان پێدەبەخشرا، كە گەورەو بچووكی تێدا نە دەما، پلەو پایە فڕێ دەدراو كەسیان لە كەسیان گەورەتر نە دەبوو هەموویان پلەو پایەیان یەكسان دەبوو، ئازادییەكی رەها لەو كاژمێرانەدا پیادە دەكراو دەقۆستراییەوە، چی بكێشابوایەو بخواردبووایەتەوە، مەیلی خۆی بووو جێگەی رەخنەو لۆمە نەبوو، كوڕ ئەو كوڕە بوو بتوانێت لەوساتە رەهایەدا زیاتر لەو ئازادییە هەل وەرگرێتو پتر سوودمەند بێت. چەكو رەختو نارنجۆكو تەقەمەنییەكانیش لە سووچێكی ژوورەكەدا بێناز دەكەوتنو بە سەر یەكتردا كەڵەكەدەكران دەتگوت ئاش بە تاڵەكەیەو جارێكیتر بە شانو پیلاندا ناكرێتەوە.

كاژمێرێكی چوار گۆشە بە لادیوارێكی ژوورەكەدا هەڵواسرابوو، بە هۆی چڕی دووكەڵی ژوورەكەو تەڵخبوونی شووشەكەیەوە میلەكانی بە جوانی نەدەبینران، ئەگەرچیش دانیشتووانی ژوورەكە وەكو كاژمێری ئاسایی ئیشیان پێینەبوو، چونكە ئەو كاژمێرە بیكەو مەیكەی بە كەسانی ژوورەكە رادەگەیاند، وەكو كاژمێرەكانی ئاسایی هەموو سەرە كاژمێرێك لێینەدەدا، بەڵكو وا دروستكرابوو رۆژانە تەنیا لە دوو كاتاندا بە دەنگی بەرز لێبدات، كە هەر بەرپرسەكانیش ئەم دوو كاتەی لێدانەكەیان دەزانی، كەرەتی یەكەمیان دەمێكبوو بە یەك دینگە لێیدابووو دەنگی لێ بەرز ببووەوە، ئەو كەسانەی كە نۆرەی ژوورەكەیان بەركەوتبووو بەر ئازادییە رەهاكە كەوتبوونو لە سەفاو كەیفە مایەشای خۆیان مەست ببوون..

پلەدارەکانو بێ پلەکان بەئیزنی کاژمێرەکـە یەکـسانانە هەڵسوکـەوتیان دەکـرد، کەسیان بیرو هۆشی بەلای لێدانی دووەمی کاژمێرەکەوە نـەبوو، کـە هــەر دەبــوو ئەمیشیان بێتە گۆڕێو کە تا ئێستاکەش سەدەها جار دەنگی هــەر دوو دینگــەی لێوە هاتووە کە جارێك هێمای سەوزو جارێکیش هێمای ســوور بــە یەکـسانی بــە دانیشتوانی نێو ژوورەکەدا رادەگەیەنێت. ئەوانەیش کە هێشتا نۆرەی ژوورەکـەیان بەرنەکەوتبووو ئازادییە رەهاکەی ژوورەکەیان بە دوو چاوی خۆیانەوە نـە دیتبــووو هەر لە دوورەوە گوێ بیستی ببوون.. بە تامەزرۆییــەوە لــە نێــو خۆیانـدا باسـیان دەکردو پلانی پێش وەختیان بۆ دادەڕێشت.

کاژمێرەکە بۆ کەسانی نێو ژوورەکە لە مەلاسدا بوو، بێ خواستو ئاگادارییــان چرکەی دەهاتو کاتی بەرەو پێش ئەژمار دەکـرد، لــە ســاتێکدا کــە وەکــو رۆژی قیامەت کە کــەس نایزانێــت کــەی دادێــتو کــەی دەقــەومێت؟ کاژمێرەکـە بــێ پێزانینی کەسانی نێو ژوورەکە کۆتایی بەم ئازادییە رەهایە دێنێــت، ئــەوان لــەناو مەستی خۆیاندا بوون.. کاژمێرەکە بە توونـدی لێیــداو دووکــەڵو دەنگــە دەنگــی ژوورەکەی سمیو خۆی بە گوێچکەکان گەیاند، کاری ئیمڕۆی خۆی بە کۆتــا هێنــاو یاساو دەستووری پێش ئازادییە رەهاکە بۆ ژوورەکە گەڕانــدەوەو پلــەو پایــەی بــە کەسانی نێو ژوورەکە دایەوە، کاژمێرە چوار گۆشەکەی سەر دیــواری ژوورەکــە لــە ئەژمارکردنی ئازادییە رەهاکە لە چرکە وەستا، تــا ســبەینێو لێــدانی یەکــەمی.. کاژمێرەکە شــەقێکی لــە ئازادییــە رەهاکــە هەڵــدا.. دەســەلاتو یاســای کــاری هێنایەوە گۆڕێ، یاساو دەستوورەکەی خۆیان هاتــەوە.. بەرپرســێتی بــۆ دەســتەی کەسەکانی نێو ژوورەکە گێڕایەوە.. دەنگــە دەنــگ نــەما.. فلقــە فلقــی نێرگەلــە

وەستا.. جغارەکان کوژانەوەو دووکەڵەکانیان توایەوە، گەورەو بچووکی گەڕایەوە، پلەو پایە درایەوە.. حەوا شینباوەکەی ژوورەکە بەرە بەرە روون دەبووەوە، کەسەکان خۆیان توند کردەوەو رەختو قونبەلە بەشانو ناوقەدەوە کرانەوە، هەموویان مەستی پێڕاگەیاندنی کار، لەسەر پێ لە ئامادە باشیدابوون.

بەرپرسەکە دەستێکی بە ریشە درێژەکەی داهێناو چاوێکی لە ئەبو کەتیبە کردو گوتی:

- ئەمە نامەکەیە کە پێشتر پێم گوتبوویت.. هەر ئێستاکە برۆ بیدەرە دەست خاوەنی پێشانگاکە.. دەزانی کێیە ودیوتە، ئەگەر لەوێ نەبوو خۆت بغافڵێنە تا دەگەڕێتەوە.

رووی لەو وەرگێڕاو دەمی قسەی لە سێ چوارێکی تر کرد.. کە وەکو تفەنگی بڕنەو سوارکرابوونو پێی گوتن:

- ئێوەش خاوەن کۆمپانیای "........." بە هەر شێوەیەك بێت تەنیا کوشتن نەبێت.. دەیگەیێننە جێگەی مەبەست..

هەر یەکەو راسپاردەی خۆی لە بەرپرسەکەی بە سووكو ئاسانی قبووڵ دەکرد.. وەکو ئەوە وابوون بۆ سەر چەم و رووبار بۆ ئاو هێنان بچن، ئاوا بە کەیفو زەوقو شەوقەوە ژوورەکەیان بە جێهێشت.

# کۆمپانیا

کۆمپانیاو پێشانگای ئەبو عەلی بۆ کڕینو فرۆشتنو هێنانی ئۆتومبیل، ئەمە ناونیشانەکەبوو کە بە نێو چەوانی ئیدارەو حەساری پێشانگاکەوە هەڵواسرابوو ئەبو کەتیبە بە حونجە کردن خوێندییەوە، نێو حەوشەکە پڕبوو لە جۆرەها ئۆتومبیلی بریقەداری نوێو نیوداش، لە کڕیارو فرۆشیارانیشەوە مۆنجەی دەهات.. هەندێکی کەشی تێدا هەبوو هەر بۆ کات بە سەر بردن لە نێو پێشانگاکان دا دەهاتنو دەچوون.

پێشانگا بە تەنیشت پێشانگاوە بوو، چەند شەقامێك لەمبەرو لەوبەریەوە بە ریزە پێشانگا بەرامبەر پێشانگاوە بووو بە جۆرەها ریکلامی ئۆتومبیلەوە بە گلۆپی رەنگاو رەنگەوە رازابوونەوە، بازاڕێك بوو لەبەر زۆری ئۆتومبیلان نەسەری دیاربوو نە کۆتایی، هەر شوفێرێك کە بە ئۆتومبیلەکەیەوە دەچووە نێو هەر پێشانگاییێکەوە، دەبوو تا رۆژئاوابوون لەوێدا بمێنێتەوە، بەهۆی ئاپۆرەی ئۆتومبیلان نەیدەتوانی دەربچێت یاخود بگوازێتەوە پێشانگایەکی تر، نوێترین مۆدیل کە لە دنیادا دروست دەکراو دەکەوتە بازاڕەوە لەو پێشانگایانەدا

دەستدەکەوتن، بازاڕی ئۆتومبیلان لە شاری پیشانگاکانی شارەکە، لە لایەن خاوەنەکانیانو دەلاڵەکانەوە قۆرخ کرابوون، کە ئۆتومبیلێك دەچووە حەساری پێشانگایەك، دەلاڵەکان لە دوورەوە تیچاوێکیان دەدایێ، ئەگەر بیانزانیبوایە خێریکی بە نێو چەوانەوە هەیە، لە ناو خۆیان یەکیان دەکردە کڕیارو ئۆتۆتومبیلیان لێدەکردە کەرەکەی مەلا مەشهورو، چەند کەمو کورتییەکیان تێدا دەدۆزییەوەو بە شتێك هەرزانتر لە نرخی بازاڕەکە لەبن دەستیان دەردەهێنا، کە کڕینو فرۆشتنەکە تەواو دەبوو، پۆلیشێكو تیف تیفەیەکیاندەکردو وایانلێدەکرد خاوەنەکەی پێشووی بهاتبایەتەوە سەری، گەر بە ژمارەکەی نە بوایە، ئەگینا نەدەناسرایەوە.

ئەبوکەتیبە، کەوتە نێو شەپۆلی بریقە بریقی ئۆتومبیلەکانو وەکو کڕیار بە دیار ئەم ئۆتومبیلو ئەو ئۆتومبیلەوە دەوستاو دەرکەی دەکردنەوەو سەیری دەشبوولو کوشینەکانی دەکردن، وەکو پسپۆڕ بێت لە کڕینو فرۆشتندا دەستی بە بۆنیتو چەمرلغو سندووق دادەهێنا، لەلای ئۆتومبیلێك کە بەرامبەر پەنجەرەی ژووری ئیدارەی پێشانگاکەوە بوو، دیقەت و روانینی خۆی گرتە ئەو کەسەی کە لەسەر کورسی پشت مێزێکەوە دانیشتبوو، ناسییەوە.. بە هەنگاوی هێمنانە وەکو موژدەی چوونە بەهەشتی درابێتیێ لە دەرکەی ئیدارەکە چووە ژوورەوە، بێ سەلام و کەلام قەرەباڵغیی دەوری مێزەکەی قۆستەوەو لێی نزیك بووەوەو، لە نێوان شانی دوو کەسەوە دەستی نامەکەی درێژ کردو گوتی:

- ئەبو عەلی، ئەم نامەیە بۆ تۆیە.

ئەبو عەلی بە هۆی سەر قالّییەوە سەری بلّند نەکرد، نامەکەی وەرگرت‌و، ئەویش دەستی لە نێوان دووکەسەکەوە وەکو فەنەر کاتێ رادەکێشرێت‌و لە پاشاندا سەرێکی بەرەلاّدەکرێت چۆن دەگەڕێتەوە دواوە، ئاوا دەستی گێڕایەوەو بە کونفەیەکونێك پێشانگاکەی جێهێشت.

***

ئەبو عەلی بەهۆی سەرقالّییەوە کە ناوەکەی خۆی بەسەر زەرفەکەوە دیبوو نەیپرژابووە ئەوەی یەکسەر نامەکە هەلّپچڕێت، لەبن دەستی دانابوو.. دوای تێپەڕینی چەند خولەکێك دەستی بۆ بردو دیسان ناوەکەی خۆی کە بەسەریەوە بە خەتێکی ناشیرین نووسرابوو خوێندەوەو زەرفەکەی هەلّزڕاند.. نامەکەی لێك کردەوەو چاوی پێدا خشاند.. کە چەند دێرێکی لیّ خوێندەوە ترپە ترپی دلّی گۆڕا.. سەیرێکی پێشە خۆی‌و پاشان لای راستی‌و ئەوجا لای چەپی کەسەکانی کە بەدەورییەوە دانیشتبوون کرد، بە دەنگێك کە دەتگوت بە زۆر قسەی پێدەکەن گوتی:

- کێبوو ئەم نامەیەی دا پێم؟

کە سێکیان وەلاّمیان بۆ ئەو پێنە بوو، تەنیا سەیکردنی یەکتر نەبێت، یەکێك لەوانەی کە بە دەورییەوە دانیشتبوون، لە رەنگو رووە هەلّبزڕکاوەکەی شتێکی خراپی لیّ هەلّکڕاند بوو، وەلی نەشیدەزانی چییەو بۆیە لێی پرسی:

- ئەبو عەلی خێربێت خۆ شتێکی خراپ روونەداوە؟.

وەکو ئەوەی هەر لەگەلّ ئەویشیاندا نەبێت.. یا خۆی لە پرسیارەکە گێل کرد، هەستاو بەرەو ئەو دەرکەیە کە لەنێو ژووری ئیدارەکەوە دەچووە ژوورێکی

بچووکترەوە، کە ئەوێیان بۆ هەندێ کاری تایبەتو مامەڵەی قەبە، یا مەشوورەتی خۆیان بە کاریان دەهێنا ڕۆیشتو دەرکەکەی بە دوای خۆیەوە کلیلدا، لە پشتی کورسیو مێزێکەوە بێ حەواس دانیشت. یەکدووجاران تەماشای شەوقی نیۆنەکانی کرد، پێیوابوو هەموویان دانەگیرساون، ژوورەکەی بە تاریك هاتە پێش چاو، وایدەزانی خەون دەبینێت، ئۆقرەی لەبەر بڕابوو.. جار قاچی دەخستە سەر قاچی چەپەیو هەر هێندەی دایدەناو داینەدەنا دەیهێنایەوە خواریێو قاچی چەپەیانی دەخستە سەر ڕاستەی.. مێشکی خەریکبوو بتەقێت، فشارێکی وا کەوتبووە نێو مێشکی ژوورەکەی لێدەهاتەوە یەك و بەر تەسك دەبوو، مێشکی ئالۆز ببوو خودی خۆی لێ تێکچووبوو، پێیوابوو ئەبو عەلی نەبێت.. گومانی لەخۆ پەیداکرد، لە هەناوی خۆیدا کەوتبووە قرتو فرتو بە خۆی دەگوت منم... من نیمە !!! ڕاستە.. خەونە !! ئەوە منم نامەی هەڕەشەم بۆ هاتووە یا دەبێت خەون بێت !!، چەند چرکەیەك چاوەکانی نووقاندنو خۆی بەسەر پشتی کورسیەکەدا شکاندەوە...خۆمم خۆم ئەبو عەلی... ئەی کەمێك پێش ئێستاکە نامەیەکیان پێمنەداو نەهاتمە ژوورەوە ! هەومو ئەوم ..

ئەم قسانەی لەگەڵ خۆیدا کردو سەیرێکی نامەکەشی کردەوە کە هەر لە ناو دەستیدا بوو، لێکی کردەوەو دەستی بە خوێندنەوەی کردەوە...

بەناوی تەواوی نەکرد یەکسەر هاتە دێڕی خوارەوە بەرێز ئەبو عەلی خاوەنی کۆمپانیاو پێشانگای ئەبو عەلی، بە وردی نامکەمان بخوێنەوەو ناوەڕۆکەکە بە هەند هەڵگرە، بە قازانج بۆت دەگەڕێتەوە، ئێمەی گرووپی "دەوڵەتی......" دەمێکە تۆمان خستۆتە ژێر چاودێری خۆمانەوە، چاکمان هەڵسەنگاندوویت.. لە

رووی داراییەوە دەزانین چیت هەیە؟ دەزانین ماڵەکەت لە کوێیە.. ماڵو منداڵت چ هەیە؟ ماڵەکەشت لە ژێر چاودێری خۆماندایەو دەشزانین بـــــە کوێدا دەڕۆیتو بە کوێدا دەگەڕێیتەوە.. هاوڕێکانیشت کێن.. ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت کێن.. قسەو راو تەگبیرت لەگەڵ کێدایە، لەمانگێکدا چەند شەحنی ئۆتومبیلت بۆ دێنو چینو چی نینو!؟، بازاڕت چۆنە؟ بە کورتییەکەی شتێکت نییە لە ئێمە نهێنیو شاراوە بێت، ناوی ژنت.. منداڵت.. هاموشۆیان، گەر دەتەوێت ئیمشەو بە سیدیەك دەیخەینە نێو کۆمپانیاکەتەوە دەزانین موسڵمانی.. بۆیە دەوڵەتی....، تۆی دەست نیشانکردووە، تا.. وەکو موسلمان، تۆش هاوبەشمان بیت لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەمانو هاریکارمان بیتیش لە دەرکردنی ئەمریکای کافرو زەندیق.

بۆیە دەبێت لەو کاتەوە کە نامەکەت بە دەست دەگات کە کاژمێر (٥)ی ئێوارێیە چلو هەشت کاژمێر مۆلەتت دەبێت کە (٥٠) دەفتەر دۆلار ئامادە بکەیت، تا تۆش شوێنێك لە بەهەشت بۆخۆت دابین بکەیت، بە دووری مەزانە کە سەرکەوتین بە زێتر بۆت نەژمێرینەوە، چاکیش دەزانین ئاگاداری حکومەت دەکەیت، ئێمە باکمان بە ئاگادارکردنەوە نییە، بەلاّم هەر هەڵەیەك بکەیت بە زەرەر بە سەرتا دەشکێتەوە، تۆو خێزانەکەت وەکو کاڵەك لە ناو دەستمان دان.. پەنجا دەفتەر تا چلو هەشت کاژمێر پێمان نەگات، پێشانگاکەت دەتەقێتەوە، بڕۆ حەوشەی پێشانگا ئۆتومبیلێکمان دەست نیشانکردووەو لە سەرمان نووسیوە کراوە، جگە لەو ئۆتومبیلە نابێت هیدیکە بێتن، شوێنەکەش لە چیای حەمرین تێدەپەڕیت بە دەستی لای راستدا کەڵەکێکی گەورەمان بە بەرد کردووە.. کە

هەموویشی لە ژێر چاودێریمان دایە.. ڕەت بوویت.. ڕێگایەکی خۆڵ دێتــە پێــشت، لادەدەیت تا دەگەیتە ساباتێك.. بە دووری چەند مەترێکەوە دەوەستیتو هەر چوار دەرکەو بۆنتو قەپاغی سندووق دەکەیتەوە، پیاوەکانمان دوور بــە دوور چـاودێریت دەکەن، ڕێگاو بانەکە لە ژێرکۆنترۆڵی خۆماندایەو ترسی نییــە، ئەگــەر خــۆت بــۆ خۆتت دروست نەکردبێت، بۆخۆشت نــەیێیت دەبێــت.. بــەلاّم مەرجــە ئۆتــومبیلی دەست نیشانکراو بێت، سەر لە خۆت مەشێوێنەو لە خۆشت تێکمەدەو ئێمەمانان ئینسان خۆرکە نینو لــە دەســت کــافرو خــوا نەناســەکان رزگارتــان دەکــەین، بــە موسلمانت دەزانم بۆیە درێژەم بە قسەکان دا.. هەڵە بکەیت خوێنــت لــە ئەســتۆی خۆتدایە.. خودا فەرموویەتی " من لە کەس ناگۆڕم تا خۆتان لە خۆتان نــە گــۆڕن ".. لە شوێنێکی کەشەوە فەرموویەتی " من زوڵم لە کەس ناکەم گەر ئێوە زوڵــم لە خۆتان نەکەن "

ئیمزا

گرووپی دەوڵەتی........ کۆماری لە عێراق

بەیەك هەناسەو ڕاکێشان خوێندنەوەی نامەکەی پێ تەواو نەکرا.. چەند جــاران هەناسەی کورتی دەهێنا، چاوەکانی زەق دەبوونەوەو ســەیرکردنی لــە بــن میــچی ژوورەکە گیر دەکــردو یەکــدوو هەناسەشــی بــۆ دەخــواردەوەو، وەکــو ئۆتــومبیلی کاسکێت سووتاویش کە ڕۆنو ئاو تێکەڵ دەکات.. ئەندێــشەی تێکــەڵی دەکــرد.. بــیرو بۆچــوونی مێــشکی لەگــەڵ خواســتی دڵــی.. تێکــەڵو پێکــەڵی دەکــرد..

مشەوەشیو سەر لێشێواوی ڕێگەی دروستی پێ ونکردبوو، جار لە پێشە خۆیەوە وڕێنەی ئەوەی دەکرد کە دەیگوت دەزانم تا ئەو ٤٨ کاژمێرە تێپەڕ نەکات دەستم لێ ناوەشێنن، خۆ ناشتوانم بەم ماوە کورتە هەرچی هەمەو نیمە کۆی کەمەوەو بە لایەکدا تێی تەقێنم.. ماڵی دنیا شیرینە.. قەرزێکی زۆرم بەلای خەڵکییەوە هەیە، ئەگەر فت لە قەرزەکەشم بکەم، ئەوە بە لایەنی کەمەوە حەوتەیەکم دەوێت تا روو لە لایێ بکەم... ئەمە خۆشم دەرباز کرد.. ئەی ژنو منداڵەکانم.. ئەی ماڵە باوان.. ئەی خوێندنیان.. گوناهن.. ئەگەر لانەم لێ تێکدان چۆن بە خوێندنیان دەگەنەوە.. مرۆڤ ئەگەر دوژمنی خۆی بناسێ، دەتوانێت خۆی بپارێزێت ! کێ ناڵێت ئێستا لە ژوورەکەی بەرامبەرم یا لە حەوشەی پێشانگا چاودێریم ناکات، کێ ناڵێت وەکو سێبەر.. کامیرا بە دوامەوە نییە، ئەمانە وەکو جنۆکە وان.. لە هەموو شوێنێکنو لە هیچ شوێنێکیشدا نین، دەتبیننو نایانبینی، دەڵێن ماڵ بەلای سەرە.. بەراستی تووشی گونە رەشەی خۆم هاتوومە..

ژوورەکەی لێ بووە گیرەو مەنگەنەو چوار دیوارەکە بۆ یەکتر دەهاتنەوە.. هەوای ژوورەکە ناسازو گەنی دەبوو، شتێك لە هەناوی هانی دەدا ژوورەکە بە جێبهێڵێت، دەنگێك لە نێو مێشکییەوە هاتو پێی گوت.. بەتەنیا بەرگە ناگریت، هاوپارەکانت.. هاوپشکەکانت ئاگادار بکەوە، مشوورەت بکە.. دەلاقەیەك لە خەمی دەروونت بکەوە.. هەڵسە بڕۆ.. بڕۆ.. قیچکەی تەنگبوو حەوسەلەی دانیشتنی نەما، ئەگەر بە خۆی رانە گەیشتایەو هەڵنەستایەتەوە ئاوو خوێن رەگو دەمارەکانی جەستەی دەتەقاند، وەکو ئەو بەندییەی مۆژدەی بەربوونی پێدەدرێت ئەم هەستانەی هەستایەوە بە چەند هەنگاوێکەوە گەیشتە

دەرکەو کلیلەکەی کردەوە، چاوێکی خێرای بەدانیشتوانی نێو ئیدارەکەدا گێڕا، پەنجا دەفتەر دۆلار مۆتەکەیەك بوو هەنگاوەکانی زنجیرو پێوەندو قورسو گران.. خاو کرد، دەتگوت دنیای بە سەر شانو پیلی دادراوە، کانیاوی ترسو غەم بە دەوری خۆیو خێزانو پێشانگاکەیدا تەقیو چیوەی لێگرت، شەوەی مەرگ دەم نا دەم سەرە دیقانێی لە گەڵدا دەکرد، لێقەومانێکی لە ناکاوو مەودا کورت هەموو سەرە داوێکی بیرکردنەوەی ئاڵۆزکردبوو، گرێ کوێرەیەك بوو بە دەستو پەنجەی خاو نەدەکرایەوە، ترسو غەمو مەراقی لێقەومان تەراکتۆرێك بوو بە دوای خۆیاندا رایانکێشا، هێزو زیرەکی دوێنێو پێرێی لە دەست دابوو، قەت ئاوا خۆی بێدەسەلاتو زەلیل نە دیتبوو، بە مەبەستی راستو ناراستی "ئۆتومبیلێکمان دەستنیشان کردووەو لە سەرمان نووسیوە فرۆشراوە" بە نێو ریزی ئۆتومبیلەکان وەکو کڕیار سووڕایەوە، کارتۆنێك لە سەری نووسرابوو (فرۆشراوە ) لە بن قۆڵی فلچەی جامی پێشەوەی ئۆتومبیلێك زەقە زەقی بە چاوەکانی هێخست.. بێئەوەی هیچ قسەیەك بە دوای خۆیدا جێبێلێت، وەکو سەرخۆش.. سەرلێشێواو.. لە هەناوڕا بە نکە نكو هنکە هنك لە دەرکیٚ کۆمپانیاو پێشانگاکەی بە دەرکەوت، لەحەیبەتو حەژمەتاندا سەد تفو لەعنەتی لە ئۆتومبیلو کۆمپانیاو پێشانگا کرد، لەگەڵ رۆیشتنی بە نێو ریزی پێشانگاکاندا وایدەزانی بە چۆڵو بیابانێکدا رێدەکاتو عاردی بن پێی هەمووی دڕكو داڵو قونجڕکەیە لە بنی پێیەکانی دا دەچەقن.. شەوقی گلۆپەکانیش لە پێشچاویدا تیژی تێدا نەمابوو، وەکو دوێنێ ئێوارێو شەوەکانی پێشتریش جادەو کوچەی پێشانگاکانی پێ رووناك نەکرابوو، بە ناچاری خۆی هاوێشتە نێو تاکسییەکەوە.

- بۆ کوێ؟

- برۆ

لاندکرۆزەرەکەی خۆی بێناز بە جێهێشت.. رقی لە هەموو شتێك، لەخۆی.. لە پارەو پوولو داهاتی، لە کۆمپانیا دەبووەوە، خۆزگەی بە رۆژانی هەژاریو نەبوونی کە بە سکێك تێرو بە چەندان برسی بوو دەخواست، کە سەرو دڵــی رحــەتو ئــارام بوو.. شەوانە بێ خەم و ترس لێیدەخەوت، لەوەتەی گوزەرانی چاك بووە وادەزانێت شەوانە کە دەخەوێت بە فەردە پارەی بەسەر دا دەبارێـت.. دەڵــێن کــە خــودا دای پێغەمبەریش چنگێکی داوێتە سەریەوە، لەوەتەی هەبوونە شەریکی بۆ زۆر بوونەو لە خەمیش تەریکنو لە سەر حازرەکینە، ئەوان بە منو بە یەکێکی دی غــەم لــە خۆیان دەخۆن، ئاگایان لە غەمی کەس نییــە، غــەمی ئــەمجارە مەرگــە.. مەرگــە مووشە.. مۆرانەیە، سەرو دڵی وەکو مەکینەی تاکسییەکە ئاڵۆز بــوو، پێیوابــوو مێشکی سڕ بووە، ئاوڕێکی لە شوفێرەکە دایەوەو گوتی:

- هەژاری مەلیکییە.

- ها.. !!

- لێخوڕە.. هەر خەمی سکت بێت باشترە.. دۆلار بەلای سەرە.

من هیچم نەگوتووە!

- نا.. نا لەگەڵ خۆم بوو. بگرە ئەمە هەقەکەت دادەبەزم.

ئاوڕێکی لــە دەورو بەرەکــەی خــۆی دایــەوە، دەورو بەرەکــەی ئــەوەی پیــادەو ئەوەشی لە نێو ئۆتومبیل بوون.. هەموویانی بە خەفیە زانی، بە ریشو بێ ریش.. گەنجو پیر.. نێرو مێ، هەموویانی پێ یەك بوون، کەسیانی پێ لە ئەوی کە چاکتر نەدەهاتە پێش چاو.

غەم.. تــرس، تەونی جالّجالّۆکە بوون لــە خـۆیو لــە منداڵەکانـــیو لـــە پـــارەو پوولەکانی دابوو، ئاسەواری خۆشیو شادی بە میکرۆسـکۆب لـە هـەموو جەسـتەیدا بـۆی بگـەڕابووای تۆسـقاڵێك چـییە نەدەدیترایـەوە، بـەرو پـشتێنی خاوخلیچكو نارێك ببوو، ئەو کە بەزۆری جلـی کـوردی لەبـەر دەکـردو لـە خـۆی دەخەفتیو لە دوو ڕۆژان زێتر جلێکی لەبەر نەدەدیترا، دەبوو لـە پێلاوەکەیـەوە تـا ڕەنگی کراسو پشتێنیو ڕەنگی تەزبێحەکەی دەستی لەگەڵ جلوبەرگی لـە یـەکتر بووەشایەتەوە، لە ناو هاوڕێیو هاوپشکەکانیو خاوەن کۆمپانیـاو پێـشانگاکانەوە بە مافووری کاشان ناودەبراو زۆرجـاران بـەرەو ڕوو پێیانـدەگوت کاشـانە هەرچـی لەبەر بکات لێیدەوەشێتەوە.

ئێستا پێیوابوو لەسەر دنیادا نەماوەو بەسەر عاردیشدا نارِوات، کە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە لارە لاری بوو، لەوان کەسان دەچـوو کـە ئـازاری برِبـڕەی پـشتیان هەبێتو ڕۆشتنەکەی جۆرە شان هەڵتەکاندنو لە خۆهەڵدانێکی دەکرد.. یان وەکـو ئەوانەی کە بەناو وشکە چەمی پڕگاشە بەردا ڕێدەکەنو بەملاو بەولادا لارو خـوار دەبنەوە ئەوها دەڕۆیشت.

کات لە کنـی ڕەزا قـوڕسو دمـۆر هەڵگـەڕابوو، بـە دەسـتی بووایـە هـەموو کاژمێرەکانی شـارەکەی لــە سـووڕان رادەگـرت.. وردو خاشـی دەکـردنو تـووڕی هەڵدەدانە نێو بەستی خاسەوە، ئەو بەستەی چاك و خراپی پێدا تێپەڕیوەو خاوێنو پۆخڵیشی لە هەناویدا حەشارداوە، یا میلی کاژمێرەکانی لە تـەمۆخی ڕەحیمـاواو سێ کانیانو شۆڕاوو زەمبوور[٤] و لەیلان[٥].. یان لە شاخی حەمرین گرێـدەدا، تـا نەیەڵێت ئەو چل و هەشت کاژمێرە بگـاتو ڕێ لـە دەسـت وەشـاندنیان بگرێـت،

خواستو ئاواتیان بن برِو بن گۆم بکات " له بەستی خاسەوە بۆنی خوێنی دەکـرد، ئەو بەستەی شاهیدی چەندەها کارەساتی دڵتەزێنە.. چەندەها جار دارو بەردەکەی بە چاوی خۆیانەوە سووتاندنی گوندەکانی دەورو بەری خۆی دیوەو بـۆن سـۆو بـۆن گۆشتی ئادەمی بـرژاوو سـووتاوی کـردووە، دارو بەردەکـەی لـە حەژمـەتان رەش داگەراون، بۆنی خوێنو بۆنی سووتانی گوندەکان وەکو تەلەگراف بـە دانیـشتووانی شارەکە گەیاندووە.

ئەبو عەلی لە هەناویدا دەنگو هـاوار هەڵدەسـتا، شـۆڕشو کودەتـای تـرسو مەرگ سەریهەڵدەدا.. بێ پشتو پە ناو بێکەسی لە خۆیدا بەدیدەکرد، ئەو شـتەی پێش کەمێك لە هەناویـدا تیـغ تیغـەی دا.. وەکـو فـێ بـۆی هـاتو لێدرایـەوەو دەنگێك لە نێو مێشکی هاتو پێیگوت بە تەنیا بەرگە ناگریت.. هاو پارەکانت.. هاوپیشەکانت.. ئاگادار بکەوە.. مشوورەتیان پـێ بکـە.. دەلاقەیـەك لـە غـەمی دەروونت بکەوە، دەنگدانەوەکە گێڕایـەوە سـەر هێڵـی مەبەسـت.. کـە بـە خـۆی زانییەوە لە قزگەکە نزیك کەوتبوەوە، رووی هەنگاوە شلو خاوەکانی لە خانوویـەك کرد، جاران بە ئۆتومبیلەکەی لە دەرکەکە تـۆزێ خـاوی دەکـردەوە.. چـونکە لـە شوێنەکە ناسراوبوو، هەر ئەوەندەی پاسەوانەکانی دەرکە دەمـو چـاویان بدیایـە.. رەتدەبووو.. خێرو بێرەکەی کە لەگـەڵ خۆیـدا هـەڵیگرتبوو بـە روویـەکی پـاراوو گەشەوە بە خەزنەدارەکەی دەسـپارد... ئێـستاش دەڵێـی لـە شـالاۆی ئەنفالەکـە رزگاری بووە، ئەو لە ترس رادەکاتو ترسیش بە دوایـدا رادەکـاتو دەیـەوێت دوو لینگانی بە سەردا بهێنێت.

دەتگوت پێلاۆەکانی تەنگنو هەنگاوەکانی بە خۆشی بـە دوایـدا نـە دەچـووو کورتی دەهێنا، دڵی لەسەر هەزار لێیدەدا.. دەیزانی ئـەو تـا درەنگـانی شـەو بـۆ

ئیش‌و کارو بۆ دیتنــی کەســانی وەکــو ئــەم دەمینێتــەوە، دیتنەکــەی ناســنامەو گوزەرنامەی بوو، بۆیە پاسەوانەکان سیٚ‌و دوویان لەگەڵدا نەکرد، بیٚ گــوراح‌و بــیٚ سەلیقە رووی لە ژوورەکەی کرد، لەگــەڵ پــیٚ لــە ژوورنانیــدا دەنگێــك لەوســەری ژوورەکەوە هات‌و گوتی:

- دەڵێی سێبەرۆ لێیداوی، نا گوزوور دێیتە بەر چاوم.. چییە نەخۆشی؟

زۆر حەوسەڵەی قسانی نەبوو، وەلی دەبوو چەند قسەیەکیش بکات‌و لێی نزیــك کەوتەوەو بەسەر قەنەفەیەکەوە پانبووەوە، ئەو دیسان گوتییەوە:

- شرووڕو هیلاك دیاری، چیتە نەخۆشیت.

- لە نەخۆش... نەخۆشترم، ئەمری ئیعدامم پێیە!؟

دەستی بۆ درێژ کردو نامەکەی دایێ ..

پێش خوێندنەوەی نامەکە هەر بەدەم لێکردنەوەیدا گوتی:

- ئێمە مانان، تا ئێستاکیٚ چەندەها جار ئەم ئەمرانەمان بۆ دەرچــووە، گــونی کوڕیشمان پێنەچووە.

- پشیلەی حەوت...

قــسەکەی تــەواو نــەکرد، ئــەویش کەوتــە قووتــدانی وشــەو رســتەکان.. هــەر تێیڕامابوو، بزانێت کەی سەری هەڵدەبڕیت‌و چ شەکریٚ دەشــکێنێت، ئــەبو عــەلی دەتگوت لەسەر پەنگری ئاگر دایان ناوە بەسەر قەنەفەکەوە ئۆقرەی نەمابوو خــۆی بەملاو بەولادا دەدا، ئەویش وەکو هیچی وای تێدا نە خوێندبێتەوە.. ئەوی لە شەڕ نەبێت شیری تیژە.. ئاگرە سوورە لە خۆی دوور بوو، سەری هەڵبڕی‌و گوتی:

- ئەبو.. عەلی، هەر گوێی مەدەریٚ.. ئەگەر دەتەوێت یەکــدوو پاســەوانت بــۆ دادەنێم.

- ئەمە ئیشی پاسەوانان نییە، ئەوان دوژمنی حەشاردراون، تۆ دەزانیت من پەروەردەی چیاو چۆڵانم، تەم بە تەمو روو بە روو لێیان ناترسم، من هاتووم ئەم پارەیە بدەین یان نا.. ئەوان هەموو شتێکیان لەدەست دێتو هەموو شتێکیشیان پێدەکرێت.

هەر یەکەیان باراشی بە گوێرەی دڵی خۆی لێدەکرد، هەر چەند گوێی بۆ گرت قسەکانی ئاوێکی ساردو فێنکاتییەك نەبوو جۆشی سەماوەری هەناوی دامرکێنتەوەو، زبارەی خەمەکانیشی لە گەڵدا بگرێت، هیچ نییەو گوێی پێ مەدە سەنگەرێکی خۆڵە پۆك بوو نەدەکرا خۆی لە پەنایدا حەشار بدات، بە قسەکان دڵی ئاوی نەخواردەوە، هێندەی تر غەم شانو پیلی داچۆڕاندو بە کوڵێ غەمی قەبەترەوە چۆن هاتبوو ئەوها رۆیشتە دەرەوە.

بەدەم رێگاکەوە وەکو شێت قسەی لەپێشە خۆیدا دەکرد "دەزانێت بۆ زێدەکردنی پارە تەگبیران بکات، زوو زووە داوای گۆڕینی مۆدیلی ئۆتومبیلم لێبکات، تەلەفۆن بکات ئەوەندە گەلاّیەم بۆ بنێرە زیافەتم هەیە، بنێرە شاڵێکی زاخۆو یەکێکی مەرگەو بێتواتەم بۆ بێت.. کلاّشی پەڕۆیینیشی دەبێ هەر لەگەڵدابێت، بۆ حاڵی خۆی لە قسەکردندا ئوستادەو موریدی وەکو منیشی زۆرو زەبەنە، بێباکە لەوەی منێکی لێکەم دەبێتەوە، هەر ئەوەندەی جێگەکەم خاڵی بوو دەیەها مورید هەوڵ دەدەن بیگرنەوە، دەزانێت لەو قسە زلانەی (وەکو ئەوەی ئێمە مانان تا ئێستاکێ چەندەها جاران ئەم ئەمرانەمان بۆ دەرچووە، گونی کوڕیشمان پێی نەچووە ) نازانێ ئەو بۆ خۆی پشیلەی حەوت روحە، مردن دەرەقەتی نایێو پێی ناوێرێت...."

له نیمچه تاریکییه‌که‌دا قاچێکی له پیاده‌ڕۆکه ترازاو که‌وته سه‌ر جاده‌که‌و له‌ خۆی هه‌ڵداو خه‌ریکبوو ملیشی بشکێت، قسه‌و وڕینه‌کردنی له بیر برده‌وه، ئه‌و که له دایکبووی شاره‌که‌بووو فرچکیشی تێدا گرتبوو.. زۆر جاران له‌ نێو کۆڕو کۆمه‌ڵدا ده‌یگوت شار هه‌بێت هه‌ر شاره‌که‌ی منه‌، کوردستان هه‌بێت هه‌ر شاره‌که‌ی من کوردستانه‌.. گێره‌و کێشه‌ی کوردان له‌گه‌ڵ حکومه‌ته‌کان هه‌ر له‌سه‌رشاره‌که‌ی من بووه‌، حه‌فتاو پێنج که شه‌ڕی کوردو به‌عس ده‌ستی پێکرده‌وه پێشمه‌رگه‌یه‌کی شاره‌که‌م گوتبووی ئه‌مجاره‌یان تا نان‌و نه‌وت له شاره‌که‌م نه خۆم شه‌ڕ راناگرم، ئێستاش ئه‌و به شاره‌که نامۆ بووه‌و شاره‌که‌ش به‌م نامۆیه‌، شاره‌که‌ی له پێش چاو وه‌کو توونی حه‌مام ره‌ش‌و تاریك داگه‌ڕاوه‌، پێش گه‌یشتنی نامه‌که شه‌وانی شاره‌که که کاره‌بایشی ده‌کوژایه‌وه هه‌ر رووناك‌و شیرین بوو، به بێ رووناکی گلۆپه‌کان قاچی ده‌یزانی چۆن به‌سه‌ر جاده‌و پیاده‌ڕۆکان ده‌ڕواو شوین پێی خۆی به‌ڕێکی ده‌قۆسته‌وه‌، نامه‌که نێو دڵی‌و بینایی چاوه‌کانی وه‌کو شه‌و کوێر تاریك کرد.

له نێو تاریکی شاره‌که‌ی‌و تاریکی نێو دڵیدا به‌هۆی سه‌رلێشێواوی‌و بێکه‌سیه‌که‌یدا ، خۆی به ماڵه هاوپاره‌کانی گه‌یاند، هه‌ر له‌م شه‌وه‌دا چه‌نده‌ها جار نامه‌که خوێندرایه‌وه‌و قه‌دکرایه‌وه‌و خویندرایه‌وه‌و قه‌دکرایه‌وه‌، دوا جار بۆ مێژووو به‌ڵگه‌، به نامورادی خستییه گیرفانییه‌وه‌.

هه‌ر ماڵه‌و کابانێك‌و قسه‌و ته‌گبیرێك.. هه‌رده‌م و مێشکێك بۆچوونێك بوو، شتێکی لێ هه‌ڵنه‌کڕاند تیماری ده‌رده‌که‌ی‌و برین‌و هه‌ڕه‌شه‌که‌ی بکات، هه‌ریه‌که‌یان به گوێره‌ی قه‌باره‌ی خۆی باراشی لێده‌کرد.. چێشتی زۆر کابان یا سوێره یا بێ

خویَ دەبێت، بە قسەو گفتە تەڕاوزەکانیان دڵی ئاوی نەخواردەوە، ئاش لە خەیاڵێكو ئاشەوان لە خەیاڵێکدابوو.

"گەر بەتەمای ئەمانە لە خۆم بگەڕێم کەوڵم دەکەنو پێستیشم دەغارێنن."

ئەمە گوتنەك بوو لە حەژمەتان بە خۆی گوت.

شەوەکەی لێ تاریکتر داهات، بەدەم ڕێگاکەوە ئەوەندەی گوت:

- خۆرشت ئەگەر بەدەستی خۆت نەیخورێنی، خورشتی دانامرکێتەوە.

***

ئەبو عەلی ئەوەندە هێنانو بردنو تیرو پشكو شەنو کەوو بێنەو بەردەی لە ناو مێشکی خۆیدا کرد، ژانە سەر گرتیو لە حەژمەتاندا خۆی بە سەر پشتی کورسیەکەدا شکاندەوەو چاوەکانی نوقاندنو لە ناوەوەی خۆیدا بەم شێوەیە دوا:

"سەردەم سەردەمی مۆنیو دۆلارە، ئیش بە دۆلار دەکرێت، پەنجا دەفتەر دۆلار پەنجا کەسی پێ ئەڵقە لە گوێ دەکرێو پەنجا کردەوەی تیرۆری پێ ئەنجام دەدەن، پێویستیان بە دۆلارە، جارێ دەستم لێناوەشێنن، ترساندنو هەڕەشەو تۆقاندنیان کردۆتە پرد بۆ بە دۆلار گەیشتن، سەر سەدەکەیان نیوەی تێپەڕیکردووە نیوەشی ماوە، بە تەلەفۆن یان نامە هەڕو گیفم لێدەکەن، ئەگەر...."

بۆچوونێکی تر دەتگوت ئەبو عەلی یەکی ترە بە تەنیشتییەوە دانیشتووەو ئەگەری پێ قرتاندو گوتی:

"پێموایە تۆ خۆت دەغافڵێنی، وەکو هاوپارەکانتو شەریکەکانت چۆن تۆیان بەقسەی تەڕاوز ناردەوە.. یا دەتەوێ دڵی خۆت بەم قسانە بدەیتەوە، دیارە ئەوان

بە گوێرەی بۆچوونی تۆ لە گەڵتدا دەجووڵێنەوە، خاترانەی تێدایەو خاترت دەگـرن، ئەگەر تۆ سەرت لێشێواوە.. ئەوان ئەندازیاریان هەیـەو بـە ئەنـدازە دەجـووڵێن.. مەبەستت ترسە.. لە لای ئەوان بوونی نییەو ئەوان فتیان لە گیانو هەوەسی دنیـا کردووە، چاك بزانە دەتکوژن.. دەت تەقێننەوە.. دەتفـڕێنن.. مـاڵو حاڵـت کـاول دەکەن، دیارە بە چاوی خـۆت نەتـدیوەو نەتبیـستووە چـیان کـردووە!!؟؟ ئاوڕێـك لەملاو لەولای خۆت بدەرەوە. سەر سەدەی ماوە.. سەر سەدەی ماوە فێڵ لە خۆت دەکەیت، ئەوان دنیایـان لـە زەواق نـاوە، بەرگـەی ئـەوان دەگریـت؟، قەیـسەریت لێدەکەنە کونە مشك".

هەناسـەی تـەنگ بـوو پێیوابـوو هـەوای ژوورەکـەی لـێ گـۆڕا، ژوورەکـەی جێهێشت، هەرکەسێکی پانتۆڵ یا شەرواڵ کورتی بدیایە گومـانی لێـدەکردن، یـان کەسێکی بە ریشو بێ سمێڵ خۆی لە قـەرەی بدایـە بـە یـەکێك لـەوانی دەزانـی، مەزەندەی وابوو بە هەر فێڵو مهانەیەك بێت بە دوایەوە دەبن.

هەندێك ئەمسەرو ئەوسەری کرد، خێسەییێکیشی بە دەورو بەری خۆیـدا کـردو لە پڕ وەکو کەسێك تەگبیری بۆ کردبێت، یەکێك لە کارمەنـدەکانی کۆمپانیاکـەی تێگەیاندو شوێنێکی پێگـوت کـە ئۆتومبیلـە دەسـت نیـشانکراوەکە بگەیەنێتـە ئەوێ.

# شێره

شێرەی حاجی رەسووڵ، نۆبەرەی باوکیو خاتوون خانم بــوو، دەســتو گۆچــانو پشتو پەنای هەردووکیشیان بوو، کوڕە گەورەو ئیشکەرو ئەندازیارو غەمخۆریشیان بوو، تەمەنی سی ساڵێكو چوار شانەو پتەو هەڵکەوتبوو، گۆشتو ماسـولکەکانی وەرزشکارانە هاتبوو، جەستەی پڕبوو لە هێزو توانایەکی خۆڕسـكو لێیدەڕژایــەوە، ماسولکەکانی توند وپۆڵ.. گۆشتی جەستەی لەبەر توندییان کەس نەیـدەتوانی بــە پەنجەکان بە ئاسانی بیگرێت، رەنگی پێستی بــە لای ســوورییەوە دەچــوو، مــووی سەرو ریشی لە پێستەکەی دەوەشایەوە، هێزێکی سروشتی لــە جەســتەیدا پــەنگی خواردبووەوە، هێزی دەستو مەچەكو قاچو قولی لەهێزی ئــەو بارهــەڵگرە کــوردە فەیلییانەی دەکرد کە لە کاتی خۆیدا لە بەغــدا ناوبانگیــان دەرکردبــوو، عەشــقی ئاسنو ئامێر لە منداڵییەوە لە کەللەی دابوو، قۆناغ بە قۆناغ لــە گەڵێــدا پــەرەی سەندبوو، جارێك بەس بوو ئامێرێك لە پێشچاویدا هەڵبووەشێتەوە، ئیتر بۆ جــاری دووەمین دەبووە( وەستا کامیل[٦] )ی هەولێریو پێویستی بــە کــەس نــەدەبوو بــە

تەنیا دەیبەستایەوەو گرێیدەدایەوە.. پێستو رەگو دەمارو خوێنەکەی بەرگەی سەرماو گەرمای دەگرت.

لە ژیانیدا کەسێك نەبوو لێی بیستبێت گوتبی ساردە، یا لە هاویندا گوتبێتی گەرمە، بەرگەی برسێتیو تێنوویەتی لە سروشتی ئادەمی ئاسایی بەهێزتر بوو، غەمی ورگی لەکن نەبوو، لە ناو زیو رووباراندا سۆنەو مراوی بە خۆی بوو، لە مەلەکردندا هاوینو زستانی بۆ نەبوو.

درێژی بالای سەدو شەستو پێنج سانتیمەترو قورساییەکەشی ١٢٠ کیلۆ گرام بوو، ماسولکەکانی وەکو وەرزشکاری بەرزکردنەوەی قورسایی هەمووی دیارو دەرپەڕیو تێکچەقیبوون، گۆشتی ناو لەپی نەرمی تێدا نەدەدیترایەوە، پەنجەکانی دەستی دەتگوت گیرەنە، شێرە، ناوەکەی خەسار نەکردبوو، شێرانە فەراقە ببوو، شێرانەش هەڵکەوتبوو، لە منداڵیەوە سوخەتی جەربەزەییو جەسووریو ئازایەتیو چاوقایمی تێدا دیار بوو، ساڵ بە ساڵ لەگەڵێدا فەراقە دەبوو، لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵیدا شوورەتی ئازایەتیو بە هێزییەکەی بە گەڕەکەکەیدا تەشەنەیکردبوو، منداڵانی تەمەن خۆیو هەراشتریش نەیاندەوێرا شان لە شانی بدەن، لە زۆرانبازیشدا هیچ منداڵێك نەیتوانیبوو پشتی لە عارد بدات، منداڵانی گەڕەکەکەی خۆیان لێ نزیك دەکردەوەو حەزیان بە هاوڕێیەتی دەکردو هەوەسیان پێدەهات لەگەڵ شێرەدا بە کۆڵاناندا بێن وبچن، قەڵغانی منداڵانی گەڕەکەکەی بیبوو، کاتێ یەکێکیان تێهەڵدانی بە دەستی منداڵی گەڕەکی هاوسێیانەوە دەخوارد، هاواری بۆ دەبراو تۆڵەی بۆ دەسەندەوە، ببووە کوڕە ئازای گەڕەكو ئەوانەی لەگەڵیشیدا هاموشۆیان دەکرد خۆیان بە ئازا دادەنا.

سوخەتی چاكو پیاوانەی لە منداڵییەوە پێوە دیار بوو، پێش چاوو.. قسە زلو قسە زانبوو، قسەو هەڵسوكەوتی لە چاو تەمەنیەوە گەورەتربوون، خڕو خڕپن، ئازایەتیو خرپنییەكەی وایكردبوو هاوسێكان خۆشیان بوێتو جار جارە بە خەپە بانگی بكەن.

خاتوون لە لاییێك دڵی بە قسە زلیو زۆرزانییەكەی خۆشبوو، لە لایەكیشەوە لە چاوو زاران لێی دەترساو سڵی لەوە دەكردەوە بكەوێتە بەر چاوو زارانو هەناسە پیسێك بە چاوی ببات.

جار وادەبوو دەستە خوشكەكانی بەرەو روو پێیان دەگوت.. خاتوون زۆرزانو قسە گەورەیە، هەندێكی پێ بگرەوە، منداڵی وەها كەم وایە تەمەن درێژ بن.

بە گوێرەی قسە گەورەییو زۆرزانیو ئازایەتیو چاوقایمیەكەی.. مەیلی بۆ قوتابخانەو خوێندن نەبوو، ركی لە چوونە قوتابخانە بوو.. رۆژێك دەچوو دووان خۆی لێدەدزییەوە، ناوی لە ناو دەفتەری قوتابییە نەهاتووەكان هێمای نەهاتنی لە زۆربەیان زێتر پێوە بوو، پتر هۆگری چەكوچو گازو پلایسو ئاسنو پاسن بوو، گێولی بەم كەرستانەوە دەهاتو لێی وەڕس نەدەبوو، لێی گەڕابوان لە بەیانییەكەوە تا ئێوارێ هەر خەریكیان دەبوو، بیری لە چوونە قوتابخانەو خواردن نە دەكردەوە.

خاتوون خانم رۆژانە چەند جاران لە شێرەی دەپرسی كوڕی كێیت؟ یەكسەر وەڵامی دەدایەوەو دەیگوت:

- كوڕی دایكمم.. خاتوون.

خاتوونیش پێدەكەنیو باوەشی تێوەر دەهێناو پێی دەگوت:

- جار جارە كوڕی بابەش بە.

هەوەسی بە پرسیارەکەی خۆیو وەلاّمی کوڕەکەشی دەهاتەوەو هەر جارەی کە لێی دووبارەو سێبارە دەکردەوە پێیوابوو لەوە پێشو پێشتریش لێی نەپرسیوە.. ئەوەندە وەلاّمەکەی بە دلّ خۆشبوو پێی دەگەشایەوە.

***

ئەبو عەلی لە غەمی گونە رەشەی خۆی چووبووە ژووره تایبەتەکەی کۆمپانیا، لەوێ دەستوور وابوو نابێت کەس بەلایەوە بچێت، هێشتا بۆ کۆتایی وادەکەش چەند کاژمێرێکی لەدەست مابوو، تا بن ملانیش لە نێو بیرکردنەوەو هێنانو بردنو تەتەڵە کردندا رووچوو بوو، جار چاوی لە تەلەفۆنە نۆرمەلەکەی سەر مێزەکەو جار هەستی بەلای مۆبایلەکەیەوە بوو، جاریش چاوی لە ژووری ئیدارەی پێشانگاکە بوو، چ بە دەنگ چ بە رەنگ هاوپارەکان.. هاوقازانجەکان.. هاوگیرفانەکان بە هاوارییەوە بێنو پێشی تایێ بەرەی چارە بە ئاریشەکە دابدەنو فەرامۆشی بێتەوە.

لە پێشمەرگایەتی چەند جاران قۆرتیان بۆ لێدابوو.. بەسەر بۆسەدا کەوتبوو، لە شەڕی دوژمندا فیشەکی لێبڕابوو، وەکو ئێستای تێنەکەوتبووو سەری لێنەشێوابوو، دوژمنو دەمو لچی هەڕەشەیانی لێبزرە.. دوژمنێکی دەمامك کراوە.. لە پەناوە خۆی لیێ مەلاّس داوە، دەیبینن، نایانبینێت، غەم و ترس دوژمنی دەمامك دراوبوون دەوریان لێگرتبوو.

ترس وغەمەکەی لە قەلاّتە داروخاوەکەی شارگەورەترو قەبەتربوو، کە لەبەر ململانێی دەسەلاّتداران لایان لێنەدەکردەوە بنیات بکرێتەوە، ئەویش لە بەرامبەر داواکەیان وەکو خانووە رووخاوەکان زۆر بێدەسەلاّتو زەلیل بوو.

تەلەفۆنە نۆرمەڵەکە زریکەی لێهەڵسا، دڵی بە خورپە کەوت، تێیڕاما.. چەند چرکەیەك زەنگەکە ژوورەکەی بە بنە خۆ داگرت، وەکو دەست بۆ ئـاگر بـەرێت بـە ترسەوە گووشییەکەی هەڵگرتو هەلاۆو سلاۆ بە گوێچکەی گەیشت، لەو سـەرەوە دەنگێك پێیگوت:

"ئەبو عەلی چوار شاحینە لاندکرۆزەری مۆدیل دوو هەزارو سێزدە بۆت هاتووە لە بازگەی شار وەستێنراون یەکێك بنێرە با کارەکان راپەڕێنێت"

بە یەکدوو باشەی بن سمێلاێن سکووتی پێکرد، لە پێشە خۆیەوە بڵمـە بڵمێکـی کردو گوتی:

- بە ئومێدی چ بوومو چیم بۆ دەرچوو !.

جاران دڵی بە هاتنو گەیشتنی شاحینەی ئۆتومبیلان خۆشدەبوو، ئـەمجارەیان پێیوابوو چوار شاحینە لە نوێترینو تازەترین لافاوی دەردو بەلاێیان لـە عـاردو لـە ئاسمانان وەکو لافاوەکەی قەومی نووح بێت بۆی داباریبێتـە خـوارەوە.. میـسقالە زەرەیەك خۆشی پێنەهات و نێو دەروونی تەفرو توناکرد.

هێندەی پێنەچوو کە تەلەفۆنە نۆرماڵەکە بە هەواڵـە خۆشـەکە دڵـی نـاخۆشو سارد کردبوو، دەنگی مۆسیقایەك لە مۆبایلەکەیەوە هات.. پێدەچوو نۆرماڵەکـەو مۆبایلەکەی بە دزییەوە پرۆتۆکۆلێکیان لە دژیدا مۆرکردبێت، دەیزانی مۆسـیقاکە لە کوێدا نووزەی لەبەردا دەبڕیت پێشەوەی نووزەی لێببڕێت هەڵیگرتو گوتی:

- بەڵێ... فەرموو.

بەڵێو فەرموویەك لە قوڕگو دەمێکەوە دەرچوو دەتگوت دەمێکە قسەی پێدا نەهاتۆتە دەرەوەو ژەنگ گرتوویەتیو قسەی پێنەکراوە.

دەنگەکەی ئەوسەر وەکـو چـەکوچ بەسـندانـدا بـدات ئـاوا بـە پەناگوێیـدا داو هەستو خوستی لەبەردا بڕیو قوڕگ و دەمارەکانی وشك کرد..

"نامەوێ قسەکانی نێو نامەکەت بۆ بڵێمەوە.. قسەو کردەوەمان یەکـە، چـەند کاژمێرێك بۆ وادەکەمان ماوە، دەوڵەتی عیراقـی... پێویـستی هەیـە، مێـشکت جەمکـە.. چـاومان بەسـەرتەوەیە.. ئۆتومبیلەکـە لـە پێـشانگاکە دەرچـووە، پیاوەکانمان هەواڵی گەیشتنیان پێنەداوین، خوێنی خۆت لە ملەخۆت، دەزانـین بـۆ کوێ چوویتە، سەرت بە چەند ماڵاندا کردووە، لە کوێدا ساتمەت کردووە.. کەمێك پێش ئێستاکە چیت بۆ هاتووە، شت نییە لە ئێمە نهێنیو شاراوە بێت، دەسـتمان دەگاتە هەموو شوێنێك.. خزمەتکردن بە ئیسلام قوربانی دەوێت.. بۆ ئەوەی چاك بزانـیو تێبگـەی هێـزو دەسـەلاتمان لـە شـارەکەدا چـۆنە دوای یەکـدوو کـاژمێر موژدەکت پێدەگات، لەو شوێنەی بۆمان دیاری کردوویت چۆنمان گوتووە چاوەڕێین..

دەنگو قسە بڕا، زمان لەناو حەوشەی دەمیدا چەشنی قاپ قاپەیەکی ویشكو بریشکی لێهات، وەکو ئەوکەسەی پێیدەکەوێتە سەر مینو کاتێ پێیـدەزانێت، بـۆ ئەوەی پێیدا نەتەقێتەوە هەستو خوست لە خـۆی دەبڕێـتو.. لـە ترسـاندا حیـزە هەناسان دەدات، بەسەر کورسییەکەوە کەتو مۆت لێیکەوت، گەر دەمـو دەسـت هەڵسابوایەوە قاچەکانی رایان نەدەگرتو دەڕماو دەماودەم دەکەوت.

گومانی لە خۆیو لە دەوروبەرو لە هەموو شتێکدا پەیـداکرد، بـرای دووانـەی هەبوایە پەنجەی گومانی بۆ درێـژ دەکـرد، دنیـای لـە پـێش چـاودا رەشو تاریـك داهات، پێیوابوو هـەر چ دووکـەڵی بـۆڕی نـەوتی شـارەکەیە کراوەتـە ژوورەکـەو مەودای بینینی لێ بڕیوە، وەکو ئەوکەسانەی شادەماری خوێنبەری دڵیان دەگیرێت

هەناسەی سوارو کورت بوو، چەند خولەکێك بەسەر کورسییەکەدا تەزوویەکی سارد دایگرتو خۆی لە بیرکرد، گەشکەدار کە پاش چەند خولەکێك گەشکەکە بەریدەدا وردە وردە ئالۆزی جەستەی نەرموخاوو بەرەو ئاسایی بوون دەچێتەوە، ئەویش وردە وردە شلەژانو بێ هۆشییەکەی لێ سووکتر دەکرد، ئیفلیجانە هەنگاوی هاوێشت، ژوور بە دوای ژوور.. پێشانگا بە دوای پێشانگا.. شەقام بە دوای شەقام دا دەهاتو بە دوای خۆیەوە جێیدەهێشتن، هیچ بە خۆی نەزانی بە کوێداو چۆن چۆنی رێی کردووە.. بێئاگا لە دەورو بەر.. لە قازانجو زەرەر.. لە بازاڕی ئۆتومبیلو شەحنو شەحنکاری.. لە کاتو سات.. لە برسێتیو تێنوویەتی.. لە هەوەسو زەوقو حەزو ئارەزووی دنیا.. وەکو جەستەیەکی بێ سەر دەڕۆیشت.

مۆسیقای مۆبایلەکەی باغەڵی جارێكو دووانو سییان نە قورچەی لێگیرکرد، دەستی برد سەوزەکەی داگرت..

دەنگێك هاتە نێو گوێیو وڕو کاستری کرد:

"ئەبو عەلی هەر چوار شاحینە لاندکرۆزەرەکان ئاگری تێبەردرا.. ئاگر.. ئاگر....."

ئاگرو سووتاندنی شاحینەکان، ئاگرەکەی بابە گوڕگوڕ بوو هاتە پێش چاویو چاوەکانی پێ زەقکردنەوە، سیمای دەموچاوی تێکچوو.. بەژنوباڵای تێکشکا.. ترسی سبەیو دووەی مۆتەکەو مەرگە مووش بوو بۆی دەهات.

سووتاندنی شاحینەکان هەورە تریشقەی بەهارانە بوو بە بازاڕی پێشانگای ئۆتومبیلانو شارەکەدا تەقییەوە، پڕوشکی بە هەموو شارەکاندا گەیشتو کۆمپانیاکانی هێنانی ئۆتومبیل غەمیان لێنیشتو میدیاکان بۆچوونو قەتارو ئەڵلاوەیسیان لەسەر گوت، کەسیش لە ئەبو عەلی باشتر وانەکەی لەکن رەوان نەبوو.

# واهیمه

واهیمه، لێفەو بە تانیبوون بەم سبەینەی صاڵحانە لەناو جێگەو بالینگاناندا بەخاتوون دا درابوون، ئەو ختوورەیەی لە دوێنێوە خزیبووە نێو دڵییەوە بەرینەدابوو، غەم پەردەیەکی تەمتومانی لە نێو دڵیدا هەڵدابوو، دڵی کردبووە تاریکستان، بیری بۆ سی ساڵێك گەڕاندەوە کە تازە شووی بە رەسووڵ کردبوو، لە تاقەژوورێکی کرێدابوون، هەژارو نەدار بە سکێ تێرو بە دووان برسی بوون، کاتێ بۆنی خواردنێکی خۆشیان لەماڵە دراوسێیەك بە سەردا دەهات دەمیان لیکاوی دەکرد، ئەو سەردەمان کە نان نەبوو بیخۆن وەکو دوێنێو ئیمڕۆی صاڵحان نارەحەتو دڵتوند نەبووە، ئەوەی کە غەم و مەراقەکەشی لێ پتر دەکرد نەیدەزانی بۆ وایلێهاتووەو چی وایلێکردووە.. نە ئازاری هەیە نە کولكو ناسۆر، نە برینو سۆ، نە قونێرو لاڕەشە لێیداوەو کەچی دەردیشی گرانە " لە نێو جێگەکەیەوە دڵ توند، غەم و مەراق دایگرتووە، دنیای ئەم سبەینەیەی لە دنیای پێریو بەسترپێرێی نەدەکرد، دڵی لێی کەوتبووە هەنجەتان، ئەوەی گەلێك پێ خۆشتر دەبوو کە پێیان گوتبایە حاجی رەسووڵ ژنی بە سەرت هێناوەو بوویتە هەوێدار، ئەوسا

غەمەكەی دیارو ئاشكرا دەبوو.. ئەو كاتە هۆكاری غەمەكەیو دڵتوندییەكەی خۆی دەزانیو دەیزانی چۆن لەگەڵ ژیانی هەوێدارییەكەی.. خۆی دەعاملێنێت!؟ هەر ئەوەیان بوو شتێك لە بە شەكەی شەوانی لێ كەم دەبووەوە، وەلی غەمی ئێستاكەی خۆی لێ حەشار داوەو دەمامكی كردووەوە.. ترسی پێ نیشاندراوەو دیاریش نییە، لە مەڕ غەمەكەیەوە قسەیەكی باوكی هاتەوە یاد كە كچ بوو هەر جارە دەیگوت.. ئەگەر شتێكت بەسەر هات یان ئاریشەیەك هاتە پێش ئەگەر هۆكارەكەیت زانی چارەكردنی ئاسانە.. چۆن دكتۆر كە نەخۆشێك دەچێتە لای ئەگەر نەخۆشیەكەی دۆزییەوە، ئەوە چارەكردنەكەی ئاسانە، ئەگەر نەشیزانی چییەتی ئەوە دەبێتە پەللارە كوێرە، پەللارە كوێرەش یا پێیدەكەوێت یان پێیناكەوێت.

خاتوون چاوساغە وەلی نازانێت پەللارەكوێرە بە چیو بە كوێندەرێ وەبنێت، هیچ لە هۆی غەمەكانی نازانێت، عەقڵی بە شتدا دەشكێت، ئێستا مێشكی بڕناكات ، دەزانێت دڵی زەنگی بڤەی بۆ لێداوەو نارەحەتی كردووەو دەقرقرێت، غەم.. ترس، واهیمەو مەراقبوون بە نێو دڵیدا ڕێچكەیان گرتبووو دەهاتو دەچووو سەری لێشێواندبوو، كاتێ دڵتوندییەكە لێی توونەد دەكرد لە هەر جێگەیەك بوایە ئەوێی بە جێدەهێشتو وەكو نەخۆشێ ڕەبۆی هەبێت هەناسەی كورت دەبووو بە دوای هەناسەیەكی ڕەحەت لە هاموشۆدا دەبوو.

واهیمەكە كاتو ساتی بۆ نەبوو، فێ ئاسا كە بۆی دەهات، بلاێسی هێمنیو ئارامی.. لە دەست دەدا، لە خاتوونێتیو تەگبیركەریو سەنگینیو ژنانەیی دەكەوتو بێ ئۆقرەو سەر لێشێواو دەبوو، حاجی ڕەسووڵی مێردیو شێرەی كوڕی

دەبوونە تەگبیرکەریو دڵنەواییان دەکرد، کاتێك دڵتووندییەکەی بەریدەدا بلاٌنسی جارانی دەگەڕایەوەو دەبووەوە خاتوونەکەی جاران، نە خۆی بە دەردی خۆی دەزانی نە ئەوانیش، ئەوەی دەرکی پێدەکرد ئەوەبوو کاتێك رەسووڵو کوڕەکەی بە دەورییەوە دەبوون کەمتر بۆی دەهاتەوە.

شێرە، کە نۆ مانگو نۆ رۆژ لە هەناوی دایکیدا بووەو، بە ئاوو خوێنی ئەو هەناوە پێگەییوە، شتێکی لە غەم و مەراقی ئەو هەناوو دەروونە شێواوو شێلووە تێنەدەگەیشت.. شتێك کە لێیدەزانی ئەوەبوو کە لای چۆڵ نەکرێت، بۆیە بە باوکی گوت:

- باوکە تۆ لە لای دایکم بمێنێوە.. ئاگاداری بکە، با لای چۆڵ نەبێت، بۆخۆتانیش بە یادی جاران ! بەلکو ئێێم !...

# ئۆفیس

خانوویەك كەوتبووە پەڕگەوە، نە زۆر گەورەو نـە زۆر بـچووكیش بـوو.. مـام ناوەندی بوو، جوانو ڕێكو پێك دروستكرابوو، گەراجەكـەی بـە ڕەحـەتی جێگـەی ئۆتومبیلێكی لاندكرۆزەری تێدا دەبووەوە، دەركەیەكی بچووكیش بۆ هاموشۆكردن بـە تەنیـشت دەركـە ی گەراجەكـەوە هـەبوو، دیـواری حەوشـەكەیو رووكەشـی خانووەكە بە بەردی مەڕمەڕی مەیلەو قـاوەییو بـەردی حـەللان داپۆشـرابوو، لـە دەرەوەڕا جوانییەكی ئەوتۆی دابوویە، هەر پیادەیەك بە لایدا تێپەڕیكردبا تێر تێـر تەماشای دەكردو، ئافەرینی نەخشەكەیو دەسـتو پەنجـەی وەستاكەشـی دەكـرد، كەسگەلێك كە لە رۆژئاواوە بەرەو رووی خانووەكە بهاتنایە " هازا من فزلی ربـی " كە بە خەتێكی جوان لەسەر بەردێك هەڵقەنـدرابوو بـە نێـو چـەوانی خانووەكـە چەسپو بەند كرابوو دەخوێندەوە، ئەگەر خوێندەواریشیان نەبووایە ئەوە لە شێوەی نووسینەكە دەزاندرا ئایەتێكی قورئانـەو بـۆ دوور بـوون لـە چـاووزارو ڕێزگـرتنو ستایش لە رزقی خودا لە خانووەكە دراوە، ئەو كەسـگەلانەیش لـە رووی قیبلـەوە بـەرەو خانووەكـە بهاتنایـە ئەگـەر سـێرەی تەماشـایان بگرتایەتـە ئەنـدازەو

لێکوەشانەوەی دیوارو بەردو پەنجەرەکانی ئەوە "ماشائەڵڵا"یەك لە نێو چەوانی رووی قیبلەدا زەق دەبووەوە، ترسی بەچاوبردنی تەماشاکەرانی ئەو لایەشی دەبڕی.

دوو تابلۆی گەورە بە خەتێکی جوان نووسرابوو (کۆمپانیای........ بۆ بەڵێندەرایەتیو بازرگانی گشتیی سنووردار.. خاوەنی حاجی رەسووڵ کاکەمینو کوڕەکانی) کە بە موو لە نێوان ئەم دوو تابلۆیەوە جیاوازی نەدەدیترایەوە، یەکیان لە رووی رۆژئاوای خانووەکەو بە تەنیشت "هذا من فضل ربي" قایم کرابوو، ئەویکەیان بە رووی قیبلەوەو بە تەنیشت "ماشەڵڵا" کەوە لێدرابوو. خانووەکە لە نێو دەروازەکەوە دوو دەرکەی تێدابوو.. یەکیان یەکسەر بۆ ئۆفیسی کۆمپانیاکەو ئەویکەیان بۆ ناندین دەچوو، کەس بۆی نەبوو بە پێڵاوەوە لە دەروازەکەوە بەرەو ژوورتر بچێت، لە دوای ئەم دوو دەرکەیەوە سەر عاردو کاشیەکان مۆکێت رێژ کرابوون، سێ چوار جووت نەعلی سەر فەرش داندرابوون ئەوەی حەزی لێبوایە بەسەر پێیەوەی دەکرد، کورسیو مێزێکی رەنگ قاوەیی نمرە یەك کە لەگەڵ بۆیەی ژوورەکە رێك دەهات روو بە رووی دەرکەکەوە داندرابوو، ئایەتێکی قورئان "بسم الله الرحمن الرحيم وان يكاد الذين كفروا ليزلقونك بأبصارهم لمّا سمعوا الذكر ويقولون انه لمجنون وماهو الّا ذكر للعالمين" کە لەسەر پێستی ئاسك نووسرابووەوە بە دیواری پشت کورسییەکەوە قایم کرابوو، ئۆفیسەکە قەنەفە ریز کرابوو، بەرماڵەکەی حاجی رەسووڵ بەقەد کراوەیی لەسەر عەللاقەی جلهەڵواسینەکەوە داندرابوو، ئەم بەرماڵە تایبەت بە حاجی بوو.. کەس بۆی نەبوو لەسەر ئەم بەرماڵە نوێژ بکات، لە مزگەوتەکەی نزیك ماڵەکەشیان بە زۆری لەیەك شوێندا دادەنیشت.. ئەگەر جارجارە نەناسێك بچوایە شوێنەکەی بگرتایە هەر لە دەورو

بەری شوێنەکەدا دادەنیشتو نوێژی دەکرد.. لە ماڵەوەش لەیەك شوێندا دادەنیشتو ئەمشوێنو ئەو شوێنی نەدەکرد، خوا کە ئاوڕی لێدابووەوە هەژاریو نەداریی جارانی خۆی لە بیر نەکردبوو، بەرچاو فراوانو نەفس بەرزبوو، حەزی بە پیاوەتی دەکرد، رووگرژو مۆن نەبوو.. لەگەڵ میوانانداا مەشرەف خۆشو حاتەم بوو.

ئۆفیسو ناندینەکە دیوارێك لێکی کردبوونو لە ناوەندی دیوارەکەو بەرامبەر کورسیو مێزەکە کە شێرە لەسەری دادەنیشت.. جامێك بەدرێژی دوو مەتر لە دیوارەکە گیرابوو، هەر جارەی کە میوانیان بهاتایە.. شێرە لە شوێنەکەی خۆیەوە چاوی دەدایە چایەچیەکەو بە هێمای پەنجە ژمارەکەی تێدەگەیاند، گەر داواکەی قاوە بوایە هەردوو لێوەکانی لێك دەکردەوەو لە نێو قوڕگییەوە بێ دەنگ دەیگوت قاااوە... ئەگەر چایشی بویستایە بەسەری زمانیو نزیك ددانەکانی پێشەوەی بە ئاستەم لێوی لێکدەترازاندو دەیگوت چ چ چا.. بۆ هەردوو هێماکەش پێشتر پرۆڤەیان لەسەر کردبوو.

خانووەکە، لە کەرستەو پێداویستیەکانو پاکوخاوێنیدا لە موتێلی پێنج ئەستێرە دەچوو، دەستشۆر.. گەرماو.. ئاودەست ئاساییو رۆژئاوایی هەر یەکەو نەعلو خاولی خۆشی هەبوو، ئاوی ساردو گەرم.. سابوون.. شامپۆ.. کلینکس لە مشەبوون.

ژوورێك بۆ ئەو میوانە بازرگانانەی کە لە شارەکانەوە دەهاتن، ئامادەو رێکخسترابوو، هەموو پێداویستییەکان لە برنجو رۆنو خوێ.. لە تەماتەو شتی کە.. سەوزەو.. میوەو.. چەرەزات بە زیادەوە لە ناندینەکە کۆمەڵ کرابوون.

شێرە لە ڕۆژەکانی پێشتری درەنگتر گەیشتە کۆمپانیا، بەسەر کورسییەکەیەوە دانیشتو دانەنیشت.. چایەچیەکەی بە خێری هێناو پێیگوت:

- ئەگەر ئەمرێك کارێکت هەبێت.

- کامەران سەرم ئەوەندە ژان دەکات، ئەگەر چاییێکم بدەیتێ بەڵکو مێشکم بێتەوە سەر خۆی.

بە چاوانێکی بەرەو رووی هەڵداو گەڕایەوە دواوە.

# رفاندن

ئۆتومبیلێك بە چوستی لە پێش دەرکەی کۆمپانیاکە وەستا، هەموو بەیانییان شێرە کە بۆ کۆمپانیا دەهات ئۆتومبیلەکەی لە هەمان شوێنی ئـەو ئۆتومبیلـەی کە ئێستا لێی وەستا راگیریدەکرد، یان دەیخستە گەراجەکەوە، ئەم چێشتەنگاوەیان بە هۆی مەراقی دایکییـەوە هـەر لـە لێـواری جادەکـەو روو بـە رووی کۆمپانیـا وەستاندی.

سێ کەس بە جلی کارکردنەوە بە هەمان چوستی ئۆتومبیلەکە کـە تەنیـشتی لای سەکنی دایـە دەرکەکـەو لـە هـەمان لاوە هەرسـێکیان دابـەزین، شـوفێرەکە ئۆتومبیلەکەی نە کوژاندەوە، ئەوان لە دەرکە بچووکەکەوە زۆر بە سەربەسـتی بـە حەوشە کەوتنو چەکەکانیان دەرهێنا، لە دەروازەکە رەچـاوی پـێلاو داکەنانـدنیان شەقێك تێهەڵدا، دەرکەی ناندینەکە کراوەبوو (کامـەران)ی چایـچی خـەریکی چـا تێکردن بوو، عیزرائیل ئاسا بێ پرسو خوست گەیشتنە سەر روحیو یەکیان شـانی گرتو دایهێنایەوە عاردیو نەیهێشت فزە لەبەریـەوە بێـت، کامـەران شاگەشـکە بوو، هەندی بڵێی یەکو دوو یەکیان شـریتێکی لـە دەمـو لێـوی داو، بـەو رسـتە

نایلۆنانەی ئەمریکیەکان دایانهێنا کە دەستی تیرۆریستانیان پێ گرێدەدا، دەستو قاچیان پێ بەستەوە.

شێرە کاتێك سەری بەسەر مێزەکەوە بوو، مژوولی هەندێ پسوولەی کارەکانی دوێنێ بوو، سێبەرێك لێی نزیك کەوتەوە، پێیوابوو کامەران چایەکەی بۆ هێناوە، دەنگی پیاڵە دانانی نەبیست.. سەری هەڵبڕیو نەبڕی قونکە دەمانچەیەك بە نێو چەوانی کەوتو نێو چەوانی گەرم داهات، هەڵسایەوە، کابرای دەمانچە بە دەست تێیخوڕی بە گەڵیان بکەوێت.

شێرە دەتگوت مامۆستای کاراتێ یە هەروای کرد مەچەکی دەمانچە بە دەستی گرتو وەکو فرووج هێنایو بردی، چەکدارێکی تریان کەوتە هاریکردنی هاوڕێکەیو بە هەردووکیان کەوتنە تێهەڵدانی، دەستو مەچەکی شێرە دەتگوت چەکوچە بەملاو بەولای هەردووکیانی دادەکوتا، خوێنیش بە لاچاویدا دەهاتە خوارەوە، چەند خولەکێك دەورو بەری مێزەکە بووە گۆڕەپانی تێك گیربوون، بە دووان نەیانتوانی زەفەری پێببەنو بەرزەفتی بکەن، چەکداری سێیەم کە ببووە پاسەوانو لە ناو دەرکەکە وەستابوو نەوەکو کەسێك بێتە ژوورەوە، کاتێ زانی دوو هاوڕێکەی لەبەر دەستی غەنیمەکەیان بوونەتە فسۆس پاڵەوان.. ناچار ئەویش دەرکەی جێهێشتو پەلاماریدا، شەڕی یەك بەسێ لێکدانو مستەکۆڵە وەشاندن بەر پەنا گوێو دەمولووتو شان وپیل دەکەوت، شێرە لە ترسی چەکەکانیان نەبوایە دەیتوانی سەرو ملیان وەکو کارتۆن تێکوپێك بشکێنێت، چەکدارەکانی چاك شپرزە کردبوو ئەوانیش نەیاندەویست تەقەی لێبکەن نەوەك خەڵکی جادەکە لە خۆیان ئاگادار بکەنەوەو بەسەریاندا بڕژێنو پلانەکەیان شکست بێنێتو

بگیرێنو ئاشکراش بن، شێره شێرانه شەڕی دەکرد، دەیزانی ئەگەر فریاد رەسێکی بۆ نەییێت کۆتاییەکەی ئەوان سەردەکەون، بۆیە ئەو دەیویست بە درەنگیان بێخێت بەڵکو یەکێك لە ناسیاوەکانی بە ژوور بکەوێتو بەهانایەوە بگات.. کە یەکێکیانی بەرزفت دەکرد دووانەکەی تر دەیانکوتا، جەنگی مەغلوبێك بوو بۆ خۆی.. گەرمەی شەڕ.. گەرمەی بۆکس وەشاندنو یەکانگیربوون دەتگوت لە نێو ئۆفیسەکە کۆنە ئامێرێك کار دەکاتن، تەقە تەق.. گرمە گرم.. خشینو خزین.. خڕە خڕ.. مرشە مرش.. زیقە زیقو هنکە هنك، راکێش راکێشی یەکتر.. خشینو خزینی کورسیو مێز.. دەنگی کەوتنی شتەکانی سەر مێزەکە.. هنکە هنكو مرشە مرشی هەناسەیان.. تەقەی کەوتنی عەللاقە نیوە نیکلو نیوە مەڕمەڕەکە ژوورەکەی بەبنە خۆدا گرتبوو.

بۆکس بەر بۆکس دەکەوت، هەندێجار بەهۆی راوەشاندنی بە پەلەو شپرزەو بێ سێرەگرتن مشتەکۆڵە وەکو هی یاریزانی بۆکسێن بە هەوادا دەڕۆیشت، ئەو مشتەکۆڵەیەی کە جێگەی خۆی دەگرت زلقەو چرقەی بەرکەوتنی لاجانگو چەناگەو لووتو دەمو لچ دەهات، بێ ناوبژیوانو کارتی زەردو سوور.. شەڕی بردنەوەی لایەنێك درێژەی کێشا، یەکێك لە چەکدارەکان هەلی دەسکەوتو دزەی لە شێرە کردو پشتی لێگرت، یەك بە دوو مەزاقەکە خۆشتر بوو، چەکدارەکەی پشتەوە کە بە مەرامێکەوە ئەوێی لێگرتبوو، قۆنداغەی چەکەکەی تا هێزی تێدا مابوو خێواندییە پشتە سەری شێرەو بەری چاوەکانی تاریك کرد، مۆم کە دەسووتێ چۆن لە سەرەوە را دەچۆڕێتەوەو تۆپەڵ لە خوارەوە دەکات.. دەلعاز کەلاواژ بووەوەو بێهۆش بە تەنیشت کورسیو مێزەکەوە خپ بوو. چەکدارێکیان

دەست وقاچی شەتەکدا، یەکێکیشیان خۆی گەیاندە شوفێرەکەو پشتاو پشت ئۆتومبیلەکەی پێ هێنایە گەراجەکەوە، هەرسێکیان بە خشکە خشكو راکێشو هنکە هنك دەتگوت گردۆلکەیەك بە دەستیانەوەیە.. قاچیان لە عارد توندو گیردەکرد، گەیاندیانە پشت ئۆتومبیلەکەوە، یەکیان دەستی لەبن شانیو یەکێکیشیان هەردوو قاچە بەستراوەکانیو سێیەمیشیان دەستی لە نێوقەدیەوە گیر کرد، یەك.. دوو.. لە ژمارە سێوە تەکانیان داو بە نقە نق خستیانە نێو سندووقی ئۆتومبیلەکەو شریتێکیان لە دەمی داو سندووقەکەیان لەسەر داخستو بۆی دەرچوونو دەرکەی کۆمپانیایان لەسەر پشت جێهێشت. کە لەسەر کوشینی ئۆتومبیلەکە ئۆقرەیان گرت، ئەوسا ئارەقەی دەمو چاویان سڕییەوەو هەناسەی سەرکەوتنیشیان هەڵکێشا، ئۆتومبیلەکەش هەناسەی پڕ بەنزینی هەڵکێشاو لە ئەگزۆزەکەیەوە بە سووتاوی دەریدەداو جادەکانی دەبڕی، جارێك بەملاو جارێك بەولادا دەسووڕایەوە، هەر جادەو دوکانو کۆلانێ بوون بە دوای خۆیاندا جێیاندەهێشت.

شێرە سندووقەکەی پڕ کردبووەوە وهەر دوو چۆکی بە چەناگەی وەنووسابوو، چەشنی مردوو کە لەسەر تەنیشتی راستە درێژ دەکرێت.. درێژ کەوتبوو، وەلی جار سەری دەکەوتە قیبلەو جار پێینگانی دەکەوتێ، لە دنیای بێئاگاییو بێهۆشیدا دەلەقیەوە.

شوفێرەکە ئەوەندە جادەو کۆلانانی کرد، دەتگوت بووکی هەڵگرتووە دەیەوێت تا کچێنییەکەی پێماوە بە شارەکەدا بیگێڕێت.. یان ئەنقەستەو سەر لە دواوەی خۆی دەشێوێنێت، یان رێگای مەقسەدو مراز دوورەو وادەخوازێت.. ئۆتومبیلەکە

بەسەر نشینەکانیەوە دەلەقینەوەو شێرەش لەنێو سندووقەکەوە دەهەژایەوە، لەگەل ˇ هەژانەوەدا هۆشی هاتەوە بەر، وایزانی مردووەو لە نێــو گۆڕدایــەو رۆژی حەشــرو حیساباتە.. تاریکی دەوری دابوو.. لەگەڵ هەڵبەزینەوەیەکی ئۆتومبیلەکە لە خۆی گەیشت کە ماوە، مێــشکی جــەمکرد، زانــی لــە کوێدایــە، تەکانێکیــدا بــەهۆی گرێدانی دەستو قاچیەوە تەکانەکــە کــورتی هێنــاو جەخماخــەی ئــێشو ئازارلــە جەســتەیدا دایــە بــەر تریوانــدن، گــوێی پێنــەداو تــەکانێكو دووانو ســییانو... شوێنەکەو بەستانەوەکە لێنەدەگەڕا دەســەڵاتی بەســەر هێــزی خۆیــدا بــشکێت.. هێزیان لیّ قۆرخ کردبوو، خــۆی هاوێــشتە ســەر پــشت، قاچــەکانی لــەبن میــچی سندووقەکە گیرکرد، بەوەندە هێزەی تێیدا هەبوو، پــاڵی دا، زمانــەی ســندووقەکە نەترازا.. نەترازا..

شێرە بە خۆی نەزانی چەند لە بێهۆشــییەکەیدا مــابووەوە.. شــپرزەو هەناســە سوار دەتگوت برك لێیداوەو، لە ئازارو بروسکە بروسکی گیــانی رووداوەکــەی بــە بیرهاتەوەو تێگەیشت راستییەکەو لە خەون دەچێت، نەمردووەو بــە زیندوویــەتیو زەقەی چاوان لە گــۆڕو دۆزەخیــان پەســتاوە، رۆژی رۆشــنو رووناکیــان لیّ زەفــت کردووەو لێیان بە شەوە زەنگو تاریکستان کردووە، پێش ئەوەی چــەکدارەکانی لیّ پەیدا بــبن هەناســەی ئاســایی هەڵدەکێــشاو ئێــستاش هــەوکیان گرتــووە، ژووری ئۆفیسی ٥×٦ مەتریان بە زیندانی تاکە کەسی ١٠٠× 60 سەنتی مەتر گۆڕیوە، هێــزە خۆرســکە ســکماکییەکەیان لیّ بــەرزەفت کــردووە، ســی ســاڵەی تەمــەنی چۆلەکەی لە ئاو نەکردووەو تووشی گونە رەشەی خۆی هاتووەو لە خەونیشدا شــتی وای بەخۆوە نەدیوە.. وایان لە قەپێلك ناوە جوولەو فزەیان لەبەر بڕیوەو بەرزەفتیان

کردووەو لە سندووقی ئۆتومبیلیان پەستاوە، هەواش دەبێت بە ئەندازە هەڵمـژێت، ئەو کەمە هەوایەی کە لە سندووقەکەدا هـەبوو بەشـی پێـنج شـەش مریـشکانی نەدەکرد، ئەگەر زوو سندووقەکەی لێ والا نەکرێتەوە دەخنکێـت، لـە منداڵییـەوە خۆی راهێنابوو لە مەلەکردنی بـن ئاوێـدا فێرببـوو بتـوانێ هەناسـەی خـۆی زۆر رابگرێتو هەناسە نەخواتەوەو پتر لە بن ئاوێدا بمینێتەوە، وای دانا نـەوەکو وەهـا زوو سندووقەکەی بەسەردا والا نەکرێتو بۆ ئەوەی بەرگە بگرێتو بتوانێت زێتر خۆ راگرێت.. جار جارە هەناسەی خۆی رادەگرت، ویستی رێگەیەك بـۆ هـاتنی هـەوا بدۆزێتـەوە، بەحـەلا وەلاو هەوڵـدانێکی زۆرەوە خـۆی بـەلای بـەگ لایتەکانـدا وەرسووڕاند، خۆی تازو فیز کرد، شانی لە قووڵایی سـندووقەکەی لای راسـتە گـیر کردو پێیـە بەستراوەکانیـشی لـە قـەپاغی لای چـەپەی بەگلایتەکـە تونـد کـرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی ویستی بە هێزو تەکانێك درزێك یا ترازانێك لە نێوان قەپاغەکەو بۆدییەکەدا دروست بکات، هێشتا زیرەو جیرەی بـە باغـەو بۆدییەکـە نەهێخستبوو، کـە دەرکـی سـندووقی لێ والا کـرا، لـە بنـە بـانێی سـندووقەکە جەستەی خاو کردەوەو لەسەر لاوە دیقەتیدا دەتگوت کەوتۆتە بنـی بـیرو گورزێـك رووناکیو باوەشێك هـەوا خۆیـان بـە دەمـو چـاویدا داو پێڵـووی چـاوەکانی پـێ وێکهێنایەوەو هەستی بە فێنکایەتییەك کـرد.. وەکـو شـتێکی قورسـیان لەسـەر سنگی لابردبێت سنگی فەرەح بووەوە، پێش چاوی رووناك بووو نـەبوو سـێ چـوار سەرکی دەمامك کراو لە پڕ وەکو جنۆکە بە سـەریدا شـۆڕبوونەوە، لـە شـانی روو هاتنو قاچیان کردەوە، وەکو ئیفلیجێك لە نێو سندووقەکە دەریـان کێـشاو تێیـان هەڵدایە ژوورێكو لێی وەژوور کەوتنو یەکیان تێیخوڕیو پێیگوت:

- سەرت داخە، هەر کاتێك یەکێك لە ئێمە هاتە ژوورەوە نەکەی تەماشامان بکەیت.. ملت شۆڕدەکەیت، نەوەکو ملت دەپەڕێنین.

دووانیان بە پێلەقان بەربوونە تێهەڵدانی، دەتگوت نانی بابیانی خواردووە، وەها بە رقەوە لێیاندەدا، زەلیلو بێدەسەلاّت خۆی لە بن پێلەقەکانیان دا راگرتبوو.. لە حەژمەتان ددانی قرساندبووو لێوی خۆی دەکرۆشت، کاتێك لێی کشانەوە دەنگی مۆبایلەکەی لە گیرفانیدا لە جیاتی ئەو هاواری لێهەڵسا، چەکدارێکیان دەریهێناو مراندییەوەو خستییە گیرفانیو بە هەناسە بڕکێوە لە ناوەکەی پرسی..

شێرە دەلعاز وای بە مێشك داهاتو پێی چاکبوو ناوەکەی خۆی نەڵێت، وای بۆ چوو دەبێت لەو رفاندنەدا ئەویان مەبەست نەبێتو هەڵەیەك کرابێت بۆیە لە وەلاّمدا کە سەری لە عاردی نابوو گووتی:

- ئەسەد.

ئەو چەکدارەی مۆبایلەکەی لێ وەرگرتبوو هەر ئەویان بە تووڕەییەوە گوتی:

- ئەسەد!!؟ تو ئەسەد.. تو سەگی سەگباب ! نا تو بەراز، خنزیر، ناوی راست بڵێ..

- ناوم ئەسەدە.. ئەسەد.

- ژمارەی مۆبایلی کەسێك نزیك خۆت بڵێ؟

نەیویست ژمارەکەی حاجی رەسووڵی باوکی بداتێ، حەزی نەکرد باوکی گوێی لە هەڕەشەی چەکدارەکان بێت، نەوەك دڵی بەرگەی قسەیان نەگرێتو شتێکی لێ بەسەر بێتو خراپتر لە پاشتر، وای پێ باشبوو ژمارەی برا بچووکەکەی بدات، ئەو

خوێندەوارێکی باشەو چاوکراوەیەو شتی زۆر خوێندۆتەوەو لە دنیا دەزانێت، بەڵکو هەڕەشەکانیان بۆ خاوو سووکتر بکاتەوە تا بەرگەی ڕووداوەکە بگرن.

دوا بەدوای ئەم لێکدانەوە خێرایە ژمارەی براکەی پێدان، هەر لەوحەلان دابوو یەکێك هاتە ژووریۆو کەوتە تیمارکردنی برینەکانی، تیمارکردنەکە شتێکی بۆ عەیانکردو ناڕاستەو خۆش دڵخۆشکەرە بوو کە جاریٚ دەیهێڵنەوەو نایکوژن تا بە مەرام نەگەن، ئەویش لەمەرامیان گەیشت، لە کاتی تیمارکردنەکەدا قسەیەکی باوکی هاتەوە یاد کە زۆر جاران دەیگوت "ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیەتی"

دوای تیمارکردنەکە کە ئازار پێدانو چارەسەرکردنیش بوو.. چەکدارێکی کەیان وەکو تانجی ڕست بکات تۆقێکی کانزایی کردە ملی، بە زنجیرێکیش هەر دوو دەستی بەستایەوەو لەگەڵ زنجیرەکەی کە لە تۆقەکەی ملییەوە شۆڕببووەوە بە یەکیانی گەیاندو هەر دوو قاچیشی بە زنجیرێکی تر بەستایەوە، ئەوجا بەدەنگێکی گڕ پێیگوت:

- هەر کاردانەوەیەکی خراپ بکەیت بە ژیانت کۆتایی دێت.

"دەبێت لەمە خراپتر چیم لێبکەن"

ئەمە وەڵامێکی بێدەنگبوو کە لە هەناوی خۆیدا بە چەکدارەکەی گوت.

کپیو خامۆشی ژوورەکە دەنگی قفڵکردنی دەرکەکەی پێگەیاند، چەند خولەکێك هەستی لە خۆ بڕیو مێشی لە خۆی دەرنەکرد، دڵنیا بوو کەسی بە دەوردا نەماوە، دەستەکانی برد ئەو پەڕۆیەی کە لە کاتی بەستنەوەکەیدا چاویان پیٚ بەستابووەوە هێنایە خوارەوە، جیاوازییەکی لە نێوان بەستنەوەی چاویو لادانی پەڕۆکەدا بەدی نەکرد، چاوی بە دەورو بەری تاریکییەکەدا گێڕاو بە گۆدە گۆد

وەکو کوێر جوولاّیەوە، بە دیواری ژوورەکەدا سووڕاو دەستی پێداخشاند، لە بن دەستو پەنجەکانیدا لەبغێکی لپر لپرو بەرزو نزم و زبری هەست پێکرد، کە لە ئیشی ناوەستایان دەچوو، کە گەیشتە دەرکەکە وەکو دەرکەی مەرقەدی پیاو چاکێك دەستی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەرو لە سەرەوە بۆ خوارەوە پێداهێنا، تروسکاییەکی رووناکی دزەی لێوە نەدەکردە نێو ژوورەکەوە، ئەوەندە مەحکەم دروستکرابوو، وەستایانەش لە دیوارەکەوە بەندو قایم کرابوو، کوێرانە دەستی پێداهێنا نە کیلۆنێك نە دەسکێکی گرتنی پێوە نەبوو، لووسو پووس هیچی لەگەڵدا نەدەکرا، مەزەندەی کرد ژوورو دەرکەکە تایبەت بۆ ئەم کارانەیان بنیات نابێتو بارمتەکانیان تێدا حەشار بدەن.. نائومێدانە لێی دانیشتو لە شوێنەکەیدا خزیو پشتی بەلا دیوارێکیانەوە داو قاچەکانی لێ راکێشاو دەنگی زڕەی زنجیرەکە لە ژوورەکەدا دەنگی دایەوە، بۆی عەیان نەبوو دانیشتنەکەی رووەو رۆژئاوایە یا رۆژهەلاّت یان رووەو قیبلەیە..

شێرە بە حوکمی کاری کۆمپانیاکەی سەدەها ژووری دیبوو، لە ژیانیدا ژووری ئەوها تاریکی نەدیتبوو، وەکو ئەوە وابوو لە نێو بەرمیلێکی نێو رەشی تەسكو تریسکیان پەستابێتو دەورو بەری هەر رەشاتیو رەشاتی بێت.

لەنێو چەقی تاریکییەکەدا کەوتە خۆ دواندن:

"پێویست دەکات عاقلاّنە رەفتار بکەم، ئێرە جێگەی سەر لە خۆ شێواندن نییە، پەلکوتان دادم نادات، لە یادمە کە منداڵ بووم فاقم بۆ چۆلەکە دادەنایەوە، کاتێ پێوە دەبوون هەر فڕکان فڕکانو پەلکوتانیان بوو، هەندێکیان بەم فڕکان فڕکانانە دەپسان، منیش بە فاقێ وەبوویمە، فڕکان فڕکانی ناوێو پێویستە سەر لە

خۆم نەشێوێنم، عەقڵۆ بیرکردنەوەی دروست لەم شوێنانەو لەم تەنگژانەدا چارەیە، لاملی کردن لە گەڵیاندا خراپتر لە پاشترە، ئەو چەکدارانە ئەگەر تەگبیرو بەرنامە رێژییان بۆ رفاندنی من نەکردبێت، تووشی شکست دەهاتن، دوور نییە چەند جارانیش خۆ بەخۆ پراوەیان لە سەر پلانەکە کردبێتو بۆ هەموو ئەگەرێکیش ئامادە باشیان کردووە، ئەگینا چۆن وێرایانو توانیان چێشتەنگاو کە گەرمەی بازاڕو هاتو چوونە لێم بە ژوور کەون، کێ نالێت خەڵکم لە لا نەدەبوو، یا لە کاتی هێرش هێنانیاندا میوان بەسەردا نەدەهاتن، خۆ دەستی خۆیان بۆن نەکردبوو تووشی هیچ ئەگەرێك نابن، بۆیە پێویستە هەنگاوێك نە هاوێم.. قسەیەك نەکەم ئەگەر نەزانم بۆ کوێ دەچێتو کێ دەگرێتەوە، لێرە جوولانەوەم بە گوێرەی دڵو دڵخواز تووشی نسکۆو هەڵەم دەکات "

دایکە ! هۆ دایکە.. دایە خاتوون.. دایە گیان.. دەزانم هەواڵەکەت پێبگات کاریگەری خراپی بەسەرتەوە دەبێت، لەسەر غەمی خۆم غەمی تۆمە، دەزانم دڵت بەرگەی ئەم هەواڵە ناگرێت، دەخوازم راستت پێنەڵێنو فرتوفێڵت لەگەڵدا بکەنو بە شتێکی کە بیگۆڕنو نەیەڵن راستییەکە بزانیت، خۆ لە ختو خۆڕایی نەبوو تووشی ئەو نیگەرانیو دڵتوندییە ببوویت، دڵت رادار بوو، لێی عەیانو ئاشکرا بوو شتێك روودەدات، تۆی خاتوونو تەگبیرکەر، تۆی کابانو رێ نیشاندەرو قسەزان، زۆر جاران پێت دەگوتین ئیشکەرم بمرێتو تەگبیر کەرم نەمرێت، دوو رۆژان پێشتر دڵت هەواڵی پێدابوویتو هەستت بە گرێ کوێرەیەك کردبوو.. وەکو شێتانت لێ هاتبوو، ببووە مایەی سەر ئێشەو دڵتووندییەکەت، دڵت وەك ئاوێنە شتێکی خراپی پیشان دابوویت.. نەشت دەزانی چ رووداوێك چ بەلایەك بە رێوەیە،

ئێمەش هەستمان پێنەدەکرد، کە قەوما ئەوسا زانـیم کـە دڵـی تـۆ چـەندە روونو بێگەردە، دەزانم گەر بتزانیایە وام بەسەر دێتن وەکو ئەمانە دەتبەستامەوەو سـندم و زنجیرت دەکردە پام و لە ماڵەوەدا دەتهێشتمەوەو رێگەت لە فڕاندنەکەم دەگـرت، دڵت هەواڵی خراپی پێدابوویتو دوو ڕۆژان تێکچوونو وڕێنە کردنەکـەت بـێ هـۆ نـەبوو، مــنو حــاجی بــاوکم زۆردڵمــان دایتــەوە کەچــی قــسەکانمان تیمــاری دڵتوندییەکەی نەکردی، دڵت بە قسەکانمان ئاوی نەخواردەوە، دەبووایە بیزانم شتێك بەڕێوەیە چونکە کە هەمووما‌ن لە دەورت دا دەبووین تـۆ بـەلاَت لێ نـەدەما، دڵ ئاوێنەی دڵە بەلاَم نەشتزانی کوڕەکەت دێتە فڕاندن، دوعای دایك گیرایە.. خـودای گەورە سوێندی بە دایكو باوك خواردووە، تۆش دوعاو نـزاو پاڕانـەوە لـە خـودای عاردو ئاسمانان بکە، خودا حەزرەتی یونس پێغەمبـەری لـە نێـو سـکی نەهـەنگ رزگار کرد، تۆش لێی بپاڕێوە بەڵکو لە چنگ ئەمانەو لە زیندانی تاریكو تەنیا.. لە سندم و زنجیر قورتارم بکاتن، خاتوونی دایکم ئـەوەی ترسـە لـە دڵمـدا نییـە.. ئەوەی لە تۆشم دەوێت دوعایەو دوعاو هیچی کە، تۆ دایکی دڵت درۆی لە گەڵـدا نەکردوویت، دڵتوندییەکەت هێمای ئەم کارەساتەبوو، بـەلاَم نـەبووە رێگـریش بـۆ ئەوەی روونەداتن، دایکە من لە نێـو ئـەم تاریکـستانەی تێیکەوتوومـە بـە دوای ئارەزووی دڵمدا ناکەوم، دەبێت سەبر بگرم، شەیتان پەلەی کرد چاوێکی خۆی کوێر کرد، ئێستا بەدوای حەزو ئارەزووی دڵمـدا بـچم حەزدەکـەم دەرکەکـە بـشکێنم.. دیوارەکە بڕووخێنم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە لاتان، بۆشم ناکرێت کەواتە دەبێـت ملـی خۆم بشکێنم، ئەم تەنگژەیە هێمنیو ئارامی دەوێـت.. عـەقڵی دەوێـت، عـەقڵو بیرکردنەوەی راست کلیلی کردنەوەی رێگا داخراوەکانن، رەفتار کردن بە ئـارەزووی

دڵ لەم کونە رەشە چ فایدە نادات، بەڵکو تەگبیری دەوێت، منیش کوڕی دایکێکم کە خاتوون بووەو تەگبیرکەرو رێ نیشاندەری خانەوادان بووە، لە هەژاریو نەبوونیدا تەگبیرکەرو رێ نیشاندەری کارو کاسبیی باوکم بوویت، تەگبیرکەر تۆبوویتو جێبەجێکاریش رەسووڵ، بەو نانەی ئیمڕۆ وا لەخوانە گەیاندوونی، رزگاربوونو بە رووناکی گەیشتنەوە پەلەی ناوێت.. لەم تەنگانەو تاریکییەدا پێویستە سەر لە خۆ نەشێوێنم.. دەست کە کەوتە بن بەرداشی پێویست دەکات بە زانایی بیهێنیتە دەرەوە، جا بۆ گەیشتن بە ئارەزووی دڵ پێویستە عەقڵی لەگەڵدا بەکار بهێنیت، بە تەنیا یەکێك لەم دووانە دا هیچ ناکرێت، هەر دوو تەواوکەری یەکترن، تەگبیریش لە پەیبردنو سەردەرکردنو زانینو ناسینی دەورو بەر سەرچاوە دەگرێت، بۆیە دایکە.. خاتوونەکەی تەگبیران.. تەگبیرکەرەکەی خاتوونان، منیش بە عەقڵ تەگبیر دەکەم.. بە عەقڵ لە گەڵیاندا دەجووڵێمەوە، هەر جارە گوێم لە باوکم دەبوو دەیگوت ئەوەی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە، دایە گیان ئەوەی لە تۆم دەوێت دوعاو بەس.. لە تۆ دوعاو پاڕانەوە لە منیش حەرەکەتو عەقڵ بەکار هێنان، پشتو پەناش لەلای خوداو ئەللا ورمان لە جێی نەرمان".

هەر لەگەڵ کردنەوەی دەرکەکە خێرا خێرا پەرۆکەکەی گەڕاندەوە سەرچاوی، گورگ چۆن بۆنی گۆشت دەکاتو پەلامار دەدات.. یەکێکیان ئەوها هوروژمی کردە سەریو دایە بەر لەقەو تێهەڵدان، کۆڵی ژەهرو تووڕەو قینی تەواو بەسەردا رشت، پاشان بە دەرزەنە جوێنێك کە لە قوتوی عەتارانیشدا دەست نە دەکەوت جوان جوان شووشتییەوە، لە پاشاندا پێی گوت:

- ئەوە بۆ درۆت لەگەڵدا کردم، بۆ گوتت ناوم ئەسەدە، تۆ ناوت شێرەیە.. شێرەی حاجی رەسووڵ.. ها.. هەی سەگی تۆڕی، جارێکی دی درۆمان لەگەڵدا بکەیت ئیمڕۆت جەژن دەبێت تێگەیشتیت.

شێرە لەگەڵ خۆیدا گوتی ئێستا گومانم نەما کە هەڵە لە کارەکەیاندا نەبووەو مەرامیان من بووە، گومانەکەیان بۆ فت کردم.. لە ژیانیدا فێرنەببوو کە قسان بکاتو سەری لەبەرە خۆی بێت، لە کاتی قسەکردندا حەزی کردووە تەماشای نێو چاوی بەرامبەرەکەی بکات، ناچار ئێستا سەری شۆڕکردووەو بە چاوی بەستراوەوە هاتە قسەو گوتی:

- درۆم لەگەڵدا نەکردوون، چونکە من دوو ناوم هەیە، ناوی خۆم شێرە یە، بەلاّم هەر بە ئەسەد بانگ دەکرێم.. ئەوەندەی بە ئەسەد ناسراوم نیو ئەوەندە بە شێرە نە ناسراوم.

چەکدارەکە بەسەریدا نەڕاندیو گوتی:

- ئەسەد.. ئەسەد ! تۆ رێویش تەواو نیت، تۆ گۆلکی.. ئەو هەموو گۆشتە هی گۆلکە گۆلك.

- تۆ راست دەکەیت، قسەی تۆیە، ئەوان وام پێدەڵێن..

چییان بگوتایە بۆی دەسەلماندن، بە تەڵەکەوە ببوو، نەرم کێشانی پێ عەیب نەبوو.. لە نێو بێدەنگیەکەیدا قسەی میوانێکی کۆمپانیای لە مێشکیدا زرینگایەوە "پیاوێکی ئازا دەکەوێتە بۆسەی دەستە دزێکەوە.. بەهۆی تەختایی شوێنەکە لە دەستیان رادەکات، دزەکانیش دەکەونە دوایو مەزاقی پێدەکەن، ئەویش لە راکردنەکەدا چاو بۆ پەنایەك.. گابەردێك دەگێڕیتو بۆی رێدەکەوێتو

خۆی دەداتە پەنایی‌و تفەنگیان لیّ گرِدەدات‌و هاواریان بۆ دەکات ئەگەر ئازانە بۆم دێنە پێشیّ، دەیانداتە بەر گوللان‌و ناهێلێت کەسیان ببێتە بـرای کەسـیان"، بـیر هاتنەوەی قسەکە بووە مایـەی ئـەوەی لەبـەر خۆیـدا بلێـت.. "ئازایـەتی ئەگـەر عاقلّی‌و هۆشیاری و مەندی لە گەڵدابێت، نایدۆرِینی".

چەکدارێکیان شانی گرت‌و لە رووناکی دەرکەکە نزیکـی کـردەوەو پەرِۆکەکـەی سەر چاوی لاداو داوای لێکرد بکەوێتە سەرچۆك‌و سەری بلّند بکات، یەکێکیشیان بە کامیرایەکی ڤیدیۆیی خەریکی وێنە گرتنی بوو، لـە پاشـاندا بـە بەرچـاوییەوە هەندیّ نانە رەق‌و چەند دەبیە ئاوێکیان فرِێدایە سووچێکی ژوورەکەو پەرِۆکەکەیان خستەوە سەر چاوی‌و دەرکەکەشیان بەسەردا قفلّ کردەوە.

# دابڕان

له دەورو زەماندا رێكەوت لەگەڵ ئادەمییاندا شان بە شان هاتووەو جار جـارە بە گوێرەی شانسو بەختەكەی سەرە دیقانێی بۆدەكـاتو دەیگرێتـەوە، دیقانێكـە دوو رووی بەرو پشتە، روویەكی بە قازانجو سـەركەوتن، روویەكیـشیان بـە زەرەرو شكست هێنان، جڵەوی رێكەوت بە دەست ئادەمییانەوە نییـە، وەكـو رۆژگـار یـا بەفایدە یان بیّ فایدە دێتو دەڕوات.

چێشتەنگاوی رۆژی فڕاندنەكە، رێكەوت تەمغەو مۆری دمۆری خۆی بێئـەوەی شێرە هەستی پێبكاتو پێبزانێت لە نێو چەوانی دابوو، رێكـەوت مـەیلی تـەبایی لەگەڵدا نەكردبوو، قاچێكی بۆ نەشكاند تا لە جیـاتی چـوونە كۆمپانیـا.. بـچێتە نەخۆشخانە، یا ئۆتومبیلێك خۆی بە ئۆتومبیلەكەیدا نەكێشاو ناچار بێت روو لـە فیتەرو وەستاكاری ئۆتومبیلان بكاتو رێی چوونە كۆمپانیـای لیّ بگۆڕیبووایـە.. یان پێداویستیەكانی كۆمپانیا خۆیان لە خانەكانی مێشكی نەدا تـا وای لێكردبـا رێگۆڕی پیّ بكاتو چێـشتەنگاوەكە بـەلای كۆمپانیاكەیـەوە نەچـێت، رێكـەوت نەهاتە پێشیّو بچێت سەرێك لەو كرێكارو وەستایانە بدات كە ئیشی دروستكردنی

خانووەکانی کۆمپانیایان دەکرد، یا نەکەوتە بیری بچێتەلای دکتۆرە ناسیاوەکانی حاڵو سەر لێشێواوی دایکی بۆیان باس بکاتو ئەو چێشتەنگاوە روو لە کۆمپانیا وەرگێڕێ. یان بۆ رێکەوت وای پێنەکرد ئەو رۆژە لەگەڵ حاجی رەسوولی باوکیدا لە ماڵەوە لای دایکی بمینێتەوە، یان بۆ دەرکردنی مەراقەکەیو جەنجاڵی مێشکی بە ئاریشەکەی دایکیەوە رووی ستێرنی ئۆتومبیلەکەی بەلای هاوڕێیەکی وەرسووڕینێ، تا بە باسو خواسان غەمەکەی لە بیر بکاتو بحەسێتەوە، یان شەو بۆ تەگبیری ئەوە نەهاتە پێشێو بەیانیەکە سواری فرۆکە ببێتو بۆ هاوردەکردنی کەلوپەل روو لە ئێران یا تورکیا بکاتن، رێکەوت هیچ یەك لەمانەی بۆ نەهێنابووە پێشێو مەیلی تەبایی لەگەڵدا نەکردو تەمغەی دمۆرییەکەی بێ منەت لێوەشاندبووو رووی لێوەرگێڕابوو، رێکەت رووی مەیلی راستو دروست لە ئەغیارانی کردبوو، چای چێشتەنگاوی فڕنەکردو بە تامەزرۆیی هێشتییەوە، چێشتەنگاوەکە رۆژی لێ گیراو تاریکستانێك وەکو گەردەلوول لە ناو خۆی لوولیدا.

ساتەکانی رۆژی لێ تێکچووو بەریهاوێشت، رێکەوت دەستی خۆی لێوەشاند.. لە باوەشو ئامێزی هاوسەرێو دایكو.. باوكو کوڕە تاقانەکەی دابڕاند، لەو ماچانەی جگەرگۆشەکەی کرد، کە وەکو موگناتیس هەرچی ماندوبوونی رۆژێی هەبوو لە جەستەیدا دایدەچۆڕاند، کورسیو مێزو ئۆفیسی کۆمپانیا بێناز مانەوە، ئۆتومبیلە رانج رۆڤەرەکەی کەس دڵی نەدەهات وەکو جاران بیهێنێو بیبات.

لە رووناکی دابڕا.. ئازادی لێ زەفتکرا.. تاریکی باوەشی تێوەرینا.. شادی باریکرد، غەم دایگرت، جار جارە بە دەست خۆی نەبوو لە نێو تاریکیو تەنیاییدا گومان دەیویست زەفەری پێببباتو سەلاریی لە دەست بدات، گومانەکەی لە دەورو

بەری یەك كەسدا خەرمانەی دەدا، بازی گومانی لەسەر سەری كامەرانی چایچی دەنیشتەوە، گومانی لە گومانەكەی خۆی پەیدا دەكرد، دەیویست گومانەكە لە مێشكی خۆی دەركاتو بەهەر شێوەیەك بێت لەبیرخۆی بەرێتەوە خۆی مژوولی بیرۆكەیەكی تر دەكرد، بێ فایدە دەردەچوو چەند چركەیەك رادەبوردو گومانەكە جێگەی بە بیرۆكەكە لەقدەكردەوە.

كامەران لە بەیانییەوە تا دوای نوێژی شێوان بە دەورییەوە دەهاتو دەچوو، ئەو هەر چایچی نەبوو، پاسەوانو سووكەلەی بەر دەستیشی بوو.. پەیدابوونی هەوری گومان وڕێنەی پێكرد:

"بلێی كامەران زمانی لێدابمو پاش دزی بۆ كردبنو، ناوە راستەكەی پێ گوتبن، دار دەلێت ئەگەر بیور كلكی لە خۆم نەبێت نامبڕێت ! نا.. نا.. پێم وایە كاری شەیتانەو دەیەوێت مێشكم تێكبداتو زەلەم پێبكاتو دلم لێی كرمێ بكات، ئەو كوڕە تا هەنووكە بێ غەلو غەش لە كۆمپانیا كاری بۆ كردووین، پێم وایە نمەك بە حەرامیم لەگەڵدا ناكات.. رۆژێ لە رۆژان خۆم لێی زوێر نەكردووە، سالانێكە لەلامان كاردەكات هیچم لێی نەدیتووەو دلم لێی پیس نەبووە.. نەمهێشتووە كەموكوڕی هەبێتو هەرخۆی كلیل بەدەست بووە، رۆژێك شتێكی نەگوتووە گوتبێتم نەء و دلم شكاندبێت تا كاردانەوەیەكم بەرامبەر بكات، جارێك چییە لەسەرخەرجی كۆمپانیا هەقو حیسابم لە گەڵدا نەكردووە، نەء. شتی واناكاو نمەك بە حەرامیم لە گەڵدا ناكات.. هەمووی غایلەی شەیتانە، شەیتان ئادەمو حەوای لە خشتە بردو زەلەی بە شێخو مەلاو موریدان كردووە، نابێت، كامەران كاری وام لەگەڵدا ناكاتو پاش دزی نە بۆ ئەمانەو نە بۆ كەسی تریش لە دژی مندا ناكاتو پێلەقە لە بەختی خۆی نادات "

قسەکانی وا لێ ئاڵۆزببوو چاکوخراپی تێکەڵاو دەکرد.. جار باشەی بۆ دەگوتو جار خراپی بۆ دەچوو...

ئـای خودایـە خـوا بکـەم حـاجیو براکـەم وەکـو ئێـستاکەی مـن سـەریان لێنەشێوابێتو بە ڕێی گومانەکەی مندا نەچووبێتنو ! کـاری خراپیـان بەرامبـەری نەکردبێت...!!!

هەر ئەوەندەی یەکودوو گومانەکە وڕێنەکەی بەلایەکی تردا بردەوە:

"ئەم سەردەمە سەردەمێکی خراپە، متمانە لە نێـوان بـرادا نـەماوە، تـەماح تۆوی دوو بەرەکی چاندووە ئەوەی ری لـە خـەڵکی ون دەکـاتو خـەڵکی تووشـی هەلاّن دەکات تەماحە، دیارە تەماحیان داوەتیّو تـەماحیان پیـشان داوەو کاکـەو برالەی خۆیان کردووەو کڕینو فرۆشتنیان پێکردووم، تەماح.. ئا... تـەماح، ئـەی برا لەسەر تەماح برای خـۆی نەکوشـتووە؟ کـوڕ لـە پێنـاو تەماحـدا دەسـتی لـە خنخنۆکەی باوکی نەناوەو نەی.... ، هەموو شتێك دەبێت، لەم سەردەمەدا نابێت نییە، دەبێتو دەبێت.."

بۆ چوونی دەبێتو نابێت لە نێو مێشکیدا لە ململانێدا بوون، وەکو قـرژاڵ بـە دوو سەر دەڕۆیـشت، جـار جەمـسەری نابێـت کامـەران نمـەك حـەرامی لەگەڵـدا کردبێتم، جار سەردەم گۆڕاوەو وەفاو دڵسۆزی لە کۆمەڵدا باریکردووەو بۆ تـەماح هەموو شتێك دەکرێتو دەبێت جێگەی دەگرتەوە.

شێرە تا ئێستاکێ لە ژیانی خۆی نـە دەترسـا، دەیزانـی کراوەتـە ئامرازێـك.. پردێك بۆ گەیشتن بۆ ئەو تەماحەی کە نازانێت چەندە؟ تـەماحێك ئـەو وەکـو لـە فیلماندا دیویەتی بە بارمتە گیراوە تا چەکدارەکان بە مەرامیان بگەن، ژیـانی بـە

قەنارەوە کراوە با دەیهـەژێنێتو دەیهێنـیٚو دەیبـات.. مەترسـییەکەش لـە دوای وەرگرتنی پارەکە دەست پێدەکات، چەندەها بارمتە لـە لای گرووپـە چـەکدارەکان کاتیٚ پارەکەی خۆیان وەرگرتـووە.. بارمتـەکان بـە کـوژراییی کەوتۆتـەوە دەسـت خاوەنەکانیانەوە، ماڵی سپی ئەگەر رۆژە رەشی شێرە رووناكو رۆشن نەکاتەوە ئەو حەلە سەریش دەچێتو ماڵیش تێدەچێت.

شێرە نە لە تەنیایی نە لە غەمی نانو ئـاو نـە لـە تـاریکی بـاکی نـە بـووو نەشدەترسـا، لـە مـردنیش بـاکی نـەبوو دەیگـوت جارێکـەو بـە دوو نابێـتو پەلکوتانیشی ناوێتو لە ئانو ساتی خۆیدا دێت. ئەو لە غـەم و خەفـەتی خۆیـدا نەبوو.. لە خۆی گەیشتبوو کە بە بارمتە گیراوە، بێئەوەی ئەوان هیچی پـیٚ بڵـێن لە مەرامیان گەیشتبوو، تێگەیشتبوو بۆچیو لە پێناو چیدا بارمتە کراوە، غـەم و مەراقەکەی لە نێو ئەم زیندانە تاریکەدا کە بەر پێی خۆشی نابینێـت.. لـەو رۆژە رەشە ناهـەموارو دژەدا کـە هـەوکی لیٚ گرتـووە غـەم و خەفەتەکـەی پتریـان بـۆ دایکێتی، چونکە بۆ جەرگی خۆی زۆر کولە، ئەو هیشتا لە پێش چاویو لە مـاڵیٚ لە لای بوو لە چ حاڵو پەرێشانیو سەرگەردانییەك دا بوو، ئێستا سڵ لە گەیشتنی هەواڵەکە دەکاتو غەمی لە دوای زانینـی هەواڵەکەیـە کـە دەبێـت چـی بەسـەر بێنێت، پێیوابوو هەواڵەکە یەکسەر تووشی سەکتەی دڵی دەکـاتو لـە حەژمـەتان بەرگە ناگرێتو گیان لە دەست دەدات، ئەگەر نەیشی کوژێـت شـەپلە لێیـدەداتو ئیفلیج دەبێتو زمانی لە گۆ دەکەوێت، حەیفو مخابنی لە بۆ دایکە خاتوونی بوو، دەبیٚ هەواڵەکە چۆن چۆنی بقۆزێتەوە !؟ بڵێی لە مەشیان خاتوونی پێوە دیاربێـت؟ بڕوای بە دڵی خۆی نەدەکرد دایکی لـەم کارەسـاتەدا خـاتوون بـێتن، چـونکە ئـەم

رووداو و کارەساتانە مردنیان لیّ لە ژیاندا نزیکترە، جەرگ سووتانیش خـۆراگرتنی دەویّت.

* * *

چەکدارەکان لەسەر بەستنەوەی مەحکەم راهاتبوون، چایـچییەکەیان وا کلـك‌و گویّ کردبوو دەتگوت بە عاردەکەوە بەستوویانەتەوە.

ریّکەوتیش وا هاتە پیّش لە چیّـشتەنگاوەوە کەسـیّك سـەری بـە کۆمپانیـادا نەکرد، رۆژان خاوەن پیّداویستییەکان.. کریّکار.. وەستا.. میوانی بیّ ئیشوکار بۆ کات بەسەر بردن‌و دیشلەمە خواردنەوە دەهاتن، ئیمڕۆکە کەسیّك لەمانە نەیگوت سەلاموعەلەیکوم.. وەکو ئاشیّك ئاوی لیّبڕابیّت‌و دەنگۆی بیّ ئاویەکەش بە دەورو بەردا بلاّوبووبیّتەوە کەس بۆ باراش لیّکردن بەلایەوە نەچوو.

کامەران کاتیّك بە خـۆی زانییـەوە عەسـریّکی درەنگبـوو، ئەوەشـی بـەهۆی کاژمیّرەکەی بەرامبەریەوە زانی کە لەسەر لا چاوی لیّکرد، کە هۆشـی هـاتبووەوە چەند کاژمیّریّك بەسەر بیّئاگاییەکەی‌و رووداوەکە تیّپەڕی کردبوو، نەیزانی لەگـەڵ بەستنەوەکەدا لیّیاندابوو پیّی بیّهوش کەوتبوو، یان ترسی رووداوەکە لیّی کردبـووە فیّ‌و تووشی بیّهۆشی کردبوو.

هەستی راگرت، کۆمپانیا کشومات، لەبن شریتەکەی سـەر لیّـوی مـڕە مـڕو منگە منگی پیّدەکرا، ئەو هەموو هنکە هنك‌و منگە منگە بیّ کەڵك دەردەچـوو نەگەیشتە دەروازەکەش، لە حەلاوەلای ئەوە دابوو ریّگەیەك.. چارەیەك بدۆزیّتـەوە خۆ لەو ئاریشەیەدا رزگار بکات، مام بابۆی ئیفلیجـی گوندەکـەیانی هاتـە پـیّش چاوی کە هەردوو دەستی‌و هەردووقاچی لە نیوەڕا نەبوو.. بە خۆ گەوزاندن بەسـەر

سنگو پشتیدا دەیتوانی رۆژێ چەند مەترێك عارد ببڕێت، لەو ئالۆزییەدا مام بابۆی لێ بووە فریشتەیەکی رێنیشاندەرو هاتە پێش چاوی‌و یەکسەر یەکدوو گەوزانی بە حالّ دا، بۆ ئەوەی خۆی لەسەر باری درێژی بێنێتە سەر باری پانی دەرکەکە کەوتە گەوزو تەکانان، وایان شەتەك دابوو دەستو قاچی لە تەکانانـدا هیچ بە هانای نەدەهات، تا گەوزو تەکانێکی بە خۆ دەدا ئارەقەی رەشو شینی دەردەداو هەناسەی سوار دەبوو، لەو گەوز گەوزانەدا دەبوو دوو دەرکان ببڕێت، کە وەکو سیراتەلموستەقیمەکە لێیانی دەڕوانی‌و دەترسا، وەکو ئەو موسڵمانەی کە خاوەنی کردەوەی چاك نییە چۆن لە پەڕینەوەی ئەو سیڕاتەدا غەم دایدەگرێتو ترسی لێدەنیشێت، ئەویش ئاوا لێی بە قوڕس کەوتبوو، دەبوو لە ناو دەرکەکە پتر خۆی وێکبێنێتەوە، بەستانەوەی دەستەکانیشی لە پشتەوەڕا رێگری لەو خۆ وێکهێنانەوەیەی دەکرد، پێیوابوو ئەگەر سیراتەلموستەقیمەکەی رۆژی حەشر بووایە لە لای ئاسانتر دەبوو، چونکە هەندێك کردەوەی خواناسی کردبوو تەسكو تریسییەکەی بۆی بە پانوبەرین بکاتو لێوەی بپەڕێتەوەو خوداش ئەرحەمولڕاحیمینە، بە هەزار نقەو جقەو هەناسە دانو هەناسە خواردنەوە گەیشتە پێش دەرکەی یەکەم، دوای تێفکرین وای بە چاك زانی بە باری درێژی خۆی بە نێو دەرکەکەدا بخزێنێت، هەر لە پێش دەروازەکە بە هەزار نالّی عەلی خۆی سووڕاندو قاچەکانی روو لە دەروازەکە کرد، وەکو ئەوانی لە نێو ئاو پشتە مەلە دەکەن پاژنەی پێیەکانی لە مۆکێتەکەی ژێری گیرکردو تەکانێکی بە پشتی بەرەو پێشە وە داو بە دەستە بەستراوەکانیشی کە لە پشتییەوە لە عاست پژدێنی گیر ببوو، پەنجەکانیشی لە مۆکێتەکە دەچەقاندو بەهێزی ماسولکەی پشتیشی بۆ لای

پێیەکانی خۆی دەخشاند، پەنجەکانی دەقرچانەوەو ئـازاری تێـدا دەتێـزا، جارێـكو دووانو دەو بیست، گوێی بە ئازاری پەنجـەکانی نـەدا و، هـەر چـەندە جووڵەکـەی دووبارەو دەبارە دەکـردەوە لێـی مـەعلانتر دەبـووو پـتری لـە عاردەکـە بـە دوای سەرییەوە جێدەهێشت، ئارەقە لە نێو لینگانو پشتە ملییەوە چـۆڕاوکەی دەکـردو مۆکێتەکەی تەڕدەکرد، دەمو چاوی لـە حەژمـەت هێزدانـە بـەرخۆی شـینو مـۆر هەڵدەگەڕا، کاتێ هەردوو دەرکەی بە قوونە خشکە بڕی وایزانـی لـە زێـی دیجلـەو فوڕات دا پەڕیوەتەوەو ژمارەی پێوانەشی شکاندووە، هەوای حەوشـەکە گـوڕاحیو فەرەحییەکی دایێو ماندووبوونەکەی حەساندەوە، بە خۆ گەوزانـدنو غلۆرکردنـەوە خۆی بە پیادەڕۆکەی دەرەوە گەیاند. هەر ئەوەنـدەی گەیـشتە ئـەوێ.. کەسـگەلی پیادەڕۆکە بوونە هەنگو (کامەران) یش بووە حەلانەو تێیوەرهاتنو رژانە سـەریو دەنگۆی نارنجۆکێکی تیرۆریستانەش بوو بە جادەکـەدا تەقییـەوە، دەسـتو قـاچو دەمو لچی کرانەوە، کەسگەلی دەورو بەری بوونە میدیاکارو پرسیار بارانیان کرد، بە هیچ نازانم هەموویانی دەمکوت کردو هەڵـسایەوە، یەکـەم نیگـای بـە پـشت ئاپۆرەکەدا گرتە ئۆتومبیلە وەستاوەکەی شێرە کـە چێـشتەنگاویش دیبـووی هـەر لەوێ راگیرا بوو، ئاپۆرەکەی دڕداو بەرەو ئۆفیـسی کۆمپانیـا هەیپـەیکرد، کـاتێ ژووری ئۆفیسی دیت بە لائسەکەی تێکچووەو شـتێك لـە جێگـەی خـۆی نـەماوە ئەبڵەق بووو لە جێگەی خۆیدا وشك بوو، وایزانی عاردی بن ئۆفیـسەکە لەرزییـەو ئاتاری لە سەر پاتـاری نەهێـشتووەو ئـامێری رێختـەریش بـە پلەیـەکی بەرچـاو لەرزینی ژوورەکەی پیشانداوە، بی ّسـێ و دوو یەکـسەر تەلـەفۆنی لەگـەڵ حـاجی رەسووڵ دا کرد پێیگوت:

- حاجی.. کارێکی پەلەم پێتە خێرا بگەرە کۆمپانیا.

لەوەندەی زیاتری بەدەمدا نەهاتو تەلەفۆنەکەی داخست.

کامەرانی چایچی هەر لە دوای تەلەفۆن کردنەکەوە لە فیکری ئەوەدابوو چ بە حاجی رەسووڵ بڵێت، چونکە بە چاو هیچی نەدیتبووو چ سەرە داوێکی لە دەست نە بوو تا بیداتە دەست حاجییەوە. حاجی ئەوەندە خێرا گەیشتە کۆمپانیا دەتگوت هەناری بۆ نەخۆش هێناوە، چایچی وەکو کەرو لاڵ بێتن یەکسەر حاجی بردە ئۆفیسەکەوە، لە یەك کاتدا هەردوو ئاوڕیان لێکتر دایەوەو روانینیان یەکانگیر بوو، روانینی حاجی دەلالەتی پرسیارێك بوو بە چاوو مێشکی چایەچی گەیاند کە بیەوێت بپرسێت ئەوە چی روویداوە، کامەران یەکسەر هاتە قسەو پێی گوت:

- حاجی ئەوەندە دەزانم سێ کەس لێم هاتنە ژوورێو بە عاردیانەوە نووساندمو دەم و دەستو قاچیان بەستامەوە، هەر ئەوەندەش ئاگادار بووم بە هەیپە لە شێرە چوونە ژوورێو دەتگوت شەمەندەفەرە کۆنەکانە بە ژوورێدا تێدەپەرێت.. غەڵبە غەڵبو تەقە تەقو رمبە رمب بەرز بووە وە، لەوەندە زێتر ئاگادار نیمە، کاتێك بەهۆش خۆم هاتمەوە چەند کاژمێرێك بەسەر رووداوەکە رەتببوو، هیچی کەی لێنازانمو ئاگادار نیمە چییان لێکردووەو بۆ کوێشیان بردووە.. بگرە هۆکاری لە هۆش چوونەکەی خۆشم نازانم بەچی بووە !!؟؟.

حاجی قەدەمی شکاو قاچەکانی خاوبوونەوە، دەتگوت لە پرێکەوە هەشت نۆ ساڵ هاتە سەر تەمەنیو ماسولکەو کەژییەکانی قاچی سست بوونو شنگی لەبەر براو لەسەر نزیکترین کورسی کە لە شوێنەکەی خۆی ترازابوو دانیشتو لە نێو فکران رووچوو.

# گەڕان

لەم تەمەنەیدا حاجی رەسووڵ خراپی بۆ هات، بە تەنیا لەبن ئەو بـارە قورسـە هانکە هانکی بوو، نەیدەویست لە کەسـە نزیکـەکانی غـەمخۆرێك پەیـدا بکـاتو دەستباری لەگەڵدا بگرن.. چونکە رتووشێکی ماقوولانەی بۆ رووداوەکـە کردبـووو بردبوویەوە لایەکی کەو تێیدابزرکردبوو.. ئەو پەردەیەی کە بەسـەر کارەسـاتەکەی دادابوو لەوە دەترسا شەریکی غەمەکە نـەتوانێت سـکی خـۆی بکاتـە عـەمباری نهێنیەکەو لە هەناویدا پێیڕاگیر نـەکرێتو بیـدرکێنێت. لەبـەر خـاتری خـاتوونو بووکەکەشی دەبوو لە ماڵێ بەسـەر خـۆی نـەهێنێتو بەرگـەش بگرێـت، سـەری دنیاشی لێ وێکهاتبووەوە، پـشتی کـووڕ کردبـوو جـەرگو دڵـی کیـسەی ئاویـان هەڵێنابووەوە، ئاگری جەرگ هـیچ یاسـاو رێـسایەکی بـۆ نـە هێـشتبوو، بـۆ بـە دەسـتهێنانی هـەواڵێکی (شـێرە)ش ئەوەنـدە سـەردانی نەخۆشـخانەو ئاسـایشو بەندیخانەو بنکەکانی پۆلیسی کردبوو، ببووە مەعمیلیانو لـە گـەڵ هێندێکیانـدا ئاشنایەتی پەیداکردبووو هەستیان بە کۆستەکەی دەکـردو رێزیـان لێـدەناو دڵیـان دەدایەوەو رووی خۆشیان پیشاندەداو بە ئومێدیان دەکرد، هێندێکیشیان هـەر لـە

دوورەوە کە چاویان پێدەکەوت دەیان منگاندو لە بن سمێڵان دەیانگوت کەس لێی نەقەوماوە !؟ هەر حاجی کوڕی بێ سەرو شوێن بووە، روویان لێ ترش دەکردو گرانیان پێدەفرۆشت.

بێهەواڵی شێرە دڵی سارد دەکردەوە، غەم و خەفەت سات بە سات باری قورستر دەکردو بە ناڵە ناڵی دەخستو شنگی لە بەر دەبڕیو ناڵەی جودایی لە دەروونو هەناویدا بانگی ئاشکرای دەدا. لە کووچەو کۆڵانو جادەکاندا کۆسە بەبایەکی کەم شەرم و قولاغ بوو، وەکو مەلا مەشهوری لێ بەسەر دەهات کە بە منداڵانی گوت راکەن وا لە گەڕەکی ئەولا چوکلات دەبەخشرێتەوە.. منداڵانیش هەپیەیان لێکردبوو، پاشان بە خۆی گوتبوو با بەخۆشم بچم نەوەکو راست دەربچێت، حاجیش ئەوەندە بەو شوێنانەدا دەچووەوە کە پێشتر بۆی رۆیشتبوو.. بەو ئومێدەی لە پەنایەکەوە قسەیەك.. سۆراغێکی لێوە دەستکەوێتن.

حاجی پێیوابوو لەبەرییایەکی کاکی بە کاکیدایەو یەك پنچك چییە بەدی ناکات کە لە ژێریدا بحەوێتەوە، لە حەژمەتاندا شەوو رۆژی لێ بەرەواژ ببووەوە، غەمی شەوانی لە نێو خانەوادەکەیدا لە کنی لە هەمووی گرانترو ناخۆشتر بوو، چونکە دەبوایە هەر چ ئاسەواری غەم و خەفەت لە سیمایدا هەیە وەلاببنێتو بیسڕیایەتەوەو ئاسایی دیار بدات، زۆر جاران لەگەڵ خۆیدا دەیگوت " غەم بۆ پیاوان باشە، هەتا غەمدانم جێگەی دەبێتەوەو دەدرێت هەر تێیدەکەم، با خاتوونو بووکەکەم تێنەگەنو هەواڵەکە نەزانن.. تا خودا دەروویەکمان لێدەکاتەوە، خاتوون دڵی خەبەری پێدابوو شتێکمان لێ بەسەر دێت، ئەو دڵتووندیو سەرلێشێوانەی لە ختوخۆڕاییی دا نەبوو، من لە جیاتی هەموویان غەم دەخۆم، غەم هەر بۆخۆم باشەو قاڵبوویمەوە..."

حاجی بەم هەموو غەم و خەفەتەوە جڵەوی عەقڵی لە دەست نەدابوو، لە دوای بێسەرو شوێن بوونی شێرە بەرنامەی هەڵسووڕاندنی کارو باری ماڵی کە خۆی بە شاگردی خاتوون دەزانی.. هەر لەو سەردەمەی کە تازە ژنو مێرد بوون لێی فێربووو راهاتبوو، پسپۆڕی خۆی لە هەڵسوڕاندنی ماڵێدا بە دەرهێخست، نەیهێشت بە ونبوونەکەی درزی تێبکەوێت، بەمەش دەیویست پرسیارگەلێك نێتە گۆڕێو رێ لەسەر هەڵدانی گومانانیش ببڕێت.

حاجی رەسووڵ بێ ئەوەی لە نواندنو ئەکتەری هیچی خوێندبێتو هیچیشی لێ بزانێتو رۆژێك پێی لە دەرکەی پەیمانگایەك.. ئەکادیمیایەکی هونەری نەنابوو !، لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆی لە هەموو بیستو چوار کاژمێراندا رۆڵی دوو کارێکتەری دەگێڕا.. بلیمەتانە هەر دوو رۆڵ لەو تەمەنەیدا، کە هەر کەسێکی کە بوایە بە چۆکدا دەهاتو پەلوپۆی دەشکا، دەروونناسانە رۆڵی هەر دوو کارێکتەری لە دوو کەسێتی جیاوازدا بەرجەستە دەکردو دەبووە دوو حاجی رەسووڵ، (حاجی رەسوول)ێك هی شەوو ماڵەوە، کە نەیدەهێشت غەم و خەفەتو کەسەر زەفەری پێببەن، ئەگەر دەرکیشیان بە رەنگو روخساری نا ئاسایی کردبا، بە هەنجەتی ژانە سەر کە بە زۆری لە گەڵیدابووو بە هەنجەتی سکچوونو ماندووبوون لێیانی دەشاردەوە، هەرچی قسەو تەگبیرێك پێیبوو کە لە رۆژێدا رێکی خستبوون، لە نێو مێشکیدا وەکو ئەکتەر ئەزبەری کردبوونو لەگەڵ خۆیدا چەند جاران پرۆڤەی کردبوو، شەوان بێ ئەوەی خاتوونی ژنیو بووکەکەی پێ بزانن درۆیەکی سپی بوون بە مەبەستی لە بیربردنەوەو غافلاڵدنیان بۆی دەکردن وئومێدی ئیمشەویانی بە سبەی شەوێوە گرێدەدا.

حاجی ڕەسووڵەکەی ڕۆژێش لەگەڵ حاجییەکەی شـەوێ دا جیاوازییـان عـاردو ئاسمان بـوو، دوو کەسـێتی جیـاواز.. دوو سـیمای جیـاواز.. یـەك جەسـتەو دوو دەروونو هەناوی جیاواز، یەکەمیان هێمن.. دووەمیان کەم سەبرو کەم تەحەمول.. یەکیان ئاسوودەو ئاسایی هەرچـی غـەمی هـەبوون لـە هەناویـدا قفڵـی دەکـردو نەیدەهێشت کاریگەری پێوە دیار بێت.. حاجییەکەی ڕۆژێش غەمبارو خەفـەتخۆرو دێوەرە.. بەهۆی کەمی پشوودان بنـی پێیـەکانی مێروولـەی دەکـرد. لـە هـەموو بارێکیاندا هەردوو هەڵسوکەوتیان جیاواز بوو دەتگوت لە دوو هەناوو دوو دایـكو باوکی جیاوازن.

حاجی، کاتێ شەوی لێدەبووەوەو لە ماڵێ دەردەچوو، وەکو ئـەو کەسـەی کـە سەریان خستبێتە ژێر ئاوو کاتێ سەری دەردەهێنن، چـۆن پـڕ بـە گـەرووی هـەوا هەڵدەمژێتو دەیداتەوە، ئاوا غەمە پەنگ خواردووەکـانی لـە نێـو دڵو دەروونـی بەرەڵلا دەبوونو ڕێگە بە ئاهو ئاخو ئۆف نەدەگیرا کـە لـە دڵو دەروونـی حاجیـدا هەلاوێکی بابەگوڕگوڕیانەبوو دەردەچووە درەوە، غەم و خەفەتو کەسـەر ڕەنـگو ڕووو سیمای دەگۆڕیو بە ئاشکرا دەخوێندرایەوە، ئەگەر لە شەودا فریشتەیەك بـە حاجی بگوتایە بخوازە مرازو ئاواتی دڵت، تـەنیا گێڕانـەوەی شـێرەی لێ بترازێـت ئەویدی هەمووی بخەمە بن دەستو پێتەوە، یەکسەر داوای ڕۆژهەڵاتنی لێـدەکرد، هەڵهاتنی ڕۆژ هەڵاتن بوو لە باستیل، لەو درۆ سپیانەی کـە پـاش چـوونە حـەجو پاکبوونەوە لە گوناە.. بۆ گاڵتەش نەیدەکردن، دەڵێن ناچاری سەر بە ماڵە دوژمـن دەکاتو گوایە درۆی سپیش بە درۆ ئەژمار ناکرێتو خوداش فەرموویەتی ڕەحمەت لەو کەسە بێتن دلاَن خۆشدەکات.

هەرکەسێ حاجی بدیایە نەشی ناسیبوایە.. گەر سەیری دەموچاوی بکردایە ئەوەندەی بەس بوو تا بزانێت غەمو پەژارە سەیناغی کردووەو پەڵەی لە جەستەی داوە، ئەو چەند رۆژانەی رابوردن هیچ هەڵسوکەوتێکی شەوێی لە گەڵ هی رۆژێی تێکی نەدەکردەوە، سەد دەر سەد جیاوازییان هەبوو، ئەگەر شەوان بە ئومێدی رۆژێ نەبوایە هەناسەی شەوی بەهەناسەی رۆژێی نەدەگەیشتەوە.

رۆژانی حاجی رەسووڵ بێ شێرەیی پێوە دیار بووو تووشی نیگەرانی دەهاتو پەشێوی دایدەگرت، بۆی زۆر زەحمەتبوو چونکە بەدەگمەن بە بێ یەکتر دەردەکەوتن.. شێرە هەر کوڕی نەبوو، هاوڕێشی بوو، سالانێکی دوورو درێژبوو باوکو کوڕ وەکو دوو هاوڕێ وەکو باوکو سێبەر وەکو کوڕو سێبەر بەیەکەوە کاریان دەکردو، بۆ ئەملاو ئەولاو بۆ گەشتی بازرگانیو بۆ بەسەرکردنەوەی کارەکانی کۆمپانیا لە نێو شارو لە دەرەوەی شاردا بەیەکەوە بوونو یەك سێبەری ئەویکەیان بوو.

ئەگەر رۆژێك حاجی بە تەنیا کە بە دەگمەنیش وا دەهاتە پێشێ بچووبایەتە شوێنێکەوە یەکسەر لێی دەپرسرا ئەوە چۆنە شێرەت لەگەڵدا نییە، بێ شێرە جوان نییت، ئەگەر شێرەش هەر بەخۆی بچووبایەتە لایەك، بێ سێ و دوو لێیان دەپرسی ئەی حاجی هاوڕێت !؟ خێرە چۆنە لەگەڵتدا نییە، ئەوکەسگەلانەی لە نزیکەوەش نەیان ناسیبوانەو نەیانزانیایە باوکو کوڕن بە شەریکیان دەزانین، باوکو کوڕی وا کەم هەبوون ئەوها پێیان لەگەڵ پێی یەکتردا بێتو لە کارکردنیشدا ئەوها تەباو تفاق بن، تا رۆژی ونبوونەکە کیسەی جودایان نەبوو، خەڵك ئیرەییان بە تەباو تفاقیان دەبرد، لە راو تەگبیر لە یەکتر وەرگرتن.. لە کارو کاسبیو لەیەك دانەبڕانیان بۆ ئەملاو ئەولا دەکەوتنە بەر چاوو زاران.

شەوانەیش دەبوو رۆڵی خۆی بگێڕیو دەمامکێك لەسیماو لە دڵیدا بکاتو بە کۆمەڵێ قسەی زل زل کە دەبوو نە لە دوورو نە لە نزیك بۆنی غەم و خەفەتی لێ نەیەت، فێڵ لە خۆی بکاتو سیمای پڕ لە زەردەخەنە.. لە شەوقو زەوق و.. لێوان لێو بێت لە خۆشییەکی بە قۆپییە، بە درۆی زل زل فریوی خاتوونی هاوسەریو ژنەکەی شێرە بدات، کە لەسەر زاری شێرەوە قسەی پێدەگەیاندن.. سلاوی شێرەی دەگەیاندنێ، دەبوو زۆر وەستایانە بێ گرێو گۆڵ قسەکان بە رێوجێ بگەیەنێتو لە جێگەی خۆیو لە گفتو لوتفی شێرە بچێت، نەدەبوو قسەیەك بڵێت کە هیچ لە قسەی شێرە لە هەڵسوکەوتی ئەو نە چێتو لێی نەوەشێتەوە، حاجی رەسووڵ عاقڵ بوو دەیزانی ئەو قسانەی کە بە خاتوونی ژنی دەگەیەنێت دەبێت چۆن بێت؟ رێك وەکو ئەوەی شێرە لەبەردەم خاتوونی دایکی وەستابێت چۆن دەستی لە کاتی قساندا بەکاردەهێنا.. هەمان جووڵەی بۆ بکات، کە بۆ بووکەکەشی قسان دەکرد مەوجەکەی دەگۆڕیو بانگی کوڕە تاقانەکەی دەکرد وجار لەسەر کۆشیو جار لە قیلمقاچێی دەکردو دەیگوت:

– شێرە ئیمرۆ لەو ئامێرەی کە بە هەزار واسیتەو تکاو رجا دوو خولەکیان مۆڵەت پێدام.. گوتی کوڕەکەم لە جیاتی من لە قیلمقاچێ بکەو دوو ماچانیشی لێ بکە.

کە ئەمەی دەگوت جار سێرەی تەماشاکردنی لە خاتوون بوو.. جاریش بۆ بووکەکەی دەگواستەوە، لە نێو راش دڵو دەروونی وەکو پرێمزو وەك کوورەی ئاسنگەر داگیرسابووو قرچە قرچی دەکرد، ئەگەرچی هیچ هەواڵێکی لە کوڕەکەی نەدەزانی، وەلی هێزێکی ئەوتۆی هاتبووە بەر کە بتوانێت بەرامبەریان خۆڕابگرێو

دڵی ئەوان بە قسان خۆش بکاتو خۆیشی لە هەناورا دەتوایەوە. بۆ ئەوەی ریسیشی لێ نەبێتەوە خوری، خزم و کەسەکانی ئەوانەی شتێکیان زانیبوو گلۆپی سووری بۆ داگیرساندبوون، کە نەکەن شتێك بدرکێننو تەونو پلانەکەی لێ تێك بدەن، خۆیشی لە ماڵەوەدا هەردەم دەست بە دەستنوێژبوو، زۆر جاران لەگەڵ خۆیدا دەیگوت.. " خودا ئەگەر ئەو کارەساتەشی بەسەرم هێناوە وەلی سەبرێکی داومەتێ بەرامبەریان خۆ ڕا گرم.. قسەم بۆدێتو پەکم ناکەوێت "، دەبوو قسەی ئیمشەوی لە قسەکانی دوێ شەوو پێرێ شەوێی نە چێت.. وایکردبوو رێگەی هەموو گومانێکیان لێ قفڵ بدات.

حاجی رەسووڵ رۆژانە بەقەد دێوەرەیەك بە شاردا دەگەڕا چ نەخۆشخانەو بەندیخانەو بارەگاکانی هەموو پارتەکان نەمابوو دوو جارو سێ جاران بەسەریان نەکاتەوە، نەیزانی عارد قووتی داوە یان ئاسمان هەڵیکێشاوە، بە فەرمیش دایرەکانی پۆلیسو ئاسایشی شارەکەی ئاگاداركردبووەوەو بەڵكو غەمێکی بۆ بخۆن، ئەوەندەش بۆوی بەس بوو بیانگوتایە بەندییەك لە بەندیخانەیەك مەرەخەس بووە، تاقیباتی دەکردو خۆی دەگەیاندێو وا تاریفی سەرو سیمای شێرەی بۆ دەکرد.. ئەگەر دوور بە دووریش دیبوویایە دەیهێنایەوە پێش چاوی، یان بیستبای تەرمێك لە فلانە شوێن یا لە مەیتخانەدا بێکەس ماوەتەوە، بۆی دەچوو هەتا دەگەیشتە سەر مەیتەکە دڵی وەکو چەکوچ لە نێو قەفەسەی سنگیدا رمبەو کوتە کوتی دەکردو هەزار دوعاو قولهوەڵلاشی دەخوێند کە شێرە دەرنەچێت، پەرۆی سەر مەیتەکەشی دادابووەوەو چەند هەنگاوێکیش لێی دوور کەوتبوەوە هێشتان

دڵی سوکنایی نەهاتبووەوە، ئەگەر ئەو کاتە چاوی لـە ڕەنـگو ڕووی خـۆی بوایـە گومانی لە خۆی دەکردکە حاجی ڕەسووڵ بێت.

هەر جارەش کە پشووی بڕێك دەهاتەوەو هەناسەی کەمێك ئاسـایی دەبـووەوە خێرێکی تری لە خۆ دەگرتو دوعایەکیش کە هـەر جـارە لـەو نـزاو پاڕانەوانـەی لێیدەزانی بهاتایەتە سەر زمانی نەیدەگێڕانەوەو وەکو فەقێیان چـۆن دەرسـەکانیان دەور دەکەنەوە ئاوا.. دوعاکەی دەور دەکردەوە:

"خودای گەورە.. خودای عاردو ئاسمانـان.. خوداکـەی کـرمو تـەیرو وتـاڵاَن.. خودای بەنی بەشـەر.. خـودای بێکـەسو بێدەسـەڵاَتان.. خـودای شـێرەی وێـڵو سەرگەردانم، هانام بە بەرتۆوە هێناوە، لە بەر خاتری بەیتوڵڵاَی خۆت کە دەستم لە ئەڵقەکانی دیواری موبارەکی گیر کردووە، چۆن حەزرەتی یونس پێغەمبەرت لە نێو سێ تاریکیدا ڕزگار کرد، شێرەی منیش لەهەر کوێیەك هەیـە ڕزگـاری بکـەیت.. ڕزگاری بکەیت.. ڕزگاری بکەیت... ئەڵڵاَهو ئامیییییییین....!!!!؟؟؟؟"

# غەمی شارییەکان

زۆرینەی دانیشتووانی شارەکە گوراحو شادی لە نێو دڵیاندا باریکردبوو، غــەم دیواری خانووەکـانی قەڵاتەکـەی رووخانـدبوو لاترقەوچـی کردبـوون، لـە هـەموو لایەکیدا بۆنی غەمان بوو دەهـات، تـەنیا ئـەو کەسـگەلەی هەسـتی پێنـەدەکرد شێتو منداڵ بوون، دارو بـەردی دیوارەکـانی چـۆن تـەنیو دووکەڵەکـەی شـەڕی کەنداو سواقی دابوونو سالآنێك دوای شەڕەکەش هەر پێیانـەوە مـابووەوەو دیـار بوو، تەمی غـەم بـۆراتی خـۆی لـە نێـو دلآنـدا وەکـو رەشمـاڵ هەڵـدابوو، لـەکن شارییەکان سەلیقە نەمابوو، گڵە سەرەکەیشی کەزەمانێك شامپۆی سەری ژنان بوو نەرمیو خووساویەکەی لە دەست دابـووو رەنگـە حەلواییەکەشـی بـۆرو ناشـیرین هەڵگەڕابوو، پەڕۆی پرسەی تەقینەوەکان سەرو سیمای شارەکەیان تـەڵخو بێـزەوەر کردبوو، تەقاندنەوەی خۆ کـوژی تیرۆریـستان گەیـشتبووە نێـو کـۆڕی پرسـەکانو رەوانی فاتیحای لە بیر بردبوونەوە، لە ترسی ئەو خۆ تەقاندنەوانە دەبوایـە سـەری کۆلآنو بنی کۆلآنـەکانو جادەکـانی مزگەوتـەکان بگیرابوایـەو رێ لـە تەقینـەوە بگیرێت تا فاتیحاکانیان بە رەوانیو بێ پچڕ پچڕ بوون بخوێندرێت.

بەهاری شارەکە مڕو مۆچ هەڵگەڕابووو سەوزاییەکەشی ئاسایی نەبوو، گـوڵو دڵەکان رەش داگەڕابوون، غەمی ساڵی پەنجاو نۆو غەمــەکانی سـەردەم تێکــەڵاوو ئاوێتەی یەکتر ببوون، مانگ نـەبوو جارێــكو دووان غەمەکـەی پـەنجاو نـۆ نـوێ نەبێتەوە، دانیشتوانی شارەکە چیقڵدانۆچکەیان نەمابوو، دڵـەکان نەدەپـشکووتنو خۆشی تێدا کەم ببووو کەمتر روویان لە دەشتو دەرەکان دەکـرد، بـۆ چاکـسازیو پاکسازی ئەوەندە قسەو بەڵێنیان گوێ لێببوو بێ هیوا ببوون، ئەوەی کە لە هەموو لایەکەوە بەرەکەتی کردبووو چرکە بە چـرکەو خولـەك بـە خولـەكو رۆژ بـە رۆژو مانگ بەمانگو ساڵ بە ساڵ پەڵەی دەداو بۆیان دەهـات.. تـرس بـوو.. کـە لـە هەموو کونو قوژبنێکەوە سـەرە دیقـانێی لـە گەڵـدا دەکـردن، ئـەمنو ئاسـایش باریکردبوو.. نان دەفڕیو لە حەوادا دەیانهێنایـەوە.. بـژێوی رۆژانـەی خەڵکەکـە گرانو بە زەحمەت کەوتبوو، ناچاربوون بیریان لە جێهیشتنی زێدی بابو باپیرانیـان بکەنـەوەو بـە دوای مـردووی گۆڕسـتانەکانیان فرمێـسکیان دەڕشـتو غـەمی دەرهێنانی گۆڕی کەسو کاریانو شکاندنی کێلەکانو شوون بزرکردنیان.. ختوورەی لە هەناویاندا دەکرد، ئەوانەی بە ناچاریش مابوونـەوە بـژێویان لـە قـورگی گەلـە گورگان دەردەهێنا، ژیانو گوزەراندن تێیدا بەشێك بوو لە دۆزەخ، دەتگـوت خـودا لە بە دۆزەخکردنی شارەکە دەیویست لەسەر دنیا لە گوناهـەکانیان بـۆ ئـەو دنیـا پاکیان بکاتەوەو زووتر لە خەڵکانی شارەکانی دی موژدەی چوونە بەهەشتیان پـێ بداتن.

ژیانو هاتو چوون لە نێو شارەکە دا بە قوڵهـووەڵڵاو سـەڵەواتان بـوو، کـورد گوتەنی بەیانیان رۆیشتنیان بە دەست خۆیان بوو.. گەڕانەوەشیان کەوتبووە کۆشی

خوداوە، پانتایی شارەکە فراوان ببوو.. گـوزەرانیش تێیـدا بـەر تەسـك ببـووەوە، ئاریشەکەیش گەورەو فراوانترو ئاوی حەیاتیش چـۆڕە میـزە بـوو، مـانگی چـەند جارێکیش مەرگە مووش لێیدەدانو غەم دەهات غەمی لەبیر دەبردنەوەو مـەرگی شەهیدانی بیستو نـۆ کەسـەکەی پـەنجاونۆ لـەبیر چـووبووەوە.. مەگـەر لـە لای خانەوادەکانیانەوە نەبێت.

شـارەکە گڕکانێـك بـوو زوو زوو دەتەقیـەوەو پـشکی شـێری تەقینەوەشـی بەرکـەوتبوو، لەهـەر لایەکـەوە لێـی دەقـەوما دەتگـوت شـەڕی براکـوژی تێـدا روویداوە.. کاولبوون.. دارِمان.. چاڵی زەبەللاح.. ئاسەوارو نیشانەی شـڕیو شـەڕ وەکو ئاوڵە دیار بوون، شەقامەکان تاریك.. کۆلانەکان تاریك.. ماڵە کان تاریك.. گۆڕستانەکان تاریـك.. نێـو دڵـەکان تاریـك داگـەڕابوون، ئـاگری بابـە گوڕگـوڕو ئاگرەکانی تریش نەیاندەتوانی تاریکیەکان راوبنێنو شار رۆشن بکەنـەوە، ئاریـشە لە سەرەتای شەستەکانەوە گرتبووی وەکو نەخۆشیەکانی پیرێتی رۆژ بە رۆژو مانگ بەمانگو ساڵ بەساڵ خراپترو بێچارە مابووەوەو دمۆری بەرینەدەدا.

حاجی رەسووڵ لە نێو غەمەکەی خۆیدا نغرۆ ببـوو، لـە پـاش کارەسـاتەکەوە کردبووی بە خوو هەموو رۆژێك بە شارەکەدا دەگەڕا وەکو ئەو گەنجانەی سەردەمی خۆی کە بۆچـاوبازی بـە شـەقامو کۆلانەکانـدا دەسـووڕانەوە، ئـەم شـەقام و ئـەو شەقامی دەکرد، بەو ئومێدەوە یەکێك دەم بنێتە بن گوێیـەوەو شـتێك دەربـارەی شێرەی کوڕی بدرکێنێو سەرەداوێکی بخاتـە دەسـتو بـە ئاقـاری سـەرەداوەکە دا بڕواتو شتێك بە شتێك بکات، لەو گەڕانانەیدا بوو کارەساتی هاوڕێیەکی لەسـەر شاشەی یادەوەریەکانی مێشکی لێدرایەوە، کە بەیانییەك کچی هاوڕێیەکەی چـۆن

له ماڵەوە دەردەچێت هەر ئـەو دەرچـوونەو گەڕانـەوەی نابێـت، هاوڕێکـەی داوای لێکردبوو هاوسەفەری بێت بۆ لای شێخێکی سودانی کە لە شارە دێی ( ریویە[٧] ) ی سەر بە شارۆچکەی ( ئاکرێ ) دا دەژیا. لـە مێـشکیدا بـەراوردێکی خێـرا لـە نێوان هەردوو رووداوەکەدا کرا، یەکسەر شتێك لە مێـشكو دەروونیـدا ئـارەزووی چوونە لای شێخی سودانی خستە کەوڵی، بێ سێ و دوو کردن لەگەڵ کوڕەکەیدا بە پەلە وەکو تەتەر بێ خۆگنخاندن بە ڕێکەوتن، ڕێگاکە بە گـوێرەی ئـارەزووی دڵـی حاجی نەدەبڕۆیو لەبەر نە دەچوو، حەزی دەکرد ڕێگاکە بێتەوە یەك و هەرچی زووە بگات، لە دڵە خۆیدا دەیگوت بۆ فرۆکە لەو نێوانەدا کاری نەدەکرد، یان بـۆ شـێخ ماڵەکەی نە دەهێنایە ( ئاسکی کەڵەك[٨] ) هەر نانا، لە (بشیریان[٩]) بوایە، چـی داوە لەو دوورە دەستە، ئەوی سودانی لەهەر شوێنێك بێت بۆ وی وەك یـەك وایـە، حاجی ئەوەندە پەلەی گەیشتنی بوو پێی وابوو هەر بگاتـە شـێخو دەسـتی شـێرە دەکاتە نێو دەستیو دەڵێت هەر ئێستاکە بیبەرەوە.

شێخ دە پازە ساڵێك بـوو سـودانی جێهێـشتبوو، موسـڵمانیو خـوا پەرسـتی ئەویی بە دڵنابێتو هـاتبووە عـیراقو لـە خزمـەت بارەگـای شـێخ عـەبولقادری گەیلانی لە بەغدا گیرسابووەوە، سالانێك لە خزمەت بارەگای ئەم زاتەدا خزمەتو خواپەرستیەکی بە جۆشو خرۆشی کردبوو، هەر رۆژەی زانیارییەکی خستبووە سەر خەرمانی زانیاریەکانی خۆیو شۆرباکەی گەیلانیش بەرەکەتی خستبووە گیرفـانیو هزرییەوە، ڕێکەوت وادەبێت لە ڕێگەی دەروێشە کوردەکانـەوە خـۆی دەگەیەنێتـە بارەگـای پـیری ( ولیـان ) لـە ریویـەو دەبێتـە دەروێـشی (شـێخ ئیـسماعیلی ولیانی)[١٠]، شێخ دەروێشێکی ڕێبازی قادریو مرۆڤێکی هێمن.. خزمـەتکارێکی

بێ فرتوفێڵی پیری ولیانیو ڕێبازو تەکیەکەی دەبێت، سودانی لـە بـیر دەچـێتەوەو دەبێتە یەکێك لە خەڵکی ئەویو ڕێزی لێدەنێنو یارمەتیشی دەدەن.

لە بەرەکەتی شیخ ئیسماعیلی ولیانی زوو فێـرە کـوردی دەبێـتو ژنێکیـشی دەدەنێو ماڵی ئاوەدان دەبێتەوە.

ئۆتومبیلەکـەیان لــە هەورازەکـەی ( بــەردەڕەش[11] ) شــۆڕبووەوە حــاجی بەدەنگێکی ئاشکراوە گوتی: " ماڵەکەی هەر لێرە بوایە لێرە"

ئەوەندە پەلەی بوو پێیوابوو لە شانشینی عەرەبی سعوودی کە بۆ حەجی مـاڵی خوا چوو بوو دوورترە، چاوی هەر لەسەر کیلۆمەترەکە بـوو، حـەزی دەکـرد کیلـۆ مەترە دوو سەدەکە قەپات بکاتو ڕێگەکە ببڕێتەوە، کاتێ بازگەکەی لـێ بـەدیار کەوت فەرامۆشی بەبەردا هات.

***

ماڵەکەی شێخی ناسییەوە.. پاش چاوەروانیەکی کەم کە بۆحاجی گـەلێك زۆر بوو، چوونە ماڵەوەو بەرامبەر شێخ دانیشتن.

شـێخ ریـشێکی ڕەشو درێـژو تـەنکی جێهێـشتبوو، پێـستی دەموچـاوی لـە ڕەشیاندا قاوەیی هەڵگەڕابوو، ناو لەپـەکانی سـپی دەچـوونەوە، لێـوی خـوارەوەی ئەوەندە شۆڕبوو نیوەی چەناگەی داپۆشیبوو، ریزە ددانەکانی شەویلاکی خـوارەوەی بە دەرەوە بوونو سپی دچوونەوە دەتگوت عاجە، بۆ ریکلامکردنـی هـەویری ددان ڕێکوپێك بوو.

حاجی زوو بە زوو مەبەسـتی هاتنەکـەی لـە شـێخ گەیانـد، ژوورەکـە وەکـو حەرەمی مزگەوت چۆن چەند چرکەیەك پـێش بانگـدان هەسـتو خوسـت لـە نێـو

نوێژکەراندا نامینێت، ئاوا هەرسێکیان هەستو خوستیان لەبەردا بڕابوو، شێخ لە چاوانی حاجی راما، پاشان هەر دوو چاوەکانی قەپاتکردنو چەند چرکەیەك بەم شێوەیە خۆی راگرت، کە چاوەکانی کردنەوە بە حاجی گوت:

- حاجی چەند رۆژ کورت بزربوو.

- شێخ نزیکەی مانگێك دەبێت.

شێخ لە پێشە خۆیەوە دەیگوتو دەیگۆتەوە مانگ.. مانگ.. ما.. ن.. گ، رووی لە حاجی کردەوەو گوتی:

- حاجی دەستنوێژ هەیە.

- نیمە.

هەر یەکەو بە نییەتی جیا جیا هەڵسان و.. حاجی بەدەستنوێژەوەو شێخیش بەدەستی بە قورئانەوە هاتنەوەو کوڕەکەی حاجیش بۆ رێز لێنان لە قورئانەکە هەڵساو دانیشتەوە. شێخ قورئانەکەی لە حاجی نزیك کردەوەو گوتی:

- بیکەوە.. قورئان بکەوە حاجی.

حاجی قورئانەکەی وەرگرتو ماچی کردو نێو چەوانی لە سەر بەرگی قورئانەکە دانا، زوو هەڵێنەگرت پێدەچوو خۆی دەخالاتی خواو قورئانەکە کردبێت.

حاجی بە هەردوو دەستی قورئانەکەی لێککردەوەو دایەوە دەست شێخ، شێخ لە لاپەڕە کراوەکانی ٢٣٥و ٢٣٦ جزئی دووازدەی سوورەتی (یوسف) راماو کەوتە نێو فکرانەوە... ژوورەکە هێندەیتر خامۆش داهات..

شێخ کە دەستی بە قسان کردەوە بە حاجی گوت:

- حاجی پەنجە دانێ لەسەر ئایەت.. یەك لە خڕەکان.

حاجی وەکو هەزار دوعاو پاڕانەوەی لە دڵەوە کردبێت.. دەستی درێژ کردو پەنجەی لەسەر ئایەتێك دانا، کە لایدا لەبن پەنجەکەی ئایەتی نۆیەمین "قال قائل منهم لاتقتلوا يوسف والقوه في غيابت الجب يلتقطه بعض السيارة ان كنتم فاعلين"

شێخ لە سوورەتەکەو لە ئایەتی نۆیەمینو چیرۆکی حەزرەتی یوسف وردبووەوەو چەند خولەکێك ئایەتەکانی بە چاو خوێندنەوە، وردبوونەیەکی خێرای لە رووداوەکەی حەزرەتی یوسف دا کرد، وێکچوونێکی تێدا بەدی کرد وەکو رووداو نەك وەك کەسایەتی، ئایەتی نۆیەمیش بە روونو ئاشکرا دەفەرموێت یوسف مەکوژن.

دوای وردبوونەوەکە بە روویەکی گەشەوە دیسان رووی قسانی لە حاجی کردو گوتی:

- حاجی.. ئینشاڵڵا کوڕی تۆ دێت.. ئا دێت.. ئینشاڵڵا، بەس نازانم کەی ئەوە لەکن خودا، کورەکە سەبرو تەحەمول لە کنەوی هەیە، مەترسە.. دوعا بکە.. سەدەقە لۆوی بکە، ئینشاڵڵا دێتن.

حاجی لەگەڵ قسەکانی شێخ دا فەرامۆشیەك کەوتبووە نێو دڵیو چاوەکانیشی فرمێسکی تێزا، کە هەڵسان دەستی بۆ گیرفانی بردو شێخ لە مەرامەکەی گەیشتو گوتی:

- نا.. حاجی نا، فاتیحا بۆ پیری ولیانی بدەو بەس.

لەماڵی شێخ وەدەرکەوتن زیارەتگای پیری ولیانی بەرامبەریان بوو، خۆیان گەیاندیو فاتیحایان بۆ خوێند، هەردووك بە گوڕاحێکی کەوە بەرەو هەوارگەی دلاَنیان گەڕانەوە، ئەو پەلە کردنەی لە چوونەکەدا لە لای حاجیدا هەبوو لە

گەڕانەوەکەدا پێینەمابوو، قسەکانی شێخ هێوری کردبووەوەو کەف‌و کولّی دلّی‌و غەم و خەفەتەکەی بە چەند پلەیەك کەمتر ببووو هەوێنی روونکردنەوەی زەینیشی بوو بۆ وانەکانی شەوێی‌و تا پەیڤە سپییەکانی کاریگەرتر بن لە بەرامبەر خاتوونی ژنی‌و بووکەکەیداو ئومێدی سبەینێکەیان پڕ هیوا تر بکات.

هێندەی نەمابوو تیشکە نارنجییەکانی خۆر ئاوابوون تێکەلّ بە سوورە ئاگرەکانی بابە گوڕ گوڕو شۆڕاو بێتن کە بە بەردەم سێکانیان‌و هەوارە کۆنی شۆڕاو دا لە نەوراییەکەدا بەرەو دەروازەی شارەکە هەورازدەبوونەوە.. لەسەر پردەکەی رەحیماوا بە کوڕەکەی گوت:

- لەسەر جادەکەی رەحیماوا دامبنێ، دەچم نوێژی ئێوارێ لە مزگەوت دەکەم‌و پاشان دەگەڕێمەوە.

حاجی لە هەموو مزگەوتێك‌و لە پشت هەموو مەلایەکیشدا نوێژی نەدەکرد، لە شارەکەدا ئولفەتی بە چەند مەلایەکەوە گرتبوو لەوانە بترازابوایە نوێژی لە دوای مەلای کە نەدەکرد، پاش تەواو بوونی نوێژەکە.. خۆی دایە دواوە تا دوو بە دوو لەگەلّ مەلاکەدا بە یەکەوە دەرچوون‌و پێی گوت:

- مامۆستا کارێکم پێت هەیە، حەزدەکەم بچینە حوجرەکەوە.

دوو بە دوو سێیەمینیان خواکەیان بوو کە بە مامۆستاکەی گوت.. کە کوڕێکی بێسەرو شوێنەو دەیەوێت فێری نزاو پاڕانەوەیەکی بکات.. بەلّکو خودا سۆراخێکی پەیدا دەکات‌و لە هەر کوێیەك بێت رزگاری بێت‌و بگەڕێتەوە نێو خێزانەکەی‌و ئارامیش بە دلّو دەروونی بدات‌و بتوانێت بە نزاو پاڕانەوەکە باشتر خۆ رابگرێت تا خودا لایەکیان لێدەکاتەوە.

رفاندنو کوشتن بەرنامەیەکی ڕۆژانەی شارەکە بوو، ئەگەر ڕۆژانە نەهاتبایەتـە ڕوودان ئەوە هەفتە بێ ئەو کارەساتانە نەدەچـووە پێـشێ.. مـانگو سـاڵ دەبـوو ڕۆژژمێریکی ئەم ڕووداوانەی پێ پڕبکرێتەوە، بۆیە مامۆستاکە لە مـەرامی دڵـی حاجی گەیشتو خۆیشی کردبووی بە خوو هـەر لـە نێـوان چـەند هەفتەیەکـدا لـە وتاری ڕۆژی هەینیدا نزاو پاڕانەوەی بـۆ ئـەو خەڵکـە بێدەسـەڵاتو لێقـەوماوەدا دەکردو داوای لە خودا دەکرد بەهانایانەوە بێتو ئەوی منداڵی.. کـوڕی.. مێـردی بـزرەو بێـسەرو شـوێنەو ئەوانـەیش بـێ گونـاه گـیراون ڕزگاریـان بکـاتو دڵـی کەسوکاریانو ماڵیان ئاوەدان بکاتەوە. مامۆستا نزایـەکی ئامـادەو بـەر دەسـتی هەبوو کە هەفتەی پێشوو خوێندبوویەوەو بە حـاجی داو پێـشی ڕاگەیانـد چـەندی زۆرتر بپاڕێتەوە هێشتان کەمە.

حاجی پاش وتاری شەوانەکەی خۆی کە ئیمشەویان بەسەرو سیماو گـوڕاحێکی خۆشتر لە شەوانی ڕابوردوو، کە نیـشانەی چـاکتر غافلاڵنـدنو کاریگـەری باشـتری قسەکانی لە دەموچاوی ژنەکەیو بووکەکەیدا بەدی دەکرد، کاریگەری ئەمەش لـە قسەکانی شێخی سودانیو مامۆستاکەوە سەرچاوەی گرتبوو.

حاجی ڕەسووڵ لەو ڕۆژەی شێرە لە ماڵـەوە دەرچـووبوو نەگـەڕابووەوە، لەبـەر دڵی بووکەکـەی لەگـەڵ حـاجی ژنـدا لـە ژووروکەیانـدا بەیەکـەوە نەخـەوتبوون، خوویەکیش بوو پێشتریش حاجیو حاجی ژن لە ماڵەکەدا ڕەچاویان دەکرد، کاتێـك شێرە بە تەنیا بۆ دەرەوەی کوردستان گەشتی بکردایە، خاتوون لـە لای بووکەکـەی دەخەوت، ئەم خووە بۆ شەوانی حاجی ڕەسووڵ هەلێك بوو لـە تەنیاییـدا بـە نـزاو پاڕانەوە لە خوداو پێغەمبەرو پیاوچاکاندا تا درەنگانێی شەوێ.. تا چـاو کـەوتنێ

دوعاکەی دەخوێند: (( خودای عاردو ئاسمانان هاوار بۆ تاکو تەنیایی تۆ.. خاوەنی دەسەلاتی کونفەیەکونی عاردو ئاسمان هاوار.. هاوارمان هێناوەتە بەر ئەو هێزو دەسەلاتەی کە ئاسمانت بێ کۆلەگە ڕاگرتووە.. هاوارو پەنا بە بەر تۆ ئەی خودا کە ئاگاداری هەموو کاری شاراوەو ئاشکرایت.. ئەی خاوەنی جوانی عاردو ئاسمانەکان هاوار.. ئەی خاوەنی تاکە هێزو هەڵسووڕێنەری عاردو ئاسمانو ئەستێرەکانو هەسارەکان هاوار.. !! ئەی تاقانە فریاد ڕەسەکەی لێقەوماوان هاوار.. ئەی خاوەنی بارانی خێرو بێری پاش قڕیو نەهامەتی بنێری فریاد ڕەسێك.. ئەی یەکەم مەنزڵگەو دوا مەنزڵگەی هاواران.. هاوار، ئەی بارانەکەی ڕەحمەت بۆ کێڵگەی وشكو دڵی پڕ سۆو بێنەوایان هاوار.. ئەی خودایەکەی شەوو ڕۆژ کە درەنگو زووو تاریك وروونت بۆ نییە هاوار.. ئەی تاکە تواناو دوا توانای مردنو ژین هاوار.. خودای بێدەسەلاتان هاوار.. خاوەنی جوانترینو زۆرترین ناوە جوانەکان هاوار.. ئەی ئەو تاکە هێزو دەسەلاتەی کە لە نە بوونەوە بوونت دروست کردووە هاوار.. هاوار، هاوار، خودایە تۆ ئەڵلاو خوداو گەورەی ئێمەیت.. ئێمەش بچووكو بەندەی تۆین.. هەر گەورەش چاوی لە بچووك بووە، خودایە رووی ڕجاو دوعاو پاڕانەوەمان هەر لەتۆیە داوات لێدەکەین لە بەلاو ئەو کارەساتانەی باران ئاسا بەسەرماندا دەبارێت بمان پارێزی.. دڵی ئەو دایكو باوکانە خۆش بکەیت کە کوڕو مێردو براو کەسوکارەکانیان بێسەرو شوین بوونە سۆراغیان ببێتو بە یەکتریان شادبکەیتەوەو چاویان ڕۆشن کەیتەوەو ئومێدیان بخەیتەوە دڵو دەروون.. هێزی تواناو بەرگە گرتنیان پێبدەیت، هێزو دەستی دوژمنانمان ببڕیتو زەفەرمان پێنەبن وەکو ئاردی نێو دڕکیان لێ بکەیت، ئاوەدانی بخەیتە شارو دێهاتو وڵات.. ئاوەدان بێت کوردستان..

به ئاهو نووزەوە دوعای مەلاکەی تەواو خوێندو بە زارو دڵــی خۆشــییەوە بــەم شێوەیە کەوتە پاڕانەوە: خودایە لە بۆ خاتری گەورەیی خــۆتو خۆشەوێــستت کــە محەمەدە "د.خ" خودایە خۆ کەس لە تۆ باڵا دەستتر نییە.. خودایە لە بــۆ خــاتری گەورەییت.. لە بۆ خاتری هێزو دەسەڵاتو جوانیت.. شێرەی کوڕم لە هەر شوێنێك بێت کە لە لای تــۆ عــەیانو روونو ئاشــکرایەو دوورو نزیکــی بۆتــۆ نییــە چ بــە زیندووییو چ بە....... سۆراغی پەیدا بکەیتو دڵی کەسانی لێقەوماوی وەکو من ئاســا خۆشــکەیت کــە دامــاوو بێدەســەلاتین... لەگــەڵ پاڕانەوەکەیــدا ئەوەنــدە دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردبووەوە خــەریکبوو لــە بــن پیلیــەوە لــە گرێژنــە دەرچنو بە نووزانەوەو کرووزانەوە گوتی ئەڵڵاهو ئامیییییین !!؟؟

چاوەکانی ببوونە دوو گۆمی فرمێسکانو سەر رێژیان دەکرد.. ونبوونی شــێرە هێخستبوویە نێو غەمانو وەکو یاپراغ پێچابوویەوە.

لە حەژمەت داغبوونی جەرگو ئێشی دڵی لە بن لێوانی تێیهەڵکردە حەیرانان، بەڵکو تۆزێك سوکنایی بداتە دڵــەی غــەمبارو ســەر لێــشێواوی هــەر دەیگــوتو دەیگوتەوە.. هەتا بە خۆیزانی بەندەکانی لێ تێکەڵاو دەبنو خەو بردییەوە.

# گواستنەوە

کۆنترۆلی شارەکە بە گوێرەی حوکمڕانییەکەی لە دەست هەموویاندابوو وەلی لە دەست کەسیشدا نەمابوو، هەر کۆمەڵـەو پـارتو گـرووپ بـوو بـە یـاری خۆیـدا هەڵدەگوتو کەسیان نەیاندەویست لە خۆی پیاوترو دەستڕۆیشتتر هەبێت، لە سـەر ڕا تەباو تفاق بوونو لە ژێرڕاش خەنجەری ژەهراوییان لێك راکێشابووو زمانی زبـرو ژەهر لە ئارادابوو، چۆن لە حوزووری تەلقینی مردوو زۆرینەی ئامادە بووان خوایان لەبیر دەبووو دەبوونە صۆفیو دەروێش.. لە ترسی مـەن ڕەبوکـە زەلیـلو ملکـەچ دەبوون؟

هەر هێندەی لە گۆڕستان دووردەکەوتنەوە مەن ڕەبوکەشیان لە کۆڵ دەکردەوەو هەر یەکەیان دەچووەوە سەر کلکی کەڵەبابێ، بەر پرسانی شارەکەش کە تەقینەوەو کارەساتێك روویدەدا کۆڕی باسـی قـسە دەگۆڕدرایـە سـەر مـەوجی یـەك ریـزیو تەبایی، کـە بـە شـوێنەکانی خۆیـان دەگەیـشتنەوە.. (یـاران وەکـو جـاران)یـان لێدەهاتەوە.

هەر پارتەو گرووپێك، دەسەلاتو یاسای بە خۆیانو بەندیخانەی تایبەتیان هەبوو، دەولەتیش سەرباریان یاساو بەندیخانەو بەزموڕەزمی خۆی هەبوو، دادگاو دادگایی کردن خاترانەشی تێدەکەوت، گەندەلێش باوکی هەموویان بوو.

شێرە وەکو زۆرانی تر لێرەو لەوێ بە مەبەستێکی تایبەتی قۆستراببووەوەو بۆ گەمەی دەست گرووپێك لە کونجی ژوورێکی تاریكو نووتەك کە هەر خۆیانو خواکەی ئەوان دەیزانی چ شوێنێکە ! قایم کرابوو، هەوری ڕەشی غەم نێو دلی تەنیبوو، لە بێ هاودەمیو بێ قسەییان دەمی وشکی کردبوو، ئەوەی لەو تەنیاییەو لەو تاریکیو بێکەسیەیدا زەفەری پێنەدەبرد ترس بوو، وەکو ئەوەی لە ژیانیدا وشەی ترسی هەر نەبیستبێتو ترسیشی هەر نە دیبێت ئاوا لێی بێباك بوو، لە خۆی گەیشتبوو.. دەیزانی بۆتە گەمەی دەست ئەو چەکدارانەو نەمرو نەژین دەیهێلنەوە، ئەوە نییە ناوە ناوە کە ناشزانێت ماوەکە چەندە.. چونکە تاریکیەکە هەمووی لێ تێکدابوو، هەموو ساتەکانی لێ کردبووە شەو، ڕۆژەکانی هەفتەو کاتەکانی ڕۆژیان لە بیربردبوو، هەستی برسێتیان لێ زەفت کردبوو وەکو بە سەگێکی تۆڕی بزانن نانە ڕەق ودەبە ئاویان بۆ تێدەگرت، حەزی دەکرد بیدوێنن بەلکو دەمی بۆگەن نەکاتو کارێژەشی ڕەق هەلنەگەڕێتو داواکاریشیان بزانێت، نوتوقیان لەگەلدا نەدەگەڕا، خۆی ببووە هاودەمی خۆی.. حەیرانو مەقامبێژو ئای ئای زانیش نەبوو تا دەستبخاتە پەنا گوێیو تێیهەلکاتو غەمەکانی دلی پێ بڕەوێنتەوە، بەهەر لایەکدا دەیڕوانی هەر تاریکی بووو تاریکی، پشتی کە بە دیوارە لپر لپرە کە دابوو نەیدەزانی دیواری پێشیو تەنیشتەکان چەند لێی دوورە؟ خۆیشی ببووە نوقتەیەکی بزر لە نێو تاریکیەکەدا، جار جارە لەبێ هاودەمیان خۆی دەدواند:

"من له غه‌می خـۆم دانـیم.. لـه غـه‌می غـه‌مخۆرانم دایـه، بـاوك‌و دایـك.. هاوسه‌رم.. کوڕه‌که‌م.. برام، ئێستا ده‌ست بۆ هه‌موو پنچكێك ده‌به‌ن، هاوار بۆ ئه‌م و ئه‌و ده‌به‌ن، ناهه‌قیشیان ناگرم خه‌ڵك مریشکێك ون ده‌کات ئه‌و ماڵو ئه‌و مـاڵی بۆ ده‌کات، ده‌زانم هه‌رچی له ده‌ستیان بێت درێغی ناکه‌ن، ئه‌وان چوزانن من له نێو ئـه‌م تاریکییـه‌دا قفڵکـراوم.. چـوزانن مـن که‌وتوومه‌تـه ده‌سـت که‌سـانێکه‌وه شه‌مشه‌مه‌کوێره‌ن‌و حه‌ز به رووناکایی ناکه‌ن‌و به‌ری رووناکیش ده‌گرن، ئه‌گه‌ر بێت‌و له‌و زیندانه تاریکه‌داو له ده‌ست تاریك په‌رستان رزگارم بێت.. مه‌رج بێـت نیـوه‌ی داهاتی کۆمپانیا بیٚ به‌رامبه‌رو به خۆڕایی له پێناو نه‌هێـشتنی تاریکیـدا خـه‌رج بکه‌م، هه‌رچی تاریکی هه‌یه قڕ بکه‌م، له ژووره‌کـه‌ی خۆمـه‌وه ده‌سـتی پێده‌کـه‌م، ماوه‌یه‌ك ده‌ست له‌و کارانه‌ی کۆمپانیا هه‌ڵده‌گرم، کارگه‌یـه‌کی که‌لوپـه‌لی روونـاك کردنـه‌وه‌ی تاریـك کـوژ.. تاریـك قڕکـردن، داده‌مـه‌زرێنم، ده‌سـتی یه‌کـه‌می به‌رهه‌مهێنانی ئامێرو که‌لوپه‌له‌کان به خۆڕایی ده‌به‌خشمه شوێنه تاریکه‌کان.. دڵه تاریکه‌کان.. چاوه تاریکه‌کان.. ده‌روونه تاریکه‌کان.. مێشکه تاریکه‌کان‌و هه‌موو هه‌وڵ‌و کۆشـش‌و پـاره‌م ده‌خه‌مـه گـڕ بـۆ دروسـتکردنی ئامێرێـك بتوانێـت ئـه‌و تاریکستانانه.. ئه‌و که‌سگه‌له ده‌روون ره‌شانه، ئه‌وانه‌یش که به‌ری رووناکی ده‌گـرن له دووررا زه‌نگی که‌شف‌و ئاشـکرا کردنیـان بـۆ لێبـدرێت‌و ریـسیان لیٚ بکاتـه‌وه خۆری، سه‌نته‌رێکی زانست‌و زانیاریش داده‌مه‌زرێنم کار بکه‌ن بۆ رۆشن کردنی دڵه ره‌شه‌کان.. ده‌روونه تاریکه‌کان.. ره‌شـبینه‌کان‌و، ئومێـد بخاتـه دڵ‌و ده‌روونـه بـیٚ هیواکان، هیوای سبه‌ینێکه‌یان له پێش روون‌و بێگه‌ردو شیرین بکات‌و....

ته‌قه‌و سیڕه‌ی ده‌رکه‌که شێره‌ی لـه خـۆ دوانـدن‌و خواسـته‌کان دابڕانـدو قـولاٚغ بوو...

چوار چەکدار وەکو ئەوەی رۆستەمی زاڵیان لە ژوورەکەدا بەندو سـندم و زنجـیر کردبێت، تێی رووبوونو بە زرە زرو خشە خشی زنجیری دەستو پێوەندەکـەی رووەو دەرکەکە پەلکێشیان کرد، مانتۆیـەکی ژنانـەیان بەسـەر جلەکانیـدا داهێنـاو بـە پەچەییێکی سعودیش دەمو چاویان داپۆشی، تەنیا کونەچاوەکانی دیاربوون، هەر لە حەوشەکەوە وەکو کەتنێکی زۆر گەورەی کردبێت لـە چـاوەی دواوەی قەمەرەیـەك سواریان کردو ئەملاو ئەولایان لێگـرتو سـەریان پـێ شـۆڕکردەوە نێـو لینگـیو دووانیش لە پێشێ سواربوونو بۆی دەرچوون.

شێرە سەری لە نێو لینگی دا بووو چاوی لە قاچەکانی کردبوو، گوێی لـە ڤـرە ڤری ئۆتومبیلانو هۆڕنیان دەبوو، جار بە لای راستداو جار بەلای چەپدا لار دەبوە وە، لە ژێر ڕاش گوێی لە بانگ کەرانی فرۆشـیاران بـوو، زانـی بـە نێـو شـەقام و کۆلانەکانی شارەکەدا دەڕۆنو ئەو ماوەیەش هەر لە نێو شاردا شاردبوویانەوە.

لەو کاتانەی ئۆتومبیلەکە راستو چۆپی شەقامەکانی دەکـرد، چـەکدارێکیان پێیەکی خستە سەر پـشتە سـەری شـێرە، چـۆن ئـەو کەسـگەلانەی پێلاوێیـان بـۆ بۆیەکردن دەخەنە سەر سندووقی بۆیە کردنێ ئاوایی پێی لە پشتە سەری گیرکـرد، ئەمان لەو کردارانە راهاتبوون کە لە هەندێ شوێنی شـارەکە پێویـست دەکـات وا بکەن، دیارە پێشتر لێیان قەوماوەو ئێستاکێش پێشی تایێ بەرە بە خۆ دادەدەن.

شێرە کە سەری لەبن نەعلە زلەکـە چەسـپ ببـوو لـە هەناویـدا ئـەوها بـیری کردەوە:

"کێنالێت ئێـستا بـە پـێش کۆمپانیـای خۆمـان دا تێپـەڕ ناکـەنو کەسـیش پێینازانێت کە زەلامێکیان لە بن پێیان حەشار داوەو بە رۆژی رووناك بە شەقامی

جەمهوریو ئەتلەسدا.. یان بە نێو گەڕەکەکانی شاترلو.. شۆریجە.. تسن دا نارۆنو بێ ئەوەی کەسیش پێیان بزانێت کە بارەکەیان چییەو چ نییە؟!! ئەگەر دەستو پام نەبەسترابوایە هەلێکی چاك بوو دەمتوانی بە مستە کۆڵە ئـەم دووانـەی تەنیـشتم خپ بکەمو، شۆفێرەکەش لەبەر لێخوڕین دەستی بۆ نەدەکرایەوە، ئەوی کەشیان لە پێشمەوەیە دەسەلاتم بەسەریدا دەشکا، چونکە لەنێو شاریشداین تەقەشم لێناکـەن نەوەکو ئاشکرابن، بەلاّم حەیف !.. هەردوو دەسـتم بەسـتراونەتەوەو جوولاّنـدنیان کورتی دێنێت، دەنا ئاوی لغـاوەی ئەمانـە ئەوەنـدە هـەڵناگرێتو دەبێتـە شـەڕی خۆترێن.. کە رزگارنەبم نەکردنی چاکترە.

لە تێکەو لێکەی بەینی خۆیدا بوو یـەکیان شـانی گـرتو هێنایـەوە بـەینێ، یەکیان لە چەپەو ئـەوی کـەیان لـە لای راسـتەیەوە لوولـەی دەمانـچەکانیان لـە قەپرغەی گیرکرد، ئەوەکەی پێـشەوەشیان بـە ئاسـتەم ملـی بـەلای تەنیـشتییەوە بزافتو پێی گوت:

- فزەت لەبەر بێتن دەتکوژین.

دوو سەد مـەترێکی مـابوو بگەنـە بازگەکـە، کـە دەیـەها جـاران شـێرە بـە ئۆتومبیلەکەی خۆی لەو بازگەیەدا رەت ببوو، ویستی لە نێو بازگەکەدا دەست بـە هاتو هاوار بکات، گوتی چی دەبێت با ببێت، هەر لەگەڵ ئەوەی ئەو بیرۆکەیـەی بە مێشکیدا هات یەکسەر لێی پاشگەز بووەوەو وای لێکدایەوە ئەگەر ئەمانە لـە پێشدا کاکەو براڵەی خۆیان نەکردبێت چ زۆربوو لارێ زۆر بوون، شێتن.. گـێلن بـە دەستی خۆیان خۆیان بەتەڵەوە بکەن، چەند جاران لـە دانیـشتنەکاندا گـوێی لـەوە بووە کە کەسانێك لە بازگەکان هەن لەگەڵ تیرۆریستان هاوبەشو تەبان.

لەو تێکەو لێکەیەیدا وا بڕیاریدا " ئەگەر بـۆ پـشکنین دایانبەزانـدمو چـوومە ژووری ئافرەتانەوە ئەوە ڕێك دیارە من هەڵەمو هیچ ڕێککـەوتنێك لـە نێوانیانـدا نییەو دەتوانم ڕپو ڕاست هەموو شتێك ئاشکرا بکەم، ئەگەر داشـیان نەبەزانـدم، ئەوە دوو بانەو یەك هەوا، دەبێت خۆم بدەمـە دەسـت ڕێکـەوتو بـزانم بـە کـوێ دەگەمو چیم بەسەر دێتن."

سەربازەکە لێیـان نزیـك کەوتـەوەو سـەیرکردنی لەسـەر دووانەکـەی پێـشەوە گواستەوە بۆ سییانەکەی دواوەو چاوی لە نێو چاوی ژنە بـڕیو بۆیـان گرژبیـەوەو ئەوانیش بۆیان سەندەوەو بە تەفەزەلوویەك لە بازگەکەدا بۆی دەرچوون.

هێشتان بۆنی دووکەڵی ئەگزۆزی ئۆتومبیلەکە لە نێـو بازگەکـەو دەمولـووتی سەربازەکان تەواو نەببوو، دیسانەوە شێرەیان بەرەو خوار چەماندەوە. ئۆتومبیلەکە مەودایەك لەسەر قیرەکەوە غژەی لێوە هاتو لـە پاشـاندا شـوفێرەکە بـە دەسـتی سەکن وەرچەرخاو ڕێگایەکی خۆڵی دایە پێشە خۆیو.. تـۆزو خـۆڵێش حەزیایـەك بوو لە دوای ئۆتومبیلەکە نەدەبووەوە ودەیویست قووتی بدات. شێرە کەسەریان پێ لە نێو لینگی نـابوو بـە گـوێرەی هەڵبەزینـەوەی ئۆتومبیلەکـەوە زانـی کـە بـە ڕێگایەکی خۆڵدا ڕێدەکەن.

کاژمێرێك زێتر خۆشبەزانە بـەم ڕێگایـەوە ڕۆیـشتن.. پـێش ئـەوەی بووەسـتن پەچـەکەیان لــە ڕوو دامــاڵیو بــە پەڕۆیــەکی ڕەش چـاویان بەسـتایەوە، لــە قامیــشەڵانێك پێدەچــوو لەوەتــەی خــودا ئــەم عــاردەی بنیــات کــردووە بــە کونفەیەکونێکی دەسەڵاتی، فرمانی بە فریشتەکان کردبـوو تـۆوی قامیـشیان بـە عاردەکەوە کردبووو ببـووە قامیـشەڵانێك بـای تێـوە نەچـێت، ڕاوەسـتان.. لـەو

قامیشەلانە چڕە دا دەتگوت شەیتان ڕێنیشاندەرو تەگبیر کەریان بوو، وەکو کـوێر دەستیان ڕاکێشاو لە شوێنێك دیاربوو پێشتر بۆ ئەم جـۆرە کەسـانە بـە قـەدەرایی ۲*۲ مەترێك قامیشەکەیان بە ئەنقەست لەسەر عاردی بـە بڵنـدایی سـێ چـوار پەنجە کورتو درێژ بڕیبوو، کلیمێکی تەنکیان لەسـەر ڕاخـستبوو، وەکـو قورئـان خوێنــە کوێرەکـانی پرســەکان هێنایـانو لــە ناوەنـدی کلیمەکـە دایـان نیـشاندو چەکدارێکیان بە هەڕەشەو تێخوڕینو چاو سوورکردنەوە پێی گوت:

- نەکەی بیر لە هەلاتن بکەیتەوە، دەورو بـەرت هـەمووی پاسـەوانە.. جگـە لەپاسەوانەکانیش سەگی هارو برسیش بەدەورتەوەیە، خۆت نەکەیتە خۆراکی سەگە برسییەکان.

لەگەڵ ناو هێنانی سەگ دەنگی حەپینی سەگان هات، شێرە هـیچ وەلامێکـی بۆ ئەوان پـێ نـەبوو، هـیچ خۆپـچڕاندنەوەو کاردانەوەیـەکی دژواری بەرامبــەریان نەکرد، هەستی خۆی ڕاگرت چ قسەیەکی کەی نەبیست جگە لە ورشە ورشـی بـاو خشە خشی گەلای قامیشەکان چیتری بەر گوێی نەکەوت، دانیشتنی بەسەر نووکـە تیژەکانی قامیشەکان لە کاری ئەوکەسگەلانەی کە بـۆ پـارە یـان دیـاری کردنــی ئازایەتیان کە لەسەر تەختە بزمار ڕێـژەکان رادەکـشێن دەکـرد، نووکـە تیـژەکانی قامیشەکان لەگەڵ زنجیرکردنی دەستو پێیەکانی هێندەی تر جووڵەکانی جەسـتەی پێ کەمتر کردبوو، کە پەڕۆ ڕەشەکەی سەر چاوی ترازاند جگـە لـە قامیـشە چـڕو پڕەکان کە دەتگوت یەك یەك بە دەست بەو چڕو پڕیـەی لـە عـاردی چـەقێندراون چیدیکەی نەدیت، شێرە کە منداڵی دەو رووبار بوو قامیشەلانی وای بە دوو چاوی نەدیتبوو، کەسیشی لە دەوردا نەمابوو تەنها ئەودەنگە نەبێت کـە کـەمێك پـێش

ئێستا هەرەشەو تۆقاندنیان پیێ بە بن گوێیەکانی دادا بوو لە نێو مێشکیدا پەنگی خواردبووو دەنگی دەدایەوە چیتر نـەمابوو، بایەکـە ئەگـەر بـە هێـواش بهاتبایـە دەنگە دەنگی کەسانێکی دەگەیاندێ، کە توندیشی دەکرد سیمفۆنیایەکی سروشتی لە قەدی قامیشەکانەوە کە دەتگوت لێوەکانی ( قالـە مـەڕە )و شـاگردەکانیەتی فووی پێدا دەکەنو بە جوولاٌندنی هونەریانەی پەنجـەو قامکەکانیـشیان ئـاوازێکی خودایی بە هەوایەکی دەروێشانەوە ئەو نـاوەی بـە بنـە خـۆ داگـرتو دلاٌنـی بـە جۆشوخرۆش دەهێخست، مەیلی دلّی شێرەی بۆ سەیرانگای ملە قوتەکانی ( قـەرە هەنجیر)و (بەردە قارەمان )و ( چەمی رێزان ) برد، لەو لاشەوە بەرەو نـاو ( شـوان )و هەورازو نشێوەکانی ( ئۆمەر مەندان ) گێڕایەوە، ئارەزووی بۆ چاییێکی گەرمی ئـەو هەلّەتوپەلّەتانـە چـوو. دەمودەسـت هـیچ سـەرە دەرو رێبـەدەری ئـەو گواستنەوەیەیو هێنانی بۆ ناو ئەو قامیشەلاٌنە دا نەبرد، ئـەو کـە لـە ژوورێکـی تاریك تاریك کە هـەر خـودا نێـو ئـەو تاریکیانـە دەخوێنێتـەوە.. بـێ پەنجـەرەو دووکەلّکێش، بە دەستو پێی زنجیرکراوە وە تێی فڕێدرابوو، هێناویانەتـە نـاو ئـەو قامیشەلاٌنە ! هیچ نەبێت لێرە چاوی لـە ئاسمـانو لـە گـەلاٌی سـەوزو لـە دەنگـە دەنـگو حەپـەی سـەگانە، جـارێ هـەر هـیچ نـەبێت شـوێنەکە رووناکـەو لـە تاریکستانەکە خۆشترە، تاریکی رەزا گرانو رەشبینە.. قەدیمانیش گوتویانە کـیری ئیمرۆ بە قوونی سبەینێکە. لەگەلّ ئەو بەراوردو بۆ چوونانەیدا لـە کۆتاییـدا ئـەو مەزەندەیەشی بۆ هات.. کە دەبێت فرۆشتبێتیانەوە، ئەو گرووپـەی گرتوویانـە بـە قازانج فرۆشتبێتیانەوە گرووپێکی تر، دەقاو دەق وایە.. سنووری گرووپی کڕیارەکە ئێرەیەو ئەوەی پێشوونەشیان نێو شارە، کتێبیش بۆ دوایی گێراوەتەوە.

# ئەبو عەلی

ئەبو عەلی دوای سووتاندنی شاحینەی لاندکرۆزەرەکان.. شـارەکەی لـە پـێش چاوو دلآن وێکهاتبووو سات بە ساتیش تەسكو تەسـكتر دەبـوو، ئـەو گـۆڕاحیو خۆشییەی جارانی پێنەهێشتبوو، ترسی لە هەموو شتێك پەیدا کردبوو، سـڵی لـە سێبەری خۆشی دەکردەوەو باوەڕیشی بە ئەم و ئەوەوە بـەرەو سـفرو ژێـر سـفرەوە دەچوو، هەڵسوکەوتو هاموشۆی لەگەڵ هاو پارەکانیو هاو پشکەکانی وەك جاران نەمابوو بەرەو کـزیو پـچڕان دەچـوو، لـە شـاخو پێـشمەرگایەتی کلکـی دنیـای نەگرتبوو.. بوێرو ئازا پیاوی شەڕێ بووو شکستی کەم دیتبوو، تاکە ئاواتو بـیرو باوەڕی ئەوسای.. ئازادیو سەرکەوتن بـوو، کیـسەی نانـە رەقو قاویـت لـە بـڕی کیسەی تووتن بە بەر پشتێنەکەیەوە بوو، سەری قـسەو بنـی قـسانی خـەبات لـە پێناو ئازادیو سەرکەوتن.. رزگاری.. گەیـشتن بـە مافـە رەواکـانی میللـەت و.. سوێندی بە شاخەکانی کوردستان بوو، ئەگەر لە گوندێك نـانێکی گـەرم بـە شـلە ساوار.. گەر تۆزێك گۆشتیشی تێدابوایە ئـەوە خـواردنی پاشـایانو دەرمـانی لـە

باربردنی شەوکوێریو شنگ بە بەردا کردنەوەش بوو " ئەوەی بیری لێنەکردبایەتەوە پوولو پوولداری بوو.

ساڵان هات و ڕۆیی.. شار کەشوهەوای پێ گۆڕی، ئەم و ئەو دەستیان گرتو پوولداری هاتە گۆڕێ.. مەراقی ئاووسکردنی گیرفان لە کەللەی دا، پسپۆڕیی لە بازاڕو مامەڵەکردندا پەیداکرد، شەوانیش بێ سەر گەرمکردن نەبوو، بێئەوە خەوی لێنەدەکەوتو هەتوانی کەوتنە خەوێی بوو، دنیاداریو سەرمایەداری جێگەی قسەکانی شاخی گرتنەوە، دنیاداری ئەبو عەلی وەکو پرسیارەکانی ئەم سەردەمەی قوتابیان لێهات کە لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکاندا داوادەکەن ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەنەوە، ئەویش هەموو بۆشاییەکانی بە پارە پڕکردبووەوە، مامەڵەو دنیا داریکردن بوێریو ئازایەتیەکەی لێ سەندبۆوە، لە پێشمەرگایەتیدا لە مردن نەدەترساو لە پێشەوە بوو، ئێستا گیرفانەکانی هەڵایساوەو لە مردن دەترسیو لێی تۆقیوە، زۆر جاران لەگەڵ خۆیدا دەیگوت جارێ نە مردبام تا وەکو ئەوانم لێدەهات.

ترسی سبەیو دووەی کە دەبێت چ تەڵەو داوێکیان بۆ دانابێتەوە ئۆقرەی لێ هەڵگرتبوو، ئەو چەکدارانەی هەڕەشەیان لێکردبوو گەر داخوازییەکەیان جێبەجێ نەکات.. مۆرانەنو لە هەموو شوێنێك دەدەنو بە هەموو شوێنێکیش وەدەچنو دەیگەنێ، بە دەستو بەدڵی بوایە جلی پێشمەرگایەتی دەپۆشیەوەو بە شاخی دەکەوتەوەو بە بەردێك دوو کێلی دەپەڕاند، یەکەمیان دروشمی فیدرالی فت دەکردو دروشمی بە دەوڵەتکردنی کوردستانی رادەگەیاندو لەو شاخانە یاران وەکو جاران.. دوژمنو دۆستی خۆی دەناسیو لە پێناو بە دەوڵەتکردندا چەند مانگێك..

چەند ساڵێکی تریش خەباتی چەکداری بۆ دەکردەوە، دووەمینیشیان لـە هەڕەشـەو گوڕەشەی ئەو دوژمنە شاراوانە دەربازی دەبوو، ئەوسا بهاتنایە لەوێ داوای پـەنجا دەفتەریان کردبا تا بۆ حەوت پشتی لەمە پێشیانو حـەوتی داهاتووشـیان عاقـڵو تەمبێی دەکردن، کورد گوتوویەتی "گۆم چەند قووڵ بێت مەلەی خۆشترە"، ئەگەر "لەکین هەموو وەك یەکین" پێیخۆشبوو هەموو لە هەموو وەك یەکیان لێبێتەوە.

هەورو گرمـە گرمـی هەڕەشـەکردن گـۆمێکی مـەنگ بـوو نـەدەزانرا کـەی دەتەقێتو چی لە ژێردا بۆ حەشار کردووە!؟ پانتایی غەمەکە لێی فراوانو قـووڵتر دەبوو، ئـەو قولابـەی تێیـان هەڵـدابووە نێـوێ بـە ئەنـدازە راوەشـێندرابووو بـە ئومێدێکی گـەورەوە رادەکێـشرایەوە، گیـزە گیـزی پێـوەدانی هەڕەشـە دەمامـك کراوەکە شارە زەردەواڵەبوو بەدەوریدا دەخوولایەوە، لە ترساندا لـە تێکـەو لێکـەو بڕیاردابوو، بڕیاریش ئەوەبوو کە لە مێشکیدا چووزەرەی دەردەکرد.

# سەرەداو

بیست رۆژ بە سەر ونبوونی شێرەدا تێپەڕیکردبوو بیست کونیش بگرە زێتریش لە جەرگی حاجی رەسوولْ ببوو، حاجی دەبوو بەسەر خۆی نەهێنیٚو بە تەنیا بەرگەی ئەو زامە بیٚ دەرمانە بگرێت، لەبەرخاتری تێکنەچوونی شیرازەی ماڵەکەش بۆخۆی خوێنو خیزاوی دەخواردو هەنگوینیشی بە خانەوادەکەی دەدا. نەیزانی ئەو کەلەشە گەورەیەی شێرە وا بە سووك و ئاسانی عارد قووتی داوە یان ئاسمان هەڵیکێشاوە؟!، ئەگەر بمردبوایە ئیستا بیست چیا کەوتبووە نێوان ئەوو خانەوادەکەیو کەمێك لە سفتوسۆیان دامرکابووەوە.

بیست شەو هەبوو حاجی رەسوولْ درۆ سپیەکانی وەکو حیکایەتەکەی هەزارو یەك شەوە دەهۆنیەوە، بیٚ ئەوەی قسەی شەوێکیان لە ئەویکەیان بچێت، بیست رۆژیش بوو خاتوونی ژنیو بووکەکەی پیٚ هەڵدەخەڵەتاندن، ئەوەندە لیٚی مەعلانو پسپۆڕ ببوو هەر وەکو قسەکان راستی بن ئەوها سووكو ئاسان.. بیٚ ئەوەی بۆی دابمینێت بۆی دەهات، هەموو مەبەستەکەشی لە پێناو ئەوەدابوو رۆژێکی کەش بخاتە سەر رۆژەکانی پێشتر، بەو هیوایەی سەرە داوێك وەکو گۆڕەکانی ئەنفال

کراوەکان کە لە عەقڵو بیری کەسدا نەبوو ئاشکرا ببێت، سۆراغێکی بزانێتو ئاشکرا ببێت.

رۆژەکانی ئەو شەوانەیش بە هەنجەتی کاری کۆمپانیاکەوە لە درۆ سپیەکان هەڵدەهات، هەڵدەهات لە دەست غەمە پەنگ خواردووەکانی کە لە شەوەکاندا مارێکی بەژەهر بوو تێیدەئالاو کەپکەی حەوانەوەی لە نێو هەناویدا کردبوو، هەر ئەوەندەی دەگەیشتە دەرکەی حەوشە وەکو ئەوە وابوو دەمێك بێت دەمو لووتیان گرتبێتو لە پڕ بەردرابێت.. خێرا خێرا هەناسە بەدوای هەناسەی هەڵدەکێشاو بە حەسرەتەوە دەیداوەو بۆن کرووزو سووتانی لێوەدەهات.

حاجی لە قسەی شەوەکانی پشی بەمە خۆشبوو کە دەرخوون لەسەر قسەکان هەڵنادرێتەوە، چونکە شێرە ناوە گەشتی بۆ دەرەوەی کوردستان دەکرد، زۆرجاران حاجیش لەو گەشتانەدا هاوسەفەری دەبوو، وەلی شەوێکیان خەریکبوو هەر چ پینەو پەرۆی کردبووی هەموو تەقەڵەکانی لێك هەڵبووەشێتەوەو بکەوێتە ئەو گۆڕە کاتێ خاتوونی ژنی لێی پرسی:

- ئەرێ حاجی جاران شێرە ئەوەندەی پێنەدەچوو، ئەگەر بیزانیایە کارەکەی درێژ دەبێتەوە دەهاتەوە سەرێکی دەدا، یا رۆژانە تەلەفۆنی بۆ دەکردین.. هیچ جار وەکو ئەم سەفەرەی نەکردووە؟! دڵم زۆر نارەحەتە، تۆ بڵێیت شتێکی بەسەر نەهاتبێت.؟!

- ناهەقت نییە خاتوون.. تۆ دایکی دڵی دایك ناسکە، مەسەلەکە ئەوەیە چ جار ئەوەندەی پێنەچووە.. بەگوێی دڵت مەکە، کە تەلەفۆنیش ناکات نەمگوت لە تورکیا نەماوەتەوەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا چوونەتە ولاتی (چین)، چینیش لە پشتی چیای قافێ یە".

هەڵوەستەیەکی کردو لە مێشکی خۆیدا گوتی "چیای قافێم لە کوێ هێنا، بە خۆشم نازانم ئەو چیایە کەوتۆتە کوێوە؟ خۆ من مامۆستای تەئریخو جوغرافیاش نیم تا بیزانم ! با بڕوات.. وا دیارە قسەکانی ترم گەلێك راستبوونە، تا لەمەیان هەڵوەستە بکەمو بسەنگرێمەوە، با بڕوات، خاتوون لە حیکایەتە کوردییەکان دا گوێت لە چیای قافێ نەبووە کە چەند دوورە، ئەو چیایە لێناگەرێت تەلەفۆنیشیان بمانگاتێ.. مۆبایلیش لێوەی رەتنابێت، ئەوە لەکنە خۆمان لەو هەڵەتو پەڵەتەی (تەق تەق وئۆمەر مەندان)ە وە شەبەکە نامینێت چ جای پشتی چیای قافێ، دوورە دوور حەیرانەکانیشمان بۆ ئەوێ بڕناکات، هەر ئەو ئامێرە هەیە کە جارێك نۆرەیان دامێ.. کاڵەکێكو شارێك بەشی کێ بکات؟.

حاجی وەکو مامۆستا بێتو وانە بۆ قوتابیان راڤە بکات، ئاوا هێدیو لەسەر خۆ دەیویست تێیبگەیەنێتو بیخاتە مێشکیەوە، لەو حەلە کوڕەکەی هاتە ژووریو پێیگوت:

- حاجی میوانی کۆمپانیامان هاتووەو کاری پەلەیان پێتە.

قولابی ماسی گرتن چۆن لە دەم و قەپۆزی ماسی گیردەبێتو راوچی رایدەکێشێتو دەیهێنێتە دەرەوە، بانگ کردنەکە ئاوا بە دڵی حاجیش بوو لە وانەی پرسیارو وەڵامی گومانانیشدا قورتاری کردو هێنایە دەرەوە.

شێرە چۆن مەزەندەی عاقڵی براکەی کردبوو.. مەزەندەکەی بەهەدەر دەرنەچووو لە جێگەی خۆشی بوو، کاتێ لە ماڵەوە دوور کەوتنەوە بە هێمنیو ئارامییەکەوەو چاویشی لە رێگاکەوە بوو گوتی:

- حاجی لە مۆبایلە کەی شێرەی برامەوە تەلەفۆنێکم بۆ هاتووە.

- چی چی کوڕەکەم !!؟؟دە بیلێوە بیلێوە!!.

- ئەوەیە گوتم حاجی.

- دە تەواوی کە! خۆی بوو...

- حاجی گیان نازانم کێ بوو؟ هەر ئەوەندەی پێ گوتمو گوتی شێرە لە لای ئێمە میوانە.. بە عارەبیش قسەی دەکرد، پاش چەند کاژمێرێکی کە تەلەفۆن دەکاتەوە.. نەمویست لە ماڵەوە پێتی بڵێم، وام پێ باشبوو لە ماڵەوە پێتی نەڵێم، دەتگوت ئاشێك لە ناو مێشکی حاجیدا هەڵکرا، تۆپەڵێك تەپەو تەقەو بژە بژو ویژە ویژ لە نێو کەللەی مێشکیدا هەڵسا، پشتی لەگەڵ کوشینەکە کردە یەکو هەستی لە خۆ بڕی، چەند خولەکێك بەم شێوەیە بێ هەستو خوست مایەوە، تەنیا هەناسەکەی بوو دەهاتو دەچوو، کە کاریگەری قسەکە لەسەری تۆزێ ئەهوەنی کرد.. ئەوسا رووی لە کوڕەکەی کردو گوتی:

- سوپاس بۆ خوا یانی شێرە ماوەو کەوتۆتە دەست....

- حاجی ئەمە بە ئیشی تیرۆریستان دەچێت.

- کوڕی شیرینم نەمدەویست بیدرکێنم لە یەکەم رۆژەوە ئەو گومانەم هەبوو، لە هەمووی خۆشتر مانی شێرەیە.. ئێستا هەرچۆنێك بێت ئەمە دەلیلی مانێتی!بزانین چیمان پێدەڵێنو داواکاریان چییە ئەویکەیان ئاسانە؟ ماڵی سپی بۆ رۆژی رەشە.. من ئەورۆژەم هیچ لە یاد ناچێت کە ئەوەی بە رۆژ پەیدام نەکردبا هیچمان نەبوو بیخۆین، ئێستاکەش خودا زۆری داوە.. گرنگ ئەوەیە بتوانین بەساغو سەلامەتی بیهێنینەوە، ئەوجا لای هەرکەسێك دەبوو، نەك سەریشمان بچێتو ماڵیش بچێت، چەندانمان دیتن ئاوایان بەسەر هات.. جارێ با بزانین قسەیان چ دەبێت. ئەوەی بۆ

ئێستا پێویست دەکات ئەوەیە دەبێت ئەم رووداوە لە نێوان منو تۆدا دەرنەچێت، دایکتو براژنت با پێنەزانن.. هیچیان پێناکرێتو سەریشمان لیّ دەشێوێننو ئەو پینەو پەڕۆیەی کردووشمە هەڵدەوەشێتەوەو ماڵەکەشمان لێدەشێوێت.

- منیش کوڕی تۆم هەمان مەرامم لە دڵدایە.

کۆمەڵێ راو تەگبیریان لە دانیشتنەکەدا کردو گۆڕییەوە، ئەگەر وابوو وادەکەین.. ئەگەر وانەبوو وای بۆ بکەین، لە دەورو بەری خۆیاندا.. لە شارەکەیانو لە شارەکانی تریشدا گەلیّ نموونەیان بە بیرخۆیان هێنایەوە، وەکو پەندو عیبرەت لێوەرگرتن دەوری ئەو رووداوو کارەساتانەیان کردەوە، لە فلانە رووداو هەڵەیان ئەمەبوو دەبوایە وایان نەکردایە بۆیە نسکۆیان هێنا، لە هی فلانیش پلانی چاكو تۆکمەیان هەبوو زۆرکابانییان تێدانەکردبوو بە خواستیان گەیشتن، هەڵەی ئەمیانو.. دروستی ئەویان تاوتوێکرد، بیرۆکەیەکیان لە لای خۆیان گەڵاڵەکرد.

دەتگوت دوور بە دوور لە پەنایەکەوە چاویان لێیان بووە، یان وەکو فیلمە پۆلیسیەکان کامیرای نهێنیان لە ژووری کۆمپانیاکە بۆ دانابوون هەر لە قسەو تەگبیرەکانیان بوونەوە دەنگی مۆبایلی کوڕەکەی حاجی یەك دوو زەنگی لێوە هاتو سەیری ژمارەکەی کردو بە دەنگی ئاشکراوە گوتی:

- ژمارەکەی کاکە شێرەم نییە!!؟.

نەیهێشت بێدەنگ بکەوێت دووگمە سەوزەکەی داگرت.

- بەڵێ فەرموو..

لە زمانە عارەبیەکەوە زانی ئەمانن، دەنگەکەی کردەوە بۆ ئەوەی حاجیش بیبیستێت..

" اذا تريد ابنك يرجع بسلام اذهب لنهاية سوق الجسر من طرف القلعة على يسارك بالأخير هناك عربانة مابه اي شئ سوى ميزان، واحنا من بعيد لبعيد نراقب العربانة..

بجانب الميزان توجد باكيت بغداد.. اخذوا الباكيت بداخله موجود ميموري.. من خلال تشوف ابنك.. وبعد نتصل بيك.. ولمصلحة حياة ابنك ابتعدوا عن المخاطر".

"ئەگەر دەتەوێت کوڕەکەت بەسەلامەتی بگەڕێتەوە بچۆ بازاڕەکەی لای قەڵات.. لە کۆتایی دەستی چەپ عەرەبانەیەك هەیە لە میزانێك بترازێت هیچی کەی بەسەرەوە نییە.. ئێمە دوور بە دوور چاودێری عەرەبانەکە دەکەین.. بە تەنیشتی میزانەکەوە پاکێتێکی بەغدا هەیە.. لەناو پاکەتەکە میمۆرێیەکی تێدایە کوڕت دەبینی.. بۆ سەلامەتی کوڕت لە کێشەکان دوور بکەرەوە.

دەتگوت هەردوو بەسەر پردی سیڕاتدا دەڕۆن‌و لە ترسی بەربوونەوەش هەستیان لە خۆ بڕیوەو هەناسەشیان بە هێواشی دەخواردەوە، کاتێ پەیوەندییەکە کۆتایی هات باوك‌و کوڕ لە یەك چرکەدا ئاوڕیان لە یەکتر دایەوە، تەماشاکەیان لە خاڵێکی نێوانیاندا بەیەکتر کەوتن‌و بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەن هەریەکەو لە چاوی بەرامبەرەکەیدا مەرامی ئەویکەی خوێندەوەو هەڵسان.

# هەڵاتن

شێرە نووکە تیژەکانی قامیشەکانی لێ ببووە سەرە زەرگو نووکە شێرەکانی دەروێشە قادرییەکان، لەسەردەمی منداڵیدا لە تەکیەکەی گەڕەکەکەیان لە شەوانی دووشەممەو هەینی دا لە هەڵقەی زیکرەکاندا دەروێشەکانی دەدیت زەرگ وشێر لە سكو گوپو پێستی قەپرغەیان رادەکرد، ئەوان ئاسایی لە جووڵانەوەکانیدا نووکە بەرزبووەکانی قامیشەکان لە سمتو لا قەپرغەو پشتو قۆڵنجو لا رانی دەچەقین، لە حەژمەتاندا لە پێشەخۆیدا دەیگوت:

" ئەندازیاری داهێنانی بڕینەوەی ئەم قامیشانە شاگردی شەیتان بووەو تەگبیر کەرو رێنیشاندەرو فێرکەریشی بووە "

هەرچەندە زنجیرکردنی دەستو پێیو ملی جووڵەکانی جەستەی بە ئەندازە هێخستبوو، وەلی نووکە تیژەکانی قامیشەکان پتر جووڵەکانی رستو جڵەو کردبوون.

چوار پێنج رۆژبوو لە هەواو سروشتی نێو قامیشەلانەکەدا جێیانهێشتبوو، وەکو سەگێك لەو قامیشەلانەدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، کە دەگەڕانەوە لای

هەندێك سەموونە ڕەقی وشك بووەوەیان تێهەڵدەدایە نزیکیەوە.. پێشتریش یەك دوو سێت ئاوی (حەیات)و کیسە خوێیەکی (نەورۆز) کە بە قەدی کیسە نایلۆنەکەوە نووسرابوو داندرابوون.

نەیدەزانی چەند ڕۆژە گیراوەو دەست بە سەرکراوە؟، بەلاّم چونکە پێش گرتنەکەی ئەگەر هەموو ڕۆژێك تراشی نەکردبا هەر ڕۆژ نا ڕۆژێك دەیکرد، ئێستا کە ریشو سمێڵی درێژ بووەو پێستەکەی ژێریشی دەخورێت.. بەمەیان مەزەندە دەکات کە ڕۆژانێك بێت گیرابێتن وەلی نەیدەزانی چەند ڕۆژەو لێی تێکچوو بوو.

بیرۆکەیەك لە نێو مێشکیدا بریسکەی کرد، بۆ ئەو بیرۆکەیە وەکو سەری پەنجەکانی چاویان بەسەرەوە هەبێتن بە هەڵقە هەڵقەی زنجیرەکەی داهێنا، لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لە خوارەوە بۆ سەرەوە بۆ لای ملو گەردنو بەرۆکیەوە بە ترقە ترقو قرچە قرچی هێخستبوو، جێگە جێگە.. کورت کورت.. درێژ درێژ تەکانی بە زنجیرەکە دەدا، دەستی لە قفڵەکە گیرکردو ئەمدیوو ئەودیوی پێکرد دیتی لەسەری نووسراوە (قفلّ الشیخانی)، ئەو دەستگەمەیەی بە قفڵو زنجیرەکان یادو حەزی سەردەمی منداڵی بۆ ئاسنو پاسن هێنایەوە گۆڕێ، بەو حەزو ئارەزووو شارەزایی جارانی لە ئاسندا.. زنجیرو قفڵی دەهەژاندو هەڵقەکانی بە پێی با خواردنەوەیان هەڵگێڕو وەرگێڕ کرد، بەو ئومێدەی جێگەیەکی ژەنگ خواردوو.. زەعیف بدۆزێتەوەو هێزی پیّ بشکێتو بە فێڵێك شتێك بە شتێك بکات، تا ڕێگەی هەلاّتنی بۆ ئاسانترو سووکتر بێت، ئەگەر ڕوو بە روویان بوو بتوانێت بە زنجیرە کە بەرەنگاریان بێتەوە، یا لە قرقرتۆکی سەگەکان گیربکاتو فزەیان لەبەر ببڕێت، هەر چەندە تا ئەو حەلەی بیرۆکەکەی کەوتبووە مێشك هیچ سەگێك خۆی لەقەرەی

نەدابوو، ، تەنیا دەنگیان بوو دەیگەیشتیٚ، کە گومانی ئەوەی لیٚدەکرد ریکـۆردەر بیٚت بۆ ترساندنی لە نزیکیەوە داندرابیٚت، تا بیخەلەتیٚنن‌و نەکات بیر لـە هـەلاٚتن بکاتەوە.

لەو جوولاٚن‌و تەکانانەیدا سەرە قامیشە تیژەکان چاکتر لە جەسـتەی دەچـەقین‌و ئازاری دەدا، وەلی گویٚی پیٚنەدەداو لەگەلٚ خۆیدا دەیگوت: "ماسی گـرتن بـە بـیٚ قوون تەڕبوون نابیٚت"

وەکو یاریکەری سیٚرك ئەگـەر پیٚویـستی کـرد دەتوانیٚـت لـە جیٚگـەی پیٚیـەك هەلٚبستیٚتەوە، بۆی کـرا کـەمیٚك رەچـاوی جوولاٚنـەوەی ئـەوان بکـات‌و بتوانیٚـت جەسـتەی کـەمیٚك لـە تیٚـچەقین‌و ئـازار پیٚگەیـشتن لـە کـاتی هەلٚـستانەوەکەیدا بپاریٚزیٚت، نەعلە هەلٚتلیشاوەکان کە وەکو قەلغان بۆ پاراستنی جەستەی لە نووکـە تیژەکان بە پیٚی جوولەکـە لـە شـویٚنیٚکەوە دەیگواسـتەوە شـویٚنیٚکی تـر لـە پـیٚ هەلٚکیٚشا، قامیشەکان لە بن پیٚیەکانی قرچە قرچی لیٚوە بەرزدەبوەوە، ئەلٚلا خوایی رووی هەنگاوەکانی لە لاییٚکی قامیشەلاٚنەکە کرد، هەر یەکدوو هەنگاو لە شویٚنە براوەگە دوور کەوتبوەوە، کە دەتگوت شویٚنەکە بە کامیرای چـاودیٚرییەوە کـۆنترۆلٚ دەکریٚت، چەکداریٚك خیٚرا بەرەو رووی هات‌و خۆی سـوور کـردەوەو چـاوەکانی لیٚ زەقکردنەوەو لەگەلٚیدا کونە لووتەکانیشی فش بوونەوەو تیٚیخوڕی:

- ها وین !؟ تنهزم.

ها بۆ کویٚ !؟ رادەکەیت.

- لا، کنت اروح للمرافق.

نا، بۆ سەرئاو دەچووم.

- ليش انت بشيراتون.. تدور على مرافق! ومكانك

بۆ تۆ له شيراتۆنی له سەرئاو دەگەڕێیت ! ئەی شوێنەکەی خۆت.

- على مود الريحة ردت ابتعد.

لەبەر بۆنەکەی ویستم دوور بکەومەوە.

وەکو ئاژەڵ بەرەو ماڵ بکاتەوە گێڕایەوەو لەدواوە پێلەقەیەکی تێهەڵدا، بەوەی باش بوو خۆی بۆ ئەم لێدانە ئامادە کردبوو، بۆیە بە ئاگابوو لێیو خۆی توند کردبوو، ئەگەر نا بە سەر نووکە تیژەکاندا دەکەوتو ئەڵڵا ورمان....

پێیەکانی لە ترکزە بوون بەسەر نووکە تیژەکانی قامیشەکانو گەر بە وشیارییەوە هەنگاوەکانی دا نەنایە دوور نەبوو نووکە خەنجەریەکان لە بنی نەعلەکەوە بچووبانە ژووریو لە پشتی پێیەکانیەوە دەرچووبان، کلیمەکە بەسەر قامیشە بڕاوەکانەوە چەند لۆچێکی خواردبووەوەو ناشیرین کەوتبوو، لە نزیک لۆچێکیان پێیەکانی لە نەعلە تلیشاوەکان دەرهێناو بە زانایی لە سەر لۆچەکە داینا، ویستی بە نەعلەکان جێگەی دانیشتنەکەی ریك بخات.. خشە خشێك لە قامیشەکانەوە بەرز بووەوەو دەنگێك نەیهێشت دابنیشێتو پێیگوت:

- لا تقعد نمشي.

دەڕۆین دامەنیشە.

نە مشییەکە لە شوێنەکەیدا لە جووڵەی دانیشتنەکە وەستاندیو ئاوڕێکی بە لای دەنگەکە دایەوەو لە دڵە خۆیدا گوتی:

"مەرگە مووشن لێم نابنەوە."

- البس نعلك.

نەعلەکەت لە پێ بکە.

هەمان قسەکەر رووی لە یەکێکی ترکردو گوتی:

- اربط عين.

چاوی ببەستەوە.

کابرا چونکە بنی کالەکانی ئەستوور بوون هەر لەگەڵ قسەکەیدا وەکو فیشەکی گوللە پێیگەیشتو چاوەکانی بەستانەوە.

- جيبوا.

بیهێنن.

هەمان دەنگەکەی پێشوونەیان بوو وایگوت.

وەکو نەخۆشێك شنگوتاقەتی لەبەردا برابێت.. پیلیان گرت، چەکدارەکە دەیزانی ئۆتومبیلەکە لە کوێیە بۆیە بێ پرسکردن بەرەو ئەوێی برد.

- بالصندوق بالصندوق.

لە سندوقەکە لە سندوقەکە.

قەپاغی سندوقەکەی لەسەر داخراو ئۆتومبیلەکە دەتگوت چاوی سوور بووە وەها رێگاکەی بەخوارو خێچیو گەردەلوولێکی تەپوتۆزاوی بە دوای خۆیەوە بەرەڵلا کرد، شێرەش لە نێو سندوقەکەوە هەڵدەبەزییەوەو بەملاو بەولادا دەکەوت، لەگەڵ هەڵبەزینەوە نارێكو ناخۆشەکان لەگەڵ خۆیدا گوتی:

"دەبێ وابزانن کەسێکی زۆر گرنگو دەستڕۆیان گرتبێت بۆیە جێگۆڕکێم پێدەکەن، یان وای بۆ دەچن ستافێکی شارەزا بە سەتەلایت شوێنە گومان لێکراوەکانیان خستبێتە بن زوومەکانو بەدوامدا دەگەڕێن، بۆخۆیان ئەهلی کارن

پێیــان وایــە بەرامبەرەکەشـیان وەکـو ئـەوانن، ئـەوەی مــن بیــزانم هــەر کــڕینو فرۆشتنەکەیەو لەسەر نرخەکە مامەڵەکەیان گیری خواردووە.. ئەوجا گرووپەکان چ لەنێو خۆیانـدا بێـت چ لەگـەڵ باوکمـدا پێکنــەهاتنو نەگەیـشتبێتنە مەزەنـدەو مەبەستیان.

شێرە لە نێوان تێکەو لێکـەی خۆیـدا بـوو سـەرو دڵـی تێکئـالاو دایـە بـەر هێڵنجدانو ئێق کردنەوە، کە لە منداڵیــەوە تـا ئـەو کاتـەی نێـو قامیــشەلانەکە نەیزانیبوو هێڵنجدانو ئێق کردن چییە؟ هەر چ قسەو بۆچوونێك لە نێو مێشکیداو هەر چ خواردنێکیش لە نێو گەدەیدا هــەبوو.. ئەگەرچــی خــۆراکێکی وایــشی نــە خواردبوو هەمووی ئێق کردەوە، وەکو لە نێو حەوزێکی ئاویان هەڵکێشابێت بە بن ئاوو ئارەقە کەوت، ماسولکەکانی خاوبوونەوە.. هەسـتی دەکـرد گـەدەی پــەمپ دەخواتو پڕ با دەبێتو کاریگەری هەواکە وایلێـدەکات دەمــی بکاتــەوەو هێڵــنج لەسەر هێڵنج لە بنــی سـکیەوە هەڵـدەقوولاو کەفـە ژیلکـەو زەرداوی دەردەدایـە دەرەوەو ناو قورگیو کونە لووتــەکانی مەلاشـووی دەتگـوت پــڕی تـرش کـراوە. کاتێك قەپاغی سندووقەکەی لەسەر والا کرا بۆنی ترشەلۆك و گەنی گەدە خۆی لە کونە لووتەکانی چەکدارەکە داو رووی لێ وەرگێڕا، هەواکـە گـەدەی بـەنج کـرد.. ماسولکەکانی گەدەی چ هێزی ئێق کردنیان پێنەمابوو بۆیە یەکسەر لە هێڵنجـدان وەستا، چەندجاران لەسەر یەکتر هەناسەی قــووڵی هەڵکێـشاو دایــەوە.. وردە وردە ئــەو گــۆڕانو تێکـچوونەی بەســەر جەســتەی داهــاتبوو بــەرەو ئاســایی بوونــەوە دەچووەوە، چەکدارەکان پیلیان گـرتو رایانکێـشایە دەرەوە، هەسـتی بەگـەرمای هەتاوەکە کرد وەلی نەیزانی کـە لــە چ سـاتێکی رۆژیّ دایــە، وەکـو نابینـا بێـت

دەستیان گـرتو ئـەویش بـە هـەنگاوی کـورتو شـەپو تەپـەوە دەڕۆیـشت.. لـە شوێنێکدا وەستاندیانو دەستیان بە لابردنو راماڵینی خۆڵ کردو دەرخونێکی ئاسن بە پانی چل بە چل سانتی مەتر لە عاردەکە لادراو هێنایانە سەر دەرکی کونەکەو یەکێکیان گوتی:

- انزل للحفرة دیربالك موعمیق.

بۆ ناو قۆرتەکە دابەزەو ئاگاداربە قووڵ نییە.

بە چاوی بەستراوەوە دانیشتو لە پێشدا بۆ سەحکردنەوەی کونەکە دەسـتی بـە لێواری دا گێڕا، زانی بە گوێرەی شان و پیلو نـاو قـەدی ئـەو نییـە، بـە زۆر لـە خۆکردن چۆن بازنێك بە گوێرەی دەستو مەچەك بچووك بێت بـە زەحمـەت پێـوەی دەچێت ئەویش بەزەحمەت پێوەی چوو. بە دوایەوە چەکدارێك دابەزییە نێو چـاڵەکە کە لەسەر ڕا هیچ بارسـتاییەکی لـە گـەڵ عاردەکـەی دەورو پـشتیدا نـەبوو، لـە ناوەوەشدا درێژیەکەی بە قەد بـالآی شـێرە بـوو.. پانیەکەشـی کـە باڵـەکانی بـە تەنیشتەوە کردنەوە سەری پەنجەکانی دەستی دەگەیشتە دیوارە بلۆکەکەو کە جـوان جوان بە چیمەنتۆ درزو نەفەس بڕ کرابوو، بەرزاییەکەشی هەر ئەوەندە دەبوو ئەگەر کەسـێ بـۆ قـەزای حاجـەت دانیـشتایە سـەری بـە بـن میـچەکە دەگەیـشتو نەدەگەیشت، سێ شێلمان وەکو ئاسنی سکەی شەمەندەفەر بێتن بڕابێتنەوە رایـەلی بوون، بە پلێتێکی ئەستووریش بانی درابوو، خوداو خۆیان دەیانزانی چەند خۆڵیـان لە سەری کردووە، زنجیرێك لە دیوارەکەی لای پێینگانی لە بلۆکەکەوەو زنجیرێکیش بە لای سەریەوە لە دەرەوە ڕا حەواڵەی ناوی کرابوو، بەلای دەستە راسـتو دەسـتە چەپیشیەوە لەناو دیوارەکەوە زنجیر دەرچووبوون، چەکدارەکە زنجیرەکانی لای راستو

چەپو لای سەری هێنایەوە کن کۆ زنجیرەکانی هەردوو دەستەکانی کە لەگەڵ زنجیری تۆقەکەی ملیەوە ببوونە سێگۆشەی پەرمۆداو هەموویانی بە قفڵێك بەستنەوە، هەندێ قەفی زنجیرەکەی پێینگانی بایان خواردبووو کە بە دیوارەکەوە شۆڕببووەوە دەستی بۆ نەبرا.. لە یاد کرا یان دەستی ئەنقەستبوو تا بتوانێت قەزای حاجەتەکەی بکات، بۆرییەکی هەوا کێشی دوو ئینجی لە لای پێینگانی دیاربوو. نانە رەقو ئاوو خوێ یان لێ دانابوو.. بنی کۆنە ترمزێکیش کە لێواری هەر دوو سێ پەنجە دەبوو بۆ تێکردنی پاشەڕۆك، چەکدارەکە بە عارەبی تێیگەیاند لەو شوێنەی پێویست دەکات داندرابوو.

چەکدارەکە سەرکەوتەوە سەرەوەو کونە چوارگۆشە چڵ بە چڵەکەی بە تەگبیرێکی شەیتانی داپۆشیەوە کە لەهەندێ تەگبیری شەیتانیی کە لەگەڵ چاڵەکەی صەدام حوسێندا تێکیان دەکردەوە. شێرە لە نێو تاریکیو خامۆشیەکەدا پنتکێکی ون بوو، کاتی خۆی لە مامەڵەکردندا کە قافی قسە هاتبووە پێشێ بیستبووی "تەڕبوو لە باران ناترسێت" ئەمە بۆ ئەم گوتراوە خۆ لەمە خراپتری بەسەر نایەت، زوو بە زوو پەڕۆکەی سەرچاوەکانی لادا، هیچی نەدیت وایزانی پەڕۆکە لەسەر چاوەکانی نەترازاوەو دەستی بۆ سەر چاوی بردەوەو دەستی یەکسەر کەوتە سەرچاوەکانی، رۆژی حەشری نەهاتبوو حەشریان پێکرد، حیسابو کیتابی بە دەستی چەپ وەرنەگرتبوو.. مەن ڕەبووکەشی لە گەڵدا نەکرابوو دۆزەخیان پێ ماچ کرد، عیزرائیلیش سەردانی نەکردبوو لە گۆڕیان هاوێشت.

بە پەنجەکانی تا ئەو شوێنەی دەستی دەگەیشتێ هەڵقە هەڵقەی زنجیرەکانی سەحکردنەوە، جێ جێ دەستی لێ توند دەکردو رایدەکێشا، بەڵکو هەڵقەیەکیان

چرووك بووبێتنو بكەوێتە ژێـر پەنجـەكانیو لەگـەڵ خـۆ لێكراكێـشانەوەكەدا لێـك بترازێـت، بەنجـەی پێیــەكانی وەكـو فڵـچەی بۆیــەكردنێ بــن تــا ئــەو شــوێنانەی دەیگەیشتیێو بۆی دەكرا دیوارەكەی پیێ لێستەوە، هەر بەو ئومێدو بـەو خواسـتو مەبەستەی كە بە پەنجەكانی پێی كردی.. بە پەنجەكانو ناو لەپی هـەردوو دەسـتی دیوارەكانی لای راستو چەپیشی وەكو دیواری مەرقەدی مەزارێكی موبارەك بـێتن بۆ تەبەرِوك وەرگرتن پێیدا خشاند، ئەگەر فێڵێك بە مێشكی داهاتبێـت فرِوفێڵـی چەكدارەكان نەزۆكی هێخستبوو.. كەلێنێك.. بۆشاییەك چییە لـە سـەر رووبـەری دیوارە بلۆكەكە نەبوو، لە بیێ ئومێد كەوتنەكەیدا وەكو بـۆ یـەكێك قـسان بكـات گوتی:

- كیێ نالێت ئەم گۆرِە تاریكستانەیان بە كامیرای چـاودێری لـە ژێـر كـونترۆڵ دانەناوەو بە كەماڵی ئیسراحەتو لەبەر رۆشنایی كارەباو قسەی خۆشو تریقانەوە سەیری هەوڵە بێسەرو بەرەكانی من ناكەنو گاڵتەم پێناكەن.

دەستی بۆ بنمییچی گۆرِە چاڵەكە بردو سەوجاسەری كونەكەی پێیـدا خزابـووە خوارەوە پەنجەكانی بەهەر چوار دەوریدا هێنا، وا چەسپو مەحكەم بـە پلێتەكـەوە نووسابوو ئەوپەرِی بلیمەتیو وەستاییو كارامەیی بۆ بەكار هاتبوو، بە هەوای خـۆ غافڵاندن دەستی بە شێلمانێكی رایەڵەكەدا هێنا تێلێكی نەرمو باریك كەوتـە بـەر دەستیو هێندێك هێنایو بردیو پسا، لە تۆقەكەی ملی ئالأندو گوتی:

- لێرە هەموو شتێك پێوست دەبێت.

پشتی سەری خێواندە دیوارە بلۆكەكەو لە نێو خەیالأندا رووچوو (بە پـا یـاغر یاغر بە بازارِی حەسیرەكە دەهاتە خواریێ، خۆی دایە بـەری قـەلاّو تەماشـای ئـەو

دارو چیمەنی باخچە بێناز کەوتووەکەی کرد، لە جادەکە پەڕییەوە شوێن سینمای خەیام کە ببووە گۆڕەپانیکی بێ کەڵك، مندالّی هاتەوە یاد کە لەگەڵ منداڵانی تەمەن خۆیدا دەچوونە سینەما کە فیلمی تەرەزان نمایش دەکراو دوای کۆتایی هاتنی فیلمەکە هەر یەك لەوان دەبووە تەرەزانێكو لاساییان دەکردەوە، لەوێ ترازاو بە پیادەڕۆکەی پردەکەی "خاسە" دا پەڕییەوەو بەرەو لای کتێبخانەی گشتیو چایخانەی "مەجیدیە" شۆڕبووەوە.. لە بالّکۆنە نیمچە بازنەییەکە دانیشتو چاییێكو ئاوی داوا کردو هەستی لە خۆ بڕی....

برسی پێخۆری ناوێت.. خەو سەرینی ناوێت، شێرە لەگەڵ خەوی ئەم شوێنە تاریكو ناخۆشانەدا راهاتبوو.. خەو نان لەدەست برسی دەردەهێنێت.. تفەنگ لە دەست جەنگاوەر بەردەداتەوە.. پشت شکاوو جەرگ سووتاوو ماڵ خراپ خەو دەرەقەتیان دێتو پێیان دەوێرێت.. دوژمندار لەبۆسەی دوژمندا خەو بردیتیەوەو دۆڕاندوویەتی.. دایك مردوو باوك مردوو.. غەمخۆرو ناشاد.. برسیو تینوو خەواڵوو دەبنو دەکەونە دنیای خەوێوە، تاریکیەکەو بێ هاودەمیو هیلاکیەکە ڤالیۆمی خەوێ بوونو خەویان لێخست.

# میمۆری

بەگوێرەی قسەو وێنەی میمۆرێکە کە چاویان لێکرد شێرەیان سەلامەت بوو هەناسەیەکی خۆشیان لە بنی دڵیانەوە هەڵکێشا، هەندێ پەڵەی نائاسایی نەبێت کە بە دەموچاویەوە بوو کە جاران شتی وای پێوە نەبوو.. ئەویشیان بۆ ئەو میوانی کردنو ئەو شوێنانە بە ئاسایی خوێندەوە، حاجی رەسووڵو کوڕەکەی بە دیار سەیرکردنەکەوە وەکو ئەوە وابوون یەك دڵو یەك هەناوو یەك مێشكو یەك بیرکردنەوە بن، لە نێو دەروونی هەردووکیاندا هەستێکی دوو جەمسەرە سەریهەڵدا.. جەمسەرێکیان پڕاو پڕی خۆشی بوو، وەکو لە قورئاندا هاتووە پاش هەموو ناخۆشییەك خۆشییە، نزیکەی مانگێك بەسەر ونبوونو بێسەرو شوێنبوونی شێرەدا رەتیکردبوو کە بۆ ئەم دووانە هەر رۆژێکیان مردنێك بوو.. ژیانێکی کەسگەلانی دۆزەخییان بەڕێدەکرد، رۆژانە لە خەفەتی بێ هەواڵیو بێدەسەلاتیان دەمردنو دەژیانەوە، میمۆرێکە لە تویێی هەناویدا مزگێنییەکی خۆشو چاوەڕواننەکراوی بۆیان حەشارکردبووو مانی شێرەی پێڕاگەیاندن.. مژدەی جەژنانەی شادیو خۆشی پاش بێ ئومێدیو بێ هیوا بوون بوو، حاجی لە ماوەی

بێ هەواڵی شێرە دا ئەوندە سەردانی نەخۆشخانەو مەیتخانەو بارەگای حیزبەکانی کردبوو بە خۆشی نەیدەزانی چەند جاران سەری پێدا کردبوونو لێی تێکچووبووو قالّتاغی بنی پێلاوەکانیشی تەنكو درزی دابوو، لە عەبرەیی خۆیدا دەستی بۆ هەموو پنچكو بارستاییەك بردبوو، وەکو ئەوکەسگەلانەی کە لە راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ ی گەلی کورد کەسوکاریان بەدەست رژێمەکەی بەعسەوە بزرو بێ سەرو شوێن ببوون.. خانەوادەیان بن پنچكو بارستاییەکانی عاردیان هەڵدەدڕیو بۆیان دەگەڕان، عەبرەییەکەی حاجیش گەیشتبووە ئەو رادەیەی بارستاییەکانی دەورو بەری شارەکەی کە دەتگوت دومەڵی عاردن کە لەپێش راپەڕینەکەوەش هەبوونو دەیان جار دیتبوونیو بە تەکیانەوە رەتببوو، وەلی ناچار بۆ خواستی دڵی رۆژانە چەندانی لێ هەڵدەکۆڵیو گومانی دڵی پووچەڵ دەکردەوە.

لە خۆشیاندا جار جارە وێنەکەیان رادەگرت.. پتر سەیریان دەکردو تێڕادەمان.. کۆستو خورشتی گیانیان دادەمرکاندەوە، لە پێش چاوو لە نێو دڵی ئەواندا خۆشییەك بوو بارتەقای ئەو خۆشییە هیچ خۆشییەکی کە نییەو نەبووە، هەردوو بێ ئەوەی ورتەیەکیان لە دەم دەرچێت جار جار ئاوڕیان لە یەکتر دەدایەوە.. وەکو ئەوە وابوو شێرە لە نێو چاوی یەکترەوە ببینن، بۆیە چاویان لە یەکتر نە دەترووکاند. حاجی لە هەناویدا وەکو پرێمز دەسووتاو قسەیەك لە هەناویدا هەڵدەقولاو دەهاتە سەریو قوتی دەدایەوە.. دەهاتو دەیگێڕایەوە، لە دواییدا گوتی:

- کوڕم بریا بمانتوانیایە ئەم وێنەیە بە ئەوانیش پیشان بدەین.

- نە ءنەءباوکە.. نەیکەین باشە.

- نایکەم، تۆش بیلێی نایکەم، بەلاّم شتێك لـە هەناومـدا وام پێـدەڵێت، مـن بۆتۆی دەدرکێنم، من حەزم نەدەکرد تۆش ئەم کارەساتە بزانیت، کوڕی شیرینم من بۆ غەم باشم، من غاراوەو بەرگە دەگرم، تۆ جارێك ماوتە بتوانی بەرگەی غـەمان بگریت.. خۆزگە هەر نەتزانیبوایە، هەر خۆم بەتەنیا زۆرانبازیم لەگـەڵ غەمەکـەدا کردبا باشتربوو. جەمسەرەکەی تریشیان لـەو پەڵـە شـینو مۆرانـەی دەموچـاویو هەڕەشەکانیانەوە سەرچاوەی دەگرتو لە کوشتنی دەترسان.

زوومی کامیراکە جار جار دەموچاوی دەهێنایە پێشێ کە هیچ گومانێکی بـۆ ناسینەوەی نەدەهێشتەوە، جار جاریش زوومەکە لایەکی دەموچاوی لای راسـتەیو جاریش لای چەپەی وەکو لە دایرەکانی ئاسـایش لـە وێنـەگرتنی تۆمەتبارەکانـدا رەچاودەکرێت دەیهێنایە پێشێو دووری دەهێخستەوە. پاش ئەوەی زوومەکە چـەند جاران ئەم گرتەیەی دووبارە کردەوە.. دەنگێکـی کـەرخ لـەوە دەچـوو بـۆ ئـەوەی نەناسرێتەوەو فێڵیان تێدا بەکار هێنابێت گوتی:

(حجي شفت ابنك ساغ سليم.. انتظرمطالبنا نتصل بيكم) دەتگوت کارەبا لـە ژوورەکەدا کوژایەوە، شاشەی کۆمپیوتەرەکە هەستو خوستی لەبەردا بڕا..

هەردوو سەیری یەکتریان کردەوەو حاجی بە کوڕەکەی گوت:

- داوای ئەمانە روونو ئاشکرایە چییە؟ روحی شێرە بە پارە رزگار بێـت هـیچ نییە، هەرچی هەمانە بە قوربانی دەکەم، گرنگ ئەوەیە ماوە، بەهەر چەندێك بێت لێیان دەکڕمەوەو لە نووکەوە دەست پێدەکەمەوە "

ماوەی یەکدوو قوم لـە جگـەرە بـدەیت بێـدەنگ بـوو، لـە پاشـاندا رووی لـە کوڕەکەی کردەوەو گوتی:

- پێم باشە ئاسایش لە هاتنی ئەم فیلمە ئاگادار بکەینەوە، وەکـو خۆمـانیش با نهێنیەکە لە منو لە تۆ تێپەڕنەکاتو ماڵەکە نەشێوێت، زانینیان بارسووکیمان بۆ دروست ناکات.. بگرە سەرمان لێدەشێوێنن، تا ئێـستاکە چـۆنم هێنـاوە بـا وا بڕوات، بزانین خوا چی دەکات.

# ونبوون

شێره لە نێو دارستانەکەدا ڕێگەی ونکردبوو، یەکەمین جاری بـوو ڕێگـەی بـەو دارستانەدا بکەوێت، ئاسن ناس بوو وەلی دارستان ناس نەبوو، بەوصەلەی پێنەبوو هەر چوار لاکەی بۆ دیار بکات، بڵندی دارەکانیش ئاسمانی لێ شـاردبوەوە تـا ڕۆژ هەڵاتو ڕۆژئاوای خۆی بزانێتو سەرووو خوارووی بناسێتەوە، چڕی دارەکان ڕێگـە گربوون لە ناسینەوەی ڕێگا، عەلی شوونهەڵگرێکیشی بۆ ڕێکنەدەکەوت جێ پـێو ئاسەوارەکان لەسەر دارو بـەردو چـەقێناندا هەڵگرێتـەوەو لـە نێـو ئـاوی هـاتو نەهاتانــدا بیپەڕێنێتــەوەو بیباتــەوە ســەر شــوێن پێیــەکانو ڕزگــاری بکــات. سەرلیشێواوو داماو لەنێو دارستانەکەدا وەستـابوو.. چاوسـاغ بـوو وەلی ڕێگـەی نەدەناسیو وەکو کـوێرانی لێهـاتبوو.. عاقـڵو زیرەکیەکـەی بەکـەڵکی نـەهاتو مێشکی ڕێبەدەری لە دارستانەکەدا نەدەکرد، بە ڕاستو چەپکردنی شانو پیلی لـە نێو دارەکاندا هەنگاوێكو دووانو... بەلای دەسـتە چـەپدا هـەنگاوی هاوێـشتو لوورەی گورگان گەیشتە گوێچکەیو پاشەکشەی پێکرد، بە کەلێنۆکەی دارەکانـدا ئەمشانو ئەوشان چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ڕۆیشتو دیـسان لـوورەی گەلـە

گورگ هەڵوەستەی پێکردو بە هەمان کەلێنۆچـکەدا بـەرەو دوا گەڕایـەوە، بـەرەو پشتەوە هەنگاوەکانی برد لوورەی گورگەکان لە نـزیکترەوە هـاتو پێـی تێکئـالاڵو گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، چڕی دارستانەکەو سەرەدەر لێدەرنەکردنەکـە وەینـەکرد دەستەبەرداری هەوڵەکان بێت، لوورەی گەلە گورگیش نزیکتر دەبووەوە.. بە شـانی راستەیدا هەنگاوەکانی وەرچەرخاندو بە کەلێنی دارە قیتەکاندا ئەمشانو ئەو شان پێیدا دەخزیو لوورەی گورگانیش لـە هـەر سـێ لاوە دەنگیـان هـەبووو رەنگیـان نەبوو، هەنگاوە نیمچە خێراکانی یەك بە دوای یەکدا بەرەو پێشترو بەرەو نـا دیـار دەیبرد، زەلو پووش لە بن پێیەکانی دەشکانەوەو قرچە قرچیان لێوە دەهـاتو لـە پێش پێی ئەویش دا ئاسەواری شوون پێیەك زەلو پووشی قرچـاندبووەوە، لـە هـەر هەنگاوێکی کەلێنی دارەکان فراوانتر دەبووە وەو نیمچە رێگاکەش خۆشتر دەبـوو، رۆیشتنەکە لە ئەمشانو ئەو شان دەکەوتو دەیتوانی راسـتۆکی بـەرِیوە هـەنگاو بنێت، وەلی لـوورەی گورگـان نـەبڕابووو بـەدوای بۆنەکەیـەوە بـوونو رێـچکەیان نەدەگۆڕیو هەر دەهاتو نەدەبڕایەوە. هەموو گیانی ئارەقەی دەردابوو.. هیلاکـی پێوە دیاربوو دەتگوت بۆڕی هەناسەی تەسك بۆتەوە هەناسە وەرگرتنو دانەوەی بە گران دەهات و دەچوو.. جار جارە دڵۆپە ئارەقەکان دەچـۆڕانەوەو دەکەوتنـە سـەر زەلو پووشەکان.. رێگاکەش فراوانتر دەبوو، لوورە لووری گورگـانیش دوورو نزیـك هەر بە دوایەوە بوو، بۆنی ئادەمیانـەی شـێرە لـە زەلو قـەدی دارەکـانو بەسـەر گەلاکاندا بە جێمابوو گەلە گورگ بە کونە لووتە فشەکانیان هێدی هێـدی قـەپۆزو لموزیان پێدا دەهێناو شەویلاکیان فشو لیکاو بە کەلێنی کەڵبـە تیژەکانـدا وەکـو ئارەقی جەستە هیلاك بووەکەی شێرە دەکەوتنـە سـەر عـاردو زەلـەکانو رێـچکە گۆڕیان نەدەکرد.

رێگاکە خۆشتر بوو دووراو دوور سێرەی چاوی پردۆکەیەکیان بەسەر چەمێکی پانو پۆڕ قۆستەوە، کە با وەکو لانك دەیهەژاندو دەیهێناو دەیبرد، ئاوی ژێر پردەکەش دەتگوت زێی (بادینان)ە شێتو هار ئەم ملو ئەومل هاتووەو هاژە هاژێتیو کەفی بە لێوارەکانیەوە دیاربوو، پردەکە لەرز گرتبوویو هەنگاوێكو دووانی بۆ پردەکە مابوو بە نییەتی چۆنێتی پەڕینەوەو دەرباز بوون بۆ ئەو سەریەوە روانی، دوور بە دووری کوڕە بچووکەکەی دیت کتێبێکی دەخوێندەوە.. دیاربوو لە چاوەڕوانی ئەودا دانیشتبوو، کیتابەکەی بۆ بڵند کردو هاواری لێکرد "بپەڕەوە باوکە بپەڕەوە دەمێکە چاوەڕێتم"

لەو دوورەوە کە رەنگو بەرگی کتێبەکەی دیت قورئانە گەورەکەی کۆمپانیا بوو ناسیەوە.. کە حاجی باوکی پاش نوێژەکان بۆ خوێندنەوە لێکیدەکردەوە، کوڕەکەی دیسان هاواری لێکردەوە "چاوەڕێی چی باوکە.. باوکە چاوەڕێی چی دەکەیت بپەڕەوە.. بپەڕەوە"

چۆن پێی هەڵگرتو خستیە سەر پردەکە !! رەشەبایەکی توند هەڵیکردو پردەکەی بە لەرزان هێخستو شێرە هەر چەندی کردو کۆشا خۆی بەسەردا پێڕاگیر نەکرا.. پرد هەژا.. ئەو هەژا.. هەر دوو هەژان.. هەژان.. هەژانو وەرگەڕا، راپەڕیو راجفڵەکیو چاوەکانی بەدەوری خۆیدا گێڕا لێیتێکچوو نەیزانی لە کوێدایەو چی بەسەر هاتووە، خەون دەبینێت یان خەیاڵ گرتوویەتی.. وەکو هەندێ کەس کە لە ناوەختا دەخەون کاتێ خەبەریان دەبێتەوە نازانن لەکوێنو لە چ کاتێکدانە ئاوای بەسەر هاتبوو، وایزانی لەگەڵ وەرگەڕانی پردەکە کەوتۆتە نێو قوڕو لیتەی رووبارەکەو ئاوەکە لوولی داوە، یان تووشی نەخۆشی لەبیر چوونەوە

بووەو رابوردووی وەکو تەختەڕەشی پۆل کە نووسینەکانی سەری دەسڕێتەوە هیـچی تێدا نامینێت.. مێشکی سڕابووەوەو هیچی بیر نەمابوو، یـان مـردووەو لـە نێـو تاریکی گۆڕو دۆزەخدایەو کەوتۆتە رۆژی حەشرو حیسابەوە کە کەس بۆی ناکرێـت بە هانای کەسەوە بچێتو لە مەیدانی حەشرا لـە چـاوەڕوانی وەرگرتنـی دەفتـەری کردەوەکـانی راچـڵەکیو تەکانیـدا، زنجیرەکـەی دەسـتو پێـیو تۆقەکـەی ملـی تەکانەکەی نیوە چڵ کرد، زرەو تەقەو لێکخشانەکە کەمێك مێـشکی جـەم کـردو هۆشێکی هاتەوەو شتێکی بەخۆ زانییەوە کە نە لوورەی گورگەو نـە هـاژە هـاژی رووبارەو نە پردی لەرزۆكو نەکوڕو نـە قورئـان هـیچ کامێکیـان نـەبوون، ئـەوەی پێیەوە مابووو دیار بوو هیلاکی خەونەکەو ئارەقەی گیانی بوو کـە دەتگـوت بـە پشتە کۆڵێکی قوڕسەوە بە هەورازێکی سەختو تووش هەڵگەڕا بوو.

هێشتا کاریگەری خەونەکەو هیلاکیو ئارەقەکەی پێوە مابوو دەنگی (الـصلاة خير من النوم الصلاة خير من النـوم ) دزەی کردە نێو چـاڵەکەوەو کـە نەیـشیزانی چۆن چۆنی ئەم دەنگەی پێگەیشت، چونکە لەوەتەی هێناویانەتە ئەم شـوێنە ئـەوە یەکەمین جارو یەکەمین دەنگ بوو لە دەرەوەڕا بخزێتە نێو چـاڵەکەوەو بـە خـەیرون مینەلنەومەکەشەوە زانی کـاتی بەیانـە، لەوەتـەی هاوێـشتراوەتە ئـەم دۆزەخـەوە ساتەکانی شەوو رۆژی نەدەزانی.. شەوو رۆژ بۆ وی دیار نەبووو هەموو سـاتەکانی لێ ببوو بە شەو، نەیشی دەزانی کە چەند رۆژ یا چەند هەفتـەو مانگـە گـیراوە؟! بەڵام بەڕیشە درێژەکەی کە تاکە رۆژمێری بەردەستی بوو دەیزانی دەمێکە گیراوە.

(الصلاة خير من النوم ) حاجی باوکی هێنایەوە یادی کە ئەم حەلە دەستنوێژی هەڵگرتووەو لە مزگەوتەکەی نزیك ماڵەوە لـە پـشت مـەلا کـەوە نوێـژی بـەیانی

دەکاتو پاش ویردەکە دەست بەرز دەکاتەوەو لە قاپی خودا دەپاڕێتەوە سەرو سۆراغێکی کوڕەکەی ببێتو لە هەر شوێنێکەوە بێت دەرووی لێبکاتەوەو رزگاری بکات، دەیزانی ئەمە تاکە دوعاو نزای پاش هەر پێنج فەرزەکە دەبێت، خۆیشی بێ دەستنوێژ هەڵگرتنو تەیەمومکردن بێئەوەی قیبلەش بزانێت نییەتی دوو رەکعات نوێژی بەیانی هێناو بە دانیشتنەوە تەواوی کردو لە خودای کەوتە پاڕانەوە.. لەو خودایەی کە چاوی لە عاردو ئاسمانو ژێر ئاوو ژێر عاردو.. ئاگاداری هەموو خشپەو چرپەو هەناسەیەکی نێو چاڵو کەندو کەلەبەرێك هەیەو وەکو نێو لەپ لێی عەیانو دیارە، دەستی پێکرد:

"خودایە لە تۆ عەیانە من لە کوێم.. لە تۆ عەیانە من چیم کردووەو چیم نەکردووە، تۆ گەورەو من بچووك.. تۆ خوداو بەدەسەڵات منی بەندەو بێ هێز، هەردەم گەورە چاوی لە بچووکەو لە گەورانیش داوای یارمەتی دەکرێت.. خودایە تۆ خاوەن دەسەڵاتی کونفەیەکونی، منی بەندەش بێدەسەڵاتو داماوو لێقەوماو، پێویست ناکات بڵێم لە کوێم چاکم دەبینی!

پیویست ناکات بڵێم حاڵم چۆنەو چۆن نییە ! لە کوێمو لەکوێ نیمە ! تۆ هەمووی دەزانی، خودا بۆ خودایە ئاگاداری هەمووی بێتو هەمووی لە ژێر زانیاریدا بێت، تۆ چ پێویستت بە کردەوەی بەندەکانت نییە.. نە پێی گەورە دەبیتو نە پێی کەم و بچووکیش دەبیەوە، هەموو بەندەکانی سەر رووی عاردی بە ئاینزاکانو رەچەڵەکەکانیانەوە بتپەرستن تۆ هەر خودای.. هەموویان پشتت تێکەنو لە ئایین وەرگەڕێن تۆ هەر خودای، غرور لای بەندەکانت هەیەو لای تۆ بەخشندەیی، تۆ منیشو ئەوانیش دەبینیتو بست بە بستی سەر رووی عاردو

ژێرەکەی دەبینیو دەزانیت چی تێدایەو چاك و خراپیشمان دەناسی، تۆ کە خـودای چاك دەزانی من چیم لە دڵدا هەیەو بۆ نزاو پاڕانەوە دەکـەمو بۆچـی هـاوارت بـۆ دێنم.. خواستی دڵو مێشکم لای تۆ روونو ئاشکرایە، لەگەڵ ئەوەشدا بیـستوومە کە خودا پێی خۆشە بەندەکانی خۆی لێی بپاڕێنەوە.. لە لای تۆ لە هەموو شـتێك خۆشتر پاڕانەوەی بەندەکانتە.. ئەوجا ئەی خاوەنی عاردو ئاسمان تۆ کە لە خـشەی مارو مێروو ئاگاداربیت.. تۆ کلاۆت بۆ بەڕوو کردووەو باو وبارانو رەشەباو زریانو لافاوو بوومەلەرزەو هـاتو نـە هـاتو خۆشـیو ناخۆشـی لـە بـن دەسـەلاتی تـۆ بەدەرنییە، جا تۆ خوداو منیش بەنـدە.. منـی بـچووكو تـۆی گـەورە، تـۆی بـە دەسەلاتو هەموو شتێك منی بێدەسەلاتو هیچ.. داوات لێدەکەم لە بەر خـاتری پێغەرەکانت.. لەبەر خاتری ئەوانکەسان کە لە فرمایشتت دەرنەچووینە.. لـە بـەر خاتری پیرۆزی دایكو باوك کە خۆت لە قورئـان لـە چـەند شـوێندا سـوێندت بـە سەریاندا خواردووەو بە زەییت بە کوڕە چکۆلەکەم بێتەوە.. سا ئەی خودایـە درێـژ دادڕیم کردو زیادم گوت چونکە تۆ دەزانی چ لە نێو دڵو دەروونماندا هەیە، جا ئەی خوداکەی من.. ئەی خودای دارو بەردو ئاوو باو تەیرو تالان، لە هەموو کاتێك پتر پێویستم بە تۆیە.. رزگارم بکە.. رزگارم بکە.. کـاری گـەورە شایـستەی تۆیـە.. کاری ئالۆزو گران لەلای تۆ سووكو ئاسانە.. تۆ ئاگرت سـاردو سـەلامەت کـرد، رزگارم بکـەو بـەزەییت بـە کـوڕە بـچکۆلەکەم بێتـەوەو هـەتیوی مەکـە، خـۆت فەرمووتە لە رەحمەتی من بێ هێوی مەبن، دیسان فەرمووتە من لە شـا دەمـاری ملتان لێتانەوە نزیکترم.. منیش داوای بەزەیی لـە سەروچـاوەی بـەزەیی دەکـەم، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئاگاداری هەموو کونو کەلـە بـەرێکیو لـە دەمـاری ملیـشم

لەمن لێم نزیکتری چیتر نالێم ئەگینا کاتم ئەوەندە زۆرە تا لا بەلایەك دەکەوێت بۆم دەکرێت نزاو پاڕانەوەت لێبکـەم، تـۆ خـودای هـیچ شـتێك بـێ فرمایـشتی تـۆو بێئاگایی تۆ نایەتە روودان، لە مەرامم گەیشتووی‌و دەزانی چـیم بـە دڵـدا دێـت، سکالاّی خۆم هاویشتۆتە بارەگای رەحمەتت.. ئـەوجا منـی بەنـدەو بێدەسـەلاّت.. تۆش ئەڵلاّو خودانی کونفەیەکون... ئەڵلاهومە ئامییییین.."

دوا بەدوای لێبوونەوە لە نزاو پاڕانـەوە لـە قـاپی خـودا، سـۆزو غـەریبایـەتی هەڵساو دڵی پڕ بوو، لەوەتـەی فڕانـدبوویان ئـاوا خـۆی کـزو مـەلوول نـەدیتبوو، نەیزانی مـاکی خەونەکـە بـوو هەسـتی غـەریبایـەتی جوولاّنـد یـان سـۆزی نـزاو پاڕانەوەکە بوو وای لێکرد.

نەیدەزانی چەند رۆژە ماوەتەوە تەنیا بەرِیـشە درێژەکـەی کـە وەکـو صـۆفی‌و دەروێشانی لێهاتبوو دەیزانی رۆژانێکە ماوەتەوەو دەمێکە بەتەڵەوە بووە، هەستی بێکەسی بزڤت‌و لە پێشە خۆیەوە لە خانەوادەکەی دەسـتی بـە گلـەیی‌و گازانـدان کرد:

" رۆژێك لە پێش فڕاندکە ریشم تراش کردبوو ئێستا ریشم تـەواوێك هـاتووە.. بڵێی لە بیریان کردبم‌و غەمم لێنەخۆن، یان وایان زانیبێت مـردبێتم‌و دەسـتیان لێ شووشتبم.. بڵێی ئەوەندە بێکەس بم‌و رێگـە چـارەیەکیان پـێ نەدۆزرێتـەوە، مـن یەکەم کەس نیمە کەوتبمە دەست تیرۆریستانەوە تا سەریان لێ بشێوێ‌و نەزانن چی دەکەن !؟ دەیەها کەس لە پێش منەوە بەو داوە وە بوونەو رزگاریشیان بووە.. هیچ نەبێت بیستوویانە چییانکردووەو دەپرسن ! خەڵك بە پرسیاران دەگاتـە شـام، یـان پارەیەکی ئەوەندە زۆریان لێداوا کردوون بارەکە قورسەو بۆیان هەڵناستێ‌و بـەدوای

تەگبیردا دەگەڕێن، دەشبێت تیرۆریستەکان بۆ مەرامی زێترکردنی پـارە بەرامبـەر بەرەڵلاکردنم زۆرتر بمهێڵنەوە تـا ناچـاریان بکـەن بـە پارەیـەکی مـشتە رازیـبن.. مردنیان پێ نیـشان دەدەن تـا بـە تـایێ رازیـبن، تێیـان گەیـشتووم چـەکدارەکان مەبەستیان کوشتنم نییە چـونکە کـەس دەسـتیانی نـەگرتووە.. راوی ئـەمان بـۆ پارەیەو بە هەوەنتە بەرم نادەن، ئەگەر ئەوان بە ئومێدی ئەوەن بمبەخشن نایبینن ! ئەوان کە خۆیان داوێنە سەر چەقۆ بۆ پارەکەیەو بەس.."

خڕەو خشەیەك وەکو خڕەو خشپەی جورج بێت لە قـسە لەگـەڵ خۆکردنەکـەی کردو گلەیی وگازاندانەکانی بە نیوە چڵی پێ هێشتەوە، لە نێو تـاریکی چـاڵەکەدا دەستو قاچە بەستراوەکەی بە دەورو بـەری خۆیـدا گێـڕا، لـە بـن لوولـەی هـەوا کێشەکەوە دەبیە ئاوو صەمموونی وشکبووی کەوتە بەر دەست.

***

ژیانو گوزەراندنی شێرە لە نێو چاڵەکەدا شەوو رۆژی دیار نەبوو، کەسـگەلانی نێو دۆزەخ رووناکی بەدیدەکەن , کڵپەو گـڕو ورشـە ورشو لووشـە لـووشو قرچـە قرچو تووڕەیی ئاگری دۆزەخیان لێدیارو روونو ئاشـکرایە، کەچـی شـێرە بـە قـەد کونی دەرزیش رووناکی نەدەدیت، مەگەر لە زیندانـە تاکـە کەسـی بەعـسیەکاندا شتی وەتـۆ هـەبووبێت، لەوەتـەی لـەم دۆزەخـەیان نـاوە ژیـانی هـەمووی شـەوو تاریکستانە، بە هۆی تاریکی چاڵەکە هەندێجار لێیتێکدەچوو کە چاوی کراوەتـەوە یا قەپاتن، چونکە لە هەردوو باریاندا جاوازییەکی هەست پێنەدەکرد. کاتێك خـەو بیگرتایە دەخەوت.. کاتێکیش بێداربوایـە دەسـتو قاچـەکانی تـا ئـەو شـوێنەی پێیدەگەیشت بە دیوارەکانی دادەهێنان، هـەر جـارەی کـە دووبارەشـی دەکـردەوە

پێیوابوو هیچ جارێکی که واینەکردبوو، یان دەکەوتە خۆ دوانـدن.. دەکەوتـە نـزاو پاڕانەوەو قسە کردن لەگەڵ خوداکەیدا، لەگەڵ دارو بەردا قـسەی دەکـرد.. لەگـەڵ دیوارەکەی چوار دەوریدا.. لەگـەڵ زنجیرەکـانو قفڵەکـە دەدوا، جـار جـارە لەگـەڵ شەیتانیش دا گفتوگۆی دەکرد ودەیگوت:

" شەیتان، تۆ لە سەرەتاوە فریشتەی خودا بوویت بە هەنجـەتی ئـەوەی تـۆ لـە ئاگر دروست کراوی پیرۆزتری.. کوڕنووشت بۆ ئادەم نـەبرد کـە لـە قـوڕ دروسـت کرابوو قسەی خودات شکاندو بەر لەعنەتی خودا کەوتیت.. لەو ڕۆژەوە ڕقـت لـە ئادەم هەڵگرت تا گەیشتە ئەوەی ئادەمو حەوات لـە خـشتە بـردنو بوویتـە هـۆی جێگــە پێلــەقکردنیانو فرێدرانــە ســەر زەوی، ئــیتر لــەو ڕۆژەوە موســوڵمانان دەتبوغزێننو وەکو دیارو ئاشکراشە تۆش هەر خـەریکی هەڵخەڵەتانـدنی بەنـدەی خواناسیو هەر یارو یاوەری خراپە کاری، دە جارێك چـاکەیەك بکـەو ڕووی خـۆت سپی بکەرەوە، لە زەمانی تیرۆریستان تێدەگەیتو لێیان دەزانیو ڕازییان بکـە، بـا خێرێك بۆ پاشـەڕۆژیان بکـەنو بـەرم بـدەنو شـتێك بـچێنن لـە پاشـە ڕۆژیانـدا بیدوورنەوە".

نۆرەی گەیاندە خەونەکە، بـە ئەنقەسـت نۆرەکـەی لـە دواوە دانـابوو، تـا بـە شێنەیی بـیری لێبکاتـەوەو شـیبکاتو شـەنو کـەوی بکـات، چـونکە حـەزرەتی (یوسف)ێکیان نەدەخستە هاوشانی تا بڕگە بە بڕگەی بۆ لێکبداتەوەو شیبکاتەوە، یا ئەوەتا هەواڵی کوشتنی دەڵێـت یـان مـوژدەی بـەرەڵڵاکردنو ڕزگـاربوونی پـێ بدات، هەر خۆی کەوتە شیکردنەوەی خەونەکە بە بێ خەوننامە، بەلکو بە گوێرەی قسەی عەوام کە کاتی خۆی بیستبوونی ئاوای لێکدایەوە:

لوورەی گورگ.. هەڕەشەو مۆتەکەی پیاو خراپانـە بـە دوامـەوەن، چـڕو پـڕی دارستانەکە.. ئەم چاڵە توندو مەحکەمەیە کە بە چوار دیواری بیٚ کونو کەلەبـەر دروست کراوە، تروسکاییەکی هیوا لە خەونەکەدا دەبینریٚت یان دروسـت دەبیٚـت.. ئەوەش لە هەلیٚکەوە دیٚتە پیٚشیٚو درەنگو زووی دیار نییـە، پردەکـە هیواکەیـە، پردی رزگاربوونە، رزگاربوونەکەش سووكو ئاسان نییە.. لـە نیٚـوان مـەرگو ژیـن دایەو هیٚمای مەرگو ژیانەکەش هەڵکردنی رەشەباکەیە کە ریٚگەی رزگار بوونەکە دەخاتە تەلەزگەو هەژاندن، قورئانەکەی دەست کوڕەکـەم نـزاو پاڕانەوەیـە.. نـزاو پاڕانەوەی دایكو باوکە.. هاوسەرە، ئاهو نووزەی کوڕە تاقانەکەمە کە هەست بـە دیارنەبوونی من دەکاتو بۆشاییەکەش بە سۆزی باوك پڕدەبیٚتەوە، کـە بـە روونو ئاشکرا دەڵیٚت باوکە بپەڕەوە بپەڕەوە چاوەڕیٚی چی دەکەیت، ئەوجا کـەیو چـۆن؟! لە پردە لەرزۆکەکە کە چاڵە قایمو توندو پۆڵەکەیە، پەڕینەوەو رزگاربوونەکە دیٚتـە پیٚشیٚو ریٚدەکەویٚت؟ تەنیا خوا دەیزانیٚت..

بیٚ ئەوەی لە پیٚشدا هیچ هیٚلیٚکی بە قازانجو زەرەر بۆ خۆی کیٚشابیٚت، تـەنیا بـە قەرینـەی ئـەو قـسانەی کـە لـە عەوامـدا دەربـارەی شـیکردنەوەی خـەونان بیستبوونیو بە مەزەندەی عەقلیٚش لەگەڵ ئەو بۆچـوونە هەنووکەییانـەی کـە لـە کاتی شیکردنەوەکە دا دەهاتنە پیٚش، برگە برگە لیٚکدانەوەو شیکردنەوەکەی کرد، مەزەندەی رزگاربوونەکە هەناسەیەکی خۆشی بە دڵو دەروونو میٚشکی گەیاند.

لە خەیاڵی خۆشیو نەشئەی رزگاربوونەکەدا بوو کاتیٚ گرمە گرمو تەقـە تـەق وەکو گەواڵە یەکی بەهاری بیٚت دووراو دوور لە بان سەریەوە هـات، وەکـو ئـەوەی نەیەڵنو لیٚی حەرامو قەدەغە کرابیٚت کە بە خەیاڵ کردنەوەش نابیٚـت لـە ئازادیـدا

بژییێتو لە نێو تاریکاییەکەش بۆی نییە چاو لە هەلاٚتنی خۆری ئازادی بکات " لە بیرکردنەوەو خەیاڵە خۆشەکەیان دابڕاندو یەکێك لە کونەکـەی سـەر سـەریەوە کـە لایتێکی بلازکتۆری بە دەستەوە بـوو لوولـەی تفەنگەکـەی تێکـردو بـە عـارەبی بەسەریدا نەڕاندیو گوتی:

- ارفع راسك

سەرت بڵندکە

ڕووناکییەکە دڕی بە تاریکی نێو چاڵەکە داو کردییە ڕۆژی ڕووناكو چـاوەکانی کردنە دوو گۆمی فرمێسكو فرمێسکیان لێ هەڵڕژا، بینینی شێواند لـە گورزێـك ڕووناکی شێلو بترازێت کە نە دەموچاوی کابرای بلازکتۆر بە دەست نە دیـوار نـە کونەکەی سەر سەری.. هیچیانی نەدیت، بە کامیرایەکی ڤیـدیۆیی کەوتنـە وێنـە گرتنی، وەکو گرتەیەکی فیلمی سینەمایی بێت یەکیان ببووە دەرهێنەرو ڕێنمـایی پێدەدا وابکە.. خۆ هەڵکێشە.. وابکەو وامەکەی بـە پـەنا گوێیـدا دەداو کـامیرا مانەکەش لەسەر دەرکی کونەکە دەستی لـە نێـو چـاڵەکەدا بـە گـوێرەی ویـستو خواستەکان دەگێڕاو زوومی کامیراکەی لە دەموچاوی نزیك یا دوور دەهێخستەوە. وێنە گرتنەکـە ڕاگـیراو چـەکدارێکیان لێـی چـووە خـوارێو دەسـتی بـە هـەموو هەڵقەکانی زنجیرەکەو قفلەکەش دا هێنا، یەکدوو شەقیشی لـە شـێرە هەڵـداو لـە پاشاندا کامیراکەی وەرگـرت ولـە نێـو چـاڵەکەدا گرتەیـەکی تریـان گـرتو لێـی وەستایەوەو قفڵەکەی کردەوەو یەك بە یەکی هەڵقەکانی زنجیرەکەی تەماشـاکردن.. گرتەی سێیەمین لە کۆتاییدا بـوو زرمـەی تەقینەوەیـەك بـێ پـرسو ڕەزامەنـدی چەکدارەکان خزییە نێو چاڵەکەوەو وای لە کامیرا مانەکە کرد زێـتر لـە سـەر ئـەو

گرتەیە بسەنگرێتەوەو بەسەر خۆشی نە هێنا، دوا بەدوای زرمەکە یەکدوو خولـەك بەسەر چووبوو کامێراکەی ڕاگرتو هەر خۆی قفڵە شێخانییەکەی وەکو جـاران لـە زنجیرەکان دایەوەو شێرەی بە تـەنیا لـە نێـو چـاڵو تاریکیـدا بـە یـاوەری غـەم و مەراقاندا جێهێشتەوەو کولانکـەی چاڵەکەشـیان بەسـەردا بـا بـڕ کـردەوە، دەورو بەرەکە کشومات هەڵگەڕا، تەنیا چەند شوێنێکی جەسـتەی بـوو کـە لێدانەکـەی بەرکـەوتبوو کـشوماتی نـەدەزانیو دەیانتریوانـد، دەسـتێکی گەیانـدە قفڵـە شێخانییەکەو بە هێزو تووڕە بوونێکەوە رایتەکاندو هێنایو بردی، لە بـن دەسـتی زنجیرەکان شلو خاوبوونـەوەو دەمـی قفڵەکـە تـرازاو زنجیرەکـان لـە بـار یـەکتری داکـەلان.. هـەر چ ڕەگو دەمـاری جەسـتەی هـەبوون مـوژدەی ترازانـی دەمـی قفڵەکەیان گەیشتیو بە هەلەکەسەما کەوتن.

# تەلەفۆن

مۆبـایلی کوڕەکـەی حـاجی ڕەسـوولْ بـوو زەنگەکـەی لێیـداو چـۆن شـەڕو پێکدادانەکەی چەکدارەکانو شێرە لە ژووری ئیدارەی کۆمپانیـا لـە چێـشتەنگاوی ئـەو ڕۆژەدا هـیچ شـتێکی لـە شـوێنەکەی خۆیـدا نـەهێلابووو دیزاینـی تێـك شێواندبوو.. زەنگەکەش خامۆشی ژووری ئیدارەکەی تێـك شـکاند، جـاران پـێش ونبوونی شێرە مۆبایلەکەیو تەلەفۆنە نۆرمەلەکەی کۆمپانیا زەنگ بە دوای زەنگ لە وەستای دیوار.. سپیکار.. کاشیچی.. لەبغچی.. کارەباچـیو لـە شـوفێرەکانی لۆریو گرێدەرو شۆفلْو... لە داخوازیو داواکاریەکانی مەعمیلەکانیانەوە دەهاتو کەمتر خامۆشو بێدەنگ دەبووەوە.. ئێستاش لە ڕفاندکە بـە دواوە زۆر زۆر تەلـە فۆنیان بۆ بهاتایە لە پێنجان ڕەتی نەدەدا، چونکە شـێرە داینـەمۆی کۆمپانیاکـە بوو، هەڵسوڕێنەرو قەڵەم بەدەستی هەموو ئیشوکارەکانیش بوو، چۆن کۆمپیوتـەر بە بێ کلیك کردن بەرنامەکاری نایـەتو نابێـت.. ئـاوا هـیچ کارێـك بـەبێ ئـەو نەدەکراو نەدەڕۆیشت.

کاتێك کەسێ سەری قسانی لەگەڵدا دەکردەوە دەیزانی بۆ چ مەرامێك قسەکەی دامەزراندووەو بنی قسانی چ دەبێت، کار نەبوو بە بێ پێداهێنانی قەڵـەمی شـێرە لە کۆمپانیاکە رەتبێت، وردو درشتی کارەکان دەبوو بە بن دەستیو بە بەرچـاویدا تێپەڕێت، لەو کاتەی کە چاوی بزربووە کۆمپانیا لە بۆرژانداییەو پەرکەم گرتبـوویو ئیشوکاری ساردو خاو ببوەوە، نە دەزانرا چ کراوە چ بەڕادان دراوە چ وەرگـیراوە چ وادەو گفتێك دراوەو چ بەڕێوەیە، سەرلێشێواوییەك بـە هەڵـسوراندنی کارەکانـەوە دیاربوو.

مۆبایلە ( نۆکیا گۆلف ) ەکەی کردەوە:

- بەڵێ فەرموو

ئەوەکەی ئەوسەرەوە لە زمانی بەڵێ فەرمووەکە حاڵی دەبوو، وەلی بە عـارەبی لێیخـوڕیو مەزەندەکـەی وابـوو عارەبیەکـە ترسـولەرزو رەوسـەی داواکارییەکـە مسۆگەرو قەبەتر دەکات.. -- کان مفروضی ١٥٠ دفتر دولار البارحـه یوصـل.. یظهر انت غاسل ایدك من ابنك.

دەبوو (١٥٠) دەفتەر دۆلارەکە دوێنێ بگات.. دیـارە دەسـتت لـە کوڕەکـەت شووشتووە.

- ابو... ابني ببالي وطلباتكم ايضا.. لكن المبلغ كثير.. اني مو حكومة حتى اتدبر هذا المبلغ.. محضّر إلكم خمسين دفتر دولار

بـاوکی.... کوڕەکـەمو داواکـەتان لـە یادمـە.. بـەلاّم پارەکـە زۆرەو منـیش حکومەت نیمە بتوانم ئەو پارەیە ئامادە بکەم.. پەنجا دەفتەر دۆلارم داناوە.

- اذا تريد ابنك يرجع لك بسلام لا تناقش بـالمبلغ.. احنـا نـدري نـصف اعمـال المحافظة بايديكم.. لو ما ماخذين خاطرك من زمان قتلناه..

ئەگەر دەتەوێت کوڕەکەت بۆ بگەڕێتەوە یەك ودوو لـە سـەر پارەکـە مەکـە.. ئێمە دەزانین نیـوەی ئیـشوکاری پارێزگـا بەدەسـت ئێوەوەیـە.. ئەگـەر خاترمـان نەگرتبای دەمێك بوو کوشتبوومان.

- لو عندي هالمبلغ ما انتظرت دقيقة.. ابني اغلى من المال لكن..

ئەگەر ئەو پارەیەم هەبێت یەك خولەك چاوەڕێ ناکەم.. کوڕەکـەم لـە پـارە بـە نرختره بەڵام..

- اعرف حجي.. ندري ايش عندك ومـا عنـدك.. مـاكو داعـي نحسب لكـم.. طولت وياك.. سيوصلك س.د وتشوف ابنك.. من توصل س.د تكون عندك مهلـة اسبوع والا نذب الجثة قدام البيت.

- حاجی باش دەزانم چیت هەیـەو نییـە.. پێویـست ناکـات بـۆتی بـژمێرم.. لەگەڵتدا درێژەم پێدا.. (س. د )یت پێدەگات کوڕەکەت دەبینی.. دوای گەیـشتنی (س.. د)یە کە یەك هەفتە مۆڵەتت دەبێت ئەگینا تەرمەکـەی فڕێدەدەینـە پـێش دەرکە.

- اني مسلم وحجي.. وحاضر ادفع.. لكن صدق مـا املـك هـالمبلغ وانـت هـم مسلم.. والمسلم اخ المسلم.

من موسوڵمانو حاجیشم.. ئامادەم بیدەم، بەڵام باوەڕبکە ئەو پارەیـەم نییـە.. تۆش موسوڵمانی.. موسوڵمانیش برای موسوڵمانە.

– لەو سەرەوە مۆبایلەکەی لەسەر کوژایەوەو حاجی رەسووڵ قسەکانی بە نیـوە چڵی لە سكو هەناویدا مایەوەو بە هەناسە ساردی مایەوە، ئەو قسەو تەگبیرانـەی

که به مشوورەت لەگەڵ کوڕەکەیدا گەڵاڵەیان کردبوون قافیان نەهاتو نەکران، لە بێ ئەنجامی قسەیان بە کوڕەکەی گوت:

- کوڕم ئەوان یەك شت دەناسنو دەزانن کە ئەویش دۆلارو پارەیە، خەڵکی بە قەرزاری خۆیان دەزانن، هەرچی هەمانەو نیمانە هەراجی بکەین.. خۆشم بفرۆشم ! ئەو پارەیە تەواو ناکات.. چ بکەین؟! تەگبیرمان چییە؟، دەستمان کەوتۆتە بن بەرداشی ئەوان، دەبێت بە زانایی دەری بهێنین ئەگینا دێتە بڕینەوە، دیارە وا دەزانن خەزینەمان دۆزیوەتەوە، چۆن دەستی تێڕاکەینو چەندێکمان بوێت بە دەستمانەوە دێت، شێرە بە دەستی کەسانێکەوە گیری خواردووە تەنیا پارە دەناسن.. بۆ مەرامی خۆیان باوکی خۆیان ناناسن، با لە ئیمڕۆکەوە بکەوینە خۆمان ئەوەی هەمانەو دەکرێتە پارەو دەفرۆشرێت قۆڵو باسکی لێ هەڵماڵین.. پێویستە بە دەستنوێژەوەش بیکەینو نابێت دایکتو براژنت پێی بزانن، با سەرمان لێ نەشێوێت، قسەی من ئەوەیە هەر ئەوەندەش مێشکم بڕدەکات، گرنگ ئەوەیە شێرە نەدۆڕێنین.. بزانم تۆچیت پێیە؟

کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی داخراو بوو، هەردووك ئاقاری ئامانجیان یەکبوو، قسەش دەهات قسەی دەبڕی.. تەگبیر دەهاتە پێشێ جێگەی بە تەگبیرەکەی پێشە خۆی لەق دەکرد.. کۆبوونەوەکە وەك کۆبوونەوەی پێش جەنگ پەلەکردنی لێدەکرا.. قسەی زۆری تێدا هەڵگێڕو وەرگێڕ کراو چەقی قسەکانیش دبردرایەوە کۆشی داواکارییەکەو سەر سەلامەتی شێرە، لەبەر ئەوەی هەردووك یەك ئامانجو یەك مەبەستیان هەبوو تەگبیری باشتریان لە شوێن تەگبیری باش دادەناو ڕێژەی نمرەی باڵاتری پلانی سەرکەوتنیان دەخستە جێگەی نزمترەوەو بەرەو ئامانجی

ئازادکردنو کڕینەوەی روحی هەنگاویان دەنا، لە خێراییەکەو قسە زۆریدا لە پێناو سەر سەلامەتی شێرەدا گیانی لێبوردەیو قسە قووتدانەوە دەهاتە نێو ڕێڕەوی قسەکاندا.. دوای شەنەباو تەتەڵەکردنو بژارکردنی راو تەگبیرەکان کوڕەکەی بە حاجی رەسووڵی باوکی گوت:

- سەلامەتبوونی گیانی شێرە لە سەروەتو سامانمان بە نرختره.. پیاوی عاقڵ گوتوویانە ئادەمیزاد پارە دروست دەکات پارە ئادەمیزاد دروست ناکات، خوا نەکردە شێرە بکوژرێت هەرچی پارەت هەیە بۆتی ناگێڕێتەوە، پەشیمانیش داد نادات‌و ئەوساکە پارەو پوولمان لێدەبێتە ئاگر، لەگەڵ قسەکانت دام هەرچی هەمانە دەیکەینە پارەو تۆش هاوڕێی چاکت هەیە، هاوڕێی چاکیش بۆ رۆژی تەنگانەیەو خۆتیان بگەینێ بەڵکو یەکێکیان بتوانێت لای ئەو گرووپانە قسەیەك.. هەوڵێك ئەگەر شتێك لە پارەکە کەمبوو قایلیان بکات، چەندی زووتر بە خۆ کەوین درەنگە، دەستی ماندوو هەوڵی بێ وچانیش بۆ قەدبڕ لێدانو کورت کردنەوەی ڕێگاکەو ئازادکردنی شێرە لەوەش زێتری پێوستە.

# جرج

چوار پێنج ساڵ بوو وڵات باران بارینی لێ کەم ببوو، نەهاتیو قاتو قڕی بە زۆربەی زەوییە دێمەکارەکانەوە دیاربوون، ئەو چوار پێنج ساڵانەی بێ بارانیش نازناوی وشکە ساڵی بە قەدو باڵای وەرزی زستانەکانی ئەو ساڵانەدا بڕیبوو. ماکی نەبارینەکە گەیشتبووە ئاوی ژێر زەویو پتر و پتر بە قوڕا چووبووە خوارەوە، خۆڵبارین سیمای هەرە زەقی بێ بارانیو وشکە ساڵەکەبوو، ناو هەناوی عاردی شێی تێدا نەمابووو ئاسەوارەکەشی گەیشتبووە سەر رووی عاردیو وەکو برین عارد شەقار شەقارو هەلّزڕابوو، درزو شەقارەکان چاوەڕێی رەحمەتی باران بوون برینەکانی عاردی تەقەڵکاری بکاتو بیانگەیەنێتەوە یەکتری.

مۆری دمۆری وشکە ساڵەکان هاوینەکانی ئەو چەند ساڵانەی وشکە ساڵییەکەی گەرمترو وشکتر کردبووو عارد لە پێش چاواندا دەغێماو هەرچی ژیانو گوزەرانیشی بە عاردەوە پەیوەست بوو هەناسەی سواربوو، گەر بەرنامەکەی دابەشکردنی خۆراك نەهاتایەتە گۆڕێ ئۆبالّی قاتو قڕیو گرانییەکە دەخرایە ئەستۆو گەردنی وشکە ساڵییەکەوە، وەلی بڕیارەکەی نەوت بەرامبەر

خۆراك ئیمزا كراو بە هانای خەڵكەوە هات، لە خۆشیاندا هەژارو كەمدەرامەتەكان رژانە سەر شەقامو سەمای خۆشییان كرد.

ئاژەڵە كێویو باڵندەو پەلەوەرو مشكو جرجو مارو مێروو غەریزەی گەڕان بە دوای ئاوو خۆراك بۆ رزگاربوون لە مردن وەكو ئادەمییەكانی وڵاتەكە كە بەهۆی سەختی ژیانو بێكاری روویان لە هەندەران كرد، ئەوانیش بەردەوام لە گەڕانو سووڕان بە دوای ئاوو ئالیكدا ئۆقرەیان نەدەگرت.

عارد لە زۆربەی ئاقارەكاندا بەهۆی بێ گیاو گۆڵیو بێ پووشو پەڵاشیو بێ زەلو حوشترالووك وەك ناو لەپی ئادەمیانی لێهاتبوو، ئەو عاردەی كەم كەم لەوەڕیشی تێدا هەبوایە بەر دەمی ئاژەڵان نەدەكەوت. باڵندەكان لەملاو لەلاوە كۆچیان بەرەو شارەكان دەكرد.. بەو قلە قلە دانەوێڵانەی بە ئاوەڕۆكانەوە دزەیان دەكرد.. دەژیان، ئەوانەیش بگەیشتانەتە ئاوەڕۆی ماڵە خواپێداوەكانەوە دەیانكردە شایلۆغان، هەندێ لە ئاژەڵەكێویەكانیش خۆیان دەخاڵاتی دێهاتیەكان دەكرد.

كەمی ئاوو دانەوێڵەو خۆراك لە ئاقارەكاندا سەری لە مارو مێروو شێواند، كۆچی ناوادە لە ترسی مردنو بۆ بەردەوامی سووڕی ژیانی باڵدارو گیانلەبەرو ئاژەڵان دەستی پێكرد، یەك یەكو دوو دوو.. گرووپ گرووپ بە لاییێكەوە سەریان هەڵگرت.

جرجە نێرو مێیەك بە جووتە لە برسانو لە بەر بێ خۆراكیان ئەو ئاقارەی كولانەكەیان تێداكردبوو بەرەو ئاقارێكی ئەولا تر كۆچیان كرد، جرجە مێیەكە بەهۆی ئاوسییەوە گران رێگەی دەبڕی.. جرجە نێرەكە جار خۆی دەخستە دواوەیو جاریش دەكەوتە پێشێیو غەریزەی پاراستنی مێیەكەی لە پەلاماردانی دەعبایان

له ئەستۆ گرتبوو، لەو ئانو ساتاندا چەقەلێکیش بۆتێرکردنی سکی بەدوای خواردندا ئاقارەکەی دابووە پێشیّو نەچاوەکانی لە نێو قۆرتەکەیداو نە سەریشی بە گەردە ملیەوە لە گێڕاندن بەملاو بەولایەوە رادەوەستان، جوولەی جرجەکان سۆسە دەکاتو پەلاماری دان، جرجە نێرەکەش لە دوور ڕا

هەستی بە پەلاماردانەکە کردو بۆ ئەوەی مێیەکە رزگارکاتو نە خورێتو نەیەڵێت چەقەڵەکە نزیکتر بکەوێتەوە، بەرەو رووی رایکردو خۆی کردە لوقمەیەك خواردنو بەم قوربانیدانە مێیەکە بۆی دەردەچێتو رێڕەوەکەی دەگۆڕێتو بە هانکە هانك خۆی بە کۆنە کولانەیەکدا دەکاتو تێیدا مات دەبێت، هێشتا هەناسەی سواربوو زاو چەند بەچکەییێکی هەتیوی دانا، بەچکە جرجەکان مەمکۆڵەی دایکیان دەمژیو مەمکۆڵەکانیش بە حاڵ تەڕاتی شیریان دەدا، دایکانەکە بەدوای خۆراکدا تاوێکی بردە دەریّو ترسێك بەرەو کونەکەی گەڕاندییەوە، بە جیڕبوونەوە خۆی بۆ بەچکەکان راگرتووو ئەوانیش بەدەم مڵچە مڵچ و تەکاندنیانەوە ئازاریان پێدەگەیاند.. هەستی دایکایەتیش وای لێکردبوو خۆی بۆیان راگرێت تا تڵپی تەڕاتی تێدا مابێت بیمژن، دایکانەکەش مردنی خۆی لە پێناو ژیانی بەچکەکان دانابوو، لە حەژمەت ئازاریشدا جار جارە ملی بەلایاندا وەردەگێڕا، یەکێکیان دەمێك بوو مەمکۆڵەکەی دایکی بەردابووو هێزی مژینی تێدا بڕابوو، ئەو هێزەی تێدا نەمابوو جارێکی تر بگاتەوە مەمکۆڵەکەو خزابووە بن قاچەکانی بە چکەکانی ترو لە پەلە قاژەی مەرگیدا بوو.

هێواش هێواش خۆی لەبەریان دەکێشایەوەو بە نیازبوو بەرەو ئەو شوێنە کە ساتێك لەمەو پێش لەکاتی گەڕانو سووڕانی بەدوای خۆراکدا راداری مێشکی

بۆنی خواردنی لەبن عاردییەوە پێگەیاندبوو بگەڕێتەوە " عاردەکەی کوندڕ کردبوو بۆنەکەش زیاتر لێیدابوو پتریش هەستی نەوسی بە پەلانی هێخستبوو نەیزانی چەندی مابوو بیگاتێ کە لە ناکاو تەپە تەپو تەقە تەق لەبان سەریەوە پەیدا ببووو بە حاڵە حاڵ بە خۆی راگەیشتو خۆی گەیاندبۆوە بەچکەکان.

بەزانایی خۆی لەبەریان دزییەوەو سەری لە کونەکە دەرکێشا.. دەورو بەرێکی کشومات.. هێندێکی کەش خۆی بردە دەرەوە، ماران گەستی لە گوریسی رەش دەترسێتو چەقەڵەکەش وای زراو بردی کردبوو بۆیە نەیدەوێرا یەکسەر دەرچێتە دەرێ، هەستی راگرتەوە گوێچکەکانی بەملاو بەولادا قوت کردنەوەو هیچ جووڵەو هەست وخوستێك راینەجفراند..

بەرەو شوێنەکەی بۆنی خواردنی تێدا کردبوو تێی قوچاند، لەو ساتیشدا دەمێك بوو برسێتی بازێکی بە حەوادا هێخستبوو لە مەودایەکی تەسکدا لە عاردو ئاسماندا بەدوای نێچیرەوە دەگەڕاو جووڵەی شتێکی لە عاردییەوە قۆزتەوە، باڵەکانی یەکدووجار لێکداو ئاراستەی خۆی رووەو شتە جوولاوەکە کرد، خۆی وەکو تەشی لووس کردو سەری لە عاردیو کلکی لە بڵندان کرد، رووەو عاردی زۆر بە تیژی حەوای دەبڕی.. چەند مەترێکی مابوو بە شتە جوولاوەکە بگات، هەر دوو باڵی بە قەد پانوپۆڕییەکەی لێککردنەوەو کلکی لە عاردی ناو سەری بەرز کردەوەو هەردوو قاچو چڕنووکە تیژەکانی وەکو چەنگاڵ رووەو نێچیرەکە کرانەوەو هاکا نا هاکا چڕنووکە تیژەکان لە پشتی جرجەکە دەچەقێنێتو وەکو سلێنگ بەرەو حەوادا هەڵیدەکێشێتو دەیبات.. هەر ئەوەندەی مابوو لە پشتی بچەقێنێت کە هەردووکیان لەسەر بای تیژییان دا بوون جرجەکە خۆی کوتایە کونەکەو

چرنووکەکانی بازەکەش لە خۆڵی دەرکی کونەکەوە گیربووو کردییە تەپوتۆزو بە چرنووکی بە تاڵو بە سووکیو هەناسە ساردیەوە بە حەوادا چووەوە، شێرە لە ناو چاڵەکەوە هەستی بە تەپەو خشپەیەك کرد، لەو کاتاندا بە قفڵە شێخانییەکە لە هەڵقەی زنجیرەکەی نێوان پێیەکانی دا دەکوتا، دەستی راگرتو چەند خولەکێك وەستا، جرجەکەش هێور بووەوەو نەوەستاو رووەو بۆنەکە کەوتەوە کۆڵین، شێرەش بۆ پساندنی زنجیرەکە ئەوەندە بە پەلە بوو گەر کات بەشی نەکردبووایەو بە خۆزگە کاتی بۆ قەرز دەکرد. جرجەکە بەردەوام عاردەکەی سەرەو ژوور قووڵ دەکرد.. دەستو پەنجەی شێرەش دەتگوت خودا هەر بۆ ئاسن کوتانی دروستکردووە، دەستی بە پانکردنەوەی هەڵقەی زنجیرەکە کردەوە، دیوارێکی رەق و توند شێرەو جرجی لێك کردبوو، هەر یەکەو لە جێگەکەی خۆیدا بۆ ئەو ئارەزووەی چاوی تێبڕیبوو.. بۆ ئەو مەبەستەی دەیویست پێیبگاتو بێئەوەی کەسیان تەپەو کوتەکوتو خشەو خڕە خڕی ئەویکەیان لە دنیای خواستەکەی بکاتو دەستی پێ شل بکاتو کەسیان کاری خۆی بۆ ئەویکەیان پەك نەدەخستو رانەدەگرتو ئارەقەی مانووبوونی خۆی هەڵدەڕشت.

توونێڵی جرجەکە هەر دەهات درێژ دەبوو، بۆنی پارچە صەموونی وشك هەڵگەڕاویش پتر لە کونەکانی لووتیەوە بە مێشكو گەدەی گەیشتو چوستتر بە کاری رادەگەیشتو توونێڵیش لەبن دەستو قاچو لمووزیەوە وەکو لاستیکێك بێت لێك رابکێشرێتەوە درێژو درێژتر دەبووەوە.. لەو کاتەی شێرە بۆ هێز دانە بەر خۆی هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی توونێڵەکە کونبەدەر بوو، برسێتی شەرم لەکەس ناکاتو رێیەکیشی لە هاریدایە.. هەر ئەوەندەی خزییە نێو چاڵەکە کرتە کرتی

صەموون خواردنەکە زەردەخەنەیەکی تێزاندە سەرلێوەکانی شێرەو ئاوڕێکی بە نێو تاریکستانی چاڵەکە رووەو کرتە کرتەکە دایەوەو قسەیەك ویستی بیدرکێنێ وەلی بۆ ئەوەی نەیرەنجێنێتو لێی تێکنەداتو نەیرەوێنتەوە بەزار نەیگوتو ئەوها بەمێشکی داهات:

"دیارە میوانێکی ناوەختم هاتووە"

میوانی ناوەخت ئەمنو ئاسایشی چاڵەکەی بە دڵبووو بە تام و لەزەتێکەوە خەریکی خواردن بوو کە دەمێ بوو ئەم نازو نیعمەتەی لێ بڕابوو.

شێرە نەیدەزانی چەند شەوو چەند رۆژە لە تەنیاییدایەو بۆیە دڵی بە میوانی زۆر خۆش بووو بێ ئەوەی چاویشی لێبیبێتو بیبینێت ئاوای لەگەڵدا دوا:

"هاوڕێی بچکۆڵە.. یان مشکیتو یان جرج.. هەر کامێکیان بیت دەزانم برسێتی بۆ ئێرەی هێناوی، ئەگەرچی برسیتە بەڵام ئازادیتو بە کیفەمایەشای خۆت ئێرەو ئەوێ دەکەیت، تامی ئازادی لە تامی نان خۆشترە.. من نانە رەقێكو ئاوم هەیە بەڵام چونکە ئازادیم لێ زەفت کراوەو دەرکەم لەسەر داخراوە هیچ ناهێنێت، خۆزگە تۆ تۆزە زمانێكو چارەگە عەقڵێکت ببوایە، بەڵکو راسپاردەی منت بە کەسوکار.. بە دایك.. بە کوڕە بچووکەکەم کە قورئانی بۆ راگرتبووم.. بە باوکم.. بە براکەم دەگەیاندو ئەم چاڵە کە بە زیندوویەتیو زەقەی چاوانم کراوەتە گۆڕم، خۆ ئەگەر تێیدا بمرم ئەوە دەبێتە گۆڕمو گۆڕ بزرو شوون بزریش دەبم، بریا بتتوانیبوایە بۆیانت دەست نیشان کردباو بە زمان حاڵی خۆت حاڵیت کردبانا تا دەمردم خزمەتم دەکردیت، یا ئەوەتا ئەوەت بۆ کردبام بچوویتایە هەرچی هاوڕێت هەنە بتهێنابواناو چوار دیواری ئەم چاڵەتان یا هەر نا لا دیوارێکتان بن کۆڵ

کردبا، چونکە ئێوە دەتوانن گەورەترین مەزرا لە چەند رۆژێکـدا بخـۆنو بیکەنـەوە بەیارو دەتوانن گەورەترین تەلارو جوانترین خانوو بن کـۆڵ بکـەنو بیروخێـنن، یـا هێرش بەرنە شارانو کاولی بکەنو لە ئاوەدانی بخەنو بە خەڵکەکەی چـۆڵ بکـەن، جا چۆن ناتوانن لا دیوارێك بن کۆڵ بکەنو رزگارم بکەن !؟، ئێـوە زۆر شـتتان لـە دەست دێت بە گەوران ناکرێتو تەماشای بچووکی خۆتان مەکەن، کەسانێك هـەن گەورەی ناوك بەتاڵنو هیچیان لە دەست دەرناچێت، ئێوە بـچووکن بـەلاّم ئیـشتان پێدەکرێت.. ئێستا ئەوەی بە تۆ دەکرێت بە گەورەیەك ناکرێت.. وەرە جرجی چـاك بە یا مشکی چاك بەو هەرچی نانو ئـاوم هەیـە لـە قەبـەرتی دەکـەم تـەنیا ئـەم دیوارەم بۆ بن کۆڵ بکەو رزگارم بکە، بە گفتوقەوڵی پیاوان مەزرایەکی پانوپۆڕ لـە منەوە سالانە خەلاتی خۆتو عەشیرەتت تا من ماوم بخۆنو بخۆنەوەو پاڵدەنـەوە.. هەموو هەقو حیـسابو کیتابتـان لەسـەر مـن بێـت، بـە خـۆم نەمـدیوە بـەلاّم بیستوومە لە دنیای پانو بەریندا چـەندەها گونـد.. شـار.. گـەرەك.. مـەزرا لـە دەست هێرشی ئێوە چۆڵکراوە، یان هاواریان بردۆتە بـەر حکوومەتەکـەیان تـا بـە فریایانەوە بـچنو لـە دەسـت ئێـوەدا رزگاریـان بکـەن، مـن خزمـەتتان دەکـەمو وەسیەتنامەش بۆ کوڕی کوڕم دەنووسم مەزراکە لە پاش خۆشمەوەش بۆتان بکرێتو پشتی تێنەکرێتو خۆمان بە قەرزارتان بزانین، خۆزگە گوێت لـێم بگرتایـەو وەکـو کۆتری نامە بەر نامەو هاوارمت بە کۆمپانیا، بە ماڵەکەمان بگەیاندایـەو ئـەوجا بتزانیایە چیم بۆ دەکردیتو چیم بۆ رەچەڵەکت دەکرد ؟!"

هەڵوەستەیەکی لە خۆ دواندنەکە کردو گوێی راگرت، چ کرتە کرتو هەسـتو خوست نەمابوو، بە قەدەرایی دوو قوم لە جغارە بـدەیت لـە چـاوەڕوانیدا مایـەوە

وەکو ئەو بەندییەی هاوڕێیەکی هاتبێتە دیدەنی کە دەمێك بووە نەیدیوەو نەهاتۆتە دیدەنیشی کە جێیدەهێڵێت چەند غەمبارو دڵتووند دەبێت.. ئاوا بە رۆیشتنی میوانە ناوەختەکەی پێی ناخۆش بوو، بوونی ئەو شتە نەزانراوو نە ناسراوە مایەی ئاوەدانیو فەرامۆشی بوو، بە دەستی شوێنەکەی سەحکردەوەو لە کۆمەڵە خۆڵێك بترازێت چیتری نەکەوتە بەر دەست، هێندێك صەمموونە رەقی خستەوە پێش کونەکەو گوتی:

"با هاموشۆکەی نەبڕێت تا کونو توونێڵ فشو فشۆڵو گەورەتر بێت پشتی دیوارەکە بێ هێزتر دەبێت"

نەیزانیبوو لە کوێی قسەکاندا جێیهێشتبوو، بەلاٌم سەرەتای قسەکان گوێی لە کرتە کرتی دەبوو، جارێکی تریش دەستی بۆ هەمان شوێن بردەوە، ئەو کاتەی ئەو دەستی بۆ شوێنەکە رەوانکردبووەوە جرجەکە بە سکێکی تێرو گوڕاحێکی خۆشەوە بە نێو بە چکەکانی گەیشتبۆوە.

جرجەکە بێئەمەکی لەگەڵدا نەدەکرد زوو زوو سەری لێدەدایەوەو هەرجارەی دەهاتو دەچوو شتێك لە کونەکە فراوانتردەبوو، شێرەش شتێك لە هەڵقەی زنجیرەکەی پتر کوتابووو

پانتری کردبوو، چونکە لە منداڵییەوە دەستو پەنجەکانی لەگەڵ ئاسن راهاتبوو ئاسنی ناسیبوو، دەیزانی ئاسن بە زۆر کوتان گەرم دەبێتو کە گەرمیش داهات کوتینەکە پانو تەنکی دەکاتەوەو دەپسێت.. پلانێك لە مێشکیدا سەریهەڵدابوو لە بەر ئەوە قفڵە شێخانییەکەی نێو دەستی لە پێدا کوتانی هەڵقەی زنجیرەکە رانەدەگرت.

کولانکەی جرجەکەو چاڵەکەی شێرە زۆر لە یەکتر دوورنەبوونو لە یەکتریـشەوە دیارنـەبوون.. تـرسو بقـەی رێگـا جرجەکـەی فێرکردبـوو رێگـۆڕی لـە هـاتو چوونەکەیدا بکاتو فێڵ لە دوژمنەکانی بکـات و چەواشـەیان بکـاتو زەفـەریان ببڕێت. چونکە دەعباو مارو بازو.... لە برساندا وا چاویان سـوور ببـوو پنـچکێك ئەگەر بەعاردیەوە مابوایەو بجوولاّبوایـەوە بـە نێـچیریان دەزانـیو شـەو کوێرانـە هێرشیان بۆ دەبرد.. جرجەکـەش بەشـی خـۆی هەسـتی خۆپاراسـتنی هـەبوو لـە تەنگانان بەهانایەوە دەهات.

# کەشی شارەکە

شارەکە سەرلێشێواوو واق وڕماوو داماو کەوتبوو! نەیدەزانی سەر بەکام لایــە، حکوومەتەکەی خوارو دەیبردەوە سەرخۆیو بۆلای خۆی رایدەکێشاو هەر چ قاقــانی رەشو ناسنامەکان هەبوون بەهەوەسو قازانجو دڵی خۆی گۆڕیبــوویو لەســەرخۆی تاپۆی کردبوون. حکوومەتەکەی سەرەوەش لە خەباتی چــەکدارییەوە بــۆ رۆژی بــە حکوومەت بوونو تا بە رۆژی ئیمڕۆکەی دەگات بەهی خۆی زانیوەو قاقانــە رەشــە کۆنەکانو بەڵگە مێژووییەکانیش دەیبەنەوە نێو بازنەی سێ شارەکەی کوردســتانو بۆتە چوارەمین شاری نێو چغزی نەخشەکە، ئاریشەکە وەکو بــەیتی فۆلکلــۆر کــۆن بووەو وەکو سەرەتانیش پەلووپۆی هاوێــشتبوو، پرۆفیــسۆرێکی پــسپۆڕو شــارەزای نەشتەرگەری دەویست بتوانێت بــە زانــاییو شــارەزایی خــوێ کێمەکــە لــە ســکی ئاریشەکە بە سەلامەتی دەرکێشێتە دەرەوە.

خــەڵکی شــارەکە بــە زمــان هــاتبوونو بەشــێك خۆیــان بــە خوارووەکــەی هەڵپەساردبووو زۆرینەشیان خۆیان بە کوردستان شــۆڕکردبوەوەو ئــەوانیش دەردی

شارەکە گرتبوونی‌و شان‌و باڵ‌و پیلیان لە هی شارەکە باشتر نەبووو لـە شـارەکەیان زێتر سەرلێشێواوو داماو کەوتبوون‌و دەردی کۆسە بە بایان پێدەکرا.

فیتی زەمانە بە خراپی لە شارەکەدا دەگەڕاو متمانـەی لـە نێـو خەڵکەکـەدا نەهێشتبوو، هاوسێ باوەڕو متمانەی لە هاوسێکەی سـەندبوەوەو زەمانـە دەسـتی خۆی‌و زەبری خۆی لێیان وەشاندبوو، رەگی سەدەها سـاڵەی رەچـەڵەکی شـارەکەو خەڵکەکەی کرمێ کردبوو، چەشـنی گـۆڕانی ئـاوو هـەوا بـە بۆچـوونی زانایـان‌و کەشناسان گوایە جێگۆڕکێی وەرزەکان لە گێتیدا لە گینـە بێتـە ئـاراوە.. ئـەوها کەشی سروشتی کەسگەلی شارەکە بەرامبەر یەکتر گۆڕابوو، جادوکەران بە زانستی خۆیان‌و رەنگدانەوەی ئاوێنەکان دەڵێن پیاو مـاقوڵانی شـارەکە لێدەکـەون‌و گیـزە گیزی سەماوەرو دەنگی هاونی قاوە کوتانی دیوەخانیان نـامینێ‌و بڕشـتیان دێتـە خوارەوە، کەسانی نەدیتکـەو نـە نـاس بـازاڕو دیوەخانیـان هـەرمێنیان دەبێـت‌و ئەوەندە دادەنیشن‌و ئەوەندەش هەڵدەستن، کورتان دەکرێتە ئەسپی رەسەن‌و زینـیش دەخرێتە سەرپشتی گوێدرێژ، دەستەواژەی شارو خەڵکەکـە ئـاوەژوو دەکرێـت‌و بـە بەرەواژی دەبینرێت، کتێب بە خراپی بـۆ شـارەکەو دانیـشتووانەکەی گیرابـووەوە، چەشنی پیسبوونی ژینگەی (خاسە)ی لێهاتبوو.

شار تا بن ملانی نغرۆی کارەساتان‌و نسکۆیان هاتبوو حـاجی رەسـووڵیش بـە خۆی‌و هەگبەی غەمەکانی‌و بیرو هۆشی هەڵبزرکاویـەوە بـە نێـو غـەم‌و نـسکۆی خۆی‌و کارەساتی شارەکەدا سەرلێشێواوو جەستەیەکی سڕ شۆڕدەبووەوەو دەتگوت هەر دووکیان جمکەی رەحمی غەمێکن‌و بەر شەقی زەمانەیەك کەوتوون.

واق وڕماوو داماو بە شەقامی شارەکەدا کە نەیـدەزانی لـە کـویێ تەقینـەوەی بۆمبێك.. پشتێنی خۆکوژێك.. ئۆتومبیلێکی بۆمب ڕێژکراو لە نزیکیەوە زرمـەی لێهەڵدەستێتو ئاخۆ هێسکوپروسکی بەقەد ئەوەی لێدەمێنێتەوە بیناسنەوە ! یان دەکەوێتـە خانـەی شـەهیدی نەناسـراوانو دەبێتـە خـاوەنی سـندووقێکی بـەتاڵو گۆڕێکی بەتاڵ، یان وەکو سەدان روحی کەسگەلی شارەکە بێسەرو شـوێن دەبێـتو غەمەکـەی ئـەویش دەچـێتە پـاڵ غـەمی شـێرەو کۆسـتو غەمەکـە بەسـەر خانەوادەکەیدا قەبەتر دەبێت، بەدەم ڕۆیـشتنەکەیەوە بەهـەر جـادەو کووچـەیەکی دەڕوانی دەتگوت نێو دەمو ددانی بە ساڵا چـووەکانە خانوویـەك لـەولاو تـەلارێك لـەملا رووخـابوونو کەلۆسـییان خـستبووە جـادەو کووچـەکانەوە.. هـەر بـەدەم ڕۆیشتنەکەیەوە لە گژ فیکران رووچووو وەکو یاریکـەری دامـە بـیری لـە داشـێك دەکردەوە ئاغـای پـێ بکـاتو وێڵـی دوای لوقمـانێکیش بـوو حەکیمانـە برینـی تیراوەکەی تیمار بکاتو نەیەڵێت لەمە زێتر ئاودزبێتو بە زانایی دەستی بۆ لـەبن بەرداشی ئاوەژوو دەربێنێت، لەم جادەوە بۆ ئەویانو بۆ ئەوێهیێ، لەم کووچـەوە بـۆ ئەو کووچەیانەوە وەکـو ئـەوەی شـێرەی منـداڵبووبێتو دەسـتی بـە دەسـتییەوە بووبێتو لە چرکەیەکی دەست لێکبەردانـدا ونـی کردبێـتو ئـەملاو ئـەولای بـۆ دەکرد، لەو هێنو منهێنەیدا جار وابوو بێ ئەوەی بە خۆی بزانێـت دوو جـاران بـە جادەیەکدا ئەمسەرو ئەوسەری دەکردەوە، بازی خەیاڵی لە نزیك هاوڕێیە کۆنەکانی نیشتەوەو چاکەو پیاوەتیو سەخاوەتی جارانیانی هاتەوەیادو بـژاری دەسـەڵاتیانی کردن، بازەکەی خەیاڵو بیرکردنەوەی وەکو هەڵبژاردنی پاشاکەی نێو حیکایەتـەکان بەسەر هاوڕێیەکی دێرینی نیشتەوە.

بەرەو ئەو شێخە کە دیوەخانەکەی قۆنـاغی کەسـایەتیەکانی شارەکەبووچـوو، کوڕو دانیشتنی شتێك لە خـوار (مـەلا فەنـدی[١٢] ) هـەولێرو خانـەقای (سـەید ئەحمەد[١٣])ی کەرکووك بـوو، دیوەخانەکـەی لانـەی بێنـەوایان بـوو.. لـە کێـشە کۆمەلاّیەتیەکاندا یەك قسەی تێدا دەکردو نەیدەکردە دووان. هەتا گەیـشتە ئـەوێ هەندێك لە جوامێریو رەفتارە جوانەکانی لـە یادەوەریـەکانی حـاجی رەسـووڵ دا لێدرایەوە، هەر پێی نایە حەوشەی دیوەخانەکەو چاوی دایێ.. حاجی بێ دواکەوتن یەکسەر لەگەڵ خۆیدا گوتی:

"ئەو هەوارە بەلاّم ئەو بوار نییە"

حاجی پێـی سـەیربوو دیوەخـان ئـەوها سـاردو سـڕە، ئەگـەر بـە دڵنیاییـەوە نەیزانیبوایە دیوە خانەکەی شێخ (جەبار)ەو پێشتر دەیەها جار قاوەو چایی‌و نـانی تێدا نەخواردبوایە وایدەزانی هەڵەی کردووەو بە دیوەخانی شێخێکی کـەدا چـووە، جاران کە بۆلای شێخ دەهات میوانی ئەوندە زۆربـوون دوو سـێ کـەس خزمـەتیان دەکرد.. عوسمان قاوەچی.. کە پیشەکە بـۆی ببـووە نازنـاوو وەکـو جووتـە نـاوی لێهاتبوو، بۆ هەر ئیشوکارێك بانگ کرابوایە دەبوو قاوەچی بەدوایەوە بگوترایـە.. عوسمان قاوەچی پسپۆڕییەکی ئـەوتۆی لـە قـاوە ئامـادەکردنو گرتنـەوەدا پەیـدا کردبوو ئەوانەی دەهاتنە دیوەخان قاوە خۆرەوەش نەبوونایە دەبوایـە دوو قـاوە بـە دەستی عوسمان قاوەچی هەر بخۆنەوە، کاری ئەو لە دیوەخاندا تەنیا قاوەچیاتی بوو بە کاریتر رانەدەگەیشت. یەکێکیکەش چایچی بوو تەنها کـاری وی چـایی دانـانو پیاڵە هەڵگرتنەوەبوو ئیلاقەی بە کاریترەوە نەبوو، پیاوێکی کەشیان تـەنها ئیـشی ئەو پێشوازیکردن لە میوانانی شێخو دیوەخان بوو، جگە لەمانە دیوەخان لە کاتی

قەرەباڵغیو شلۆقیدا ئیشکەری خۆبەخشیشی هەبوون، ئێستاش دەتگوت ئاشی ئاو لێبڕاوە دەنگو خشەی بەرداشی نەدەهاتو مەسینەی قاوەی سعوودیو مەقەڵەی زیوی رووسیو هاونو مەقاشی بەغداییو سێڵو ئەستێی قاوە برژناندن بێناز لە سووچێکی دیوەخانەکە وەك دیکۆر کەوتبوون.

حاجی جارانی دیوەخانی هاتەوە یادو ئێستاش وابۆتە دیوەخانەکانی ئاغای دزەییانی سەرەتای شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ کە جوتیاران تەرکی دیوەخانو قاوە خواردنەوەیان کردبوون، خەریك بوو لە هاتنەکەکەی پەشیمان بێتەوەو لە نێو غەمی خۆیدا داما، شێخ لە رەنگو رووی حاجی رەسووڵ وردبووە وەو گوتی:

- حاجی رەنگت ناشرین دەڵێی شتەك لە تو قەومایە!

- شێخ تۆ شتێکت لە رەنگی من زانی، کە چاویشم بە دیوەخان کەوت موشکیلەکەم گەورەتر بوو.

- من لە رەنگی تو زانیم موشکیل هەیە، لاکین نازانی چییە، بەس هی دیوەخان حاجی ئەمن بەتو دەڵێ ! حکوومەت دیوەخان پیاو خانەدان ئیحتیاج نییە، ئەلئان شێخۆکە صەنعەت کرا.. بەس پارە دەناسی بابی خۆ ناناسی، ئەتو بابەلباب ئەمە دەناسی سەر شۆڕناکا ئیللا لۆ خودا.. ماعەلێنا حەجی.. بزانم موشکیلت چییە؟

- شێخ جەبار من کوڕێکم ئیرهابی فڕاندوویەتی..

- ئە هە هە !!!!!!

- داوای پارەیەکی زۆرم لێدەکەن.

- چەند پارە؟

- شێخ سەدو پەنجا دەفتەر دۆلار.

- ئەی یە ببا !!! دیارە ئەتو ئێستا (مالکی) بووی.. سەدو پەنجا دەفتەر ! ئەتو دەناسی لەوان؟

- نەخێر.. ئێستاش بۆیە هاتوومە هەوڵێکم بۆ بدەیتو کوڕەکەم بۆ رزگار بکەیت، وا خەریکم ماڵم دەفرۆشم.. تۆ هەتا حەفتا هەشتا موخەیەری.. شێخ نیمە وەڵڵاهی نیمە جەرگیش شیرینە، هەرچی هەمەو نیمە بە قوربانی دەکەمو بشمبووایە هەموویم پێدەدانو تۆم زەحمەت نەدەدا، حەزدەکەم ئەگەر پێت دەکرێت بۆمی کەم بکەیتەوە مەمنوونت دەبم.

- حەجی ئەگەر ئەتو لەوان دەناسی لۆمن سەهل دەبوو.

- نازانم کێن.. ئەمەشیان دەبێت غەمی تۆ بێت.

- حەجی بیلئەخیر ئەمن گەهوەچییەك هەبوو کوڕی ئەو لەگەل ئیرهاب، بەلکی لەکن ئەوان، ئەگەر نەبوو ئەو کور دەناسی لەوان.. غەم مەخۆ ئەتو رەفیق پەنجا سال قەبل، دەنێری گەهوەچی بێتو چەند رۆژتر ئەو دەبینمو خەبەر دەدەم لە بۆتو.. ئەحلف بەسەری شێخی گەورە ئەوە غەمی من.. باشە چەندە کوری تو لەکن ئەوان؟

- شێخ پەنجا رۆژە..

- پەنجا.. خەمسین!! حەجی ئینشاڵڵا ئەمن نایەلی بە حەفتا هەشتا دەفتەر بی.. کەم دەکەمو کوڕت دەگەڕێتن.. ئەتو رەفیق عەزیز.. ئەڵڵا کەریم.

- شێخ برادەرایەتی ئێمە بۆ کاتێك دەگەڕێتەوە کە هەردووکمان هیچمان نەبوو دیارە بە وەفایتو لە بیرتە، بەلاّم پێش ئەوەی هەڵسم شتێك لە دڵمدایەو زۆر کاری

لێکــردووم ! چــۆڵی دیوەخانــتو هــەڵگرتنی تــەدارەکی قــاوەو هێــشتنەوەو نەفەوتاندنیان، تێمگەیەنەو دەڕۆم؟!.

- حەجی رەسوول ئەمن لە ئەوەلدا گوتم، شــێخۆکە نــویێ هــاتوون.. کەونــەکان چوون، خەلکیش بەدووی تەماعو چــەوریدا دەگــەڕێن.. ئــەوان رەغــوەی صــابوون دەچنو نامینێن.. شێخەکانی ئەلئان صەنعەتن صەنعەتیش کەون دەبنو دەشکێنو دەچنو نامینێن، ئیشیان پێ نەما تەواو. حــەجی تــەدارەکی گــەهوە وەرەســە لــە باپیرە گەورە گەیشتە من، ئەمنو تو گەورەین زۆر شــت دیتمــان هــاتنو چــوون.. دیوەخانی ئەو شــێخۆکانەش دەڕوا.. ئــەمن دەزانــی دیوەخــانی ئەصــلو نەســەب دێتەوە، ئەمنیش هەمووم حیفز کردیە لۆ کورەکانم کە لە خاریجن.. ئــەوان دێنــەوە دادەنێن گەهوە، لازم دیوەخان هەبێت , دنیا بێ گەورە نــابێتن.. رەغــوەی صــابون بزردەبیت.

حاجی بە قسەکانی شێخ فەرامۆشی هاتەوەو وەکــو ئــاوێکی فێنــك بــێتن بــە گەرووو دەروونێکی تێنوودا چووبێتە خوارەوە فێنکایەتییەکی بە جەستەو مێشکی گەیاندو هەڵساو یەکیان لە باوەش گرت، کە بۆ رۆیشتن پــشتی کەوتــە دیوەخــانو وردە وردە دوور دەکەوتەوە زرینگەی هاون وەکو جاران کە هەموو قاوەچــییەك لــە کاتی کوتانی قاوەدا دەسکی هاونەکەی بــە نــزم و ریتمێــك کــە لــە نێــو هــەموو قاوەچییەك رەچاو دەکراو باوبوو بە لێواری هاونەکەی دادەکوتاو دەنــگو ئاوازێــك بوو مانای حازر بوونی قاوەی بە گوێچکەی دوورەکان دەگەیاند.. لە ناو مێــشکی دەنگی دایەوەو قەرەباڵغییەکەی سەردەمی جارانیشی بە بیر هێنایەوە.

# ئاشکرابوون

بێدەنگو ڕەنگی شێرە خۆنەکردی کاری بەسەر دڵو دەروونو مێشکی خاتوون دا هەبووو ختوورەی بە دڵیدا دەهێنا، هەر چەند باسی دواکەوتنو نەهاتنەوەکەی لەگەڵ حاجی دا دەهێنایەوە گۆڕێ، بێ ئەوەی بۆی دابمینێتو بیری لێبکاتەوەو بهێڵێت ڕێی گومانی تێبکەوێت بە وەڵامێکی حازر بەدەست بۆی دەهاتە گۆو ڕێی لە گومانو غایلەکەی دەبڕی.

شێرە لە ماڵەوە زۆر ئاوەدان بوو بە دووسێ کەسان هەبوو، کاتێ دەگەڕایەوە ماڵەوە.. ماڵەکە دەگۆڕاو ئاوەدانیی پێوە دیار دەبوو، هەر لەگەڵ پێ لە ژوور نانی دەنگی دایکیو کوڕەکەی دەدا، دەستی دەکردە مل دایکیو دەستەکانی ماچ دەکرد، وەکو ئەوەی دەمێك بێت نەیدیبێتو لە هەواڵی دەپرسیو جار جارە دەیکردە سوحبەتو گاڵتەو پێیدەگوت "بەینتان لەگەڵ حاجی دا چۆنە؟!" خاتوونیش بە قسەو گاڵتەکانی دەگەشایەوەو پێیدەگوت "تۆ لەگەڵ گەلاوێژدا چۆنی ! منیش لەگەڵ حاجی دا ئەوهام".

بەرنامەیەك حاجیو خاتوون لە سەری ڕێککەوتبوونو پەیڕەوییان دەکرد بۆ ئەو جارانەی کە شێرە بەتەنیا گەشتی بۆ دەرەوە دەکرد خاتوون شەوان لەگەڵ حاجیدا نەدەخەوتو جێگەکەی دەبردە لای بووکەکەی، وەلی ئەوان دەیانتوانی بگەنە یەکترو دزەیان دەکرد، بەلاّم ئەمجارەیان لە بێدەنگی حاجی سەرەدەری دەرنەدەکردو سەری لێشێوابوو کە بە هیچ جۆرێکەوە داوای ئیشی سەر جێگەی لێنەدەکرد، کە خاتوون بۆ ئەو مەبەستەش خۆی لە قەرەی دەدا چونکە کەم وابوو بتوانێت ئەوەندە خۆ بگرێت، مالّی خۆی بوو چاکی دەناسی.. ئەو بە فێڵی ئەوەی چۆتە لای دکتۆرو تووشی پرۆستات هاتووەو لە پاڵ دەرمان بەکار هێناندا پێی گوتووە دەبێت دوو مانگان خۆی لە ئیشی سەر جێگادا بدزێتەوە، ئەگینا نەخۆشییەکە لە دەست دەردەچێتو کاری خۆی دەکات.. ئەمە فێڵێك بوو خوا بۆی ڕێکخستو لە دەماری بێ زەوقیدا قورتاریکرد.

هەنجەتەکە وای لە خاتوون کرد لە پێناو تەندروستی حاجیدا وەکو مریشکێك کە لە هێلکە دەچێتەوە، حەزەکەی بمرێنتەوەو بیباتەوە پاشو لەبیر خۆی بەرێتەوە.

حاجی ڕەسووڵ لەو قسەو باسانەی کە دەهاتەوە سەر شێرە دەیتوانی زوو بە زوو خۆی رزگار بکاتو لێی بپەڕێتەوە، لەو تەمەنەیدا ئاریشەکە کردبووی بە مامۆستایەکی بلیمەتو وکو (تەها مامەر[١٤])ی شایەری میللی دەمو دەست قسەی بۆ دەهات، وەلی ڕفاندنەکەی شێرە لە کاری سەر جێگادا کردبووی بە قوتابییەکی تەمبەڵو دەماری زەوقی مراندبوو بە قۆپیەش نەیدەتوانی کارەکە رایی بکات، ئەمجارەیان ڕێکەوت بەهانایەوە هاتو هاوڕێیەکی باسی لە نەخۆشی

پرۆستاتی خۆی بۆ کردبوو، وەکو موغناتیس دەست بە جێ قۆستییەوەو هەڵیگرتو بۆ پرسیاری مەبەستەکە کردییە دەستکەلای دەستی.

خاتوون بەدەست خۆی نەبوو لە نێوان باوەڕیو بێ باوەڕیدا دەهاتو دەچوو، کە بیری لەو گەشتە دوورو درێژو بێ تەلەفۆنەی شێرە دەکردەوە دەکەوتە نێو دنیایەکی بێ باوەڕییەوە، کاتێ بیریشی لە قسە بەسەرو بەرەکانی حاجی مێردیشی دەکردەوەو ڕەنگو ڕوویو هەڵسوکەوتی دەهێنایەوە بەرچاوی خۆی.. باوەڕیەکەی دەهاتەوەو نا بڕواییەکەی پووچەڵ دەکردەوە.

※※※

زەنگی مۆبایلێك لە نزیك دەستشۆرەکەوە زریکەی لێ هەستا، سوێسکە سووکەلەی ئەو حەلانی ماڵەکە کە لە نزیکیەوە زریکەی هۆشدارییەکەی مۆبایلەکەی پێگەیشت خاتوون بوو، هەڵیگرتو هەڵەوێکی گوتو بە قەدەرایی ئەوەندەی بڵێیت یەكو دووو سێو هەر لەو چرکانەدا دەتگوت هێسکەکانی وەکو گۆشتەکەی نەرم بوونو تەپەی لێوەهاتو کەوتە خوارەوەو ئێستا نەمردووەو پەنجا ڕۆژە مردووە، مۆبایلەکەش پەڕیبوو بە دووری مەترێکەوە لەولایەوە کەوتبوو. کاتێك کوڕەکە بە هاوار تەپەکەوە چوو.. دایکی شەتو گێڕ ببووو بێئاگا لە دەورو بەر بە عاردەکەوە لەسەر گازەرای پشت کەوتبوو.

※※※

لە نەخۆشخانە ئامێرەکەی چاودێری لە ڕێگەی وایەرەکانی سەر سنگو دەستو قاچەکانی غەمەکانی نێو دڵی خاتوونی بە شێوە ترپە ترپی ناڕێکەوە بە نمرەو بە هێڵی بەرزو نزمو نیمچە ڕاست پیشان دەداو لایەکی دەموچاویشی خاوببووەوەو

بەرەو خوارەوە شۆڕببۆوەو هەر ئەو لا چاویانی دەتگوت بە ئومێدی دیدەنی کەسێکەوە بە کراوەیی مابۆوەو قەپات نەدەبوو.

کاتێك زمانی دەیویست لە نێو حەوشەی دەمیەوە وەجوولاّن کەوێت وەکو منداڵێکی لێهاتبۆوە کە زمان دەگرێت هەر پیتی شین بوو لە دەمو لچە گێڕەکەیەوە بێ ئەوەی کەسیش لە مەرامەکە بگاتن دەبیستراو دەردەچوو.

# بەسەرکردنەوە

گۆڕەچاڵەکە لە شوێنێکدا لێدرابوو پێخوستی ئادەمیان زۆر کەم دەیگرتەوە، ئەندازیاری هەڵبژاردنی شوێنەکە پێدەچوو خەڵکی دەڤەرەکە یان زۆر شارەزای ئەو ناوچەیە بووبێت‌و بۆیە ئەم شوێنە لاڕێیەی هەڵبژاردبوو، مەگەر چەقەڵ‌و ڕێوی‌و گورگ‌و سەگ هەڵەیان کردباو هەڵەتە بوونایە بە وێدا ڕەتببانا.. ئەگەرنا ڕێی ئادەمیان نەبوو.

چاڵەکە لە نەورابییەکدا بوو گەر وا ڕێکەوتبا پیادەیەکیش ڕێی بەوێدا چووبا.. ئەو ماندووبوونەی بە بەر خۆی نەدەدا بۆ نەورابییەکە شۆڕبێتەوەو لەو لاشەوە بۆ سەرەوە هەڵکشێتەوە، بانی چاڵەکەشیان وا لەگەڵ دەورو بەرەکەی‌و بارستایی عاردەکەدا ڕێکخستبوو دوو ڕەنگی تێنەکەوتبووو نەیانهێشتبوو لەگەڵ عاردو خۆڵەکەی تەنیشتەکانیەوە هیچ جیاوازییەکی ببێت، گەر یەکێك لە گرووپەکەش بەبێ تاریف‌و نەخشەی تەواوەوە بچووبایەتە ئەوێ نەیدەدۆزیەوە.

شوێنەکە هەردەم کشومات بوو، ڕۆژی وەکو شەو وابوو.. شەویشی لە ڕۆژەکە بێ هەست‌و خوستتر بوو، بەوێ دەگوترا چۆڵەوانی‌و لاچەپ، گەرما لەوێدا دەستی

خۆی وەشاندبوو.. ئاقارەکەی وشکوبریشك هەڵگەڕاندبوو بە دەگمەن پنچکێك بەرچاو دەکەوت.. دەتگوت رووی ئافرەتەو تازووکانە لە ئارایشگا دەرچووەو لە گەندە مووان پاك کراوەتەوە. دووراو دوور عارد لەبەر تێزی گەرماییەکە دەغێماو وادەهاتە پێش چاوان ئەولا ئاو بە بنە خۆیدا گرتووە.

شێرە لە نێو گۆڕە چاڵەکەدا رۆژانێك بوو لە شەوێکی دوورو درێژدابوو، شەوێك بێ ئەستێرەو مانگ، شەوێك نەیدەزانی رۆژی بەدوا دێتەوە یان نە، ئەوەندە لە مێژبوو روناکیان لێ زەفت کردبوو گومانی لە دەستدانی بینایی چاوانی دەکرد، لەو ماوەیەی کە لە نێو ئەو چاڵەیان پەستابوو چ جیاوازییەکی لەگەڵ کوێرێکدا نەبوو، کوێر لە دیتنی رووناکیی رۆژ.. رەنگەکان.. سەوزایی.. جوانیو کرێتی.. مانگو ئەستێرە.. چیاو دۆڵو دەشتو دەر بێبەریو بێبەش بوو، ئەویش لە نێو چاڵەکەدا گرفتاری دەردی تاریکی هاتبووو بە دەردی ناوەرۆکی گۆرانی (( ئەی مانگ منو تۆ هەردوو هاو دەردین، هەردوو گرفتاری یەك ئاهی سەردین )) چووبوو، هەردووکیان تووشی دەردی تاریکی هاتبوون، کوێر تا دەمرێت بە ئومێدی چاوی ساغە، ئەویش بە ئومێدو هیوای هەڵاتنی هەتاوی رزگاربوونو ئاوابوونی تاریکیی چاڵەکە زیندە خەونانی دەدیت.

چەکدارەکان ساتی شەوو رۆژیان لێ تێکدابووو ئاڵۆزی یەکتریان کردبوو، چونکە بەقەد کونی دەرزییەکیش رووناکی نەدەخزییە نێو چاڵەکەوە، تا دەرك بە شەوو رۆژ بکات، جارێکیان نەبێت بە دەنگی ( الصلاه خير من النوم ) کە بێئزنی ئەوانەوە خۆی گەیاندیو زانیبووی ساتی بەیانە.. لەوەندە بترازێت دەرکی بەساتەکان نەکردبوو، ئەوەی دەیبینێتو دەرکی پێدەکات تاریکیەو تاریکی..

شەوەو شەو، دوور نییە ئەو تاریکاییەی کە بە شەوی لە قەڵـەم دەدات لـە دەرەوە هەتاو بێت، لە نێو تەنیایی‌و تاریکیەکـەدا کـە بـە قفڵەکـە هەڵقـەی زنجیرەکـەی دەکوتایەوە دوو پەند کە باوکی زۆر بـاوەڕی پێیانـەوە هـەبوو بـە تایبـەتیش لـەو کاتانەی ئاریشەیەکی بێسەرو بەر دەرکێـی لێـدەگرتن، پێیـدەگوت‌و دووبارەیـانی دەکردەوە هاتەوە یادی‌و لە نێو مێشکیدا زرنگایەوە "ئەگەر کـوڕ هـەبێت شـەوی تاریك زۆرە" و "شەو قەڵای مێردانە". بـە بیرهاتنـەوەی‌و زرینگانـەوەی ئـەو دوو پەندە لە مێشکیدا لەم ئان‌و ساتەدا بوونـە هـەوێنی هەڵهێنانـەوەی قـسە لەگـەڵ خۆیدا" بەبیر هاتنەوەی ئەو قسەیە بێ هۆ نییە، ریشم وا تەواوێك درێژ بووە ئەوجا دێتەوە یادم.. دیارە لە لاییێك مەبەستیەتی دڵم بەوە بداتەوە کـە کـار لـە پیـاوان روودەدات‌و دەقەومێ دەبێت بەرگە بگرم، لایەکـەی تریـشی هانـدەرە بـۆ ئـەوەی دەستم داوەتێ‌و دەستم پێکردووەو مکوڕترم دەکات کـە وازی لێنـەهێنم‌و دەسـت بەرداری نەبم، نەکەس ئاگادارەو نە کەسیش پێدەزانێت.. لێرە بۆ کـوێ لـەم گـۆڕە تەنگ‌و تاریکە چیدی هەیە !! تاریکیەکەش نهێن پارێزەو نایـەڵێت کـەس چـاوی لێبێت.. کارەساتەو هاتۆتە پێشێ، ئەم دەست‌و پەنجەیەت بۆ کەی هەڵگرتووە پیاو بەو مەرد بەو بەردەوام بە شەو بۆ پیـاوان‌و بـۆ مێردانـە.. بـەدوای رێـچکەیەکدا بگەڕێ‌و دەستت بەخۆدا شۆڕمەکەوە، شێرە هەڵەو بۆت هاتووە، ژیانیش بۆ خـۆی هەڵە.. هاتە پێشێ بیقۆزەوە، بەردەوام بە، بیکوتەوە.. پانی کەوە یا تێدەچیت یان دەردەچیت لەمە خراپترو ناخۆشترت بەسەر نایەت‌و نایبینیـت، مـردن یەکـەو بـە دوونابێت.. باوکم راستی گوتووە کوڕهەبێت شەوانی تاریك زۆرن، ئـاو بـەم شـڵ‌و نەرمییەی رێگەی خۆی لە چەقێنان دەکاتەوە، منیش هێشتا جەستەم هێـزی تێـدا

ماوەو هەوڵی خۆم دەدەم، ئەوان بەرامبەری خۆیان نەگەن دەمکوژنو یان بە قوربانی کوشتنم دەکەن، بۆیە ئەوەی دەستم داوەتێ خۆی لێ توندتر بکەمو خۆگنخاندنی ناوێت، لە هەوەڵەوە هیچ رکابەریم نەکردنو نەرمیم لەگەڵیاندا نواند چونکە دەمزانی رکابەری دادم نادات‌و پێویستیش بوو وابکەم، بۆ ئەوەم بوو ئەگەر لە مامەڵە کردنەکە رێکەوتن پێموایە نەرمییەکە قازانجی دەبێت، چونکە بیستبووم چەندان کەس پارەشیان دابوو دوایی کوشتیشیان.. بۆ ئەوەمە بە دووسەرە نەیدۆڕێنین، دوا جار کە لێم هاتنە خوارەوەو تێیان هەڵدامو وێنەشیان دەگرتم بۆ ئەوەیان بوو کە بۆیان ناردن مل بۆ داواکەیان بدەن، پێشدەچێت نەگەیشتبنە رێکەوتن، بە حیساباتی رۆژ نازانم چەندە؟ ئەوەندەی دەیزانم رۆژی رفاندنەکە تراشم کردبوو ئێستا وابوومەتە صۆفیو دەروێش، بەمەیان دەزانم لە مێژەو رێکنەکەوتینە، بۆیە دەبێت ئەو شنگو هێزەی ماومە لە چاوەڕوانیدا بەفیڕۆی نەدەمو واچاکە خۆم پەیت کەمەوەو هەلی نەهاتنەوەیان بقۆزمەوەو تا ئەوان پەیدا نەبووینەوە شتێك بە شتێك بکەم، ئەگەر لەهەوەڵەوە نەیان کوشتم.. پارەکە وەگیر نەهێنن دەمکوژن خۆ دابەستە نیمە بە خێوم بکەن هەر دەمکوژن یان لێرەدا دەمهێڵنەوەو ئیدی تەواو، کەواتە مردنەکە هەرلە پێشە.. راستودروستەکەش ئەوەیانە خاو نەبمەوە لە وەی دەستم داوەتێ‌و مردنیش یەکجارەو بە پیاوانەش بمرم یا بکوژرێم سوێم لە خۆ نابێتەوە، دیارە وا لە نێو چەوانمەوە نووسراوە مەرگەو بۆم هاتووە، دەبێت منێکی زل و زبەللاح بەقەد ئەو جرجە یا مشکەم پێنەکرێت ئەو بەو گچکەییەی بۆ نانە رەق عاردی کونبەدەر کرد، من بەم کەلەشەو عەقڵ‌و دەست‌و پەنجانەمەوە نەتوانم وەکو ئەو بکەم، ئەو هات‌و رێی نیشاندام بێ قسە

تەنیا بەهێما پێمی گوت شێرە ئەوەیان ڕێگەی ڕزگاربوونتە، کاتی هیلاکیو دەست بە خۆدا شۆڕکردنەوە نییەو نەما، یا تێچوون یا دەرچوون.. ئەو بە دوای ناندا گەڕا پەیدای کرد، منیش بە دوای دەرچووندا بگەڕیم دەیدۆزمەوەو پەیدای دەکەم، یاااڵلالا!! یا دەرچوون یان تێچوون دۆم بە دانیشتن ماڵ وێرانە".

ئەوچەند هەناسەیەی کە دەستی لە کوتینەوەی زنجیرەکە ڕاگرتبوو هەستی بە خۆکرد ماندوویەتی حەساوەتەوەو گوڕو تینو تەوژمێکی سەر لە نوێ بۆ جەستەی هاتۆتەوە، دەستو پەنجەکانی چاکترو وەستایانەتر بۆی دێنە پێشیٚو بۆیە بە هەموو هێزو داخیەوە هەڵگژایەوە سەر هەڵقەی زنجیرەکەو بە قفڵەکە تاپو تریپ دەیکوتایەوە.. دیپەستایەوە.

کاتیٚ قفڵە شێخانییەکەی دەوەشاند ددانەکانی بەسەر یەکتردا دەقرساندو ماسولکەکانی دەموچاویشی وێکدەهێناو گرژو مۆن دەبووو ماسولکەکانی دەستو پەنجەکانیشی توند دەکردو بە تووڕەییێکەوە دەستی بەرز دەکردەوە.. کە بەسەر زنجیرەکەدا دەیهێنایە خوارەوە هەر چ ڕقو تینی تێیدا هەبوو بە هێزیکی لەجاران توند ترو مەحکەم تر پێیدا دەکێشاو تەزوویەك لەسەری پەنجەکانیەوە بەناو لەپیەوە بەرەو مەچەکی هەڵدەکشا، جارێك ودووانو دەو بیستان.. ئاسینگەر ئاسا کاتیٚ ئاسنی سوورەوەکراو لە کوورخانە دەردەهێنێت تا ڕەشدەبێتەوە دەست هەڵناگرێت، شێرەش ئەو تێزی گەرماییەی کە لە زنجیرەکە بەهۆی پێداکوتانیەوە پەیدا دەبوو لێی ڕانەدەوەستاو نەیدەهێشت ساردبێتەوە، هەر یەك بەدوای یەکدا تا دەستو مەچەکی سڕو هیلاك دەبوونو پەنجەکانی توانای گرتنی قفڵەکەی نەدەما ئەوسا دەوەستایەوە، هەر بە قەدەرایی یەك.. دوو.. سییان لێیڕادەوستاو دەستی

پێدەکردەوە، لە بەردەوامی بێ بەزەییانەی کوتانەکەدا هەرئەوەندەی زانی قفڵەکە لە عاردەکە چووە خوارەوەو دەنگی کوتانەکە بە جۆرێکی کە گۆڕا.. کە دەستی بۆ زنجیرەکە برد دوو جەمسەری جودا کەوتنە بن دەستو پەنجەکانیەوەو دەیەها موژدەی سەرکەوتن بە رەگو دەمارەکانی گەیشتنە خانەکانی مێشکیو هەناسەی ئۆخەی هەڵمژی، وەکو ئەو وەرزشکارەی بە هەورازە سەختەکانی چیاکاندا هەڵدەگژێت، کاتێ بە دۆندی ئامانجو سەرکەوتن دەگات لە خۆشیاندا باڵەکانی بە حەوادا دەکاتەوە ! وەکو بیەوێت لەو خۆشیەدا بفڕێت، ئەوها خۆشی پساندنی زنجیرەکە دایگرتو پێی وابوو نیوەی رێگاکەی بڕیوە.

هەستی بە هەناسەکانیکرد قوولتر بە سییەکانی دا چوونە خوارەوەو فەرەحییەکی لە رادەبەدەر لە قەوارەی قەفەزی سنگی پێبەخشی، کە پشتی سەری بە دیوارەکە دا هەستی کرد جەستەی بەبن ئاوو ئارەقە کەوتییە، وەکو ئەوە وابوو ئێستا لە مەلەکردن لە نێو زێی (دووبز) هاتبێتە دەرەوەو چۆڕاوکەی ئارەقە لەنێو قژە زۆرەکەی سەری بەبن ریشەکەیەوە شۆڕبووەوەو چەند دڵۆپێکیان خزانە بەینی لێوەکانی، پێی وابوو دڵۆپە هەنگوینە دەچۆڕێتەوە نێو دەمی، ویستی هەنگوینی سەرکەوتنەکەی لێ نەگۆڕێو نەبێتە کوژاڵك دەستی بۆ تۆقەکەی ملی بردو ئەو تێلەی کە تێیئالاندبوو لێی کردەوەو لەپێشە خۆیەوە گوتی:

- چاکم کرد هەڵم گرتی ئێستا بە کەڵك هاتیت.

هەردوو جەمسەری زنجیرە پساوەکەی بە گوێرەی دەست جوان جوان رێکخستو بە تێلەکە گرێیدانەوە، یەکدوو جاران دەستی بە شوێن پینەکردنەکە داهێناو لە پاشاندا زنجیرەکانی کە لە لا دیواری راستو چەپدا دەرچووبوون لەگەڵ ئەوەی لە

تۆقەکەی ملییەوە هاتبووە خوارەوە هەر سێکیانی بە قفڵەکە بە یـەك گەیانـدەوە، هەڵقەی قفڵەکـەی بـە زانـاییو لـەوان وەسـتایانە تـر خـستەوە نێـو کونەکـەیو زنجیرەکانی توند کردەوەو بـە جۆرێـك رێـی لـە گومانـان بڕیبـوو، چـەند جارێـك رایتەکاند دڵنیا بوو کە بە سووكو ئاسانی لەبەر یەکتردا ناترازێت، ئەوسا پشتی بە دیوارەکە داو قاچیشی لێ راکێشاو لە ناوەوەیدا کەوتە خۆ دواندن:

"ئەگەر ئەمەیان بەسەردا تێپەریو هەستیان پێنەکرد، دەزانم میوانە کـە چـی فێرکردووم؟! خودا ئەوی برسی کردو لەو عاردە پانو بەرینەدا رووی لەم چاڵە کردو نانی خۆی پەیدا کرد، قۆرتی لێداو نانی خۆی لە تاریکیدا دۆزییەوەو بۆ ئەوەی بـە منیش بڵێت دنیا هەمووی هەوڵدانو خۆماندووکردنـە، رێـم پیـشاندایتو دەبێـت بزانی چ دەکەیت ! بەدەستو پێ و رنۆکە باریکـەکانی بـە رزقـی خـۆی گەیـشت، برسێتی وای لێکردبوو بگەڕێتو هەوڵ بدات، هـی مـن لـە برسـێتیش خـراپترە.. کوشتنی بە دواوە یەو لە سەر عاردی رەشم دەکەنەوە، خوا بکات پێی نەزانن مـن نیوەی رێگەم بڕیوە.. دەبم بە جرج بە مشك رێگایەك دەکەمـەوە، ئەگـەر رێگـەی تەسکوتریسك لێبدرێت رێگەی پانوبەرینیش لێدەدرێت ! گـەر نـەمرمو ئـەمجارەیان دەرچم دەزانم دوژمنداریو دۆستایەتی کێ دەکەم، گیانلەبەرە بچووکەکە یان مشك بووە یان جرج هەر کامێکیان بووبێتن هاتو لەم تاریکستانەی کە تێیـدا فرێـدراوم بووە رێنیشاندەرو راهێنـەرو چاوساغمو پەشـیمانی کردمـەوە کـە نابێـت چـیتر تەسلیمیان ببمو چیتر دەست بەخۆدا شۆڕکەمەوە، ئەوهات فێـری شـتی کـردم کـە نەمدەزانیو لابەلاو بەستەزمان تێیگەیاندم گـەر بـەدوای خواردنـدا نەگەڕابووایـە خواردن بۆی نەدەچووە نێو کولانەکەیو لە برساندا دەمـردو دنیـا بـە هەوڵدانـەوە

چۆتەسەرو خوراوە، وەکو حاجی باوکمو دایکە خاتوونم بۆیـان باسـکردبووم ئەگـەر باوکم هەوڵی نەدابوایەو دایکیـشم تەگبیرکـەرو کابـانی نـەکردباو پـشتو پەناشـی نەبوایە هەر بە هەژاری دەمانەوەو خوداش فەرموویەتی لەتۆ هەرەکەت لە منـیش بەرەکەت، وا تەگبیرم بۆکراوەو نیوەی ڕێگاشم بڕیوەو نیوەکەی تریـشی هەوڵـدانی تری دەوێت، چیتر نابێت چـاوەڕێ کـەم تـا لایـەك بـە لایەکـدا دەکـەوێت، هـەتا هەنووکـە بەشـم تێهەڵـدانو وێنـەگرتن بـووە، لـەوان تێهەڵـدانو لـەمن حیـزیو سەلامەتی بووەو گەیاندمە ئێرە، خوا هێنای قفڵەکە دانەخرابوو راهێنەریش هاتو ڕێگەی پیشاندام ! ناکرێ چاوەڕێکەمو دەستەو ئەژنۆ دابنیشمو ماندووبوونەکەم بـە فیڕۆ بچێت، یەك هەورازم ماوەو ئیدی تـەواو.. هەرەکـەتی دەوێـتو بەرەکـەتیش لەوەوە دێت، هەلەو هاتۆتە پێشێ، زیندانییەك فرمـانی خنکانـدنی دەرچـووبێتو دەلاقەیەکیش بەوالایی بۆی جێهێڵدرابێتو کەسیشی بە دیاریەوە نەبێت ئەوە چـی دەگەیەنێت !؟ هەر دەبێت بێنو پێی بڵێن راکە ئەگینا ئیعـدامی ! کێنالێـت ئـەم قفـڵ کردنـەوەش ئـەو مەبەسـتە نییـەو دەسـتی ئەنقەسـت نـەبووەو نـەیوێراوەو نەیتوانیوە پێم بڵێت راکە ! بـەم شـێوەیە ویـستوویەتی تـێم بگەیـەنێتو بـە خـۆ بکەوم، ئەوجا بەرتیل خۆریان کردووە... یان شتێکی تر، پێم دەڵێت راکە.. ئەوجا بۆچی لێرەدا بمرم یان بکوژرێم بۆچ لە هەوڵـدانو هەلاتنـدا نـەبێت !؟ مـردن هـەر مردنەکەیە !. لەدوای وێنەگرتنو تێهەڵدانەکەوە نەهاتوونەتـەوە کـە نـازانم چـەند رۆژە یان چەند شەوە، بەلام ئەگەر بێـتو ئـەمجارە هاتنـەوە دیـسان ئـاوا درەنـگ بگەڕێنەوە شتێکم پێدەکرێت، ئەگەر هـاتو دەرچـوومو رزگاریـشم بـوو گفتەکـەم بەرامبەر ئەو گیانلەبەرانە جێبەجێ دەکەم.. بۆ هەردوو لاشـیان جیـاوازی ناکـەمو

کێڵگەیەك کە چی خۆراكو خواردنێك حەزی لیٚ بکەن لەو جۆرییـان بـۆ دەروێـنمو بۆیـان عـەمبار دەکـەم، چـونکە مـافی خۆیانـەو دوورو نزیـك دەسـتیان لـە قورتاربوونەکەمدا هەبووە، هەر ئەوەندە چاوەڕیش دەکـەم تـا دێنـەوە، بـزانم چـیم لێدەکەن.. ئەگەر کوشتنو گواستنەوەی تێدا نەبێت، دەستی پێدەکەمەوە"

دەتگوت دەیانزانی لەگەڵ خۆیدا قسان دەکاتو ویستبوویان لێـی تێکنـەدەن، هەر لەگەڵ تەواو بووو نەبوو لە کولانکەکەی سەر سەریەوە خڕەخـڕ پەیـدابوو، تـا ئەوان کولانکەیان وەکو جاران والآدەکردەوە شێرە بەخۆی گوت:

"ئەگەرلێم نەیەنە خوارەوەو هەرچییەکی دەیانـەوێت لەسـەرڕا ئـەنجامی بـدەن بردوومەتەوە".

گورزێك شەوقی لایتێك شەقێکی لە تاریکی نێو چاڵەکە هەڵداو هەر چـوار لا دیوارەکە وەکو نێو لەپ لێی روونو جوانو ئاشکرا دیارکەوتو ئـەوجا تێیخـوڕیو پێیگوت درێژ بێت، بە شەوقی لایتەکە بەش بەشی زنجیرەکان لـە پێینگانیـەوە بـۆ لای سنگو ملیو هەردووباڵەکانو دەیبردەوە سەر قفڵەکە جوان پـشکنی، کاتێـك شەوقەکە بووە چاوی مردووو کوژایـەوە شـێرە لـە خـۆی گەیـشت کـە چـاوەکانی دەبینن. دووبارە یاران وەکو جاران لە باوەشی تاریکیو تەنیاییـدا دەرکـی دنیـای بەسەردا داخرایەوە.

بەقەدەر دانیشتنو مانەوەی دووکەسان کە یەك بە دوای یەکدا دەچنە پرسەیەكو فاتیحاش ناخوێننو هەر یەکەیان لەبەر خۆیانـەوە تـا دەیـان دەژمێـرنو گیانیـان مێرووڵەی هەڵـسان دەکـات، هـەر ئەوەنـدەی خـۆ گـرتو چـاوەنواڕی رۆیـشتنی چەکدارەکانو کشوماتبوونی کردەوە، یەکـسەر قفڵەکـەی لـە زنجیرەکـان ترازانـدو

هەڵقــە پــساوە بەستراوەکەیــشی کــردەوەو بــە گــوێرەی دەســت لــە ئاســت کونــە جرجەکەشەوە بۆ بنمیچەکە بلۆکێکی دیاری کردو بە قفڵەکە وەریگــەڕاییٚو کەوتــە شکاندنی.. چەند جارێك بە هێزو توانایەوە پێیدا کوتاو دەستی هەڵگرتو هەستی خۆی راگرت، دنیای بە دڵی بوو، " ئەگەر کــوڕ هــەبێت شــەوی تاریــك زۆرە " ی لەگەڵ خۆیدا گوتەوە، پەنجەکانی دۆڵە درێژەو شاتمانی خستە نێو هەڵقەی قفڵەکــەو سێ پەنجەکانی تریشیانی گیرەیی تێوەریناو سووچێکی قفڵەکەی بۆ لێــدان بــە تــاڵ هێشتەوەو چۆن یەکێك دوژمنی باب کوشــتەی خــۆی دەکەوێتــە بــن دەســتەکانی ئەوها قفڵەکەی بە بلۆکەکەدا دەکێشاو لێیدەدا.

حەزی دەکرد باڵی هێندەو نیوێك درێــژتر بوایــە تــا بیتوانیبوایــە بــاڵی زێــتر لێکراکێــشابوایەتەوەو بــە حوججــەت تــر بــە بلۆکەکەیــدا بکوتابوایــەو مــاوەی شکاندنەکەی کەمترکردبایەتەوەو رێگەی یەکلابوونەوەش زووتر دەردەکەوت.

# ئیفلیج

سەری زمانو بنی زمانی زمان گرتنەوەی (خاتوون) بە پیتی (ش)وە گرتبووی‌و لە سەرەتاوە شین شینی بوو.. ئەوەیشی بە شپرێوی دەگوتەوە، تەنیا حاجی‌و کوڕەکەشی تێیدەگەیشتن !.

ئیفلیج بوونی خاتوون ئاریشەکەی لە حاجی رەسووڵ قەبەتر کرد، گوریس بە یەکلایی نەدەگەیشتەوە نۆرەی دوولاییە، غەمەکەی لێهەڵگەڕایەوەو بوو بە دوو جەمسەر.. جەمسەرێکیان ژانی دەچووە نێو جەرگیەوەو جەمسەرەکەی تریش ئێش و ژانەکەی دەگەیشتە نێو دڵی‌و ئاریشەکە دوو لقی رووباران بوو کاتێ لە زێ دەکاتەوە کەف دێنێ‌و شڵپە شڵپ‌و قۆنگران دەکات‌و نیمچە شەپۆلان دەدا، نێو هەناوی حاجیش قرچەو کڵپەی دەکردو سووتانی نێو هەناوی زێتردەکرد.

هەردوو غەم لە مێشك‌و هەناوی شەپۆلیان دەداو بەرنامەو پلانەکانی حاجییان جێ لەق دەکردو ئاڵۆزدەبوو، غەمی جەرگ‌و غەمی دڵ تەمێك بوو خەریکبوو بەرچاوانی لێڵ بکات‌و خۆرك بگرێت‌و رێی راست‌و چەوت وەکو چێشتی مجێور

تێکەڵو پێکەڵ بکات.. کۆمپیوتەر کە ڤـایرۆس لێیــدەداتو بەرنامــە ناهێنێــتو دەبێت فۆرمات بکرێت.. زوو بە هانای خۆیەوە هاتو مێشکی فۆرمات کردەوە.

حاجی لە نەخۆشخانە لە خاتوون رامابووو دەمو چاوە شەپڵە لێدراوەکەی ئـاوا دەخوێندەوە "خاتوون دەزانم چـاوە زەقەکـەت لـە چـاوەڕوانی شـێرە دایـەو داوای بینینی دەکەیت، چۆن هەندێ کەس لە سەرەمەرگ دانو چاویان زەقو لە مۆلەقـە، دەڵـێن داوای دیتنـی خۆشەویـستێکی یـان کەسـێکی نزیکـی دەکـات.. بۆیـە کراونەتەوە، تۆش بە حەسرەت بینینی شـێرەوە قـەپاتت نـەکردووەو بـە کراوەیـی هێشتووتەوە، لێو شۆڕکردنەوەکەشت قێزکردنەوەو رەتکردنەوەی هەموو ئەو قـسەو حیکایەتانەیــە کــە شــەوانە دەمکــردن، ئێــستا لــە دڵــەوە هــەموویانت رەت کردووەتــەوەو گاڵتــەم پێدەکـەیت، دیـارە لـە مۆبایلەکـەوە قـسەیەکی ناخۆشـت دەربارەی شێرەوە بیستووەو بەرگەت نەگرتووەو یەکـسەر هـەموو درۆ سـپیەکانی منت هاتۆتەوە نێو مێشكو بە درۆی بارە بارت زانیوەو زانیوتە راسـتیەکەم لێـت شاردبووەوە، کە بۆ قازانجی تۆش وام کردبوو تا رێگـری بکـەم لـەوەی کـە ئێـستا تووشت هاتووە، لە بیری هەموو شتێك دا بووم لە بیری ئەوەدا نەبوویمە تۆ مۆبایل هەڵگریتو وەڵاَم بدەیتەوەو بقەومێت، ئەوجا لێت بۆتە صەدمەو رایچڵەکاندوویو دەرەقەتی هەواڵەکە نـەهاتوویتو بەرگـەت نـەگرتووەو لێـی کـردی بـە جەڵتـەی مێشكو بەلاَنسی تێکداوی" خاتوون باش بزانە خـۆمو هەرچـی هەمـە دەیکەمـە قوربانی لە پێناو شێرەدا، ئارامت هەبێت دەیهێنمەوە باوەشت، شێرە.. شێرە شێر! خوداش لەگەڵ مرۆڤی مەردو ئازادایەو خۆشی دەوێت".

حاجی لە هەموو سەردانەکانی لای خاتوون مێشکو هەناوی پڕ قسە بوونو گەر بەدەنگیش بۆی نەکرابوایە قسەکان بکات لە هەناوڕا بێدەنگ نەدەبوو، بەچاوەکانی تێیڕادەماو لە قوولاّیی ناخیشیەوە بۆی دەدواو وایدەزانی هەموو هەستو ئیحساسی بەلای قسەکانەوەیەو دەیبیسیّو سەری رەزامەندی بۆ دەلەقێنیێتو ئەوها حاجی فەرامۆشی بە قسەکانی خۆی دەهاتو دەلاقەیەکیش بوو بەسەر غەمەکانی نێو هەناویدا والاّ دەکراو جەستەی سووك دەکرد، جار جارەش کە هەر خۆی بەتەنیا لای خاتوون دەمایەوە هەلەکەی دەقۆستەوەو پێیدەگوت:

- خاتوون دەزانم گوێت لێمە ! غەم مەخۆ دکتۆرەکان دەلّێن جەلّتەکەی سووکەو غەمێکی بۆ هاتۆتە پێشیّو وایلێکردووە، جێگەی مەترسی نییە، غەمەکەش بۆمن لێگەڕیّ.. من لە جیاتی تۆو ئەوانی کەش غەمەکە دەخۆم، من غاراوم.. لە هەژارییەکەوە کە نانمان نەبوو بیخۆین.. بە بۆنی خواردنی هاوسیکانەوە دەممان ئاوی دەکرد، تۆ فێری بەرگە گرتنت کردم، من لەگەلّ غەمماندا جیڕبوویمەوە.. فێلّت لێناکەم هەموو شتێك بە دلّی تۆ دەبێتو زۆری رۆیشتووەو کەمی ماوەتەوە، دیارە قسەیەکت لە مۆبایلەکە بیستووە.. ئەمجارەیان با دلّت بە قسەکانم ئاو بخواتەوە، بە چاوی شێرە بە کەیفی تۆ دەبێتو هەموو کونو کەلەبەرێکم پەستاوەتەوەو جێبەجیّ کردووە، بڕوا بکەو ئارام بە ساغ و سەلامەتە، بە هەوەسی تۆو بە دلّی تۆ دەبێت، هەر بزانە لەم دەرکەی بەرامبەرتەوە لێت بە ژوورکەوتو دەست لە ملت بکات، ئەگەر هەتا ئێرە لێم شاردبوویتەوە لەبەر خاتری تۆو بووکەکەمان بووە، باش بزانەو باوەڕت بە قسەکانم هەبێت لە رۆژی یەکەمی رووداوەکەوە تا ئێستای حازری بەدوایەوەم، شتێك بە پارە پێکبێت

ئاسانە، لەبیرتە ئەگەر رۆژێك كرێكاریم دەست نەكەوتایە گوزەرانمان چـۆن دەبـوو؟! هەر تۆ نەبوویت دڵی منت دەدایەوەو هەرخۆشت تەگبیركەریماڵەكە نەبوویت؟ لە نێو چەوانی تۆو تەگبیرەكانت نەبوو خودا بەسەری داباراندین، تۆ غەم مەخۆ ئێستا غەمخواردن بۆت خراپە، هەروەكو پێمگوتی غەم بۆمن بهێڵەوە، هەرچی ماڵو پارەو پوولمان هەیە بە قوربانی پەنجەیـەكی شـێرەی دەكـەم، غـەمت نـەبێت هـەر بزانـە دەركەی لێكردیتەوە ولێت بەژووركەوت، درۆشت لەگەڵدا ناكـەمو ئەمانـە قـسەی شەوەكان نینە.. دڵت ئاسوودەكەو چیتر فرمێسكان مەرێژە.. بۆیە ئەم قسانەشم بۆ كردیت تا چیتر دڵت توند نەكەیت، باوەڕیـشم پێبكـە لـەمنو لـەتۆ سـەلامەتترە، ئەوەی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە.. سەبر بگرە بزانـە بـە دوو چـاوانی خـۆت چ دەبینیت؟!.

حاجی كە فرمێسكەكانی خاتوونی سڕی ئەویش بە دەستی چەپەی كە لـە كـار نەكەوتبوو، دەستی حـاجی راكێـشاو خـستیە سـەردڵی، حـاجی لـە مەرامەكـەی تێگەیشتو پێیگوت:

- ئارام بگرە.

ئاگری جەرگی خاتوون وەكو ئاگرەكەی بابەگوڕگوڕ بە ئاسـانی نەدەكوژایـەوەو لە هەناوی بۆنی سووتانو برژانی دەردەدا، بۆ دڵدانـەوەو كـەمكردنی ئازارەكـانی، حاجی پەنجەكانی خاتوونی لە نێو دەسـتی نـاو وەك نەرمـە هـەویرێك نـەرم دەیشێلا، هەردووكیان پێش ئـەم رووداوە چـۆن باوەشـیان تێكوەردینـا لـەو ئـانو ساتاندا بێدەنگی ئەوها هەردووكیانی لە ئامێزگرت. بە كشوماتیەكە زێتر خاتوون دڵی گوشرا.. سكیشی پڕ لە قسە بوو دەیویست دەریبكاتو لە هەوڵی قـساندابوو

هەر چەند زمانی دەهێناو دەبرد لە لغە لغ زێتر بە هیچ نەدەبوو، ناچار لە هەناویدا لەگەڵ حاجیدا دوا:

"حاجی قسەکانتم هـەمووی بیـستن، قـسەکانی دوێنـێو پێرێـشم بـاش گـوێ لێبوون، باوەڕیشم پێت هەیە بەڵاّم ئاگری جەرگ ئـەم قـسانە نازانێـت.. رەسـووڵ جەرگ غەدارەو ژانی لە هەموو کۆستێك بە ئێش و ژانترە لە مردنی دایكو بـاوك لە برا مردن لە مردنی تۆش بە سفتوسۆترە، تەگبیر بۆ جەرگ ناکرێـت، بیـستووتە یەکێك دەچێتە لای پیاوێکی عاقڵو پێیدەڵێت هـاتووم تـەگبیرێکم بـۆ بکـەیت.. کابرای عاقڵیش پێیدەڵێت تـەنیا تـەگبیری جـەرگ نـەبێت !؟ ئەویـدی هـەمووی ئاسانەو دەکرێت. ئەوجا دەزانم تفەنگی تۆ خاڵییەو بەس دڵی من واناڵێـتو دەزانم دەردی هەردووکمان یەك دەردە بەڵاّم هیچم لەگەڵ جەرگدا پێناکرێت، لە تورکیایـە لە سینە یەك تەلەفۆن هەموو قسەکانتی لێکهەڵوەشاندەوە.. هەرچی قەڵاّتی قسەو تـەگبیرانت هـەبوو بـە کونفەیـەکوونێك رووخـا، ئەگـەر گومانێکیـشم هەبوایـە قسەکانت ئەونـدە بـە رێو جێبـوون گومانەکـەم نـەدەما، ئـەوی کـردیو ئـەوەی ئاشکرای کرد تەلەفۆنەکەبوو، ئێستاکەش نازانم دوای ئەو هەموو قسانەی شـەوانە بۆت کردینو دەتگێڕایەوەو هیچی بە هیچیش دەرنەچوو، ئـەم قـسانەی ئێـستات دەبێت بە کوێ بگات !؟ دەزانم موشکیلەکە غەم و خەوو خۆراکی لێبریویتو خۆت گوتەنی بۆتۆی لێدەگەڕێمو دەخوازم ئەم قسانەشت نەچنە پاڵ ئەوانی کە.. غـەمی جەرگ سەری لێشێواندووم ناهەقیشم مەگرەو دڵم پڕی ئێش و ژانە، سـەبر دەگـرمو پشتو پەنا بە خوا."

غەم دوو رسکانێیان لە حاجی وەراندبوو، بە دوو هێڵی تەریبدا پێ بە پێ لە گەڵیدا دەڕۆیشت، وەکو تۆقەکەی ملی شێرە لێی جودا نەدەبووەوەو جار ناجارێك هەردوو هێڵە تەریبەکان لە خاڵێکدا یەکتریان دەبڕیو خاڵەکە هەردەهات وەکو ئەو زێرووەی خوێن دەمژێت دەڕسکاو پانوپۆڕ هەڵدەگەڕاو تووشی ئەگەرانی دەکردو کار لەوە ترازاو لەوەش تێپەریکرد نەیەڵێت هەواڵەکە تەشەنە بکاتو کەس تێنەگات، چونکە ئەو بەنداوەی کە لە پێش دەموقورگی رووداوەکەی دروستکردبووو پێشی لێگرتبووو شەوانەش تەونکاری بۆ دەکردو کردبووی بە قەلایەك قسەو گفت پشتی پێدەبەست، رەشەبا لێیدا.. وەکو ئەو دەستنوێژەی بە فسێك دەشکێت.. لە بنەوەڕا هەڵیتەکاندو لە گرێژنەی برد. لە حەژمەت دەردی شێرە پێیەکی لەلای حەکیمو لوقمانان بوو.. ناچاریش سەر بە ماڵە دوژمندا دەکات، پێیەکەی تریشی بە چەندەها دیوەخانی ئەو کەسگەلانەی زەمانە رووی تێکردبوونو لە پڕێکەوە ببوونە شێخێك دەگەیاندو دەمو گفتی قیمەتی پێ نیشان دەدان تا قوولابی هیمەتیان بهاوێنو لێی بخوازن ماڵی دنیایێ، دەمو لچی زۆریانی تاقیکردەوە.. وەکو رەچێتەی دکتۆرەکان کە نەخۆشێك لە تاو دەردی سەردانی چەندانێکیان دەکاتو دەرمانی هیچ کامێکیان لە دکتۆرەکەی دی ناکات، قسەو گفتی هیچ شێخێکشیان لە ئەویکەیان نەچووو فێنکایەتیشی بە دڵو دەروونی حاجی نەگەیاند.

شەوانی شارەکە لە بێ کارەباییان دەبووە بەری ساجو تاریك دادەگەڕا، دڵی حاجیش لە بێ ئومێدیاندا بە رۆژی نیوەرۆیێ تاریك داهاتبوو، فەرامۆشییەکی تێدا نەدەدیتو دەستی بۆ هەر پنچکێك دەبرد لە بنو بۆتکەوە هەڵدەقەنا، هەر

ڕێگایەك بۆی دەچوو لێی بە دوور دەکەوت و وەکو ئەوە وابوو کۆمەڵێك لەو پەرژینە کۆنکریتە زلوزەبەللاحانەی ئەمریکیەکان کە ترس پێیداهێنان و ڕێگەیان پێدەگرت.. لە ڕێگەی داندرابێت و ببێتە بەربەست و نەیەڵێت بە خواستی چوونەکەی بگات و لەباردەچوو.

ئومێدیکی بە شێخ جەبار هەبوو ئەویش جارێ هیچی لێ بە دەست نەهاتبوو، بەم نوێژی نیوەڕۆیە چەند جاران وەکو نابینابێت بەناو کۆمەڵە خاشاکی ئێرەو ئەوێی شارەکە دەکەوت و دەتگوت (شێخ شوکر[١٥])ە شێتە بەدەم هەنگاوهەڵهێنانیەوە لە پێشە خۆیەوە دابوویە بەر قسان:

"شێرەکەی بابە وانەزانی لە بیرم کردوویت، مەگەر لەخەودا لەبیرم کردبیت ! زۆرجاران لە خەویشدا ئەو دەسەڵات و ئەم دەسەڵات و ئەم دەرکەو ئەو دەرکێهێ دەکەم، بۆ ئەوەی بارە قورسەکەیان کەمێك پێ سووك بکەم و تا وایلێبێت بۆم هەڵسووڕێ و لەبن نیری ئەوانت دەرهێنم و دەستی خۆمان بە زانایی لەبن بەرداشیان دەربهێنین و پەشیمانی تێدا نەبێت، قسەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەواندا زۆر زەحمەتە.. لە مامەڵەکردنی تەندەرە نهێنیەکانی کۆمپانیا گەلێك زەحمەتترە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەواندا لە تاریکی و لە پشت پەردەوەیە، لە ڕێگەی کەسی خۆیانەوە دەبێت.. هێڵی خۆیان نەبێت هیچ بە هیچ ناکرێت و دیتنەوەی ئەو هێڵەش وەکو ئەوە وایە لەشەوی تاریکدا بەدوای دەرزیەکی ونبوودا بگەڕێیت، هەڵسوکەوتی ئەوان وەکو لەمەچێترەکانن، ئەوان باش باش دەتبینن و دەتناسن و دوورنییە لە هێندێ شوێندا شان بە شان لە گەڵماندا دانەنیشتبن ! بەلام ناناسرێن، نازانرێت لەوانن.. نازانرێت مۆرانەن و لە ژێرڕا ئێمە مانان دەخۆنەوە؟! وەکو

مردنەکەی حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر ئەگەر مۆرانە لـە گۆچـانەکەی نەدابوایـە مردنەکەی ئاشرا نەدەبوو، منیش ئەوکەشفەو کەراماتەم لە کوێ دەست کەوێت.

شێرەکە خۆزگە لە جیاتی تۆ منیان بڕفاندایە، چونکە من بەشـی خـۆم دنیـام دیوە.. !دڵی دایکت هەستی بە ختوورەیەك کردبوو، هـەواڵێکی قۆسـتبوەوەو لـە ختوخۆڕایی نەبوو جلەۆی هەستوهۆشی لە دەست دابـوو، دڵـی دایـك ئاوێنەیـە.. رادارە، زۆر جاران پێشبینیان دەکات، دەیزانی شـتێکمان لێ بەسـەر دێـت، بـەڵام نەشی دەزانی چییە؟ کە هەموومان بەدەورییەوە دەبووین لـە مـنو لـە تـۆ تـەواو تربوو، کاتێکیش دەمانویـست دەرچـینە دەرەوە تێکدەچـووو بێـسەروبەر دەبـوو. کوڕەکەم تۆش دەتزانی شتێك روودەدات ! بەزۆر منت لای دایکت گلدایەوە، منت بەوە رازیکرد بمێنمەوەو ئاگاداری دایکت بکەم، ئەگـەر وەکـو رۆژانمـان بەیەکـەوە بووینایە بە هەرسێکمان دەمانتوانی رکا بەرییەکیان لەگەڵدا بکـەین، ئەوسـا یـان خراپ خراپ دەبوو یان دەردەچووین.

خودایە تۆ پشتوپەنای بێدەسەڵاتو لێقەوماوانیو فەرمووتە کاتێ دەرکەیـەکم لەسەر بەندەی خۆم داخست چەندانی تری بۆ دەکەمـەوە.. فەرمووتـە بپاڕێنـەوەو داوا بکەن وەڵامتان دەدەمەوەو بەهاناتانەوە دێـم، منـیش بـە دزیو بـە ئاشـکرا پەنجاو یەك رۆژە لە بارەگای رەحمەتت دەپاڕێمەوەو سەدەها عـەریزەو سـکاڵا بـە شەوو بە رۆژ رەوانەی قاپی رەحموبەزەییت کردووەو پەنجاو یـەك کـونم لـە جـەرگی بووە، پەنجاو یەك سـۆو لـوو لـە هـەناوم هـاتووە، پـەنجاو یـەك داغ بـە جـەرگو هەناومەوە وەنراوە، پەنجاو یەك رۆژە ئاگرم لە جەرگی بەربووە، پەنجاو یـەك رۆژە.. شەوو رۆژم لێ بەرەواژ بۆتەوە، پەنجاو یەك رۆژە نانم بە پشتیدا دەچـێتە خـوارەوە،

پەنجاو یەك رۆژە سوکناییم لێ بـڕاوە.. پـەنجاو یـەك رۆژە روونـاكی لـە چـاوانم دا نەماوەو داومەتە بەر سەرمە قولاتان، پەنجاو یەك رۆژە بێ ئەوەی جنۆكـە دەسـتم لێبووەشـێنن شـێت بوویمـە، پـەنجاو یـەك رۆژە تـاموبۆ ناكـەمو هەرچـی دەخـۆم قوزەلقورتە، پەنجاو یەك رۆژە دنیا لە پێش چاوم بە بەرەواژی دەخولێتـەوە، پـەنجاو یەك رۆژە دەورو بەرم لێگۆڕاوەو هیچ شتێك وەكو خۆی نـابینم، پـەنجاو یـەك رۆژە لەزەتی دنیا نە لەپێش دڵم نە لە پێش چاوم دا لـەزەتی دنیـای جـارانی نـەماوەو شارم لێبۆتە تاریكستانو گۆڕستان، پەنجاو یەك رۆژە خۆشی وشاییم لێبۆتـە شـینو شیوەن، پەنجاو یەك رۆژە هیوام لەبەردا بڕاوەو وشـكو بریـشك بـووەو كاڵبۆتـەوە، پەنجاو یەك رۆژە خۆم لە هەمووكەس بێكەستر دەبینم.. ئەی خودایە بێكەسی هەر لە خۆت دەوەشێتەوە، پەنجاو یەك رۆژە رۆژ بە رۆژ دەردو ئێش و ژانم زێتر دەبێـت، پەنجاو یەك رۆژە هەست بە تەنیایی وتاریكی دەكەمو گلێنەی چاوەكانم لێڵو تانەی كەوتۆتە سەری، پـەنجاو یـەك رۆژە رەنگـی سـپی نـابینمو رەشـێتی دەورو بـەری لێگرتووم، پەنجاو یەك رۆژە چاكتر هەست بە ئێش و ئازار دەكەم، پەنجاو یـەك رۆژە تاموبۆی خۆشـیو شـادی لـە دڵو دەروونم دا وەكـو بـەهاری شـارەكە دامـاڵاوەو پێموایە خۆشیم لە دنیادا نەدیتووەو هەر ناخۆشی بـووە بەشـم، پـەنجاو یـەك رۆژە هەموو ساتەكانی شەوو رۆژم بە نزاو پاڕانـەوە تاقیكردۆتـەوەو عەرشـی تـۆم پـێ هەژاندووە، چونكە ساتێك لە ساتەكاندا نزاو پاڕانەوەی تێدا وەردەگیرێـت.. بۆیـە هیچ ساتێكیانم فەرامۆش نەكردووە عەریزەی ئەحواڵی تێـدا نـەنێرم، پـەنجاو یـەك رۆژە زێترهەست بە بەندایەتی خـۆمو خوایـەتی تـۆ دەكـەمو لـەو كاتـەی كـە لـە ماڵەكەی تۆدا بوومو تەوافم دەكردیت ئێستا زێتر تۆم لە یـادە، پـەنجاو یـەك رۆژە

هەرچی کارەساتە رابردووەکانی شارەکەم هەن دێنەوە پێش چاوم، پەنجاو یەك رۆژە رۆژان رۆڕۆمەو شەوان گفتوگۆمە، پەنجاو یەك رۆژە حەزو ئارەزوو.... بە جارێ ماڵی وێرانم، پەنجاو یەك رۆژە بێ شێرەمو بێ شێرەمو بێ شێرەیی پشتی کۆمو قەمبوور کردیمەو لە ژێریدا ناڵە ناڵمەو پیرتری کردووم، پەنجاو یەك رۆژە من شەوو رۆژ لێت دەپاڕێمەوەو دەزانم بە نزاو پاڕانەوەی من تۆ نە بچووك دەبیتەوە نە گەورەتریش دەبیت.. نە لە خوایەتی دەکەویت ! نەکەم دەکەیتو نە زێتر، نەپێویستت پێیەتیو نە هیچ، بەڵام من بەندەو بچووکم هەردەم بچووك چاوی لە گەورەی خۆیەتیو داوای ئاوڕدانەوەی خێری کونفەیەکونەکەی تۆمە، پەنجاو یەك رۆژە تۆم لە رۆژو مانگو ساڵەکانی رابردووی ژیانم لەبیرترە.. ئەوەی بە تۆ دەکرێت بە شێخۆکەو مێخۆکە ناکرێت.. هەر ئەوەندەی گوتت تێژ تیژ، دیسان دەگەڕێمەوە سەر فەرمایشتەکەی خۆت کە فەرمووتە لێم بپاڕێنەوە بە هاناتانەوە دێم.. ئێستاش لە هەموو ساتەکان خۆم بە ئیحتاجو موحتاجی تۆوە دەبینم.. پەنجاو یەك رۆژە مەرگی خۆم بە دوو چاوانم دەبینم.. پەنجاو یەك رۆژە لە دەرکەت دەدەم.. پەنجاو یەك رۆژە مەرگ و ژیانی شێرە هەموو شتێکی لە بیر بردوومەتەوە تەنیا تۆ نەبێت، تۆش ئەی خودای عاردو ئاسمانەکان نزاو پاڕانەوەکانم بە هەند هەڵگرەو لێم توورە مەبە ئەگەر زیادە رۆییو ناماقووڵیەکیشم کردبێت لێم ببوورە.. چونکە توورە بوونی تۆ عاردو ئاسمان دەهەژێنێتو چیاو ئاسن دەتوێنتەوە، چاوم لە ئاوڕدانەوەی تۆیە بەهاوارمەوە بێیتو شێرە ئەگەر ماوەو زیندووە بیدەرەوە دەستم.. ئەگەر.. مر.. د...ووە، تەرمەکەییم لێت دەوێتو بکەوێتەوە دەستم با لەسەر دڵم نەبێتە دەردو کەسەران، وەکو هەموو خەڵکانی

کۆست کەوتوو جەژنو هەینییەکان بچینە سەر گۆڕەکەیو فاتیحای بۆ بخوێنین.. تۆ بڕیاردەری کونفەیەکونیت.. شتێك لە تۆ شاراوەو نهێنی نییە، تۆ ئاسمانت بێ کۆڵەگە ڕاگرتووە.. من دەبینیو دایکە ئیفلیجەکەشی دەبینیت، جار هەر ئەمجارەیەو بەهاوارو هانامانەوە وەرەو دەستیشت لێ بەرنادەم.. تۆ لە بەندەکانی خۆت بێمنەتی، ئەوەی بتناسێ ونەتناسێت.. بەندایەتیت بکات ونەکات دەیژیێنیتو رزقی ڕۆژی پێدەدەیت، لەلای خۆشت عەیانە من لە کامەیانم، لێتم دەوێتەوە ودەستم لێت بەرنادەم تا نەیدەیەوە دەستم.. "

حاجی لە پێشە خۆیەوە هەر سرتوقرتی بوو.. بەدەم قسە کردنەوە بێئاگا لە دەورو بەرەکەی ڕێگەی دەبڕی، کاتێ یەکێك بە تەنیشتیەوە ڕەتدەبووو گوێ بیستی ورتە ورتەکەی دەبوو دەیگوت:

- داخی گرانم ئەم پیاوەش ڕۆژگار دەستی لێوەشاندووەو تێکچووە.

- شێتێکی کەش لە شارەکەماندا زێدە بوو. ئەمە قسەی کەسێکی تربوو کە بەلایەوە تێپەریکرد.

هیترتیشیان لەگەڵ سەیرکردنەکەیاندا دەیانگوت:

- شێوەکەی لە شێت ناچێت بەلاّم قسەکردنەکەی لێمی تێکداوە؟!

- شار بێ شێتەکان جوان نین !

حاجی بە ئاوازی دڵی خۆی دەیگوتو دەیخوێندو ئەم شەقامو ئەو شەقامی دەکردو سەرو دڵی بە یەکدا هاتبووو ڕێگەی بە خاوو خلیسکی بەڕێدەکردو بەدەم هەنگاو هەڵهێنانەوەیدا تا پژدێنی نغرۆی نێو مەنهۆڵێك بوو، کەسانێك چاویان

لێیبووو خێرا بە هانایەوە چوونو لە بن باڵی رووهـاتنو دەریـان کێـشایە دەرەوەو یەکیان پێی گوت:

- مامە ئەوە چاوت نەیدیت وا نغرۆبوویتە نێوی؟.

- کەسی مامی دیتن بەبێ هۆش هەر نەدیتن حسێبە؟!

# شەڕ

شێرە شێرانە وەرگەڕابووە بلۆکەکەو پەیمانی شەڕی مردن یا سەرکەوتنی لەگەڵدا مۆرکردبوو، هەرچی کۆمەڵەی ئاشتیخوازانی دنیا بە گـڕیا بـچوونایەو ببوونایەتـە ناوبژیوان شەڕی خۆیو شکاندنی بلۆکی رانەدەگرتو دەستو پەنجـەکانی قەڵـەمی ئیمزا کردنی نەدەگرت. بلۆکەکەش ئەوەندە پتەوبوو پشتی بە خۆیو دانانەکە قـایم بووو بە پتەویەکەیو تۆکمەیی دیوارەکە نازی دەکرد.

پێنج پەنجەکانی شێرە وەها لە هەڵقەو نێو قەدی قفڵە شێخانیەکە چەسپو گیر ببوون، دەیانویست هەر چ توندیو یەکریزی دیوارەکە هەیە تەفرو توونـای بکـەن، نێو لەپی دەستەکەی تریشی لەسەر دیوارەکە کردبـووە رکـە، ئەوەنـدە وەسـتایانە دەیخێوانـدە بلۆکەکـەو دەتگـوت بابـەلباب بـەرد شـکێنو دیـوار شـکێن بوونـە، نەیدەویست چرکەیەك بـە فـیڕۆ بـڕوات، دەسـتو پەنجـەکانی لەشـەڕی شـکاندنی بلۆکەکە دابوون، کاتێك باڵی لێکدەکێشایەوە دەیویست بە بلۆکەکەیـدا بکێـشێت هەموو هێزی جەستەی لەگەڵیدا تێیدا بەشدار دەبووو دەبووە یەك تۆپەڵی تـەکانو

به بلۆکەکە دەکەوتو هنکە هنکی پێدەخست، شێرە وەکو لەبن باران راوەستابێت وەها شەلالی ئارەقە ببوو، ئارەقە لە نێو قژی سەریەوە بەرەو خوارو بە نێو ریشە درێژەکەیەوە رێچکەیان گرتبوو، هێندی دڵۆپی دەکەوتنە سەر تاڵە مووەکانو هێندێکیشی بەسەر پێستە سپیواژەکەوە چۆڕاوکەیان بۆ ملو سنگی دەکرد، کراسەکەی بەری بەهۆی تەڕییەوە وەها بەجەستەیەوە نووسابوو لەگەڵ پێستەکەیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، گوێی بە هیلاکیو برسێتی نەدەدا.. مەگەر جار جار بۆ تەڕکردنەوەی دەمی چرکەیەكو دووان دەستی رابگرتایە، ئەو کاتەش بە بەردێك دوو کێلی دەپەڕاند.. ئاوەکەشی دەخواردەوە.. هەستی خۆشی رادەگرت بزانێت بەسەر سەریەوە هیچ هەستو خوستێك هەیە؟. تا ریسەکەی نەبێتەوە خوری شەڕێکی بێ ئەمانی لەگەڵ بلۆکەکەدا راگەیاندبوو، شەڕێك بێ راوەستان.. بێ وچان.. بێ بەرزکردنەوەی ئالای سپی.. شەڕی مانو نەمان بوو، شەڕێك لایەکیان بۆنی مردنی لێدەهاتو لایەکیشی تامی سەرکەوتنی دەداو ترووسکە چەخماخەدانی نێوان قفڵەکەو بلۆکەکەش ئاگری مژدەی ئازادیو رزگار بوونبوو لە بەرزاییەکانەوە دادەگیرسا، شەڕێك لە نێوان سوپاکەی ئێسكو گۆشتو خوێن لە بەرامبەر دیواری رەقو چەقێندا بوو.

جار جارە لە بەرامبەر شەڕی خۆیو دیوارەکە دا دەیگوت:

- ئەمجارەیان شەڕی یەکجارەکییە، ئەمەیە شەڕی مانونەمان !! یا تێچوون یا دەرچوون، ئەم شانەی داومەتە بەری نایکێشمەوە.. بردوومەو نایگێڕمەوە، ئاو بەو شلییەی رێچکەی خۆی لە چەقێناندا دەکاتەوە، خواش لەگەڵ راستانە یا بەمن دەدات یان بەوان، حیزیو سەلامەتی تەواو، خوداش حیزو بێدەسەلاتی خۆشناوێت.

لێدان وکوتانی شێره له کاری ئەو کاژمێره پڕ قـورمیش کـراوەی دەکـرد کـه چرکەیەك هەڵەناکاتو راناوەستێتو چرکه بەدوای چرکەیدا دێت، لێـدانو کوتـانی به بلۆکەکەدا یەك بەدوای یەکدا دەهاتن.. نه دەستی شـل و خـاو دەکـردەوەو نـه دەستیشی لیٚ هەڵدەگرت، گەواڵه رێژنەی بەهاران چۆن بەتاو دیٚو زوو تەواو دەبێت ئەویش دەیویست زوو به زوو پێش ئـەوەی چـەکدارەکان کـه وەکـو جنۆکـه پەیـدا دەبوونـەوە دەسـتی خـۆی بووەشـێنێت، بـۆ مـەرامی گەیـشتن بـه خواسـتەکانی فەرهادێك بوو به گژ بلۆکەکەدا چووبوو، پێشمەرگەیەك بوو له پێنـاو رزگـاربوونو ئازادیدا دروشمی ( مانو نەمان ) ی هەڵگرتبوو، چۆن که له کۆمپانیا هێرش کرایه سەری داینەهێناو دەستی نەداو له لوولەی چەکەکانیان نەترسا !؟ ئێستا لەو کـات بـه گـورتر شـەڕی لـه نێـو تاریکیەکـەدا لەگـەڵ دیوارەکـەدا راگەیانـدووەو سـڵ ناکاتەوە.. مردن یەکەو نابێت به دووان، له ماڵەوە بێت لەم گـۆڕه چـاڵه تـەنگو تاریکەوە بێتن مردن که هات دواکەوتنو گەڕانەوەو خاترانەی نییه ! لێره بیت یـان لەویٚ یان لەنێو بورجەکەشدا بیت هەر دێـت، شـان و پیـل و دەسـتو پەنجـەکانی چرکەی کاژمێری (سەرکیسۆف[١٦]) بوو وەستانی نەدەزانی !.

له پێناو نەمردن له نێو ئەم گۆڕه چاڵەوە دەیویست چـۆن چـەکدارەکان شـەوو رۆژو سـاتەکانیان لـیٚ تێکـداوەو لـه بیریـان بردۆتـەوەو ژیانیـان سـەرتاپای تاریکولسەلاٚت کردووەو ناوی رۆژەکـانی هەفتەشـیان لـه مێـشکیدا سـڕیبووەوە، ئەوها ماندو بوونو هیلاکی له جەستەی خۆی دەرهێناو له بیر خۆی بردەوە.. بیری له برسێتیش نەدەکردەوەو خواردنی سەموونه رەقەکەی تەلاٚق دابوو، کـات لـەکنی ببووه شیرێکی تیژ دەیویـست بـه قـازانجی خـۆی بیبڕێتـەوە ئـەگینا دەیبڕنـەوە ّ،

نەیدەویست کات بە کرماندنی سەموونە رەقەکە خەرج بکات، چـونکە ئـەمجارەیان کار لە کار ترازابوو.. بێتو زوو بگەڕێنەوەو چاڵەکە بپشکنن وەکـو ئـەوە دەبێـت فرمانی کوشتنی خۆی بە دەستی خۆی ئیمزا کردبێتو جارێکی کـە روونـاکی بـە دوو چاوانی نەدەدیتەوە، بۆیە دەبوو تا ئەوان دێنەوەو سەردانی دەکەنـەوە تـەواوی کردبێتو گەر کاتی بۆ قەرز کردبێت دەبوو تەواوی بکات، جار هـەر ئەمجارەیانـەو هەلیش هەر ئەم هەلەیە.. وەکو ئەو هەلەی بۆ کوردان هاتۆتـە پێـشێ لـە دەسـت بدرێت بۆی ناگەڕێتەوەو دووبارە بوونەوەی نابێت!!.

دەستی بە قفڵەکەوە وەها رادەوەشاند پێیوابوو سەری ئەژدیهای لە بن دەسـتی خۆی ناوەو ئەگەر نەیکوژێت دەبێتە لوقمەیەکی تەڕو بەتامی ئەژدیهاکە، جار جار بە دەستەکەی تری شوێن لێدانەکەی دەپشکنیو لە چۆنیەتی کاریگـەری لێدانەکـە دەگەیشت، بە ئەندازەیەکی وەها لـە نێـو تاریکیەکـە دا لـە یـەك شـوێنی دەداو دەیویست وردە وردە چاڵێك دروسـت بکـاتو لـە پاشـاندا چـاوەڕۆخەی بداتـەوەو دیسان چەقی ناوەندەکە بە هێزو توانـاو تـەکان.. بخاتـەوە بـەر تـووڕەیی لێـدانی جەستەیو دایماڵێت.

شێرە دەستو پەنجەی کە لە منداڵییەوە لەگەڵ ئاسنو پاسـن راهـاتبوو ئێـستا نامۆ نەبوو بـەم کـارە قورسـە، دەسـتو پەنجـەو ماسـولکەکانی لـە منداڵییـەوە فێربووو راهاتبووو رۆژ بە رۆژیش شارەزاترو جیرتر ببوونـەوە.. دەیزانـی چ کـات ئاسن پێویست دەکات لە نێو دەستو پەنجەکانیدا مەنگەنەیی بگیرێـت..! چ کـات پێویست بە هێوریو خاوبوونەوە دەکات.. چ کـات دەبێـت گەرمـەی تووڕەبـوونی جەستەی بۆ هیلاكو خەرج بکرێتو تا هێزو ماندووبوونەکـە بـە هـەدەر نەچـێت،

وەکو ئەو زانستە مرۆییانەی کە لووتکەی لەزەتی نێرو مێیان دیاریکردووە ئـەوها شێرە لە چۆنیەتی بە کارهێنانی ئاسن شارەزابووو لێی تێدەگەیـشت، بـە گـوێرەی شارەزابوونەکە ئاراستەی لێدانەکـەی دەخێوانـدە بلۆکەکـەو وردە بـەردو زیخـی لێ هەڵدەوەراند، لەکاتی دەستراوەشاندنەکانیدا یەکێك بە دیاریەوە بوایەو بە چاوو بـە حەواس خۆی لێبگرتایە بەهۆی لێدانە یەك بەدوای یەکەکانـەوە لێدانوکوتانەکـەی پێ ئەژمار نەدەکرا، چونکە نەیدەهێشتو نەیدەویست شـوێنەکە سـارد بێتـەوە.. یەك بە دوای یەکدا وەکو پایلی ئامێری بیر لێدەرەکان کە لە یەك شوێندا بەرزو نزم دەبنەوەو روو دەچنە خـوارەوە، شـێرە لەهـەمان جێگـەی دەدایـەوەو جـار جـارە تروسکەیەکی ئاگر لە جێگەی بە یـەك کەوتنەکـەوە چـەخماخەی دەداو تروسـکەی هیوایەکی دەگەیاندێ.

کەشی نێو چاڵەکە لە پلەیەك دا راوەستابووو کەمتر گۆڕانی بەسەردا دەهـات، ئەوەی گـۆڕانی بـە خـۆدا دەدیـت جەسـتەی شـێرە بـوو، چـەندە گورزەکـەی بـە حوجحەتترو توندتر بووەشاندایە پلەی گەرمی جەستەی هەورازتر دەبوو، عارەقـەش پتر بە جەستەو کەللە سەریەوە چۆڕاوگەی دەبەستو شێرە ناچار بـە قـۆڵی کراسـە دەسـتە بـە تاڵەکـەی ئارەقـەی دەموچـاوی کزرتـر بکاتـەوە، لەگـەڵ گەرمـەی دەستوەشاندنو شکاندنی بلۆکەکە لە پێشە خۆیەوە دەستی بە قسان کرد:

"ئەم هەوڵو تەقەلَلایە دوای هاتنی جرجەکە پلانم بۆ داناوە، پلانێك کە دەبـوو بزانم لە نێو ئەم دۆزەخەدا چ دەکەمو چۆن بەرەنگاربوونەوەو بەرگری دەکەم، لە نێو ڕا ئەندازیارییەکی چاکم بۆ کرد، بەڵام نازانم لە دەرەوەی دۆزەخەکە چ دۆزەخێکـی ترم دێتە پێشێ، سەرەتاکەم لێدیارە بەڵام کۆتاکـەی وەکـو نێـو چـاڵەکە تاریـكو

بزره.. نازانم لەسەرەوە تووشی رووبـاری هــەنگوین دەبم یـان ژەهـری مـارم دێتـە پێشیّ، کیّ نالّێت سەرەوە ئۆردوگایەکی چەکدارەکان نییــە و!، تەلبەنـد نـەکراوەو کارەبایان نەخستۆتە سەر!؟ ئەمانە ئەوەندە ساویلکە نین دەرەوە بەرەڵلا بکەن، ئەو هەموو ئێرەو ئەوێیەیان بەمن کرد ماقوولّ نییــە ســەرەوە قــایم نــەگرنو ئەگــەری هەلاّتنی کەسێکیان نەکردبێت، عەقلّ بۆی ناچێت ئەوەندە غەشیم بــن ! ئــەوانێك توانیبێتیان دنیا بهەژێننو دەستیان بە هەموو شوێنێك بگاتو بتوانن لە جەرگەی پایتەختو لە شوێنو تەلارەکانی ئەمریکا تەقاندنەوە بکەنو.. دەســت لــە گــەورە بەرپرسان بووەشێنن، ناتوانن بەربەست لە بەردەم هەلاّتنی ئــەمو ئــەودا دابنــێن ! نەتوانن سەرەوە بە کامیرای چاودێری کردن بخەنە ژێر کۆنترۆڵەوەو ئاگاداری هەموو پێشهاتەیەك ببنەوە، بۆیان ئاسانە چــونکە پــسپۆڕو شــارەزای هــەموو بوارێکیــان لەگەڵدا هەیە، بیرۆکەی ئەوتۆ دەهێننــە ئــاراوە کــەس بــیری بــۆ ناچــێت، رۆژێــك ئۆتومبیل بۆمب رێژ دەکەن.. کە حکوومەت ئۆتومبیلانی خستە ژێر چاودێریەوە، دێن ماتۆڕ بۆمب رێژ دەکەنو لە جادەیەك لەجادەکاندا دەیتەقێننەوە، هەر ئەوندە دەزانیت لە میدیاکاندا باس لە تەقینەوەی کەرو عەرەبانە دەکرێت".

ئەوان مرۆڤنو مێشکیان هەیــەو بەرنامــەو پلانــی خۆشــیان هەیــە.. منــیش مرۆڤمو بەرنامەو پلانێکم داناوە، بــیّ پــلان هــیچ کارێــك.. هــەولّێك ســەرکەوتن نابینێت، بە تێلە باریکەکە کە زنجیرەکەم پیّ قایم کردبوو دەتوانم ئەگەر تەلبەندیان کارەبا کردبێت فیّلّێك بەکاردێنم بوونو نەبوونەکە دەزانم، سوود لەو فرِوفیّلاّنەی کە کاتی خۆی لە فیلمەکان دیومە وەردەگرمو بەکاری دەهێنم.. وەکــو مــشكو جــرج عارد بن کۆلّ دەکەمو پیّیدا دەپەڕمەوە، ئەگەر ئەوان فێلاّن دەکەن من فــرِو فــێلاّن

دەکەم، کەندولەندو پەناوپەسیو زۆرن کە لێرە رزگارم بوو لە پەنایەك خۆم دالدە دەدەم تاکو بتوانم شتێك لە بارەی ئۆردووگاکە تێبەگەمو بزانم بە کوێدا دێنو بە کوێدا دەڕۆن.. زۆرو کەمیان تێبگەم، ئەوەی من بۆی بچم ئەمان بیریان بەلای ئەوەدا ناچێت لەم شوێنە عاسیێو قایمانە من یا کەسانی تریان گەر لە ژێر عاردا هەبێت بتوانن هەلبێن ! چونکە لەلایەك بەستانەوەکە لەلایەکیش توندو تۆلی چاڵە مەرگەکە رێگری هەلاتنەکەن، ئەوە خوا بەمنی دا قفلەکە کرابووەوە، گەر دەرکەش لەسەر پشت بێت بەدەستو پێی بەستراوو مل بەستراوەوە دەگەمە کوێ !؟ هەلێکەو بۆم هاتووە. چەکدارەکان زۆربەیان ریشدارن.. جلوبەرگیان کورتە.. نارێکە، وا دێنە پێش چاو تەرکی دنیایان کردووەو منیش لە هەموو بارێکەوە لەوان دەکەم، ئەگەر پێویستی کرد وەکو ئەوان هەلسو کەوت دەکەمو تێکەلاویان دەبمو خۆم دەرباز دەکەم، ریش بۆناو ریشداران بەکەلك دێت، باشیان گوتووە ئەگەر چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە، ئەی ئافەرین ریش...!!!

پێنج شەش کاژمێربوو شانو پیلو دەستو پەنجەکانی وەکو ئەو ئامێرە کارەباییەی لێهاتبوو کە سویچەکەی دادەگیرسێت کار دەکاتو راوەستان نازانێت ئاوا لە بەرز کردنەوەو پێدا کوتان مەیی بوو، هەر ئەوەندەی زانی قفلەکە رووچووو تەپەیەك لەبن پێیەکانیەوە هات.. بۆی داوەرهاتەوەو پارچە بلۆکێك بەقەد ناو لەپی دەبوو، بەلام خۆشییەکەی بەقەد کونکردنی چیای سەفین بوو، پێیوابوو پارچەکە لە بەردە رەشە پیرۆزەکەیە ماچی کردو گوراحی خۆشکردو تێزی هێزێکی نوێی بە مێشكو دەستو بازووو پەنجەکانی گەیاندەوەو وا کەوتەوە وێزەی بلۆکەکە دەتگوت سەرتای دەست پێکردنیەتی.

شێرە لە منداڵییەوە لەگەڵ ئێشوئازارو ماندووبوون راهـاتبوو، کـەم واهـەبوو پشتی دەستیو پەنجەکانیو بن نینۆکەکانی بێ شینو مۆر بوونـەوەو خـوێن تێـزان بێت، کاتێك خولیای کارێك یا مەراقی دروستکردنی شتێك بکەوتایەتە مێشکی.. پێیەوە دەبووە قیرو بنێشت تـا تـەواوی نەکردایـە بـەرۆکی بـەر نـەدەداو دەسـتی لێهەڵنەدەگرت، خووی خولیا بوونو مەراق گـرتن بـە هەڵوەشـاندنو بەسـتانەوەی ئامێران لەگەڵ هەڵکـشانی تەمـەنو بـالاکردن گـەورەو گـەورەتر دەبـوو، ئـەوەی پێچەوانەی هەڵکشانی تەمەنی رۆژ بە رۆژ بە بەرەواژی تەمەنەکـەی دەگەڕایـەوەو لە کورتی دەدا خویندن بوو، کاتێ باسی خوێندنو قوتابخانەی لەگەڵـدا دەکرایـەوە دەتگوت دەمێکە خۆی نەشووشتووە پێستو جلەکانی دژوون بوون هـەموو گیـانی دەکەوتە خروشتو لەشی قورس وگرانو مێـشکی تـەپ دەبـوو، زۆربـەی قوتابیـە هاوڕێکانی لە پـێش ئـەودا کـە مامۆسـتا پارچـە شـیعرێك.. هەڵبەسـتێکی بـۆ لەبەرکردن دەدانێ ئەزبەریان دەکردو دەچوونە سەر لەبەرکرنی شـیعرێکی کـە ئـەو هەر بەتەناشی لە پارچە پێشوونەکە لێیدەدا.

شێرە بـۆ قوتابخانـە وخوێنـدن نەرسـکابوو، پتـەوی جەسـتەی بـۆ ئیـشکردن دروسـتببوو وماسولکەکانیـشی وەرزشـکارانە هەڵکـەوتبوو، مێـشکی بـە شـت دەشکا.. تەنیا کۆلەوارییەك تێیدا دیارو زەق بوو ئەلفو بێـی خوێنـدن بـوو، بـە ئاشکراو نهێنی وەکو موسوڵمانی لە خودا ترس چۆن لە شەیتان بێزارنو شـەوو رۆژ بە لەعنەتی دەکەن.. ئەوها بێزارو رقی لە خوێندن هـەڵگرتبوو، حـەزو ئـارەزووی ئیشکردن پێش تەمەنی کەوتبوو، زۆر جاران کـە لەگـەڵ حـاجی باوکیـدا دەچـووە سـەرکارێك بـۆ گرتنـی بـە قۆنتـەرات مەزەنـدەی خـۆی لێـدەداو پێیـدەگوتو

لەپاشانیشدا لە نزیك قەبلاّندنەكەی ئەوەوە بە شتێك كەمتر یا زێتر دەردەچوو، یان كاتێ ئەندازیاری كۆمپانیاكەیان دەربارەی هاوێشتنی تەنـدەرێك لەگـەڵ باوكیـدا گفتوگۆیان دەبوو سەنگایی خۆی بەلای رایە دروستەكەدا دەخست، هەركارێك ملی پێوەنابوایەو بچوایەتە ژێرباڵی داینەدەهێناو دەیزانی چۆنی سەودا لەگەڵدا كردووەو سەر سەدەكەشی بە كویێ دەگاتو شێرانەش لێی دەردەچـوو، سـاڵ هـاتو رۆیـیو كارامـەییو شـارەزابوون لـە كـاركردنو مەزەنـدەو قەبلاّندنـەكانی یـەكاو یـەك دەردەچوو، ئەو كارامەییەی لە رەچەڵەكی دایكیەوە بۆی هـاتبوو، چـونكە دایكـە خاتوونی نازناوی كابانێتی بە گاڵتە لـە نێـو خانەوادەكەیـدا پێنـەدرابوو، كـە لـە قۆناغێك لە قۆناغەكانی ژیانی رەسـوولّدا ئەنـدازیارو رێنیـشاندەری پێگەیانـدنو سەرهەڵدانیو دەستی بالاّی لە ماڵداریو دەوڵەمەندكردنیدا هەبوو.

شـێرە وایلیێهـات لـە هـەموو تەنـدەرەكانی كۆمپانیاكـەیان ئەندازیارەكـە راوتەگبیری بەهەند هەڵبگرێتو بیێ قسەی ئەو هیچ تەنـدەرێكی پـڕ نـەدەكردەوە، سەركەوتنی كۆمپانیاكە لە ماوەیەكی كورتدا بووە مایەی ئەوەی كەسگەلێكی زۆر حەز بەمامەڵەیان بكەنو شوورەتیشیان رۆژ بە رۆژ بنەماكەی بـە هێـزو دروسـتتر دەبوو.

شێرە واراهاتبوو وەهاش گەییو رسكابوو گوێی بە ئێـشوئازارو مانـدووبوونو برسێتی نەدەداو لە منداڵییەوە فرچكی پێوە گرتبوو. لەو چـەند كاژمێرانـەی كـە شانی دەجوولاّ.. باڵی رادەوەشاند.. دەسـتو پەنجەكانیـشی كـە قفڵەكـەی توونـد گرتبوو، هەستی بە ماندوبوونی هیچ یەك لەم ئەندامانـەی نـەدەكرد، چـونكە بـە ئومێدێكەوە رایدەوەشاند.. هیوایەكی لە پـێش چـاوی خـۆی رەچـاوكردبوو، ئـەو

ئومێدوهیوایەی یەکانگیر دەکردو بە گورو تینو تووڕەییێکەوە لە بلۆکەکەی گیردەکرد ئەگەر کەللە سەری هەر زووحاکێك بوایە چۆن لە نێو چەوانیەوە دەچووە ژوورەوە لە پشتی سەریەوە مێشكو ئێسکی تێکەلاو دەکردو کونبەدەر قفلەکە دەردەچووە دەرەوە !، بە هەرچی هێزێکی تێیدا هەبوو قفلەکەی بە برینی بلۆکەکەدا دەداو ئاگر لە نێوان هەردوو رەقێندا تریسکەی دەکرد، ئەوەندە پسپۆڕانە لێیدەدا، لێیدەدا، لێیدەدا، هەر کەسێك چاوی لێبوایە وایدەزانی لە ژیانیدا کاری بەرد شکاندن بووەو دەزانێت کوێندەریٚ چرووکەو دەماریان تێدایەو شارەزایەو هەست بەو جێگایانە دەکاتو خۆی لە بەرامبەر لێدانو کوتانان راناگرن بە وێی دادەدا..

لێدان لەسەر لێدان.. لێدان لەسەر لێدان، نەیدەهێشت شوێنی لێدانەکە ساردبێتەوە، چونکە جارێکیان شێرە بەدیار کارێکی کۆمپانیاکەیانەوە دەبێت، لە نزیکەوە چاوی لە (خەفتە - خەبتە) گرتنەوەیەك دەبێتو گوێی لێبوو ئەندازیارەکە بە وەستای (غەباتە.. خەڵاتە)کەی گوت زۆر مەیخوولێنەوە با چیمەنتۆکە لە پلەی گەرمی دروستی تێپەڕنەکات، ئەم قسەیە بۆی دەبێتە مەتەلو بۆی هەڵنایەت تا لە ئەندازیارەکە خۆی دەپرسێتو مەتەڵەکەی بۆ شیدەکاتەوە، ئەگەر خەفتە پلەی گەرمی زێتری بۆ رەخسا تێکەلاوی چیمەنتۆو قومو چگڵەکە هێزی ئاوێتە بوونو رەقبوونیان کەمتر دەبێتو لێك هەڵدەبزڕکێنو بۆشاییەك لە نێوان دنکۆکەکانی هەرسیٚ ماددەکە پەیدا دەبێتو دەبێتە مایەی یەك نەگرتنی دروست لە نێوانیانداو بە خەفتەو چیمەنتۆیەکی فاشیلو سەقەت دادەندرێتو بە کەڵك نایەت. لەو رۆژەوە لەو قسەیەوە زانستێکی نویٚ فێر بووو خستییە سەر خەرمانی زانستەکانی

تریەوە، ئەوجا بۆ وەدەستهێنانی ئەو پلە گەرمییەی هەرسێ ماددەکان لێك هەڵبووەشێننەوەو هەڵیانبزرکێنێت.. لێدە.. لێدە.. لێدە.. تەکانو لێدان.. لێدانو تەکان.. لێدانو قوڵو باسك بەرزکردنەوەو پێداکوتان، بەرزکردنەوەو پێداکوتان، لێدان.. لێدان.. لێدان بۆ تێکدانو لەبەریەك دەرهێنانو هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی بلۆکەکە زانستێکی ئەندازەیی بوو بەکاری هێنا..

هەناسەی راوەستایە دەستی لە لێدانو کوتان رانەدەگرتو رانەدەوەستا، جار جارە جۆنیانی بە ناوەراستی چاڵەکەی دادەداو جار جارەشیان بە لێواری دادەداو چاوە رۆخەی دەدایەوە، تاپ تریپ تەپ، دەنگێك بوو لە بن قفڵەکەوە هاتو لە دەنگێکی رەقەوە بۆ تریە ترپ گۆڕاو هەستی بە گۆڕانی دەنگەکە کرد، لە پاشاندا لایەکی بلۆکەکە هاتە خوارەوە.. دەستەکەی تری بۆ نێو هەناوی بلۆکەکە برد، دەستی بەخۆڵی پشت بلۆکە شکاوەکە کەوتو وەکو دەستی بەسەرو قژی کچێکدا بهێنێت لەچاو رەقی بلۆکەکە نەرم و شل و خاو هاتە سەری پەنجەکانیو کەوتە بن کۆڵکردنی نیوە ساغەکەو لە پشتییەوە خێرا خێرا خۆڵی دەهێنایە خوارەوەو وەکو ئەوکەسگەلانەی بێ پشتو بێ واسیتەن پشتی لێدەسەندو بێ پشتی دەکردو، زنجیرەکەی مەچەکی خێواندە پارچەکەی تریانو پێیەکی لەگەڵ دیوارەکە کردە رکەو رایکێشاو نیوە بێ پشتەکەشی رماندە سەر کەلەو پارچە تێکشکاوەکانی بن پێیەوەو هەناسەی ئۆخەی هەڵمژیو بۆنی خۆڵێکی نیمچە شێدار بەکونە لووتو سییەکانی گەیشتن.

بەزاندنو شکاندنی تخووبی (هێڵی بارلیف)ی ئیسرائیل لە لایەن سوپای میسرەوە لە شەڕی شەش رۆژەی نێوان عارەبانو ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٦٧)دا

مایەی خۆشی بوو لە کن سوپاکەو بەرەی عارەبانیشەوە، تا هەنووکەش باس لەو پلانە سەرکەتووە ستراتیژییە سەربازییە دەکرێتو دەنگۆی دێتو شانازی پێوە دەکەن، خۆشی شێرەش لەنێو چاڵەکەدا لەگەڵ خۆشی ئەو سەردەمی سوپاکەی میسر لە بەزاندنی هێڵی بارلیفدا.. جمکەیەك بوون لە دوو هەناوی جیاواز.. جوگرافیایەکی دوورو جیاواز هەر دوو لەرەحمی سەرکەوتنەوە بەرببوونەوە خوارەوە، چونکە شێرە بە ئەوەندە کاژمێرە توانی شەبەقێك بە هەلا بە هەلا کردنی بلۆکێکی ٤٠×٢٠ سم دیوارەکە بکاتەوە، لافاوی شادیو شیرناوی خۆشییەك بوو بە سەریدا باریو شانازی بە هێزو دەستو بازووو پەنجەکانی دەکرد، کە رێگەی لە تاریکییەوە بەرەو هەتاو دەبردو لە نزیکە مەرگێك قورتاریدەکردو بەرەو ژینو ژیانەوە.. ئومێد بەخشی دەکرد، جەستەی وا سووكو حەسایەوە وایدەزانی هیچی نەکردووەو هەر ئێستا فڕێدراوەتە نێو چاڵەکەوەو وەها پشووی هەناسەی خۆشبوو.

دەستەکانی لە نێو خۆڵەکە وەکو کێلەی شۆفلێ لە کاردابوونو بە هۆی نینۆکە تیژەکانیشیەوە خۆڵی دەهێنایە خوارەوە.. وەکو جرجە برسییەکە چۆن ملی لە چەقۆ سویو برسێتی هانیدا توونێڵەکەی سەرەو خوار کون بەدەر کرد، چرکە بە چرکە توونێڵی لە نێو تاریکیەکەدا بەرەو هەتاو دەبرد، بست بە بست بە دوای هیواو سەرکەوتندا دەگەڕاو لە هەولاّندا بوو، خێرا خێرا توونێلەکەی رووەو هەوراز دەبردو وردە وردە فراوانتری دەکرد، مەزەندەی ورگو شانی دەکرد کە دەستی لە سكو نێو قەدی خۆی دەدا دەیزانی ئەو پانوپۆڕیی جارانی نەماوەو زۆربەی بەزو چەوریو قەڵەوییەکەی لە دەست داوە، لە هەڵقەناندنو هێنانە خوارەوەی خۆڵەکە بێمنەت بووو چاك بەرەنگاری ببووەوە، ماوەیەکیش لەشەڕی بەرەنگاربوونەوەی

خۆڵەکە بوو رووەو هەورازتر خەریکبوو، هێندەی بە خۆ زانی دەستو پەنجەکانی لە بۆشاییدا کەوتنە جووڵەو سەماکردن.. سەمای خۆشییەك لە سەر پەنجەکانییەوە رەگی هەستی وەکو تەلەگراف بە مێشکی گەیاندو خۆشی خۆشی دایگرت وەکو ئەو یاریزانەی لە کێبڕکێ جیهانیەکاندا مەدالیای زێڕ دەباتەوەو لە خۆشیاندا دەگری.. ئەویش گریان خەریکبوو هەوکی بگرێتو بە خۆی گوت:

- ئێرە جێگەی گریان نییە جارێك ماویەتی!

سەری بەرەو توونێلەکە بردو کەمێك ملی لێکراکێشایەوەو لە تاریکی زێتر چیتری نەدیت، هەستی خۆی راگرت دنیا کشوماتو بێ هەستوخوست بوو، کشوماتیەکە لەگەڵ خۆیدا بە قسەی هێنا:

- هەر کەسێك لەم دەورو بەرانەدا هەبن لە گەرمە خەوێدان، شەو بۆ خەوە! ئەوان وەکو منیان لێ بەسەر نەهاتووە؟!

وەکو مار رووەو هەوراز کشا.. پێـوە نەچوو کشایەوەو بە قفڵەکە رۆخی بلۆکەکانی خۆشتر کردو کونەکەشی کەمێکیتر فراوان کردو دووبارە چووەوە نێوی‌و شانو پیلی دەسووراندو تەری ئارەقەش خزینی شانو پیلی ئاسانتر دەکردو پێیەکانیشی لە عاردەکە کردبووە رکەو تەکانی دەدایە بەر خۆی.. وەکو کیسەڵ چۆن سەری لە قەپێلکی دەباتە دەرەوە سەرو شانی لە دەرکی کونەکە بردە دەرێ ! واقی وڕما ! سەری بە چوار دەوری خۆیدا گێڕا.. کشوووماااااااااات!!.. ورشە ورشی باش نەدهات پێیوابوو لە عاردو بانی دنیایەکی تردایە.. یان لێی بە فێڵو خۆیان لێگرتووە بزانن چ دەکات !، لە کامیرای چاودێرییەوە هەموو جووڵەیەکیان چاو لێبووەو خۆیان بۆ دانووساندووە بزانن بە کوێ دەگات، وەکو ئەو گیانلەبەرەی

که له ترسی روحی هێواش هێواش لـه کـونێ دێتـه دەرەوەو مـل درێـژ دەکـاتو بەملاو بەولادا دەڕوانیێو هەست رادەگرێت.. کـاتێ لـه دەورو بـەر دڵنیـا دەبێـت ئەوجا بۆی دەردەچێت، شێرە تا پڕدێنی له توونێلەکە دەرکێشایە دەرەوەو لە هـەر چوار دەوری رامایەوە وایزانی رەشماڵێکی رەشیان له شوێنەکە هەڵداوە لە تـاریکی بەملاوە هیچیکه نەبوو ! باوڕی بەم کشوماتیو بێدەنگییە نەکردو گوتی:

- لێم بە فێڵن دەیانەوێت بزانن چ دەکەم؟! خۆیان بۆ لەبۆسە ناوم تا بە تۆمەتی هەلاتنەوە بمگرنو بمکوژن.

خۆی پتر بردە دەرەوەو لە سەر پشت راکشا، لە چۆکەکانی بـەرەو خـوار لـەنێو چاڵەکەدا مابوو، سەری بڵند کردو بەناو تاریکیەکەوە روانی، وەکو لەبنی بیریکـی قووڵدا بێت تاریکییەکی ئەنگوستە چاو له نێو خۆیدا لوولی دابوو، وەرگەڕایە سەر پشتو زڕەی زنجیرەکان هاتو هەناسەی راگرتو هەستوخوستی لە خـۆبڕی، چـاوی بە دەوری خۆیدا گێڕایەوە.. دەتگوت ساڵەهایە زیڕوحی تێدا نەبووە!

"نا.. نا، شتی وا نابێتو نەبووە؟! بڵێیت خـەونان ببیـنم ! خەریکـە مێـشکم رادەوەستێت ئەی من بلۆکەکەم نەشکاندو کونم لە چاڵەکە نەکرد؟! نەقورچێکی لـە خۆی گرت، نە خەونە نەهیچو نەخەیاڵیشە، دەبێت بە دەوری چاڵەکەوە دیوارێکیان هەڵچنیبێت بۆیە واتاریكو نووتەکەو چاوم هیچ برناکـات، خـۆ کـوێر نەبوویمـە وا تررووسکە تررووسکی ئەستێرەکان دەبینم، هەبێتو نەبێت تەڵەیەو بۆیان ناومەتەوە، ئەمانە لەسەد ئاویان داوەو قولیان تەڕنەبووە، رێك بە کامیرا چاویان لێمـەو دوور نییە لە کنە خۆیان وێنەش نەگرنەوەو بیگەیێننە باوکم تا زێتر پێ داگـری بکـەنو داوای زیاتریان لێ بکەن، شەیتان تەگبیر کەریانەو کەس لێیان ناباتەوە، ئاگـاداری

هەموو کەین‌و بەینێکن، ئەوەی لای من شاراوەیە لە لای ئەوان روون‌و ئاشکرایە"
ئەمە لێکدانەوەیەك بوو تاریکیەکەو بیٚ هەستو خوستیەکە پێیان کرد.

هەردوو قاچەکانیشی بۆ خۆ راکێشا، دەورو بەری ئەوەندە بیٚ هەست بوو دەتگوت لە نێو رەحمی دایکێتی لە ترپە ترپی دڵی بترازابوایە هەستو خوستی دی نەبوو، دەستی بۆ زنجیری پێیەکانی بردو زێدەکەی بە خاوی لە قولە پێی ئاڵاندو هەڵسایەوە سەرپێیانی.. قاچەکانی سپرینگیان کردو جەستەی بۆ راگیر نەکراو نوشتایەوە، هەڵسایەوەو نوشتایەوە.. هەڵساوە.. نوشتاوە، هێزی راگرتن‌و بە پێوە وەستان لە ران‌و قاچیدا نەمابوو، بە گاگۆڵە کردن بەلای راستەیدا رۆیشت دیسان هیچ هەستو خوستێك نەکەوتە بەر گوێی، چەند مەترێك بە خشکە خشك رۆیشت‌و بە گاگۆڵەوە زانی بە هەورازێکدا هەڵدەگەڕێت، هەستیکرد قاچەکانی وردە وردە گەرمایی تێدەگەڕیت، بە خشکە وەکو مار بە هەورازەکە هەڵگەڕاو یەکدوو مەتری کەی بڕی‌و عاردەکە لەبن دەست‌و ئەژنۆکانی تەخت بوون، لە تەختاییەکەش هەر کەس نەبوو پخەی لیٚ بکات‌و بە دەورو بەری خۆیدا روانی‌و دوور دوور لە تاریکی شەوەکەدا تروسکەی زەردایی گلۆپێك هیواو فەرامۆشیەکی دوور بەدوور بوو دەیگەیشتیٚ، رووەو تروسکە کزەکە کە شەوانێکی دوورو درێژە لێیان بێبەری کردووە.. لەوچۆڵەوانی‌و تاریکیەدا کردی بە تاقە چاوساغ‌و رێنیشاندەری‌و چاوی دایی‌و ویستیشی تازووەو چەکدارەکان لێی پەیدانەبووینەوە شوێنەکە جێبهێڵێت‌و لە مەرگێك کە بەدەستیانەوەیە خۆی بدزێتەوە، هەڵسایەوەو کەمێك خۆی بە پێوە راگرت‌و دانیشتەوەو قاچەکانی جارێك‌و دووان‌و سیان‌و... هێناو بردو هێناو بردو...

- به خۆراکێشانو نیمچه رۆیشتنیش بێت دەبێت لێرە دوورکەومەوە.
لەگەڵ خۆیدا ئەمەی گوت.

هەڵسایەوە دەتگوت منداڵێکەو تازە بەسەر پێیان دەکەوێت بە لارە لارو خوارو خلیچكو هەنگاوی لاسەنگو گران.. کەدەبوو تەکان بداتە خۆیو هەر چۆنێك بێت هەنگاوەکان گورج بکاتو بە گلۆپە دوورەکە بگات، هێشتا بیست سی مەترێك دوور کەوتبووو نەکەوتبوو تەپە تەپێکی بیست.. لە شوێنەکەیدا وەکو بزمار چەقی، بە ئاستی تەپە تەپەکە چاوەکانی باشتر کردنەوە لە تاریکیەکەدا هیچی نەدیتو بەخۆی گوت ئەگەر دەگەڕێمەوە نێو چاڵەکە خراپتر لە پاشتر.. ناتوانم هەڵێمو دوورتریش کەومەوە، تەپە تەپەکەش لێی نزیکتر دەکەوتەوەو مووەکانی لەشی ببوونە نەشتەرو گڤ ببوونەوەو پەناو پەسیوێك حەشارگەیەکی لێ دیار نەبوو خۆی بگەیەنێتێ.. تەپ تەپ تەپ وەکو دوو کەس بن بە هەلەداوان بەرەو رووی بێن تەپە تەپەکە بۆی دەهاتو نزیکتر دەکەوتەوە، تەپ تەپ.......لە نێو تاریکیەکەدا هیچی بۆ نەمایەوە تەپە تەپەکە بۆی هاتو چۆن راوەستابوو لە جێگەکەی خۆیەوە دانیشتو خۆی بۆ ئەگەرانیش ئامادە کردبوو، تەپ تەپان دوو کەلەش بوون لە نێو تاریکیەکەدا هەر بۆراتیەکەی دیتن لەسەر بای غارێیاندا لە تەکیانداو رووەو لایێکەوە هەڵدەهاتن لە بێ لاحەولاوەلایەتی خۆی هەر ئەوندەی گوت:

— دیارە ئەم دووانەش وەکو منیان لێ بەسەر هاتووە، دەیانەوێ هەلی تاریکیەکە بقۆزنەوەو خۆیان لە چنگ شتێك پێش هەتاو کەوتن دەربازبکەن !.

ئەوان بەلایەکداو شێرەش بە هەنگاوێ کە دەیویست خێراتریان بکاتو هەر رووەو تروسکە تروسکی گلۆپەکە موسوڵمان ئاسا چۆن قیبلەی خۆیان ناگۆڕن.. لەو تاریکی شەوەدا تاکە رێنیشادەر بوو هەنگاوەکانی تێکردو لە تەخمینی رێگەی رووەو ئەوێ لاینەدا، وەکو کەشتیوان چۆن لەنێو دەریاو زەریاکاندا لە سەردەمانی زوو بۆ لەنگەر گرتن رووی کەشتییەکانیان لە فەنەرەکانی لێواری دەریا دەکرد ئاوا رووی هەنگاوەکانی هەردەم لە زەردایی گلۆپەکە بوو، بە رێگاکەشدا زۆر قولاغو هۆشیار رێیدەکرد.

خانەکانی لەشی بەهۆی کارکردنی چەند کاژمێرێك بێ پسانەوە لە نێو گۆڕە چاڵەکەوە ئارەقەیەکی زۆری دەردابووو پتر لە نیو کاژمێریش بوو لەو شەوە گەرمەدا وەکو (حەمە شێت)[١٧] بە زنجیری دەستو پێو تۆقەکەی ملییەوە لە خەڵوەتگەی زۆرە ملێ دوور کەوتبۆوە، تینوویەتی وای بۆهێنا سوێی لەو دەبیە ئاوە بێتەوە کە لە خۆشیی کونبەدەر کردنی چاڵەکەو پەلەکردنەکەیەوە لێی بەجیمابوو، ئێستا ئەگەر پێیبووایە سەرەکەی دەکردەوەو بەیەك هەناسە دەم و قورگە وشکبووەکەیو گەدەشی سەیناغ دەکرد، یەکەمین جاریەتی لەژیانیدا بەم ئاستە تینووی بێت.. وەکو رۆژووانێکی بێ ورەی رەمەزانی هاوین کە هێندەی بۆ بەربانگ نەمابێتو شەیتانیش تیخ تیخەی شکاندنی بدات ئەوها حەزی بە ئاو خواردنەوەبوو، بۆ مەبەستی لەبیر بردنەوەی تینوویەتییەکەیو غافڵ کردنو فێڵ لە خۆ کردن تا بە قۆناغێك دەگات کەوتە خۆ دواندن:

— کاتێك گەیشتمە لای گلۆپەکە، ئاوەدانییە! لە پێش هەموو شتێکەوە داوای جامێك ئاوی کەللە تەزێن دەکەم، هەر چەند لە ولاتی ئێمە وابوە میوان داوای

ئـاو بکـاتو نـەکات خانـەخویٚ ئـاو دەکاتـە پێـشقەرەوری هـەموو خـواردنو خواردەنەوەیەك، بەلاٚم من چاوەڕێی ئەوە ناکەم، نەوەکو هێنانی ئاوەکە بە درەنـگ بکەوێت، ئەگەر لە رێوە بیرێك بکەوێتە سەر رێگاکـەم بـەخۆم دەولکـی بـۆ شـۆڕ دەکەمەوەو ئاو هەڵدەهێنجمو دەم بەئاوی دەولکەکەوە دنێمو بەیەك بێن تـا تێـری لێنەخۆمەوە دەمی لێناکەمەوە، کە تێـرم لێخـواردەوە ئەلحەمدولیلایەکیـشی بـۆ دەکەم، خۆ ئەگەر بیریش نەبوو ئێستا کە هاوینو گەرمە زۆر لە مالاٚن ترمزی ئـاو لەسەر لێواری دیوار یا شوێنێکی بەرز دادەنێن، پێویست ناکات داوای ئاو بکـەمو بۆخۆم دەمی پێوە دەنێم تا تێـری لێدەخۆمـەوە، حەوشـەی دەمـم وا دەکەمـەوە، نایەڵم یەك دلۆپی بڕژێتە عاردەکەو بە خەسار بچێت، یەکسەر وەکو جۆگەلە بەرەو قوڕگم شۆڕ دەبێتەوەو گەدەم فێنك دەکاتەوە، میوان لای ئێمەمانان ئازیزەو رێـزی تایبەتیـشی هەیـەو ئـەوجا دووچـای خەسـتو شیرینیـشی بـە دواوا هەڵـدەدەم، دەمێکیشە چاییم نە خواردۆتەوە، رۆژی فڕاندنەکەم داوام لە کامەران کردبوو چاییم بۆ بێنێت ! هەر ئەوندەم بەخۆ زانی لـە جیـاتی چـایی مەرگەمووشـم بـۆ هـات.. لەوساوە رەنگو تامی چاییم نەدییەوەو نەکردووە " بەکامەرانی چایچی دەڵـێم بـە شەوو بە رۆژ ئاگری نەمرێنتەوەو چایی لە سەر چاییم بۆ بهێنێت.. کاتیٚ چاوی لە گلۆپەکە کردەوە بنی ئاسۆ رووناکی دەتێزاییٚو شەوەکە هێدی هێدی تێزی تاریکی دادەمالاٚو هەنگاوی بۆنیوەکەی تری گێتی پیٚ گـورجتر دەکـردو نەیدەویـست ئـەو گفتو پەیمانەی کە لە ئەزەلەوە لەگەڵ هەتاودا مۆریان کردبوو بـە مـوو لەبـەردڵی ئەم و ئـەودا بیـشکێنێت.. پرۆتۆکۆلێـك بـوو لـە پرۆتۆکۆلـەکانی سـەر عـاردی نەدەکرد، کە هەر یەکەیان بە گوێرەی هەوەسی خۆی راکـێش راکێـشی بکـاتو چ

کات بە کەیفێیو بە قازانجی نەبووایە سەرە سمکێکی تێهەڵدەدا، پرۆتۆکۆلی شەوو ڕۆژ سەرمەدی بووو نۆرەکەیان چۆنهانی بۆ دانابوون کەسیان زاتی ئەوەیان نەبوو نۆبەت بڕی تێدا بکەن، لە بێ هێزییان شەو پێی لە عاردی دەبڕا.

ئاسۆ وردە وردە بنی ساف و بێگەرد دەبووو دەیویست بە عاردو ئاسماندا تەشەنە بکات، تینوویەتییەکەی شێرەش پتر بە جەستەیدا تەشەنەی دەکردو قوڕگیشی پتر وشك هەڵدەگەڕاو زرەی زنجیرەکانیش هێورتر دەبوونەوە، گلۆپەکەی کردبووە تاقە مەنزڵگەو هەواری پیرۆزو هەنگاوەکانی لێ لانەدەداو بە دڵو بە چاو بۆی دەچوو.

کراسو پانتۆڵەکەی بەری ئارەقە دایڕزاندبوو لەسەر چ ڕەنگێك نەمابوون، لە تینوویەتییاندا چاوی ڕەشکەو پێشکەی دەکرد، هیلاکیو تینوویەتیو زنجیرەکانی دەستو پێیەکانی سێگۆشەیەك بوون دەخرانە پێشیو هەنگاوەکانی خاو دەکردەوە، نەیدەزانی چەند لە چاڵەکەوە دوور کەوتبۆوە کە شوڕە شوڕو خوڕە خوڕی ئاو پەردەی گوێچکەی لە راندەوە لە پێشە خۆیەوە بەدەم ڕۆیشتنە خاوەکەیەوە گوتی:

— پێموایە مێشکم درۆم لەگەڵدا بکات؟! ئەم دەشتو چۆڵەوانییەو شوڕەی ئاو لە کوێ !؟ تینوویەتی گەمە بە مێشکم دەکاتو لەو چۆڵو هۆڵەدا زێتر سەرم لێدەشێوێنێتو خەیاڵی ئاو گرتوویەتیو ڕووباری ئاوی لە نێودا دەڕواتو شوڕەی لێوەهەڵدەستێت، لەوەتەی لە چاڵەکەوە رامکردووە تا ئێرە زنجیری هەردوو پێیەکانم لە پنچکێك نەکەوتییەو گیر نەبووە!، لەم عاردە ڕووتەنەیە ڕووبار چ دەکات تا شوڕەی بێت، ئاوو ئاوەدانیان گوتووە.. گەر چۆڵەوانی نەبوایە چەکدارەکان ئێرەیان هەڵنەدەبژارد. هەر چەند دەچووە پێشێ کزەبایەك باشتر بەرەو ڕووی دەهاتو

شوڕەی ئاویشی باشتر پێدەگەیشت، هەر ئەوەندەی زانی رووبـارێکی پـانو بـەرین پێشی لێگرت.

— دیارە خودا بەزەیی پیێ هاتوومەتەوەو چـۆن لـە نێـو دۆزەخەکـەدا رێگـەی هەلاٚتنی بۆ خۆشکردم.. ئەوها ئاوی لەسەر رێگەم داناوە؟!

تینوویەتی وەها مێشکی لە قاندبوو نەپڕژایە سـەر ئـەوەی تـاقیبی تـەنکاویێ بکاتو یەکسەر خۆی بە رووبارەکـە دادا، کـزەی بایەکـە شـلٚپەی خـۆ بـە ئـاودا دانەکەی بە دەورو بەرەکە گەیاند، ئەگـەر چـەکدارەکان نـزك بوونایـە شـلٚپەکەیان دەقۆزتەوە.

ئەسپی تینوو ئاسا ملی بۆ ئاوەکە خـوارکردەوەو کەوتـە خواردنـەوە، کاتێـك سەری بەرز کردەوە تارماییەك هاتە پێش چاویو بە قەدەرایی یەکودوو رەوییـەوە، وەکو ئەو کەسەی تووشی نەخۆشـی دەروونـی هـاتووە کـاتیێ رەجـەی کارەبـا لـە مێشکی دەدرێت بەلانٚسی مێشکی دەگەڕێنتەوە، ئاو خواردنەوەکەو فێنکاتی نێـو رووبارەکە پێـستی کـورژ کـردەوەو بـیرو هۆشـی جـەم کـردو بەلانٚـسی مێـشکی گەڕاندەوە دۆخە ئاساییەکەی و بە خۆی گوت:

— کەڵکی خۆ گنخاندنو خۆبەقوندا هێخستنت نییە.. پشتت ئاگرەو پێشیشت ئاوە دەبیێ خۆت رزگار کەیتو بگەیتە لای گلۆپەکـە، چـونکە چـەکدارەکان وەکـو جنۆکە وان لە هەموو شوێنێکدا هەن، هەر لێت پەیدا بن پەیدا دەبن.. کیێ نالێـت لەبن عاردی خۆیان حەشار نەداوەو یان لە بن ئاوەکە خۆیان نقووم نـەکردووە ! بـە خۆکەوەو خۆت تاودەو هەیپەی لیێ بکە.

حوشتر چۆن لەگەدەیدا ئاو بۆ ڕێگەی دوورو بیابـان هەڵـدەگرێت، شـێرەش تـا بـۆی کـرا ئـاوی زێـدەی خـواردەوەو هاتـە دەرەوە، ڕووەو ئـەو شـوێنەی گلۆپـە داگیرساوەکەی لێدەدیت کە تاقە هەوار بوو لە ئاقارەکە بـۆی بـچێتو بـەو دیـوی ڕووبارەکەوە دووراو دوور بۆی ڕوانییـەوە، ئـاو خواردنەوەکـە هێـزی بینینـی ڕوون کردبوەوەو تارمایی خانوویەکی دەدیت، بەگوێرەی ڕۆشتنەکەی کاژمێرێـك زێـتری مەزندە دەکرد بگاتە ئەوێ، ئەگەر ڕووبارەکە لەپێشیدا ڕێگر نەبێت.. پێچەوانەی ئاوی ڕووبارەکە هەوراز بووەوەو دەیویست بوارێکی دەستکەوێتو لێی بپەڕێتـەوە، لەگەڵ چاوگێڕانەکەیدا خەونەکەی هاتەوە یاد کـە کوڕەکـەی هـاواری بـۆ دەکـردو دەیگوت بپەڕەوە باوکە بپەڕەوە، چاوەڕێی چی دەکەیت بپـەڕەوە !، بـیر هاتنـەوەی خەونەکە گرجوگـۆڵتری کـردەوەو هەرچـەند هـەورازیش دەبـووەوە ڕووبارەکـە بـە خوڕتردەبوو.

شێرە سۆنەی ناو ئاو بوو باکی مەلەکردنی نەبوو لە هاژە هـاژی ڕووبارەکـەش بێ منەت بوو، وەلی سلی لەوە دەکردەوە نەوەك هیلاکی شکاندنی بلۆکەکە لە نێو شانوپیلو هەردوو باسـکیدا مابێـتو لـەکاتی مەلەکردنەکـەدا سـاردیی ئاوەکـە جووڵەی باسکەکانی ڕەق بکاتو لە هەرەکەی بخاتو کار لە کاربترازێت، هێندێکی کەش هەورازبووەوەو بەخۆی گوت:

"دەرمانی دەردی تۆ پەلەکردنە، فەرخەی دەو ڕووباران لـە ئـاو ناترسـێت، بـا کەمێکیش مشەوەشم بکاتو بمترسێنێت.. بەلاٌم نامخنکێنێت"

لەراست خۆیەوە خۆی بە ڕووبارەکە دادا، نزیکـەی یەکدوومـەترێك لـە ئاسـت شوێنەکەوە ئاوەکە ڕاپێچی دا، بەباسکە مەلە، کە جاران لە زێی (دووبـز) مەلـەی

تێدا دەکرد.. وەکو سۆنەو مراوی ئاوەکەی شەق دەکردو بە پێیەکانیشی لەنگەری جەستەی ڕاگرتبوو، مەلەکردنەکە تاقیکردنەوەیەکیش بوو کە لە هێزی خۆی بگاتەوە، ئەگەرچی زنجیرەکانی دەستو پێیەکانی جوولەی سنووردار کردبوو، وەلی ئەوەش نەبوو کە بە باسکە مەلە دەرەقەتی ئاوەکە نەیێت، کاتێ لە رووبارەکە پەڕییەوە هەتاو بەتەواوەتی لە پشت کەل دەرچووبوو، لە زەردە کولێرەیەك دەچوو کە تازە لە تەندوورەوە کرابێتەوە.. رەنگو رووی هەتاوەکە نەوسی بۆ خواردنی کولێرەی گەرمی تازە لە تەندوور کرابێتەوە برد، دەمێکیش بوو لە ئاوابوونو هەلاتنی هەتاو بێبەری کرابوو.

تاقە چاوگی هاریکاری رێبەدەری هەلاتنەکە بۆ کوڕە شارییەك لە شەوێکی تاریکداو لە ئاقارێکی پان و بەریندا کە هەڕی لە فڕی دەرنەدەکرد تروسکە تروسکی زەردەی گلۆپەکەبوو.. لەو کاتەی لە چاڵەکە هاتبووە دەرەوەو بە گاگۆڵە کردن بە هەورازەکە هەڵگەڕابوو رووگەی هەنگاوەکانی لەوێوەو لە دوای پەڕینەوەی لە رووبارەکەش تروسکە تروسکەکە بوو لەو بترازایە هیوایەك بەدەورو بەرییەوە نەبوو، گلۆپە داگیرساوەکە لەو شەوە تاریکەدا هێمای ترافیكو بانگ کردنێكو دەست هەڵشەقاندێك بوو کە رووی هەنگاوەکانی تێبکات، دەتگوت بە دەستی ئەنقەست دایانناوە تا رێچکەکە بەرەو ئەوێ بەرێت.

شێرە وەکو حاجییەکان چۆن لەحەوشەی ماڵی خوادا کە تەواف بە دەوری کەعبەدا دەکەن، حەزیان لێیە لە سووڕانەوەکانیاندا چاویان لە کەعبەوە بێتن.. ئەویش لە بەرەو پێشوەچوونو هەنگاوهەڵهێنانەوەیدا چاوی بە شوێن گلۆپەکەوە بوو، کە ئێستا کوژاوەتەوەو خانوێك بە جوانی دەبینێت.. ناو بە ناو کە چەند

هەنگاوێك دەڕۆیشت سێرەی تەماشاکردنی لە خانووەکە گیردەکردەوە، تـا حـوکمی چاوەکانی هێزی تێدا هەبوو جار جارەش دەورو بەری خۆی تەماشادەکرد.. تـاوەکو ئەگەر سۆسەی ئەوانی کرد بتوانێـتو بـەخۆڕا بگـات هەرچـەندە هـیچ پەنایـەكو دالّدەیەکیش نەبوو خۆی تێـدا حەشـار بـدات! وەلی ئـەوەیان بیرۆکەیـەك بـوو بـە خەیالّیدا هات.

شێرە بەهەر حەلا وەلایەك بوو تا ئێرەی هێنابوو.. لێرەشەوە نەیـدەزانی چـۆن چۆنی لێی دەردەچێت، وەلی لەشەڕو بەگژداچـوونی لەگـەڵ دیوارەکـەدا لـە سـاتی یەکەم گرتنی قفلّە شێخانی بە دەستو پەنجەکانیو لـە یەکـەم راوەشاندنیـشی بـە سەرو گوێلاکی بلۆکەکەدا بڕیاری دابوو تا لایەك بەلایەکدا نەکاتن داینەنێت، بۆیە لەگەڵ رۆیشتنەکەیدا دەیگوت "ئەوسەرەی هێناومە تـا بـەردی رەشـی پـێ مـاچ نەکەم نایگێڕمەوە"، بۆ بە مراز گەیشتنو رێگـرتن لـە پێـشهاتە هەنووکەییـەکان هەموو جەستەی کردبوو بە چاوو بە پشتی سەریشییەوە دەیدیتو هـەموو گیـانی کردبوو بە گوێ بۆ قۆزتنەوەی هەر خشپەیەك وهەر پێشهاتەیەك، بە پێیەکانیـشی کە راستەو خۆ لەسەر عاردی بوو چونکە لەگەڵ خـۆ فڕێدانـە رووبارەکـەوە نەعلـە هەلّزڕاوەکانی لێ بە جێمابوون وەکو کاشیفەی مین کەشفی عاردی دەکرد، ئەونـدە هۆشیارانەش رێگەی نەدیتەو نەناسەی دەبڕی دەیویست نا موراد نەبێتو خواستو هیواکانی ئەوانیش پووچەڵ بکاتەوە.

لەوکاتەی لەتاریکـە شـەوێدا لـە نەورابییەکـەوە بـە گاگۆلّـە هـەوراز بـووەوە تروسکایی گلۆپەکە ئەستێرەی بەختو رێ نیشاندەریبوو، لە کازێوەی بەیانیـشداو لەو دەشتە کاکی بە کاکیەدا تارمایی خانووەکە مەنزلّگای خۆشیو ناخۆشی بـوو،

هەر ئەوێی ڕەچاو دەکردو بەختە شاراوەکەی لێ تاقیبکاتەوە؟! یا دەردەچێت یان تێدەچێت.. سەرێکەو بردوویەتی گێڕانەوەی بۆ نییە.

لەو جارانەی سەیری خانووەکەی دەکرد زوومی چاوەکانی ئۆتومبیلێکی دیت.. وەکو کەسێك لە پێش هەنگاوەکانیەوە هەست بە مین دەکاتو دەسەنگرێتەوە شێرە لە جێگەکەیدا چەقیو پێڵووی چاوەکانی وێکهێنایەوەو سێرەی لێگرتو گوتی:

— جادەیە! ئەها ئۆتومبیلێکی تریش لەولاوە بەرەو رووی ئەویکەیان دەچێت.. جادەیە جادە" دیارە ئەم ناوچەیە شەوان بەهۆی گرژییەوە کۆنترۆڵ لە دەستدەدا، بۆیە ئێستاکە هاموشۆ لە جادەکە دەستی پێکردووە.

بە دەشتێکدا گوزەری دەکرد لە خەونیشدا نەیدیبوو، دەشتێك وەها رووتەنەبوو دەتگوت ناو لەپە، رووبارەکەی لێ دەرچووایە کە نەیدەزانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، شتێکی بەسەرەوە نەدیت، هێلکەیەك لەو سەرییەوە دانرابووایە لەمسەرەوە دیاردەبوو، لەوەتەی دەشتەکە دەبڕێت نە خشەو خشپەی مێروویەك نە فڕەی چۆلەکەو قەتێیەك.. نەراپەڕینی کەروێشکێك..! دەشتێك چۆڵو هۆڵو لەبیرکراوو ڕێبواریش ڕێی تێناکەوێت، ئەوکەسەی ئەو ئاقارەی بۆ چاڵەکە هەڵبژاردووە چ ئەندازیار چ وەستا چ مامۆستا بووبێتن کە هەر ناوێك لەم ناوانە بەزێتریش هەڵدەگرێت زانیویەتی شەیتانیش دەستی لەم جۆرە شوێنانە هەڵگرتووەو ئەوەی ئادەمییە ڕێی بەم ناوە ناکەوێتو ئەوەیش پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدایە سەر بەم دەشتەدا ناکات.. بۆیە چاڵی دۆزەخو مەرگیان لەم چۆڵەوانییە لێداوە، تا کەس ڕێگەی رزگاربوونو قورتاربوون نەدۆزێتەوە.

شێره دوا به دوای خەڵوەت کردنێکی بـه خـورتیو دابڕانـدنی لـه ئـاوەدانی.. رووەو جادەیەکی چۆڵ کاتی بەیانی هەنگاوی دەنا، که جادەکـه بـەرەو ئـاوەدانیو ئەفـسانەکانی خۆشـیو ناخۆشـی دەچـوو. هـاتو چـوونی ئۆتومبیلـەکان دڵیـان خۆشکردو له فیکران رووچوو" له جادەکـه ئۆتومبیلێـك رادەگـرمو گفتـی کرێـی زێتریشی پێدەدەم تا زووه لەم دەوره دوور بکەومـەوه، نـەوەکو چـاوو گوێیـان بـه جادەکەوه هەبێت، کاتێ گەیشتمه شاری له شوێنێکەوه تەلەفۆن دەکەم پـارەم بـۆ بێنن ! چونکه وەکو قومارچی دۆڕاو گیرفان بەتاڵم.. وا باشـتره نەبیبەمـەوه پـێش ماڵو نه کۆمپانیا، بۆ منیشو بۆ شوفێرەکەش وا چاکتره، تا پارەکه دەگاتن داوای لێدەکەم به شارەکەمدا بمگێڕێت.. بەسەرو سیمای شاره بێکـەسو غەمبارەکەمـدا بنۆڕم.. به دەوری قەلاو شۆرجەو بۆلای چایخانەکەی مەجیدیـەو خانـەقاو کارەبـای کۆنو جادەی سەلاحەدینو لای مەحکەمەو بمباته تەپەو جادەکەی رەحیماواو ئـاوا سوورێك بخولێمەوه...

چونکه بڕیارم داوه به جێت دەهێڵم، جێت دەهێڵم با جارێ بۆ ئەوان بیـت، بـۆ ئەوانەی لێت دەخۆنو له خوانی حازرەکیت زەماوەندیانه، کێ کردی.. کێ بـردی.. کێ خواردی، جێت دەهێڵم بەلاّم لەناو چاوەکانم هەڵتدەگرم، ئـەی شـارەکەم تـۆش چاڵێکی تاریکی وەکو ئەو چـاڵەی تێیـان فڕێـدابووم بـەلاّم تـۆ پـانوپۆڕتری.. تـا تاریکستان بیت نا گەڕێمەوه.. تا هەتاوی راستەقینەت لێ هەڵنەیـەتو نەبیتـەوه بابەگوڕگوڕەکەی جاران بۆت نایێمەوه، تا بەو بابەگوڕه نەبیەوه که کوڕت بـه ژنـه نەزۆکەکان دەداو مرازی نائومیدیانت جێبەجێ دەکـرد نەگەڕێمـەوه ئـامێزت "تـا وەکو جاران بۆت نەلێینەوه "بابـەگوڕگوڕ بـه گـوڕ هـاتم بـۆ کـوڕ هـاتم" تـا ئـەو

پیرۆزییەی لێیان زەفت کردوویت پێت نەدەنەوە، منیش نەگەڕێمەوە وەکو زۆران بەکەسەران سەردەنێمەوە! دەمەوێت پێش ئەوەی جێت بهێڵم با تێر بە چاوانم بتدینم.. با تامەزرۆی دووریتو دابڕانەکەم دابمرکێنم.. من لە ئامێزو باوەشی تۆدا زمانم گرت.. لە تۆوە فێری وشەی دایك بووم.. گڕوگاڵم بەسەر عاردە سوورو نەوتاوییەکەی تۆدا کرد.. ئەی شارە بێناز کەوتووەکەم تۆ فێری خۆشەویستیت کردم.. بە وشەو نەخشەی کوردستانت ناساندم.. زامت لە دڵمدا کاری کردووەو غەمی خۆم بیرچۆتەوە، جێت دەهێڵم بۆ ئەوانەی خێرت دەمژن، بۆ ئەوانەی مەمکی دایکیان دەبڕنو خەنجەریان لێت لە کالان دەرکێشاوە. ڕۆژێکیش دادێت دەگەڕێمەوە.. بێ تۆ ناژیم، بەڵام کاتێك دەگەڕێمەوە کە بۆنی جارانت لێبێتەوە، تا ئەو ڕۆژە لە نێو دڵی خۆمدا هەڵتدەگرمو داتدەنێمو لای لایەت بۆ دەکەمو رات دەهەژێنم".

کاتێ بە جادەکە گەیشت پەنجاو دوو ڕۆژی دابڕان لە ئاوەدانیو لە شارستانیەتو ژیانی مەمرەو مەژیو هیلاکیو فەلاکەتی ڕێگاش وای لەحاڵی کردبوو لە سەرو سیمای کەسێك کەوتبوو کە جاران شێرەی ناوبوو، هەر کەسێك جەربەزە نەبوایە چاوی پێ کەوتبا دوو پێیانی هەبوو دووانی تریشی قەرز دەکرد " چونکە لەو ستایلو دەموچاوە لەسەرو شکولاتی عاجباتی دەچوو کە لە کونو قوژبنی دنیادا زۆر کەمیان مابوون، قژی سەری هاتبووە خوارەوە لەگەڵ ریشی تێك گیرابوون.. لوولو گروازەو گڤ راوەستابووو هەر تیسکێکی بە لایەکدا ڕۆیشتبوو، ریشو سمێڵیش ببوونە یەك.. پێخواسو سەرکۆت لە ئادەمی سەردەمی نیاتردالی دەکرد.

شێرە بەم ئاکارە عاجباتیەیەوە خۆی بدیتایە گومانی لە بە خۆ بوونی خۆی دەکردو وای بۆدەچوو لە نێو چاڵەکەدا بە فێڵێك بێهۆشیان کردبێتو دەموچاویان بە نەشتەرگەری دزیبێتو دەموچاوێکی کەیان بۆ چاندبێت !؟.کە دەستی لە ئۆتومبیلێك رادەگرت کەری چەموش چۆن بەهۆکارو بێ هۆکار دەرەوێتەوە شوفێرەکە لە جیاتی هێورکردنەوە خێراتری دەکرد، نەیدەزانی شارەکەی بە چ لایەکدا کەوتییەو نەیشی دەزانی ئۆتومبیلەکان بەرەو کوێ دەڕۆن.. دەستی بۆ هەردوولا بەرزدەکردەوە دەردی رانەگرتنیش بەهەر هەموویانەوە وەکو یەکبوون.

جار جارە کە دەستی بۆ بڵند دەکردن بەدەستەکەی تری زنجیرەکانی پیشان دەدان مەزەندەی ئەوەی دەکرد شوفێرەکان زنجیرەکە ببینن ویژدانیان دەجووڵێتو بۆی دەوەستن.. شوفێرەکان دەتگوت راسپاردراون لە دوورەوە کە زنجیرەکەی دەستیان دەدیت.. پێش ئەوەی بگەنە ئاستیەوە نیوە بازنەیەکیان بۆ دەکردو لێی رەتدەبوون.

— دەبێ بزانن پارەم پێ نییە بۆیە راناوەستن!؟ خۆ ئەمان کاسبیان بۆ پارەیە !

جار زنجیرەکەی لە نێو قۆڵی کراسە شڕەکەی دەشاردەوە جار دەریدەهێناو پیشانی شوفێرەکانی دەدایەوە، بە هەردوو باریاندا بۆیان هێوریش نەدەکردەوە.

بێ ئومێد لە ئۆتومبیلان کزو مەلوولتری کردو حەوسەلەی ئەوەی نەما ئاوڕیش لە جادەکە بداتەوە، ئەو چوستییەی کە لەوەپێش هەیبوو نەیما، هەنگاوەکانی کە رووەو خانووەکە کردەوە هیلاکیو ماندوویەتی پێوە دیار بوو، رۆیشتنێکی دەکرد وەکو غەمی شارەکەیان بە شان دادابێت هنکە هنکی بوو.. قەبە بوونی غەمان ئەم قسەیەی لەدەم دەرپەڕاند:

— دیارە ئەم جادەیە بۆ ئاوەدانییان ناچێت!؟.

هەنگاو بە هەنگاو لە خانووەکە نزیك کەوتبووەوە، ئەوەندە نزیك ببوو بتوانێت ڕەنگەکانی ئالاکەی سەر خانووەکە لێك جودا بکاتەوەو بە نووسینەکەی سەریشیەوە بۆی ئاشکرا بوو کە ئالأی حکوومەتی عیراقە.. هەنگاو بە هەنگاو نزیکتر دەکەوتەوەو لەگەڵ خۆیدا گوتی:

— ئەگەر چار بێچارە بوو دەبێت بە دۆستی دایك بڵێیت مامە، بەمانە خۆم ئاشکرا بکەم بەلکو ئۆتومبیلێکم بۆ ڕاگیر دەکەن‌و لەم شوێنە دوور دەکەومەوە.

پاسەوانی خاڵی جادەکە چاوی لە عاجباتییەك بوو بەرەو رووی دەچوو، لەوەتەی لەم خاڵی پشکنینەدایە بە نێو ئادەمی‌و سەرو سەکۆتی عاجباتی وای نەدیتبوو بە بەرچاویدا ڕەتبێت، وای بۆچوو ڕەشەباو گەردەلوول لوولیان دابێت‌و لەم دەشتە دا فڕێیاندابێت.. ترس گرتی‌و بە زمانەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا منگاندی‌و گوتی:

"يشبه الجني وهمين موجنی! يشبه ادمي مثل ما يكون عجينته ما معجن زين، هو جني وبالعجل حولوه عالشكل ادمي ويريد يجنني بهالغبشه"!.

"لە جنۆکە دەکاو جنۆکەش نییە، لە ئادەمی دەچێت‌و دەڵێی هەویرەکەی خراپ شێلدراوە، یا جنۆکەیەو بە پەلە گۆڕیویانەتە سەر بیچمی ئادەمی‌و دەیەوێت لەم بەیانییەدا دەستم لێ بووەشێنێت"

تەزوویەکی ترس ڕایچڵەکاندو چەکەکەی لێ ڕاست‌و چۆپ کردو بۆی نەڕاند:

- اوقف مكانك! شنو انت بهالغبشية؟ جن.. ادمی.. مخبل!

لەم بەیانییەدا تۆچیت جنۆکەی.. ئادەمی.. شێتی لە شوێن خۆت بووەستە !

- انا انسان مثلك لاجن ولا مخبل.

من وەکو تۆ ئادەمیمو شێت نیم.

- منين جاي.. منين نازل!

لە کوێوە هاتیتو لە کوێ دابەزیت!

هارب من الارهابين، اريد اوصل اهلي.

لەلای تیرۆریستانەوە هەلآتوومو دەمەوێت بۆ لای کەسوکارمەوە بڕۆمەوە.

هس هس!! خلي اخابر سيد الامر، عبالي نازل من صحن الطائر.. من غير دنيا جاي!؟

ئێستا ئێستا!! با پەیوەندی بە بەرێز فەرمانـدەوە بکـەم، وامزانـی لـە دەفـری فڕندە دابەزیویتو لە دنیایەکی کەوە هاتوویت !؟

-سيدي.. واحد بالنقطة يدّعى انه هارب من الارهابين.. نعم نعم سيدي.. حيل حيل تعبان.. مربوط بايد ورجل سلاسل.. نعم سيدي.

گەورەم.. کەسێك لە نوقتەکەیە دەڵێت لە دەست تیرۆریستانەوە رامکردووە.. زۆر زۆر هیلاك دیارە.. زنجیریش بە دەستو پێیەکانیەوەیە.. بەڵێ گەورەم.

الامر يسأل عن اسمك واسم والدك؟

فەرماندە لە ناوی خۆتو باوکت دەپرسێت؟

- شێرە حاجی رەسووڵ.

- سيدی اسمه شير حاج رسول، صار سيدي.. تأمر سيدي.. هس اجيب يمك.. تأمر تأمر.

گەورەم تەواو.. فەرمانتە گەورەم.. هـەر ئێـستا دەیهێنمـە لات.. تێگەیـشتم گەورەم فەرمانتە.. فەرمانتە.

فۆرمێکی پرسیارو وەلاّمی زارەکی بێ قاقەزو نووسین لەسەر جادەو لە خالّی پشکنینەکە لەگەڵ شێرەدا کراو بە تەلەفۆن بۆ فەرماندەکە دەگواسترایەوە.

فەرماندە لە سەرو سیمای شێرە هەموو ناگوزوورییەکی خوێندەوەو هەستی بزواندو لەبەری هەڵساو ڕێزی لێنا!! شپرێوی و نابووتی و هیلاکی تینوویەتی و برسێتی بە جەستەو دەموچاویشیەوە هاواریان دەکرد.

شێرە گوراحی خۆشبووەوەو ڕۆشنایی چاوەکانیشی دوای تێر ئاوخواردنەوە تێژی هاتەوەو هەناسەی ئاسوودەیی کە پەنجاو دوو ڕۆژبوو لێی زەفت کرابوو؟ لەم بەیانییە صالحانەدا ئاسایی بووەوە، دوای پشوویەك فەرماندەکە لێی پرسی:

- انت شیر حاج رسول.

شێرە دڵی پڕبوو بەسەر لەقاندن وەلاّمی ئەرێی لە دەست نا.

- عافیة بالسبع شیر.. صحیح انت شیر! عندي معلومات عنك، من المحافظة خبرونا عنك، رقم موبایل حاج رسول موجود هس اخابرهم.. الی ان یوصلون تروح تغسل.. تزین، ما اخلي یشوفوك بهالوضعیة..

ئافەرین بۆ شێرەی شێر.. بەراستی تۆ شێری.. زانیاریم لەسەر تۆ هەیە.. بە فەرمی لە پارێزگاوە هەواڵی تۆیان پێداوین و مۆبایلی حاجی ڕەسووڵم لەلایە، ئێستا پەیوەندیان پێوە دەکەم تاوەکو خۆت دەشۆیت و تراش دەکەیت ئەوانیش دەگەن، نامەوێ بەم شێوەیە بتبینن.

- شیر تدري کم یوم باقي عند الارهابین؟

شێرە دەزانیت چەند ڕۆژ لە لای تیرۆریستەکان ماویتەوە؟

داما.. له مێشكیدا بۆ وەڵامێكی دروست گەڕا نەیزانی، بەڵام ویستی بە تەخمین شتێك بڵێت، دەستی بە ریشە درێژەكەی داهێناو تۆزێكی خوراندو گوتی:

- سيدي اكثر من شهر او اقل بالضبط ما ادري مخربط عليّ!؟

بەڕێز مانگێك زێتر.. كەمتر، لێم تێكچووە نایزانم !؟

- شير انت صاير لك ٥٢ يوم مخطوف من قبل الارهابين!

شێرە پەنجاو دوو رۆژە تیرۆریستەكان تۆیان فڕاندووە!

- اي يابا ٥٢ يوم انا بهالجحيم!!!

ئای بابا پەنجاو دوو رۆژە من لەو دۆزەخەدا بوویمە!!!

- فكو السلاسل ودو يغسل ويزيّن.

زنجیرەكانی لێبكەنەوە با خۆی بشواتو تراش بكات.

# موعجیزە

دوو بە دووی هەنگاو بــە هــەنگاوەکانی حــاجی رەســوولّو شــێرە.. ســێیەمین شتێك بیّ ئاگایی ئەوانەوە بیّ ئزنو بیّ پسوولەی وەرگرتنی ســەردان، لــەو ژوورەی کە خاتوون بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە کەوتبوو، خۆی بــە هەناســەو باوەشــی شێرەوە هەلّواسیبوو بە هەنگاوەکانی ئەوەوە لێی نزیك دەبوونەوە، لەگەلّ هــەنگاو بە هەنگاوەکانی نزیك بوونەوە ترپە ترپی دلّی شێرە دەگۆڕا، حاجی بەژوورکــەوتو دووەمینەیانی لیّ بە دیار کەوت.. سێیەمینەیان پێشەوەی شێرە خۆی بە ئــامێزی خاتوون دا بدات، موعجیزەیەك بوو بە بۆنو بــەرامی شــێرەوە خــۆی بــە جــەرگو هەناوی خاتوون دا کرد، کە لە دەرمــان دەرمــانترو لــە پزیــشکان پزیــشکتر بــوو، دەرمانێك بوو بۆ ئیفلیجییەکەی خاتوون لە هیچ کارگەیەکی دەرمانسازیی دنیــادا نەدیترابووەوەو دروستنەکرابوو ! بۆنی کرد..، وەکو ئەو بەندییەی کە رۆژانێك بێت جگەرەی لێبڕابێت کــاتیّ جگەرەیــەکی دەســتدەکەوێت، چــۆن بــە لەزەتــەوە مــژی لێدەداتو ناهێلّێــت توزقالّێــك لــە دووکەلّەکــە بــە خەساربــچێت، ئــەوها کەوتــە بۆنکردنو هەلّمژینی شێرە !

بۆن گوڵەباغ ئاسا چۆن لە یەکەم بۆنکردنیدا بۆنی دەمار دەمـارو رەگ بـەرەگ دەڕوات، بـەم شـێوەو رێـچکەیە بۆنەکـەی رەگو دەمارەکـانی جەسـتەی پڕکـردو بەخانەکانی مێشکی گەیشتو دیسان بە رەگو دەمارەکانیـدا بـۆ ماسـولکەکانی جەستەی گەڕایەوەو کورژو تونـدی کردنـەوەو هەسـتی پێدایـەوەو بـە دەنگێکـی میهرەبانو گوتنێکی راست و رەوانو بێ گرێکـردن پـڕ بـە دڵو دەم و قوڕگییـەوە گوتی:

- کوڕەکەم شێرە گیان !! شێرەکەی خاتوون ! خـاتوون بـە قوربـانو بـەلاگێڕت بێت !

گەڕانەوەی شێرە موعجیزەییەك بوو ئـەوەی دەسـتی لـە نەخـشەو پلانەکـەدا هەبوو هەر ئەو دەیزانی چۆنی هێناوەو چۆن چـۆنی رێکـەوت دەسـتی خـۆی تێـدا گێڕاوەو چۆن بوو بە مەرهەمێکی حەکیمانـە بـۆ نێـو جـەرگو هـەناوو مێـشکی خاتوونو! کاری مێشك.. توندی بۆ رەگەکان.. هەسـتیش بۆدەمارەکـانو بلانـسی هەموو جەستەشی گێڕایەوەو دیسانەوە گوتییەوە:

- با بڕۆینەوە، ئەو دەرمانەی بۆی پەرێشان بـووموو بـە ئومێـدی بـوومو چـاوم لێیدەگێڕا بۆم هاتو گەیشت ! ئیدی تەواو تەواو بابڕۆینەوە.

# کۆتایی و سەرەتای غەمان

شارەکە تا غەبغەبەی نغرۆی غەمان ببوو.. پایز نـەهاتبوو خەڵکەکـە پـێش وەخت پایزیان لیٚ داهاتو شاریش سەرەتای ئاوێتە بوونی غەمی کۆنو نوێی بـوو، زستانیش نەهاتبوو هەوری بۆرو رەش بە ئاسمانی شارەکەدا لەگەڵ دووکەڵی ئاگری بۆڕییە نەوتەکانو دەردە دڵیان دەهاتو دەچووو ئاوێتەی یەکتر دەبوونو هەورەکـە رەشو چڵکن دەبوو، هەورەکان پارچۆکەی لیٚ دادەبـڕاو سـپیواژ هەڵدەگـەڕاو دوور دەبووەوەو دەگەڕایـەوە سـەر شـێوەی هـەڵمو بـزر دەبـوو. گـوڕی ئـاگری بۆڕییـە نەوتەکانیش بە حەوادا هەڵدەگژانو لە کۆتاو سەرووی ئاگرەکانەوە پارچـە پارچـەی ئاگر دەپساو لێدەبووەوەو بە حەوادا سووکەلە بڵند دەبووو نەدەمایەوە.

نێڵە نێڵی ئاگرۆکەی ئاگرەکان شارو گوزەرانی تێیدا بە دۆزەخ کردبـوو، بـۆنی مەرگ لە جادەو کووچەو کۆلانەکانەوە دەهاتو رۆژانەی ژیـانی کەسـگەلەکان لـە رۆژژمێرێکی کۆنی شپرپۆی دەکردو ببـووە زینـدانێکی گـەورەو مـافی ئادەمیـان بەرشەقی تێهەڵدران کەوتبووو هەوێنی هەڵگیراوی شارەکە تێکچووبوو بە کـەڵکی ئەوە نەدەهات خۆشییە هەڵبزرکاوەکە بهێنێتەوە.

دەمێك بوو چاوەكان بەدوای بارانێكی ڕەحمەتەوە بوون كە ئاگرەكان كپكاتەوە.. نائومێد نائومێد شەوو ڕۆژیان گرێدەداو ڕەشێنەكان سـپیواژ دەبـوونو بـە هیـوای هاتنی خدری زیندەی فریادرەس چاوەكان فرمێسكیان دەتێزاییێ.

زبڵو خاشاك قەڵاتێكی كە بـوون لێـرەو لـەوێ لـە گـەڵ قەڵاتـە تەپیوەكـەی شارەكە لە كێبڕكێدا بوون، جێگەی كارو كاسبیو مندالو مێرد منـداڵی هـەژاران بوو وەكو جووجك بەدوای زێڕو زیوی ماڵی دەوڵەمەند بیخۆو هەژار سەرو بنی كـە چینەیان تێدا دەكردو غەمیشیان بە بادەدا.

بەستی خاسە خوێنو كێمی دەهێناو پەڕۆی ڕەشی پرسەكان بە ڕەنگـی سـپیو شینو سەوزو زەرد سیمای دڵو نێو چەوانی شارەكەیان ناشیرینو شێواندبووو بارانی غەم پەڵەی لە كۆڵانو مزگەوتو كەنیسەكان دابووو حەوشـەو بـانی ماڵەكانیـشی سەیناغ كردبوو.

تەرمینالی شار بازاڕی بە هەڕمێنی وای دەمێك بوو نەدیتبوو ! هەر بابا بـوو مەشوورەتو تەگبیری شەوێی لـە ڕۆژێـدا پیـادە دەكـرد، حـاجی ڕەسـووڵو ئـەبو عەلییەكی دەمامك كراو هەر یەكەیان لە سووچـێكدا خۆیـان پێـداكردو بـە دوای تڕێلەدا دەگەڕان.. تا بارگەی غـەمو ماڵـەكانیان تێبـاوێن. سـیمایان بـەر یـەكتر كەوت، بەبێ دركاندنی یەك تاقە وشەو بێ ئەوەی ڕۆژێك لـە ڕۆژان نـانو پیازیـان پێكـەوە خواردبێـت هـەر بـە تێڕامـان دەردە دڵـی یـەكیان هەڵكڕانـدو لاپـەڕە سووتاوەكانی غەمە بۆن كرووزاوەكانی یەكدییان بە چاوە لێڵـەكانیان خوێنـدەوە.. ئەو دەردەی لەتۆیە لە منیشەیان دەگوتەوەو رووەو چارەنووسی تاریـكو بـزر هـەر یەكـەو بەلایەكـدا بـێ ئاوڕدانـەوە دەرچـووە دەرێو لـە سـیمای جـادەو كـۆڵانو گەڕەكەكانی شارەكەدا ورد دەبوونەوەو لە هەناودا دەكولان....

هەولێر: ٢٠١٣/٧/٣١

## پەراوێزەکان:

١- رەحیماوا: گەرەکێکە لە کەرکوك.

٢- شۆراو: گوندێکە لە کەرکوك کاتی خۆی رژێمی عێراق کاولی کرد، تێستا نۆژەن کراوەتەوە.

٣- سێناڵە: گوندێکە لە کەرکوك کاتی خۆی رژێمی عێراق کاولی کرد، تێستا نۆژەن کراوەتەوە.

٤- زەمبوور: شوێنێکە لە نزیك کەرکوك نەوتی زۆرە.

٥- لەیلان: ناوچەیەکی کورد نشینە لە کەرکوك.

٦- کامیل حەداد: وەستایەکی دەست رەنگینو وەرزشوانێکی دێرینی شاری هەولێرە، کۆچی دوایی کردووە.

٧- ریویە (ریڤیە): شارۆچکەیەکە لە نزیك ئاکرێ.

٨- ئاسکی کەلەك: شارۆچکەیەکە لە نێوان هەولێرو موسڵ.

٩- بشیریان: گوندێکە لە نزیك ئاسکی کەڵەك.

١٠- شێخ ئیسماعیلی ولیان: ١٠٨١ك - ١١٥٨ك، نوێکەرەوەی تەریقەتی قادرییە لە کوردستانو کوڕی (شێخ محەمەدی نودێ)یە، مەرقەدەکەی لە شارۆچکەی (ریویە)یە، بۆتە زیارەتگای موسڵمانان.

١١- بەردە ڕەش: شارۆچکەیەکە لە سەر ڕێگای هەولێر- ئاکرێ.

١٢- مەلا فەندی: پیاوێکی ناوداری ئایینیو کۆمەڵایەتیی شاری هەولێرە، کۆچی کردووە.

١٣- سەید ئەحمەدی خانەقا: پیاوێکی ناسراو لە ڕووی ئایینیو کۆمەڵایەتی شاری کەرکوکە خاوەن خانەقا بوو، شوێنی داڵدەی هەژارو لێقەوماوان بوو، کۆچی کردووە.

١٤- تەها مامەر: شایەرەکی میللی شاری هەولێرە، کۆچی کردووە.

١٥- شێخ شوکر: شێتێکی شاری کەرکوکە.

١٦- سەرکیسۆف: ناوی مارکەی جۆرە سەعاتێکی کۆنی گیرفانە.

١٧- حەمە شێت: شێتێکی شاری هەولێرە.

# کتێبە چاپکراوەکانی
# مەڵبەندی گشتی- یەکێتیی نووسەرانی کورد

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| ٢ | بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| ٣ | انطولوجيا الشعر الكردي | د. هیمداد حسین |
| ٤ | انطولوجيا القصة الكردية | د. هیمداد حسین |
| ٥ | غمنوای کوهستان – داستان کردی | دکتر همیداد حسینی |
| ٦ | ڕەنگدانەوەی کەلەپور لەڕۆمانی کوردیدا | د. ئیبراهیم حەسەن |
| ٧ | ڕەنگدانەوەی لەیلاو مەجنون لەئەدەبی کوردیدا | د. خانزاد عەلی قادر |
| ٨ | شارێك لە پێشوازی عەشقێکی نامۆدا – چیرۆك | سەبا ئەحمەد |
| ٩ | ڕۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر– ١٩٣٥–١٩٧٥ | عەبدوڵڵا ئەنوەر (سمکۆ) |
| ١٠ | قصائد من غناج الطاووس و شرارة الغرنوق | ترجمة المهندس: محمد حسين رسول |
| ١١ | هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا | نیعمە قەرەنی |
| ١٢ | بولێڵ – کۆمەڵە چیرۆك | سەردار گەردی |
| ١٣ | بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی–دا | د. فەرهاد قادر کەریم |
| ١٤ | شیوەهای روایت در داستانهای کوتاه – جلال ال احمد و حسین عارف | ڕۆژگار محمد صابر |
| ١٥ | تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراجدا | ڕێزان ڕەحمان خدر |
| ١٦ | فەلسەفەی شیعرو شیعری فەلسەفی بەنموونەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیرو کەریم دەشتی | د. سەنگەر قادر شێخ محمد |
| ١٧ | بنية المكان في روايتيي الجحيم المقدس و هيلانة | سالار تاوگوزی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | الاديب ابن المستوفي وزير اربيل | د. عثمان امين صالح |
| ١٩ | بنياتی هونەریی حەیران | ئەحمەد قەندیل |
| ٢٠ | الرحيل الدامي – حمەكريم عارف– روايە | ت: جلال زنگابادی |
| ٢١ | لەتێ پیاو – چیرۆك | مەهاباد قەرەداغی |
| ٢٢ | زوجات (خليفة) الفاتنات – مجموعة قصصية | ترجمة: مكرم رشيد الطالباني |
| ٢٣ | شێواز لە كورتە چیرۆكی نوێی كوردیدا | د. سەلیم رەشید |
| ٢٤ | الفضاء الروائي عند سليم بركات | د. شاكر سابير |
| ٢٥ | سی ساڵ شیعر– دوو بەرگ | سەباح رەنجدەر |
| ٢٦ | سترانی شەپۆلەكان – شیعری نوێی فارسی | و: ئەمین گەریگلانی |
| ٢٧ | دیوانی كەریم دەشتی– كۆ شیعر– سێ بەرگ | كەریم دەشتی |
| ٢٨ | رۆمانە شیعر مێژوو سەرهەڵدان | عەبدوڵڵا رەحمان |
| ٢٩ | سكاڵا لە پایز ئەكەم | و: ئاوات حەسەن ئەمین |
| ٣٠ | سترانێن پەلا– دوو بەرگ | عارف حیتۆ |
| ٣١ | شەبەنگی شینی ژمارەكان – شیعر | هاشم سەراج |
| ٣٢ | خوێندنەوەی پەراوێز پەراوێزی خوێندنەوە | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا |
| ٣٣ | ئەزموون لەنێوان شكست و داهێناندا | فەرەیدون سامان |
| ٣٤ | الطبيعة بين السياب و گۆران | د. لطيف محمد حسين |
| ٣٥ | فنارات نقدية في الرواية الكردية | د. عادل گەرمیانی |
| ٣٦ | كۆی كورتە چیرۆكەكانم | د. عەبدوڵڵا ئاگرین |
| ٣٧ | چیرۆك و نامەی راڤەكردن | و: سەنگەر زراری |
| ٣٨ | ژمارەو رەنگەكان – شیعر | پەسار فایەق |
| ٣٩ | هەولێر – رۆمان | شێرزاد هەینی |
| ٤٠ | فەرهەنگی زمانی شیعر و چەند خوێندنەوەیەكی دیكە | زانا خەلیل |
| ٤١ | كاریگەری شاعیرانی كلاسیكی كورد لەسەر یەكتریدا | د.عەبدوڵڵا خدر مولود |
| ٤٢ | كتێبی سەر دەریا– شیعر | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| ٤٣ | كۆمەڵە شیعر (٨) قەسیدە | فەرید زامدار |
| ٤٤ | Rewnama Or The Book of Migration - Abdullah Sarraj | و: محمد حسين رسول |

| | | |
|---|---|---|
| لقمان محمود | Bi Pê Şopa Azadiya xwe Dikevim | ٤٥ |
| موحسین محەمەد | رامانی پاك لە تەنیاییدا– شەش دەقی شانۆیی | ٤٦ |
| لێژنەی رۆشنبیری | فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری كوردی | ٤٧ |
| Tr: A.Ne'mati- Huda M. Sailh- J. Azodi- Luqman Asih- Shamal Akrayi | The Elegy of The Mountain – By Kurdish Authors Selection and Introduction By: Dr.Hemdad Hussen | ٤٨ |
| كەریم كاكە | كرێمستی – رۆمان | ٤٩ |
| ت: سامي الحاج | مذكرات میت قصص – اسماعیل هاجانی | ٥٠ |
| حەسەن جاف | یادداشتەكانی پیاوێكی لەبیركراو – كۆ چیرۆك | ٥١ |
| د. هاوژین صلیوه | ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەكانی لەتیف هەڵمەت دا | ٥٢ |
| شوان سەرابی | تێكست و دیدگا | ٥٣ |
| حەمەكەریم هەورامی | پیرشالیار – رۆمان | ٥٤ |
| مەهاباد قەرەداغی | دیوانی مەهاباد قەرەداغی | ٥٥ |
| ت: محمد سعید نجاری (ئاسۆ) | از كجا تا بەكجا؟ هیمن مكریانی | ٥٦ |
| ئەحمەدێ زەرۆ | مە چ دڤێت وان نەڤێت – هوزان | ٥٧ |
| عصمەت محەمەد بەدەل | سەما و ژڤانەكێ نە چاڤەرێكری – كورتە چیرۆك | ٥٨ |
| ئازاد كەریمی | لە بەرزایی یەكانی مەزرا بۆتانەوە... – شیعر | ٥٩ |
| و: عەبدولڕەحمان مەعرووف | گومان و بەدگومانی | ٦٠ |
| و: د. هیمداد حسین | مەتارە – چیرۆك | ٦١ |
| د. ئیدریس عەبدوڵلا | كڵاوی با بردوو – تێكستی ئەدەبیی میللەتان | ٦٢ |
| و: رەزا كەریم موجاور (تاپۆ) | زمانی گڕ – دیوانی عەبدوڵلا پەشێو بەفارسی | ٦٣ |
| م. سامالٚ ئەحمەد | سەرپەڕەكانی هیچ – شیعر | ٦٤ |
| Enwer Mihemed Tahir | Kurê safa re'nayê | ٦٥ |
| جەعفەر شێخولیسلامی | راسپاردە – شیعر | ٦٦ |
| ستار ئەحمەد | دیوانی ستار ئەحمەد – شیعر | ٦٧ |
| T: Ahmed Khalis Al- Shalan and Ghayda Ali Al-Faisal | Gulistan and the Night - Hasan Slivani | ٦٨ |
| هزرڤان | هندەك ژ وە و هەموو ژ من – شیعر– دوو بەرگ | ٦٩ |
| و: حەمەكەریم عارف | هاوماڵەكان– ئەحمەد مەحمووود– رۆمان | ٧٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧١ | لەبەردەم جوانیدا | و: ئا: حەمە عەباس |
| ٧٢ | هاوڕێی حکومەت | و: تاهیر عوسمان |
| ٧٣ | پشوو لە لێوارەکانی تەمەنا | ئاوات حەسەن ئەمین |
| ٧٤ | نەوەیەك بەتەنیشت نیگەرانی و گوناه و خەونەوە | بەرزان هەستیار |
| ٧٥ | نە تۆ مایتەوە، نە باران | ژاوێن شاڵی |
| ٧٦ | پێنج سەفەر، وێنەیەك | فەرۆخ نێعمەتپوور |
| ٧٧ | گەڕان بەدوای ئەفسانەدا | پیرداود مەخمووری |
| ٧٨ | هندەك ڤەکۆلین ل دۆر فولکلۆرێ کوردی | حجی جعفر |
| ٧٩ | تایبەتمەندییێن شعرا کوردی ل ئێکەتییا سۆڤییەت | کۆڤان خانکی |
| ٨٠ | بەڵێ، هەڵەیەك رووی داوە | تێکۆشەر خالید |
| ٨١ | سەمای سەفەری پیاوێك | کەریمۆك |
| ٨٢ | عەبدولقادر قرگەیی.. رووناکبیرێکی ڕابەر..! | زانیار سەردار قرگەیی |
| ٨٣ | دەقاوێزان لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا | د. هەڵمەت بایز |
| ٨٤ | بررسی و جایگاه فرهنگ عامه در دیوان نالی | کژال فداکار |
| ٨٥ | گۆشەنیگا لە رۆمانەکانی سەبری سلێڤانی دا | د. بەیان ئەحمەد حسێن ئامێدی |
| ٨٦ | تەکنیکی گۆشەنیگا لە رۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا | د. مستەفا ساڵح مستەفا خرواتانی |
| ٨٧ | هەڤوەغەرێ بای | محەمەد عەلی یاسین |
| ٨٨ | کەسێك لازۆی دیبێ؟ (رۆمان) | محەمەد فەریق حەسەن |
| ٨٩ | Uldûz û Qijik | Wergêr: Şilêr Emrahnijad |
| ٩٠ | جامانەی خوێناویی پێشمەرگەیەك | هەڤاڵ ئەحمەدی |
| ٩١ | لا قمامة في هذه المدينة | إبراهيم محمود |
| ٩٢ | کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠ — ١٩٧٩) | ئازاد محەمەد سەعید |
| ٩٣ | اطفال محلة حسام | اكو كريم معروف |
| ٩٤ | طائر الفينيق | نواف خلف السنجاري |
| ٩٥ | قاضي محمد — التاج الذهبي | احمد اسماعيل اسماعيل |
| ٩٦ | نوێژی روناهی | ئاسۆ حەسەن |
| ٩٧ | توانەوەی کات — شیعر | فەهد شوانی |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٨ | کتێبەکەم – کتێبی منداڵان | حەمە ساڵح فەرهادی |
| ٩٩ | بارش عشق – شعر | ترجمە: نسیم مروت جوو |
| ١٠٠ | دیالۆگ – دوو بەرگ | ئازاد عەبدولواحێد |
| ١٠١ | منداڵ و فیلم کارتۆن (ئۆپەرێت بۆ منداڵان) | عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی |
| ١٠٢ | منداڵ لە هەندێ بواری رۆشنبیریدا | دارا محەمەد عەلی |
| ١٠٣ | شاعیرێ وێنە دەکێشێ– کۆبەرهەم | عەبدولقادر سەعید |
| ١٠٤ | کۆ شیعری جەمال شارباژێری (دوو بەرگ) | جەمال شارباژێری |
| ١٠٥ | دیداری رۆمانی کوردی | ئا: لێژنەی رۆشنبیری |
| ١٠٦ | گرشە | بێبەش |
| ١٠٧ | بارین (کۆ چیرۆك) | ئەحمەد عارف |
| ١٠٨ | سێ چیرۆك و سێ پایە | سەدرەدرین نورەدین ئەبوبەکر |
| ١٠٩ | پەیکەرێك لەئێسقان | هەردی شەفیق |
| ١١٠ | لە ژێر تیشکی رەخنەدا | ساڵح سووزەنی |
| ١١١ | جادوی سپی | سلاّح عومەر |
| ١١٢ | کۆندڕی مەرگ | محەمەد کەریم نانەوا |
| ١١٣ | لەسەر جەستەی ڕوتت لە خاچم دە | ناڵە حەسەن |
| ١١٤ | رۆژ ژمێری ژووره داخراوەکان | جیهان عومەر |
| ١١٥ | لە خەزانی رەزێکەوە هەتا ئاڵیی گوڵهەنارێك | پشکۆ نەجمەدین |
| ١١٦ | ئەو عەشقەی کە سووتاندمی | تاهیر شێواو |
| ١١٧ | شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربالّ مەحموود | صافیە محەمەد ئەحمەد |
| ١١٨ | کارێزە مەرجان/ دوو بەرگ | موحسین ئاوارە |
| ١١٩ | Dîwana Çarînên Şewtîdil | Eskender Ceiferî \`Şewtîdil\` |
| ١٢٠ | شینی شالوور | نەوزاد رەفعەت |
| ١٢١ | مم و زین | برگردان: رسول کریمی (سووتاو) |
| ١٢٢ | بەرامەی گوڵاڵەی ئەوین | و: ژینۆ حەکیم مەلا ساڵح |
| ١٢٣ | ماڵێك بۆ خۆشبەختی عاشقەکان | سارا جعفر |
| ١٢٤ | قاوەیەك تاڵتر لە تەنیاییم | بێکەس حەمە قادر |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٥ | دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی | حەمەکەریم عارف |
| ١٢٦ | گۆرانی سپی | رزگار عومەر |
| ١٢٧ | واران | خەبات رەسوڵی |
| ١٢٨ | کورتیله شیعر له ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا | شاخەوان فەرهاد محەمەد |
| ١٢٩ | بنیاتی کارەکتەر له رۆمانەکانی (حسین عارف) دا | جەوهەر شێخانی |
| ١٣٠ | کۆی چیرۆکەکان + کۆی رۆمانەکان | حەسەن جاف |
| ١٣١ | کتێبی سپی | ئەسعەد عەزیز محەمەد |
| ١٣٢ | دیداری رەخنەی ئەدەبی کوردی | ئا: لێژنەی رۆشنبیری |
| ١٣٣ | بایز هات و بزر بوو | پێشرەوی سەید برایمی |
| ١٣٤ | زێوەرەکانی نێو ئاوێکی روون | یوسف محەمەد بەرزنجی |
| ١٣٥ | هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا | حەکیم مەلا ساڵح |
| ١٣٦ | وِهــادُ المــوتْ / کاکەمەم بوتاني | ترجمة: المهندس محمد حسين رسول |
| ١٣٧ | پەنجاو دوو رۆژ لە دۆزەخدا | رەزا سەید گوڵ بەرزنجی |